د. زاڤیەر کرێمێنت


# دەبەنگی

ڕابەری ناسین و چارەسەری نەخۆشینی سامناکی دەبەنگی و گۆڕییەکانی

لە ئینگلیزییەوە:

سیامەند شاسواری






# دەبەنگی

## د. ڤاڤیەر کرێمێنت

ڕابەری ناسین و چارەسەری نەخۆشینی سامناکی دەبەنگی و گۆڕییەکانی


- سیامەند شاسواری لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی
- نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم، ٢٠٢١
- ڕێنووس و هەڵەچنی: ئەکبەر حەسەن
- چاپخانە: چاپخانەی تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

د. زاقیەر کرێمێنت

# دەبەنگی

ڕابەری ناسین و چارەسەری نەخۆشینی سامناکی
دەبەنگی و گۆڕییەکانی

**سیامەند شاسواری**

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

«دەبەنگی»

ڕابەری ناسین و چارەسەری نەخۆشینی سامناکی

دەبەنگی و گۆڕییەکانی، نووسینی **زاڤیەر کرێمێنت** لە لایەن **سیامەند مامیر شاسواری**،

لە ڕووی چاپی حەوتەمی دەقی ئینگلیزی ساڵی ٢٠١١، ئەنسیا پرێس،

کۆلۆمبۆس، ئۆهایۆ ـ ئەتلەنتا، جۆرجیا کراوە بە کوردی.

**Asshole No More,**
**by Xavier Crement, M.D.**,
A Self-Help Guide For Recovering Assholes— And Their Victims:
Translated to Kurdish by: Syamand Mamir Shaswari, from English version of
Seventh Printing، ENTHEA PRESS, Columbus, Ohio — Atlanta, Georgia,
ASSHOLE NO MORE, Copyright © 1990 by Enthea Press, First Kurdish
Edition 2021, Cover: Syamand Mamir Shaswari, Printed in
The a King printing House

١ Asshole no More

٢ The Asshole Conspiracy: Is There Time to Stop It?

٣ Assholes Forever

٤ The Bulletproof Asshole

## تێبینی:

**ئەو وشانەی لە پەراوێزدا ڕاڤە نەکراون، لە فەرهەنگۆکی کۆتایی پەرتووکەکەدا ئەیدۆزنەوە، هەروەها سەرجەمی وشە و پەراوێزەکان لە فەرهەنگی شاسوار دا هەن، کە ئەتوانن لە ماڵپەڕی کوردیپیدیا دایبەزێنن.**

## پێڕست:

پێشەکی وەرگێڕ ........................ ٠٠٩
پێشەکی نووسەر ........................ ٠١٣

**بەشی یەکەم:**

دەبەنگ کێیە و بۆچی کەسێک ئەبێ بە دەبەنگ؟

١ـ سەربردەی فرێد ........................ ٠٢٩
٢ـ سەربردەی تر ........................ ٠٤٥
٣ـ پێناسەی دەبەنگی ........................ ٠٦١
٤ـ ناوەرۆکی دەبەنگی ........................ ٠٧٥
٥ـ نهێم و ڕادەی دەبەنگی ........................ ١٠٧

**بەشی دووەم:**

جۆرەکانی دەبەنگ

٦ـ دەبەنگی ڕەمەکی ........................ ١٢١
٧ـ دەبەنگی بازرگانی ........................ ١٢٩
٨ـ دەبەنگی ئازاد ........................ ١٣٧
٩ـ دەبەنگی بەرماڵ بەکۆڵ ........................ ١٤٥
١٠ـ دەبەنگی چاخی نوێ ........................ ١٥٣
١١ـ دەبەنگی بیرۆکرات ........................ ١٦١
١٢ـ دەبەنگی لانەواز ........................ ١٦٧
١٣ـ دەبەنگی گازندۆک ........................ ١٧٣

## بەشی سێیەم:

### کاتێک کۆمەڵگە دەبەنگ ئەبێ


١٤ـ بازرگانی وەک دەبەنگی ........................ ١٨٣

١٥ـ دەسەڵات وەک دەبەنگی ........................ ١٩١

١٦ـ ئایین وەک دەبەنگی ........................ ١٩٩

١٧ـ خوێندنەوە و نووسین و دەبەنگی ........................ ٢٠٥

١٨ـ دەبەنگی میدیا: درمێکی ڕاستەقینە ........................ ٢١١


## بەشی چوارەم:

### ژیان لەگەڵ دەبەنگەکان


١٩ـ کار لەگەڵ دەبەنگ ........................ ٢٢١

٢٠ـ دۆستایەتی لەگەڵ دەبەنگ ........................ ٢٣١

٢١ـ هاوسەرگیری لەگەڵ دەبەنگ ........................ ٢٣٧

٢٢ـ دەبەنگی زگماک ........................ ٢٤٣

٢٣ـ مناڵەکانی دایک و باوکی دەبەنگ ........................ ٢٥١



## بەشی پێنجەم:

### ڕێگەی ڕزگاریی


٢٤ـ پلەکانی چارەسەر ........................ ٢٦٣

٢٥ـ کەرەستەی چارەسەر ........................ ٢٧١

٢٦ـ گوتەی کۆتایی ........................ ٢٨٣


د. زاڤیەر کرێمێنت
دەبەنگی
ڕابەری ناسین و چارەسەری نەخۆشینی سامناکی دەبەنگی و گۆڕییەکانی
لە ئینگلیزییەوە:
سیامەند شاسواری
How To Deal With Assholes
ASSHOLISM
Artistry is no excuse for
Assholism
د. زاڤیەر کرێمێنت
دەبەنگی
و. سیامەند شاسواری
٢٠٢٣
© 2023
Asshole No More
A Self-Help Guide For Recovering
Assholes— And Their Victims
by Xavier Crement, M.D.
T. by: Siyamend Shaswari
2023

## پێشەکی وەرگێڕ

Assholism لە زمانی ئیگلیزیدا تا ڕادەیەک وەکوو ڕێباز و وەکوو ڕەفتارێکی گوڕاگوڕ و درێژەداری دژی کۆمەڵگە ناسراوە. ئەگەر لە ویکیپیدیا بۆ وشەی Assholism بگەڕێین، بابەتی: «ڕەفتاری دژی کۆمەڵگە»مان بۆ ئەکاتەوە، واتە بەو پێناسەیە پەژێرە کراوە. ڕەفتاری دژی کۆمەڵ، کردەوەیەکە زیان بە ئاسایشی کۆمەڵگە بگەیەنێ. ئەنجومەنی دەروونپزیشکی ئەمریکا، لە ڕابەری ناسین و هەژماری ناسازییە دەروونییەکان، ڕەفتاری چەواشە یان دژی کۆمەڵی، لە ڕیزی ناسازی کەسایەتی دژی کۆمەڵدا داناوە.

بۆ وشەی Asshole، هەرچەند لە کوردیدا ئەم وشانە: «قەڵب، بێئاوەز، تێنەگەیشتوو، کاڵفام، گەندەڵ، ناتێگەیشتوو، نەزان، کەللەکەر، دەبەنگ» ئەگرێتەوە، بەڵام من سەرەتا کەللەکەرم دانا. کەللەکەر، وەک ئەوە وایە کەسێک کەڵەگایی بکات و بشزانی ئەیەوێ کەڵەگایی بکات. بەڵام پاشتر دەبەنگم هەڵبژارد، چونکە دەبەنگ ئەگەر کەڵەگاییش بکات لە ڕووی نەزانییەوەیە؛ لەبەر ئەوەی Asshole بە ڕادەیەک دەبەنگە کە زۆر درەنگ بە دەبەنگبوونی خۆی ئەزانێ و ددانی پێدا ئەنێ، هەرچەند ڕەنگە چەندین جاریش دابێتیان بە گوێیدا کە دەبەنگە! کەچی خۆی نەبیس کردووە و ئامادە نییە بە ئاسانی پەژێرەی ئەوە بکات. ئەوێک کە خۆی بە چەقی بازنەی گەردوون ئەزانێ، ئامادە

نییە ددان بەوەدا بنێ کە دەبەنگە. «من دەبەنگم؟!» شتی وا نابێ! منێک کە ئەم جیهانە لە بەرچاوی جوانم دروست کراوە و ئەوەندەی چاو لێک بنێم بوونی نییە، چۆن ئەبێ دەبەنگ بم؟

◀◀ هەرچەند کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە ڕادەیەکی سەیر ئایینییە و، هەرچەند توانجی گوتەی د. کریمێنت دیارە، بەڵام کاتێک لە «چارەسەری دوانزە قۆناغی»، چەندین خاڵی گرنگ ئەبەستێتەوە بە پەنا بە خوا و چاوەڕوانی لە خوا و نەزر و نیاز، لە چارەسەری زانستی و دەروونناسانە دوور ئەکەوێتەوە. چونکە، بە ناردنی نەخۆش بۆ سەر چاکی چاک نابێتەوە و دەبەنگ، هەموو کات بۆی هەیە تاوانەکە بخاتە ئەستۆی خوا و بڵێ ئەو یارمەتی نەدام بۆیە چاک نەبوومەوە!

ڕادەی ئایینی بوونی د. زاڤیەر کریمێنت زۆر زەق و لە ئاستێکی باڵا دایە، هەندێ جار ئەوەندە پشت بە خوا ئەبەستێت، بەرەو خانەی *شێوەزانست* خوار ئەبێتەوە. ئایە خۆی کابرایەکی دیندارە، یان گریمانەی ئەوەیە نەخۆشەکانی دیندارن؟ هەرچی چۆن بێ، ڕادەی سوودمەندی ئەم پەرتووکە ڕەنگە هێشتاش تا نەوەد لەسەدە. چونکە بە وردبوونە لە نووسینە گوماناوییەکان بۆمان دەرئەکەوێ بێژەیەکی پەنامی تەوساوی و کەترەی زۆر بەهێزیان تێدایە.

◀◀ لە نموونەی تردا وای دەرئەخات هەرکەس خوای لەبیر کرد، ئەوا ویژدانیشی خەواندووە و، تەنها کەسێک ویژداندار و بەفرسەندە کە خوای لەبیرە! ئەم بۆچوونە شێوەزانستیانە و لە دەرەوەی بواری دەروونپزیشکی زانستی دایە. ویژدان دادگایەکە لە دەروونی هەر مرۆڤێکدا کە بۆ هەموو کارێکی باش و خراپ دادگایی ئەکات، دادوەری ئەم دادگایە لە لای مرۆڤی تەندروستی باش، کەسێکی زانای مێهرەبانی دادگەر و، پێشەوای پێشکەوتنە

بە ئاراستەی گەشەکردندا؛ بەڵام لە لای مرۆڤی ناسازی خراپ، ویژدان بێدادگایەکە لە دەروونی ئەودا، کە دادوەرێکی ئالیگری نادادگەرەوە و تەنها ئەو کەسەی مەبەستە و هەموو بڕیارێکی باش و خراپی تەنها بە سوودی ئەوە. ویژدان تا کۆتایی مێرمنداڵی تەنها بۆ دادگاییکردنی دگەرە، بەڵام کاتێک هۆشیاری و تێگەیشتنی پەرە ئەسێنێ خۆیشی دادگایی ئەکات و ماهەکی دادگای ویژدان بەستراوە بە کەسایەتی کەسەکەوە؛ واتە ویژدان ئەوەیە کە دوژمنانی کورد نییانە! واتە ویژدان هیچ پەیوەندی بە کەبار و پەرسایی و دینداری و خواوە نییە. هەموو داگیرکەرانی کورد پیاوی خوان و لێیان بێویژدانتر و بێفرسەندتر نییە.

◀ پەرتووکی دەبەنگی هەرچەند زۆر بچووک و چڕە، بەڵام بە سەدان دیاردە و نموونەی تازە ئەخاتە بەر دیدی خوێنەر کە بە ڕاستی چاوی ئەکاتەوە سەبارەت بە فەراگەردی خۆی شارەزایی ئەداتێ و وریای ئەکاتەوە بە چ شێوەیەک هەنگاو بنێ تا نەکەوێتە ناو گێژنەوە.

◀ ئاماژە بە کۆمەڵک لایەنی گرنگ ئەدات کە زۆر گرنگن وەکوو کاریگەری خوشک و برا و بەگشتی خێزان لەسەر بەدیهێنانی کەسایەتی، بەرەندە یان سەرکەوتوو بوون، ڕێزلێنانی نابەرامبەر لە مامۆستا و بەرپرس و فەرماندە و تەنانەت دایک و باوک وەک پاشماوەی کۆیلەداری و، مافی بەرامبەری دارا و نەدار، پایەبەرز پایەنزم لە بەردەم دادگا و، زۆری تر کە هەموویان خاڵی گرنگن لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا و، لە هەموو دارەتێکدا زانینیان زۆر پێویست و بەکەڵکە.

◀ د. زاڤیەر کرێمێنت هەرچەند سەرەتا بەسۆزەوە و بە پڕتاو چەند پەرتووکی لە دژی درمی دەبەنگی و چارەسەری نووسی و بڵاوی کردەوە، بەڵام دواتر بڕوای بە تیۆری پیلان پەیدا

کرد و لە ترسی ئەوەی لەناوی ببەن، خۆی بێ سەروشوێن کرد. کەس هیچی لێ نازانێ و نازانێ لە کوێیە، بەڵام ئەوە ئەزانین وتوویەتی:

ـ ئەگەر دەبەنگیت یان پەیوەندیت بە دەبەنگێکەوە هەیە، یان هاوڕێیەکت دەبەنگە دانەیەک لە پەرتووکی «**دەبەنگی**» پێ بدە.

## پێشەکی نووسەر

وەک هەر کەسێکی تر، منیش لە ماوەی ژیانمدا لەگەڵ دەبەنگەکان Assholes هەڵسوکەوتم کردووە؛ بەڵام زۆربەی ئەم جارانە وەک زۆربەی کەسانی ناو کۆمەڵگە، منیش تووشی هەمان چەمک و پێناسە کۆنەکانی دەبەنگی Assholism بووم. وەک ئەوانی تر دەبەنگیم بە نەخۆشی نەئەناسی و، وام ئەزانی دەبەنگی چەشنێک کێماسی کەسایەتییە، کە بە تۆزێ ویست و ئەڤان چاک ئەبێت و نامێنێ.

بەڵام ئێستە، من پێناسە و ناوەرۆکی دەبەنگی ئەناسم. دەبەنگی چەشنێک تووشبوونە و وەکوو تووشبوون، بە ئەلکول و هێسنی هۆشبەر یان ئاڵوودەیی بە دەرمان، کاریگەری نەشیاو و زیانباری بۆ کەسی ئاڵوودە و ئەو کۆمەڵگەیە هەیە، کە تێیدا ئەژی. بەدترین تایبەتمەندی ئەم تووشبوونە ئەوەیە کە دەبەنگەکان یەک تۆزقاڵیش ئاگایان لە دەبەنگی خۆیان نییە. ئەم نموونەیە هەڵبەت سەبارەت بە خودی منیش ڕاست بوو و، ئەبوا لەوە تێبگەم کە خودی منیش دەبەنگێکی دارماڵم.

ئاشکراکردنی لاوازی و هەڵەکانی خۆ، بۆ هیچکەس کارێکی

ئاسان نییە. من تا ماوەیەک لە نووسینی ئەم پەرتووکە و تەنانەت وتووێژ دەربارەی بابەتەکانی سڵم ئەکردەوە، چونکە نەمئەویست هەموو جیهان بەوە بزانێ کە من دەبەنگ بووم. بەڵام سەرەنجام، ویژدان و دۆستان و نەخۆشەکانم بۆینیان[١] کردم هەموو جیهان پێشتر بەوەی زانیوە کە من دەبەنگ بووم و نووسین یان نەنووسین دەربارەی هیچ سوودێکی نابێ؛ بەڵام ڕەنگە بتوانم بە نووسینی بەسەرهاتی خۆم یارمەتی دەبەنگەکانی تر بدەم تا چاک ببنەوە. لەم ڕووەوە، لەوپەڕی خاکەڕاییدا بڕیارم دا تا بەسەرهاتی جەخاراوی ئاڵوودەیی خۆم بە دەبەنگی و، هەروەها ڕێگەی دژواری ڕزگاریی لەو دۆخ و بارە پڕ لە ژانە بۆ سوودگەیاندن بە مەردم بنووسم.

ئێستە ئەتوانم سەیری ڕابوردووی خۆم بکەم و خۆم بە ڕوونی ببینم کە چۆناوچۆن ساڵانی ساڵ بە دەبەنگی ژیاوم. وەکوو دەبەنگێکی چارەکراو، ئازار و ڕەنجی پێویست بۆ چاکبوونەوە هەست پێئەکەم. شتێک کە هیچ مرۆڤێکی ژیر نایەوێ تاقی بکاتەوە. بەڵام کاتێک کە مرۆڤ تووشی دەبەنگی ئەبێ، چارەیەکی تری بۆ نامێنێتەوە. درەنگ یان زوو ژیان لەبەردەمتدا قوت ئەبێتەوە و پێت ئەڵێ: «تۆ دەبەنگی.» تۆش ئەو تۆمەتە بەدرۆ ئەخەیتەوە، شەقی تێهەڵئەدەی، نەفرەتی لێئەکەی، ئەقیژێنی بەسەریدا، لێی ئەدەی، مشتومڕی لەگەڵ ئەکەی، تێئەکۆشی لەبیری ببەیتەوە و جوێنی پێ ئەدەی. بەڵام ژیان کۆڵ نادات. یان بەر لەوەی ئەو داتپڵۆسێ تۆ چارەی خۆت ئەکەی، یان ئەو دات ئەپڵۆسێ.

---

١ ـ بۆین: Convinced قایل، دڵتێر، دڵنیا، ڕازی، ڕەزامەند، بە تەواوەتی دڵنیابوون لە شتێک [ع] [د] قانع، قائل، متقاعد ⇦ Convince پێ سەلماندن، دڵنیاکردن.

لەم ڕووەوە، بە پەژارە و ڕاستگۆیی فراوانەوە ئەبێ ددان بەوەدا بنێم کە: من بیست ساڵی ڕەبەق دەبەنگێکی دارماڵ بووم! لەم ماوەیەدا، دۆستان و ئەندامانی خێزان لە دەبەنگی من ئازاریان چەشتبوو و زۆر جاران من ئەوانم لە خۆم تەرەم کردبوو. تەنانەت نەخۆشەکانیشم لە ناسەلاری و خودپەسەندی لەڕادەبەدەری من زیز ببوون. ئەگەر من زووتر بە دەبەنگی خۆمم بزانیبا و لە هەڕەتی گەنجیدا بۆ چارەی نەخۆشییەکەم تێبکۆشایەتم، ئەگەر نەڵێم هەموو، لانیکەم زۆر لە دەرکەوتەکانی نەخۆشییەکە ڕێگەی پێشگیرییان هەبوو.

بە بۆچەنی من، هەرگیز بۆ ناسینی نیشانەکانی دەبەنگی زۆر زوو یان زۆر درەنگ نییە. بەم پێیە، هەرگیزیش بۆ چاککردنی خووی بەد کە دۆستان ئازار ئەدات، زیان بە پەیوەندی کاری و بازرگانی ئەگەیەنێ و ئەبێتە هۆی مشتومڕ و دەمەقاڵە لەگەڵ مەردمدا، زۆر زوو یان زۆر درەنگ نییە.

خودی من تا چل ساڵی هەستم بە بچووکترین نیشانەی دەبەنگی لە خۆمدا نەکردبوو. وەکوو زیاتری دەبەنگەکان، منیش لەوەی کە مرۆڤێکی بەهێز و گازۆر بووم و لەوەی هەمیشە بە هەرشتێک کە ویستم، گەیشتم، شاییم بە خۆم ئەهات. لە هەمان هەڕەتی خولی فێرگەوە فێر بووم بە چ شێوەیەک نرکەی ویژدانم کپ بکەم و هەستکردن بە هەرچەشنە تاوان و گوناهێک لە ناخی خۆیدا بخنکێنم. لە خولی فێرەڤانی نەخۆشخانە، زانیم ئەتوانم بە تەوس و توانج، ئەوەی ئەمەوێ لە پەرستار و نەخۆش و خەڵکی تر داوا بکەم، واتە لە ڕاستیدا بەم شێوازە خەڵکیم ناچار ئەکرد تا ڕێک بە گوێرەی ویستی من بجووڵێنەوە. ئینجا دوای ئەوەی

وەک پزیشکی پسپۆڕ دەستم کرد بە کارکردن، دیسانەوەش فێڵ و دەهۆی زیاتر لە بواری هەڵشاخانەوە و زۆرزانیدا فێر بووم.

ئاماژەدان بەم خاڵە گرنگە، کە من هەمیشە لام وابوو ئەمانە تایبەتمەندی ئەرێیانەی نیشانەی بەهێزی و بڕوابەخۆیین. وەکوو پزیشکێک، ئەبوایە لە تاقیکردنەوەی دەروونناسی و دەروونپزیشکی جۆراوجۆردا بەشداری بکەم و وەڵامی هەر هەموویان ئەوە بوو کە من کەسایەتییەکی بەهێزم هەیە و خاوەنی ڕێزبەخۆییەکی[٢] بالاَم کە لە خەڵکی تر بێنیازم ئەکات. لە خودبەهێزکردندا[٣] نمرەکانم زۆر لەسەرەوە بوو، چونکە تیشکۆیەکی[٤] باشم هەبوو، لێبڕاوبووم، دەسەڵات بەدەست خۆمەوە بوو و خۆم هەڵئەسەنگاند. ئەمە واتای ئەوە بوو کەس نەی ئەتوانی بەرەنگارم ببێتەوە، ئەگەر کەسێکیش بیوێرایەت دەست بداتە یەخەم، ئەمتوانی بە ئاسانی سەرکوتی بکەم. شانازیم ئەوە بوو ئەمتوانی بەر لەوەی خەڵکی دژی من کارێک بکەن، من دژی ئەوان بجووڵێمەوە.

ئەم تایبەتمەندیانەی کەسایەتی، زۆر یارمەتی منی ئەدا، چونکە وەکوو پزیشکێکی پسپۆڕ لە بەشی «پرۆکتۆلۆژی»دا[٥] کارم ئەکرد. لەگەڵ ژنێکی یەکجار شەنگ و جوان هاوسەرگیری

---

٢ ـ ڕێزبەخۆیی: Self_esteem خۆئەولەهی، خۆباقەڕی.

٣ ـ ego strength

٤ ـ تیشکۆ: Focus چەق، ناوجەرگە، ناوچەق، ناوەندی سەرنج و مەبەست و چالاکی N Fokus ع الترکیز د تمرکز.

٥ ـ پرۆکتۆلۆژی: Proctology کۆمیەناسی، لقێکی پزیشکییە سەبارەت بە کۆمیە و ڕیخۆڵەگەورە ⇦ کۆمیە: anus کۆم، پندرۆ، ڕوونەک، قنگ ع شرج N anus د مقعد.

کرد و دوو منداڵی ناوازەمان بوو. هەموو هاوکارەکانم ڕێزیان لێ ئەگرتم و لە نەخۆشخانە و ناوەندە پزیشکییەکان پلە و جێگایەکی تایبەتم هەبوو. لە کۆمەڵگەش وەکوو کەسێک سەیرم ئەکرا کە لە پیشەی خۆیدا ناوبانگ و دەسەڵاتێکی باڵای هەیە. بە تێکڕایی ژیانێکی باش بوو و من لە ژیانی خۆم زۆر دڵخۆش و شادمان بووم.

بەڵام هەموو شتێک لە کەوشەنی د. زاڤیەر کرێمێنت[٦] بە باشی و چاکی نەئەچووە پێشەوە. چونکە هەندێ جار ئەو هەستە ناخۆشەم لە لا پەیدا ئەبێ، کە ڕەفتاری ڕێزدارانەی هاوکارەکانم سەبارەت بە من، زیاتر لەبەر ترسە تا ڕێزی ڕاستەقینە. بەڵام من وام دەرئەخست کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە و ئەمە لە شکۆ و سامی[٧] منەوە سەرچاوە ئەگرێ. وا دەرئەکەوت ئەوەندەی من دەرئەکەوتم، هەندێ لە هاوکاران گفتوگۆی خۆیان ئەبڕن و بڵاوەی لێئەکەن، دۆستەکانیشم هەموو ڕۆژ زیاتر داوای لێبوردنیان ئەکرد کە ناتوانن لەگەڵ من بن. کاتێک لە میوانییەکدا ئەدوام، هەندێ کەس بە بێئۆقرەیی و زیزی چاویان ئەبڕیە زەوی و هیچیان نەئەوت. وەک بڵێی نەیان ئەویست تەنها یەک وشەش لە قسەکانی من ببیستن؛ بەڵام وام لە خۆم تێئەگەیاند ئەمە کێشەی خودی ئەوانە و ڕەنگە کێشەی تایبەتی پیشە، هۆشی ئاڵۆز کردوون.

هاوسەرەکەم جارێکیان جەژنێکی لەدایکبوونی هێدمە[٨] و

---

٦ـ Dr. Xavier Crement

٧ـ سام: Awe ترس، شکۆ [ع] روعب [د] هیبت، ابهت.

٨ـ هێدمە: surprise سەرسامیی، سەرمەندیی، سورپرایز [ع] مفاجئة [د] سورپرایز.

ناخافڵی بۆ من پێک هێنا، بەڵام سەرسوورمان و هێدمەی زیاتر ئەوە بوو کە تەنها شەش کەس لەو ئاهەنگەدا بەشدارییان کرد، ئینجا تازە سیانی ئەوانەش ژن و مناڵەکانی خۆم بوون. بەڵام من وام دانا ئەوانە سەبارەت بە سەرکەوتنە ناوازەکانی من ئێرەیی ئەکەن. بۆیان بەداخەوە بووم کە بچووکی و بێبەهرەیی ئەوان ئەبێتە هۆی ئەوەی کاردانەوەی وەها لە بەرامبەر مندا پیشان بدەن، بەڵام من گوێم نەئەدا و ئەم تایبەتمەندیانەم بە بەشێک لە سروشت و ڕێژارەی ئەوان دائەنا. پاشانیش بە گەورەیی خۆم ئەم چەشنە ڕووداوانەم لەبیر ئەبردەوە.

سەرەنجام ڕۆژێک دارەتی خۆفریودان ڕەوایەوە. کوڕی تاقانەم لە پاش چەندین کاتژمێر مشتومڕ لەگەڵم، ڕایگەیاند کە نایەوێ بچێ بۆ زانکۆ و، ئەیەوێ لە هێزی زەریایی ناوی خۆی بنووسێ. تاقە کوڕەکەم ئەیویست بەرەنگارم ببێتەوە! نەمئەتوانی بڕوا بکەم! لە ماوەی بیستساڵی ڕەبەقدا هیچکەس نەیوێرابوو بەرەنگارم ببێتەوە و دواین کەس کە ئەو هەڵەی کردبوو، چەندین ساڵ بوو پەشیمان ببوویەوە.

من ئەمویست کوڕەکەم پزیشکێکی سەرکەوتووی وەکوو خۆمی لێ دەربچێ. بەڵام ئەو خەریک بوو خیشەسەری ئەکرد. هەڵچووم و پێموت ئەگەر لە هێزی زەریایی ناوی خۆی بنووسێ، چی بەسەر بێت، سووچی خۆیەتی. ئەویش لە بەرچاوی مندا شتێکی فڕێ دا کە هەرچەند سەمەرە بوو، بەڵام ئەو کارە بۆ پڕۆکتۆلۆژێکی وەکوو من نائاشنا نەبوو! پاشانیش دەرگاکەی کوتا بە یەکدا و لە ماڵ چووە دەرەوە. ئەو بە هاوسەرەکەمی وتبوو، بڕیاری داوە، ئەیەوێ تا ئەو ڕادەیەی کە بۆی بلوێ، لە

من دوور بکەوێتەوە و بەڵێنی خۆیشی بردە سەر. ئەو لە ڕشتەی ئاسمانگەڕی[٩] ناوی خۆی نووسی.

ئەم کارەی کوڕەکەم بەڕاستی قەڵسی کردم و تێکی دام. بە دڵێشانەوە لە ژن و کچەکەم پرسی، ئەوان بۆچوونیان سەبارەت بەم ڕەهاتە چییە و چاوەڕێ بووم لانیکەم ئەوان پشتگیریم لێ بکەن و بڵێن باوکێکی دڵسۆزم و کوڕەکەمان کارێکی نەشیاوی کردووە.

بە بوغزەوە وتم: «چۆن دڵی هات داخوازییەکەی من ڕەت بکاتە، ئەویش منێک کە ئەوەندە خۆشم ئەوێ؟»

بەڵام وەڵامێکم بەرگوێ کەوت کە زۆر جێگەی سەرسووڕمان بوو. سەرەتا کچەکەم لەبەر خۆیەوە وتی: «ـ تۆ تەنها خۆت و بەس خۆت خۆش ئەوێ.»

بۆ چەند ساتێک حەپەسام. پاشان وەک دوا هیوا، چاوم بڕییە هاوسەرەکەم. ئەویش گوتەی کچەکەمانی پەسەند کرد و وتی:

«ـ ئەو ڕاست ئەکا. ئەگەر ڕاستییەکەشت بوێ، ئەبێ بڵێم چەندین ساڵە ژیانی هاوبەشمان گەیشتوەتە کۆتایی. تکایە هەر ئەمشەو لەم ماڵە بڕۆ.»

نەمئەتوانی بڕوا بەوە بکەم کە ڕووی ئەدا. تەنها لە ماوەی چەند کاتژمێردا جیهانی تایبەتی من تەفروتوونا ببوو.

ئەوەی ڕووی دابوو، بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە مێشکمدا تاوتوێم ئەکرد. لە دڵەوە لام وابوو هەق بە منە. وەک هەمیشە

---

٩ـ ئاسمانگەڕی: astronautics زانستی ئاسمانگەڕی، هەوا و حەوا، حەواگەردی [ع] الملاحة الفضائية [د] فضانوردی.

کە سەرەڕای بۆچوون و بڕوای ئەوانی تر، هەر هەق بە من بوو. دیاربوو یەکێک خەریک بوو هەموو ئەو کەسانەم لێ ئەتەرێنێ کە خۆشم ئەویستن. ئەوان لە دژی من هان ئەدات. زۆرم پێخۆش بوو بزانم کارێ کێیە، تا تەمێی بکەم.

پێشتریش هەندێ کەسم بینیبوو لە دژی بڕوا و ڕەفتارەکانی من یەکیان گرتبوو. لە کاتی وەهادا تەنها پشتئەستوور بە ویست و ئەڤانی بەهێزم توانیبووم شکۆ و کەسایەتی خۆم بپارێزم. سەرەنجام گەیشتمە ئەو ئەو ئەنجامەی ئەم نموونەیەش لەگەڵ نموونەکانی تر زۆە جیاوازی نییە. گەورەترین کەڵکەڵەم ئەوە بوو لە کۆتاییدا سەرکەوتوانە بگەڕێمەوە بۆ لای بنەماڵەکەم. بەڵام هەموو تێکۆشانێکی من لەم بوارەدا تووشی شکست ئەبوو. ئەوان نەیانئەویست من ببینن و لەگەڵم بدوێن. ئێمە لێک دوورتر و دوورتر ئەکەوتینەوە. سەرەنجام داماوانە ددانم بە شتێکدا نا، کە پەژێرەکردنی بۆ هەموو دەبەنگێک کارێکی دژوارە: پێویستم بە یارمەتی کەسێکی تر هەیە!

بەم شێوەیە لەگەڵ هاوکارێکی دەروونناسم ڕاوێژم کرد. هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە و لێم پرسی کێشە و ئاریشە لە کوێدایە و خێزانەکەم چییان بەسەر هاتووە؟ ئایە نەخۆش کەوتوون؟ تکام لێکرد بەبێ پێچوپەنا ڕاستییەکەم پێ بلێ، چونکە من مرۆڤێکی بەهێزم و توانای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر ڕووداوێکی دژوار و نالەبارم هەیە.

دۆستەکەم تۆزێ ڕاما و پاشان لەکاتێکدا چاوی بڕیبوویە ناو چاوم، وتی:

«ــئەوان نەخۆش نین، تەندروستییان زۆریش باشە.»

ماوەیەکی باشی پێچوو تا لە مەبەستەکەی تێبگەم. دیاردەیەک کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵی زۆر دژوار بوو.

«ـــمە مە مەبەستت ئەوەیە کە... کە من نەخۆشم؟»

«ـــنەء... تۆیش نەخۆش نیت. تۆ تەنها دەبەنگی.»

من کە لەم وەڵامە ناسەلارە داچڵەکابووم، بە تووڕەیی وتم:

«ـــمن نەهاتووم بۆ ئێرە کە سووکایەتیم پێبکرێ. ئەگەر ناتوانی کێشەکەم چارەسەر بکەی، منیش ئەڕۆم.» و ڕۆیشتم.

تا شەش مانگ دوای ئەوە، ئەتوت هەموو جیهان بووە بە دۆزەخ؛ یان لانیکەم نۆرینگەی پڕۆکتۆلۆژی من ببوو بە دۆزەخێکی سووتێنەر. دڵم بۆ خۆم ئەسووتا و خۆم بە گۆری[١٠] هێزێکی نەناسراو و نامۆ ئەزانی ـــکە لێم تێکچووبوو و وامئەزانی ئەو هێزەـــ بووەتە هۆی ئەوەی، ئەو کەسانەی من خۆشیانم ئەوێ، لێم تێنەگەن و گوێم نەدەنێ و ئەوانەی داوای یارمەتیم لێکردبوون، پێم پێ بکەنن. ڕۆژێک تووڕە بووم و ڕۆژێکی تر پەژارەمەند. بەڵام هەرگیز شادمان و لەخۆ دڵخۆش نەبووم. خەوم لێ زڕابوو و هەمیشە غەزریو[١١] و بێئۆقرە بووم. وام لێک ئەدایەوە هەر ئاریشە و دواکەوتن و دۆخێکی ئاڵۆز پیلان و تۆڵەیەکی ڕازاوییە لە دژی من. نازانم پەرستارەکان ـــو تەنانەت نەخۆشەکانیشمـــ چۆن بەرگەیان گرتبوو و لە دەستم هەڵنەهاتبوون. بە ڕاستی ببووم بە تێرروویەکی[١٢] دارماڵ.

---

١٠ـ گۆری: victim سەرگەرد، قوربانی، فیداکراو، بەڵاگەردان [ع] الضحیة [د] قربانی.

١١ـ غەزریو: furious غەزراو، زۆر تووڕە، قەڵس، هەڵچوو .ن (ئەڵێی بەرازی غەزریوە) [N] rasende [ع] غاضب [د] غضبناک.

١٢ـ تێروو: monster دڕندە، هەڵدڕ، لاور، دەعبای سەمەرە [ع] حیوان مخیف [N] monster [د] هیولا.

سەرەنجام دوای نیوەڕۆیەک کە تەنها بووم، بەو ڕاستییەم زانی جڵەوی ژیان لە دەستم دەرچوو. لە ڕاستیدا، ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت کە من هەرگیز جڵەوی ژیانم بە ڕاستی بەدەستەوە نەبووە، بەڵکو بە لووتبەرزییەوە وام زانیبوو هەموو شتێک وا لەبن دەسەڵاتی مندا. زانینی ئەم ڕۆژەڤە ئاسوودەیی پێ بەخشیم، بە ڕادەیەک، کە ئاسوودەتر لە هەموو شەوانی شەش مانگی ڕابوردوو خەوم لێکەوت.

ڕۆژی دوایی، کاتێک خەریکی نۆرینی پڕۆکتۆسکۆپیکی نەخۆشێک بووم هەموو پارچەکانی خاچەپرسەکە[١٣] لە نکاو کەوتنە تەک یەک و لکان بەیەکەوە. لە هەمان کاتی نۆرینی نەخۆشێکی پڕۆکتۆسکۆپیک ڕاز و نهێنییەکیم لەمەڕ خۆم دۆزیبوویەوە:

ـــ من دەبەنگم!

واتە هاوکارە دەروونپزیشکەکەم[١٤] سووکایەتی پێنەکردبووم، ئەو تەنها ویستبووی یارمەتی من بدات! دەسبەجێ پەیوەندیم پێوە کرد، سەبارەت بە ڕەفتاری نەشیاوم داوای لێبوردنم کرد و داوام لێکرد کاتم بداتێ بچم بۆ لای.

یەکێک لە دیدارەکانی هاوکارەکەم هەڵوەشابوویەوە، بۆیە توانیم دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بچم بۆ لای. ئەوەندەی لە سەر کورسییەکە دانیشتم، دەسبەجێ وتم:

«ـــ تۆ ڕاست ئەکەی. من دەبەنگم.»

---

١٣ـ خاچەپرس: puzzles وێنەمەتەڵ.

١٤ـ دەروونپزیشکی: Psychiatry بەشێکی پسپۆڕانەیە لە پزیشکی کە خەریکی چاودێری، دەرمان، خوێندن، تاووتوێ، بەرگری و لێدوان لە سەر پەشێوییە دەروونیەکانی مرۆڤ ئەکات، بواتە دەروونپزیشک بۆی هەیە هەم تراپی بکات و هەم دەرمان بۆ نەخۆشەکەی بنووسێ.

باوێشکێکی دا و وتی:

«ــ ئەمە هەموو کەس ئەزانێ.»

«ــ باشە تۆ چۆن چارەسەری ئەکەی؟»

«ــ چی چارەسەر بکەم؟»

«ــ ئەم دەبەنگییەی من ئیتر.»

هاوکارەکەم وتی:

«دەبەنگی خۆ نەخۆشی نییە. دەبەنگی چەشنێک تایبەتمەندییە، هەر بۆیەشە چارەسەری نییە.»

«ــ مەبەستت چییە چارەسەری نییە؟»

«ــ ئەزانی چۆنە، چ تۆ دەبەنگ بیت و چ نەبیت، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زۆرێکی زۆر لە خەڵکی دەبەنگن. دەبەنگی شتێکە وەکوو چەپلەر[١٥] بوون. چارەسەریشی نییە.»

حەپەسابووم. پرسیم:

«ــ جا ئەگەر دەروونپزیشکی نەتوانێ کێشەی دەبەنگی یەکێک چاک بکاتەوە، کەواتە بەکاری چی دێت؟»

«دەبەنگی نەخۆشییەکی تایبەت نییە. وەکوو شێوەیەکی ئاخاوتن و دەربڕینە. بە هەمان شێوە کە پڕۆکتۆلۆژ ناتوانێ بۆ چارەسەری ئەوانەی سەریان لەگەڵ کۆمیەیان یاری ئەکات، کارێک بکات، دەروونپزیشکیش ناتوانێ کارێک بۆ ئەوانە بکات ئاوەزی ئەنجامدانی کارەکانیان نییە. ئینجا ئەوەت زانیوە چەندە دەروونپزیشکی دەبەنگمان هەیە؟»

ئەوسا بوو زانیم نابێ چاوەڕوانی کەس بم تا یارمەتیم

---

١٥ـ چەپلەر: lefthanded چەپدەست، کەسێک کە بە دەستی چەپ ئەنووسێ یان کارە سەرەکییەکانی ئەنجام ئەدات [ع] venstrehendt [N] عسراء [د] چپ دست.

بدات. سرووشێکی دەروونی پێی ئەوتم ئەو هەڵەیە. بڕوام وابوو دەبەنگی چەشنێک تایبەتمەندی ڕەوشتییە دشت نییە، بەڵکو نەخۆشینە. چەشنێک ئاڵوودەییە بە ڕەفتاری گەمژانە و ڕێلاس[١٦] سەرەنجام وەها کۆڵەوارمان ئەکات، تەنانەت ناتوانین دەمارگرژی و لووتبەرزی و خۆبەزلزانی خۆیشمان ببینین.

لەبەر ئەوە من بەرنامەیەکم بۆ چاودێری، دەرمان و چارەسەری خۆم دەست پێکرد، کە چەند ساڵی خایاند و لە کۆتاییەکەیدا شتێکم سەلماند، کە هاوکارەکەم بڕوای وابوو ئەگەری نییە و نالویێ:

## دەبەنگەکان چاک ئەبنەوە!

ئەو شتەی لە پلەی یەکەمدا جێگەی بڕوا نییە و بۆ ئەو دەبەنگانەی هێشتا چاک نەبوونەتەوە، وەکوو دۆزینەوەی دووبارەی بنەما و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ خۆی پیشان ئەدات.

بە داخەوە بووم بۆچی زووتر چارەسەری خۆم دەست پێنەکرد، تا ئەوەندە ئازار بە خەڵکی نەگەیەنم. هەڵبەت توانیومە قەرەبووی هەندێ لە کارەژانم بکەمەوە، بە شێوەیەک ژنەکەم جارێکی تر لەگەڵم ئاشت بوویەوە و ژیانێکی خۆش و شیرینمان هەیە. کچەکەم لەگەڵم ئاشت بوویەوە و ئێستە لە زانکۆ ئەخوێنێ. کوڕەکەیشم بووە بە فڕۆکەوانی هێزی زەریایی و خەریکە فێری فڕۆکەوانیم ئەکات.

ماوەیەکە وازم لە پڕۆکتۆلۆژی هێناوە و ئێستە پیشەم نۆرین و چارەسەری دەبەنگەکانە. من ئێستە دەروونپزیشکێکم

---

١٦ـ ڕێلاس: shameless نەسەلار، سلسار، گوستاخ، بێشۆ، دەمسوور، کەڵپەزە [د] وقح [د] قبیح.

پسپۆڕییەکەی کارکردن لەسەر دەبەنگەکان و یارمەتیدانی دەبەنگەکانە بۆ ڕزگاریی لەم ناسازییە. هەڵبەت ڕشتەی دەروونپزیشکی فەرمی هێشتا پشتگیری ئەم تێکۆشانە داهێنەرانەی نەکردووە، بەڵام کاری من برەوی زۆر باشی هەیە و دروشمەکەم لە هەموو لایەک دەنگی داوەتەوە: «**دەبەنگەکان هیوادار بن!**» ئێستە من بە بەردەوامی لە کۆنفرەنسەکاندا وتار ئەدەم و لەگەڵ زۆر لە پسپۆڕانی جۆرەکانی تری ئاڵوودەیی پەیوەندیم هەیە و هاوکاری ئەکەم.

ئەم پەرتووکی **دەبەنگی**یە لە سەربردەیەکی ساکاری چارەسەر و چاکبوونەوەی من زیاترە. پزیسکەیەکی هیوایە بۆ ئەوانەی لەگەڵ دەبەنگی ڕاهاتوون. ڕاگەیاندنی ڕزگارییە. ئیتر پێویست ناکا دەبەنگ لە کەللەکەربوونی خۆی شەرمەزار بێ. دەبەنگی نەخۆشییەکی ناسراو و دیاریکراوە وەکوو نەخۆشییەکانی تر، بە ڕێگە و کەرەستەی پێناسەکراو چارەسەر ئەکرێ. ڕۆیشتن بەو ڕێگەیەدا کە منی چاک کردەوە، بۆ هیچکەسی تر نەلواو نییە و ئەمە هەمان ڕێگەیە من هەتا ئێستە هەزاران دەبەنگم بەو ڕێگەیەدا بردووە و بەم جۆرە یارمەتیم داون سەرکەوتوانە چاک ببنەوە.

تەنها پێویست بە یەک شت هەیە، ئەویش جەربەزەی ڕاگرتنی دەبەنگ بوونە؛ کە دیارە دژوارترین بەشی ڕەوتەکەش هەر ئەمەیە. بۆ ئەم مەبەستە ئەبێ ڕابەر یان پسپۆڕێکی باش لەگەڵتان تێبکۆشێ. لەم پەیوەندییەدا یەکێک لە دۆستانم بە ناوی کالڤین ستابز[١٧] کە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیەکی دەروونییە،

١٧ـ Calvin Stobbs

بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێشی ئەگێڕایەوە. سەربردەی ژنێکی ئەگێڕایەوە بۆ دۆزینەوەی چەمکی ژیان چووبوو بۆ کوێستانی هیمالایا. لە پاش چەندین ساڵ شارۆکردن[١٨]، کابرایەکی لە ئەشکەوتێکدا بینیبوو. بە خۆی وتبوو: «ــ ئەوەتانێ... ئەوەش یۆگییەک[١٩] کە خەریکی خەڵوەکێشان و پارێزداری[٢٠] لەناو ئەشکەوت دایە.»

ژنە چوو بۆ لای کابرا و وتی: «ــ ئایە ڕێگەی ڕزگاری بە من پیشان ئەدەی؟»

کابرا هیچی نەوت.

بەیانییەکەی ژنە دیسان گەڕایەوە و کەوتە پارێزداری و کاتێک خۆر لە داچووندا بوو، ویستی بڕوات. بەڵام لەپڕ پرسی: «ــ هیچ پێشکەوتنێکم هەبوو؟»

کابرا هیچی نەوت.

چەندین و حەفتە و مانگ ئەم کارە پاتە بوویەوە. سەرەنجام ئێوارەیەک، ژنە جاڕس بوو و نەڕاندی بەسەر کابرادا و وتی:

«ــ فێڵەباز! ئەو هەمووە لە چاوەڕوانی ڕزگاریدا دانیشتم و کۆتاییەکەیشی هیچ ڕووی نەدا. شەش مانگ لە ژیانی خۆم بەفیڕۆ دا و هیچت فێر نەکردم. بە تۆیش ئەڵێن یۆگی؟!»

---

١٨ ـ شارۆ: شارۆکردن، پەیجوور، بەدواداگەڕان، پەیدۆزی، تۆژانەوە، کنە، دانەپەی، ڤەکۆلین، کرکاش، گردیسەر، لێگەڕان، ملۆمۆ، نانەشوێن

١٩ ـ یۆگی: Yogi کەسێک کە لە یۆگادا شارەزایی دارماڵی هەبێ ع یوغي د مرتاض هندی ☜ پرانا.

٢٠ ـ پارێزداری: meditation ڕامان و بە گشتی هونەر و شێوازی باشارکردنی ئەندێشەیە. پارێزداری پەروەردەکردن و خۆڕاهێنانە بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەندێشە لە ڕێگەی تکنیکی دەروونپارێزی بۆ گەیشتن بە شادمانی ئاگاهانە و هێوری قووڵ و درێژخایەن بەبێ وابەستەبوون بە دگەرەوە د مراقبه ع تأمل.

ئینجا کۆڵەپشتییەکەی، کە چل کیلۆ ئەبوو هەڵدا بۆ کابرا. کابرا سەرەڕای ئەو زەبرە قورسە، هێشتاش توانی لەنگەری خۆی ڕابگرێ و لە کاتێکدا، تلاوتلی ئەدا، وتی:

«ــ من یۆگی نیم و ئەم ناونیتکانە[٢١] بە منەوە نالکێ. تۆیش ئەگەر لات وابووە من یۆگیم ئەوە سووچی خۆتە.»

ژنە کە قەڵس ببوو و غەزریبوو، وتی:

«ــ ئەی ئەگەر تۆ یۆگی نیت، ئەی چ قوزەڵقورتێکی و لەم ئەشکەوتەدا خەریکی چ نەشیاوێکی؟»

ئەوسا کابرا بە شانازییەوە سەری بەرز کردەوە و وتی:

«ــ من گولم و لەبەر ئەوەش هاتووم لەم ئەشکەوتەدا ئەژیم کە لە شوێنی ژیانم تەرە کراوم.»

ئینجا چ خۆتان دەبەنگ بن و چ تووشتان بە تووشی هەندێ دەبەنگەوە بووبێ، بە خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە لانیکەم ڕابەرێکی باشتان هەڵبژاردووە و ڕێگەی هەڵەتان نەگرتووەتە بەر.

٢١ ـ ناونیتکە: Derogatory Epithet ناولێنانی تەوساوی بۆ سووکایەتی پێکردن، گاڵتەپێکەر، شکێنەر، سووککەر.

# بەشی یەکەم

## دەبەنگ کێیە و
## بۆچی کەسێک ئەبێ بە دەبەنگ

# بەشی یەکەم - I

## سەربردەی فـــرێد

**«ئەگەر دەبەنگەکان شەیدا ئەبن تەنها هۆکەی ئەوەیە کە: ئەیانەوێ لە هیچ شتێکدا کەم نەهێنن، تەنانەت لە ئەویندا.»**

وینفرێد، ئەویندارى دڵشکاو لە ڕووی دەبەنگێکەوە

لە نێوان هەموو پیشەکانی جیهاندا، پیشەی پارێزەری بە ڕادەیەک تووشی دەبەنگییە، کە جێگەی خۆیەتی ئەم پەرتووکە بە نموونەیەک لەو بابەتە دەست پێبکەین. بەسەرهاتی فرێد لە زمانی خۆیەوە ئەبیستین.

خۆم هەڵدایە سەر کورسی ژووری کارەکەم. ئەوەندە ماندوو بووم پێم وا نەبوو بتوانم تا کۆتایی ئەو ڕۆژە بەرگە بگرم. کاتژمێر تازە نۆ و چارەک بوو، بەڵام ڕۆژەکە هەر لە ئێستەوە ئەبوو بە نسکۆ[٢٢]. خەریکبوو بە یەکجاری ئەڕووخام. زۆر بە ئاسانی گەیشتبوومە ئەو دارەتە.

کاتێک لەخەو هەڵسابووم، بە دەماخ بووم، بەڵام ئەوسا کە

٢٢ ـ نسکۆ: disaster شکستیهێنان، هەڵەنگووتن، لێقەومان؛ سەرسم.

ویستم بەرچایی بخۆم داگیرام. من هەموو ڕۆژێک یەک جۆر خواردنم بۆ بەرچایی داوا ئەکرد. هێلکەی دەڵەمەی تەنها سێ خولەک کۆڵاو، ژامبۆن، نانی برژاو، ئاوی میوە و قاوە. هەموو ئەیانزانی کاتێک ئەموت هێلکەیەکم ئەوێ سێ خولەک کوڵابێ، مەبەستم ئەوە بوو تەنها سێ خولەک کوڵابێ. ئەو ڕۆژەش، وەک هەمیشە بەرچاییەکەم ئامادە بوو، بەڵام هێلکەکە لە ڕادەی خۆی زیاتر کوڵابوو. نزیکەی سی چرکە زیاتر کوڵاندبوویان! مێگ، خزمەتکاری ڕێستۆرانتم بانگ کرد و پیشانم دا ئەو هێلکەیە لە ڕادەی خۆی زیاتر کوڵاوە. بە خێسەیەکی مۆنەوە سەیری کردم و وتی:

«ــ هیچ کێشە نییە ئەیبەم و ئەیخەمەوە ناو قابلەمەکە و ئەیکەمەوە بە هێلکەی نەکوڵاو. ئینجا ئەتەوێ هێلکەکەت چەندە دەڵەمە بێ جەناب؟»

پێموت ئەگەر ئاوا خۆی بێتام بکات، ئەمڕۆ بەخشش وەرناگرێ. پێنج خولەک دوای ئەوە، کاتێک بۆ جاری سێیەم داوام لێکرد تا فنجانی قاوەکەم پڕ بکات، هەموو کتری قاوەکەی ڕژاند بەسەر جلەکانمدا! مێگ وتی ئەو کارەی بە وست نەبوو. بەڵام من خۆ مناڵ نەبووم.

ئەگەر بەرچایی بە ئەندازەی پێویست تەوش[٢٣] نەبوو، لەبری ڕێبازی تا سەرکار بە ڕاستی تەوش بوو. ئەفسەرێک ڕایگرتم و لەبەر ئەوەی لەو شوێنەدا کە خێرایی ڕێگەپێدراو ٥٦ کیلۆمەتر بوو من ٨٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا ئاژووتبووم، پسوولەیەکی

٢٣ـ تەوش: دارەتی نەشیاو ناخۆش، قەڵاش، دەستەوەسان، ڕواڵەت گەمژە و بێکارە.

سزای بۆ نووسیم و ئەوسا پسوولەیەکی تریشی بۆ نووسیم، چونکە کەمەربەندی هێمنیشم نەبەستبوو. هەڵچووم و وتم ئەی بۆچی لە جیاتی من ئەو دەبەنگەی دوو کیلۆمەتر لە بەردەم منەوە بوو سزا نادات، کە خەریک بوو بە ماشینەکەی من پانەوە بکات؟ ئەویش پسوولەکانی لێ وەرگرتمەوە و، بە تاوانی سەرپێچی کردن لە بڕیاری پۆلیس، بڕی پارەکانی زیاد کرد. ئێستە بڕی پارەکان ئەوەندە زیاد کرابوو، بۆ ئەوەی بتوانم بیدەم، ئەبوایە لە شوێنێک وام وەربگرم.

کاتێک گەیشتمە سەرکار، ئۆتۆمۆبیلەکەم لە شوێنی هەمیشەیدا ڕاگرت. بەڵام ئەوەندی دابەزیم پام چەقییە ناو تەپێک شیاکەی ئەسپ. پێئەچوو یەکێک ئەیەوێ گۆڵمەزم پێ بکات. بەڵام کاتی ئەوەم نەبوو بە دوایدا بگەڕێم. زۆر کەس گومانیان لەسەر بوو.

بەڵام ئەمە کۆتایی ڕووداوەکە نەبوو. کاتێک سەرئەکەوتم بۆ نووسینگە لە باڵاترین نهۆمی تەلارەکە، ئاسانسۆر گیری کرد و من لە نێوان قاتی سێ و چواردا مامەوە. زۆری پێنەچوو ئاسانسۆر کەوتەوە ڕێ، بەڵام لەم نێوانەدا بیستم یەکێک لە نهۆمی چوار ئەیوت: «فرێد لە ناو ئاسانسۆرەکە گیری کردووە، ناتوانین کارێک بکەین تا شەو لەوێ بمێنێتەوە؟» ئەبوا لە بیرم نەچێ پاشتر فەرمانبەرانی بەشی چاودێری و چاککردنەوە دەربکەم، کە هێشتبوویان ئاسانسۆرەکە خراپ ببێ.

پێشتریش جارجارە نەهات و ناراوی[٢٤] وەکوو ئەمەم هاتبوویە ڕێ، بەڵام ئێستە ئەوەندە زۆر ببوون کە ئیتر جارڕسیان

---

٢٤ـ ناراو: Bitterness نەهاتی، بەڵاو بەدبەختی، پەشیمانی و نەگبەتی [ع] مرارة [د] تلخکامی، مصیبت.

کردبووم. من هەمیشە لە شکست بێزار بووم. ڕەنگە تا بەر لەم خولە هەرگیز تامی شکاستم نەچەشتبوو. بەڵام ئێستە بە بەردەوامی چێژی تاڵی شکست لە بن زمانم دایە و ئەم کێشەیە بە ڕادەیەکی زۆر پەژارەمەند و نائومێدم ئەکات. دڵنیا نیم ئایا هێشتاش ئەوەندە جەربەزەم هەیە کاری پێویستی بۆ ئەنجام بدەم یان نا؟

ئەمەش چەشنێک بردنەوە و دۆڕانە. من بە درێژایی ژیانم هەموو کارێکی کردووە پێویستم ئەنجام داوە، تاکونێ هەمیشە براوە بم. کاتێک منداڵ بووم لە هەموو گەمە و وەرزشەکاندا لە هەمووان سەرتر بووم. هەڵبەت دیارە هەندێ جاریش ناچار ئەبووم بۆ براوەبوون فێڵ بکەم، کە ئەویش بە شیرینی کارەکە دائەنرا. پێم خۆش بوو لەگەڵ براکانم پێکدا هەڵشاخینەوە تا براوە بم. شیرینترین ساتەکان ئەو کاتانە بوون ئەمتوانی بە چەشنێک باوکم و دایکم هەڵخڕێنم کە ڕێک ئەو کارە بکەن، من ویستبووم.

لە تافی دواناوەندی، هەم لە چالاکی پاش بەرنامەی وەکوو مشتومڕ و هەم لە وەرزشدا، زۆر چالاک و لایەنگری کێبەرکێ و بردنەوە بووم. فێربووم چۆناوچۆن خەنیمەکانم بە بەراوەژووکردن[٢٥] و هاتوهاوار لە گۆڕەپان بکەمە دەرەوە و بە شێوەیەک شاشبێژی[٢٦] بکەم، کەس نەتوانێ لە فێڵم تێبگات. لە هەر کارێکدا سەرەتا بە دوای تەڕدەستییەکدا ئەگەڕام تا بتوانم

---

٢٥ ـ بەراوەژووکردن: inside out

٢٦ ـ شاشبێژی: sophistry پەنابردن بۆ بەڵگە و بیانووی هەڵە، بە تایبەت بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندن ع سفسطە د مغلطە.

بە هۆیەوە بەرەنگاری خەنیمەکانم ببمەوە و لە فێربوونی ئەم تەڕدەستیانەدا بە ئەندازەیەکی باش شارەزاییم پەیدا کردبوو. لە بنەڕەتا هەر بۆ ئەمەش ئەژیام.

لەم خولی لاوێتییەدا، ئەگەر کچانیش لە پێشبڕکێیەکدا بەشدارییان هەبوایە، من بە مسۆگەری ئەبوایە ببیەمەوە. لە زاڵبوون بەسەر ئەواندا زۆر دڵخۆش ئەبووم. دڵم پێوە بوو هەموو کیژانی شەنگ و بەلەنجە، کچانی بالآبەرز و کچانی کورتەبالآ و بەتایبەت ئەو کچانەی کە خۆیان نەئەدا بەدەستەوە، بەدەست بهێنم. لە پاش ڕوای هەر نێچیرێک بچم بە دوای نێچیرێکی تردا.

باش کە بیری لێئەکەمەوە؛ وام بۆ دەرئەکەوێ هۆی ئەوەی ئەوەندە لە شکست ئەترسام، ئەو ڕەفتارە بوو برا گەورەکانم سەبارەت بە من هەیانبوو. ئەوان هەمیشە بە هۆی منالّی و بچووکتر بوونمەوە گاڵتەیان پێ ئەکردم و منیش لەبری تێئەکۆشام لە کەوشەن و سنووری خۆم تێی پەڕێنم. هیچ شتێک لەوە شیرینتر نەبوو بەسەر براکانمدا زاڵ ببم و دەمکوتیان[٢٧] بکەم. دیارە چەندە تەمەنم ئەچووە سەرەوە و گەورەتر ئەبووم، لەم کارەدا زیاتر و زیاتر سەرکەوتوو ئەبووم.

کاتێک کە منالّ و بێدەرەتان بووم، لای خۆم بەڵێنم دابوو تۆڵەی هەموو ئەو کارانەیان لێبکەمەوە و بەڵێنی خۆیشم بردە سەر.

وابزانم، باوکیشم ئەوەندەی ئەی بینی من بەرەنگاری کردەوەی براکانم، یان هەرلەسێکی لە خۆم گەورەترم ئەبمەوە،

---

٢٧ ـ دەمکوتکردن: outdo تەریێقکردنەوە، بێدەنگکردن، ڕووشکاندن، ڕوومەردەی، لەڕووبردن، هەسدانەوە [ع] تغالب [N] overgå [د] رو کم کردن.

زۆر شادمان ئەبوو. بیستبوومەوە چەند جارێک بە دەنگێکی کز کە بە دژواری ئەبیسترا وتبووی: «ئەوەندەت نەزانی ئەم گزگلە گووە، تەپە گوویەکی وەکوو بابی خۆی لێ دەربچێ.»

لە زانکۆ، مافم خوێند. بە پلەی باڵا بڕوانامەم وەرگرت و پێشنیازی هاوکاری لە دامەزراوێکی گەورەم وەرگرت. پاش بیست ساڵ، ئێستە یەکێک لە هاوبەشانی پاژداری سەرەکی ئەم دامەزراوەم و داهاتی ساڵانەم شەش ڕەنووسە، لەکاتێکدا براکانم هەموویان خۆیان لکاندووە بە پیشەی باوکمەوە و بە هاوبەشی درێژە بەو کارە ئەدەن، کە باوکم بناغەکەی دانابوو.

هەڵبەت براوەبوون[٢٨] هەمیشە کارێکی ئاسان نییە. هەرچەند لە زانکۆ بە ئەندازەی پێویست ململانێی بێبەزەییانە و لەپشتەوە خەنجەرلێدانیان فێر کردبووین، بەڵام زۆر زوو تێگەیشتم لە جیهانی بێبەزەیی و نامێهرەبانی ڕاستەقینەدا پێویستمان بە زیاتر لەوە هەبوو، کە فێر ببووین. هەروەها بۆم دەرکەوتبوو نابێ بچووکترین دەرفەت بە خەنیم بۆ خۆگیڤکردنەوە و سەرکەوتن بدرێ و، هەرگیزیش نەمدا. بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا ئەبێ فێڵ و دەلەسەی زۆر فێر ببین و بچووکترین دەرفەت بە فیڕۆ نەدەین. بەتایبەت ئەگەر پێویست بکات ئەبێ بەرپەرچی هەموو کار و کردوەیەک بدرێتەوە، چەندە گڵاو و چەپەڵیش بن.

کەواتە، دارماڵ بۆ براوەبوون ئامادە بووم. بەردەوام لەسەر

---

٢٨ـ براوەبوون: winning دەروونناسی سەرکەوتنێکە تەندروستی و تەناهی جەستەیی و دەروونی لەگەڵ نییە، لەکاتێکدا سەرکەوتن success تێکۆشانە بو گەیشتن بە ئامانج و، تەندروستی و ئارامی و ئاسایشی جەستەیی و دەروونی تێکۆشەر پارێزراوە. ⇐ براوە و سەرکەوتوو

خۆم کارم ئەکرد تا یارەمەز و تەرەس[٢٩] (بەتایبەت تەرەس) بم.

لە خولی بووژانەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی چالاک بەشداریم کرد و فێر بووم بە ئاسانی متمانەی خەڵکی، بۆ سوودوەرگرتن بە قازانجی خۆم بەدەست بهێنم.

فێر بووم درۆ بکەم، گزی و فێڵبازی بکەم و ڕێکوڕاسترین ڕاستییەکان بە شێوەیەکی تر بنوێنمەوە. فێر بووم چ کات ئەبێ یەکێک بکوتم بە عەرزدا و چ کات بەرزی بکەمەوە. بەم هونەرانەوە، ئەگەر نەبوایەتم بە پارێزەر، بە مسۆگەری ئەمتوانی پیشانگایەگی ئۆتۆمۆبیل بە باشی بەڕێوە ببەم.

زۆرم پێخۆش بوو کەسانی نیان، شیانست و بەختەوار[٣٠]، کە ئەڵێی تەنها بۆ شکستخواردن لەدایک بوون، لە گۆڕەپان بکەمە دەرەوە. بڕوام وایە مەزنترین ئەرکم لە ژیاندا ئەوەیە، ئەم بوونەوەرە هەستۆکی بار بهێنم و فێری بکەم بەهێز و کەڵەگابوون بە واتای ــ براوە بوونە.

من هەرگیز ژنم نەهێناوە، لەکاتێکدا بۆ ساتێکش لەم کردەی خۆم پەشیمان نیم. هەر کات بمەوێ بۆ ماوەیەک لەگەڵ یەکێک ئەبم. بەم کارەم مەزاخی[٣١] خانوو و ژن و مناڵم لەسەر خۆم

٢٩ تەرەس: wanton پەست، ئاکاردشت، یارەمەز، پنتی، پەسپەندە، چەورە، جیوەلۆک، سێبەندی، هۆڤەبەر، خوێڕی، بێلەغاو، بوودەڵە، بێڕەوشت [ع] [د] رذل.

٣٠ـ بەختەوار: righteous بەفرسەند، بەویژدان و ڕاستگۆ، پاکیزە، دەستپاک، بەختەمام [N] rettferdig [ع] صالح [د] عادل ⇜ بەختەوار: بریتییە لە (بەخت+ـە+وار)، وەک کۆڵەوار، سزاوار، شوێنەوار، ئاسەوار، شەوار، بەندەوار [د] درستکار.

٣١ـ مەزاخ: cost تێچوو، خەرج، پارەیەک بۆ کارێک خەرج ئەکرێ ⇜مەزاخی

نەکردووە بە بار و ڕێگەش نادەم ژنێک ژیانم لەگەڵ بەش بکات و ئەوەندە لێم نزیک ببێتەوە، بتوانێ لە کارەکانمدا بۆچوون دەرببڕێ، یان بۆ کارەکانی خۆی سوود لە بۆچوونی من وەربگرێ، ئەویش بەبێ دانی پارەی «ڕاوێژکردن».

زۆربەی کاتم بۆ کارکردن بەکار ئەهێنم. ئەزانم لەو بوارەدا براوەیەکی دارماڵم. زۆر لە کارێنەرەکانم[٣٢] کە خۆیان باش ئەزانن چییان نەکردووە، بە شێوەیەک ئەچنە ناو گۆرکی[٣٣] داداگاوە، وەک بڵێی چوونەتە دۆزەخەوە؛ بەڵام بە بڕیاری بێتاوانییەوە لە دادگا ئەچنە دەرەوە. توانیومە سەرکەوتوانە، هەندێ لەوانە حەوت هەشت جار بپەڕێنمەوە.

شەیدای ئەوەم خۆم لە بەرامبەر دەستەی داوەراندا[٣٤] بنوێنم. ئەوپەڕی ململانێ لەگەڵ سیستەمی دادوەری ئەوەیە، هەشت کەس بۆین و دڵتێر بکەم: کارێنەرەکەی من مناڵێکی شیرەخۆرەی پاک و بێگوناهە؛ تەنانەت ئەو پارانەی لە بانکی دزیوە، خۆیان چوونەتە ناو گیرفانی ئەو!

براوەبوون شتێک نییە تەنها تایبەت بە خۆم بێ، هەموو فەرمانبەرانیشم ئەبێ هەمیشە براوە بن. بۆ ئەم مەبەستە ئەبوایە هەمیشە لەسەر چنگ و ئامادە بە خزمەت بن. ئەیانزانی بچووکترین هەڵە، دوا هەڵەیانە. هەڵبەت ڕووی ئەدا یەکێک لەوانە

---

مانگانە: بوودجە و خەرجی یەک مانگ [د] هزينه [ع] كلفة.

٣٢ـ کارێنەر: client بریگرتە، کارهێن، ڕاژەخواز، کەسێک کە بۆ کارێک ئەچێتە شوێنێک، یان لای پسپۆڕێک [N] klient [ع] زبون [د] ارباب رجوع.

٣٣ـ گۆرک: hall ناوگۆرگ، پانایی، هۆڵ [ع] [د] صحن ⇦ صحن دادگاه: گۆرکی دادگا.

٣٤ـ دەستەی داوەران: jury.

بیەوێ پاساو بۆ هەڵەی خۆی بهێنێتەوە و بڵێ ئەوەندە کارم داوە بەسەریدا فریا ناکەوێ و پێیان ڕاناگات. بەڵام هیچکامیان بۆیان نەبوو سووچی نەزانییەکانی خۆیان بخەنە ئەستۆی من. ئەو شتەی ناتوانم بە هیچ شێوەیەک پەژێرەی بکەم، ئەوەیە کەسێک بیەوێ خۆی بە زیتەڵە پیشان بدات، جا فەرمەنبەری من بێ یان کارێنەر. سەرۆک منم و کەس بۆی نییە بە من بڵێ چی بکەم یان ڕەخنە لە کارم بگرێ.

لەگەڵ ئەوەش لە گەنگەشە لەگەڵ فەرمانبەرانم ماندوو ئەبم. ئەمەگ و ویژدانی کارکردن نەماوە. لە سێ ساڵی ڕابوردوودا، چەند جار ناچار بووم فەرمانبەرانی دامەزراوەکەم بگۆڕم. باشنووس[٣٥] و تایپکاری باشیش قڕی هاتووە. هەندێ جار تەنانەت ناوی ئەوانەش نازانم ڕەخنە لە کاریان ئەگرم.

تا ماوەیەک بەر لە ئێستە هەموو هەژمار و پەڕاوی داهات و دەرچوو تەنها لە لای خۆم بوو و تەنها خۆم تێیان ئەگەیشتم. بەڵام هاوبەشەکانم بەم تازەییانە زۆر لێم هەڵئەپێچنەوە. وەک بڵێی سەبارەت بەو ڕەسید و ناوبانگە شیانستەی بۆ کۆمپانیام بەدی هێناوە، من ئەبێ ڕوونکردنەوە بەو جەنابانە بدەم! ئەو شتەی کە هەرگیز نەئەچوومە بن باری، بەتایبەت ئەو کاتەی لە ڕەسید و سەرمایەی دامەزراو، بەبێ ئاگادارکردنی ئەوانی تر، بڕێکی کەڵان «وام»م بە خۆم ئەدا.

جگە لە فەرمانبەران و هاوبەشانی دامەزراو، کارێنەرەکانیشم جاڕسیان کردبووم. بۆ نموونە ئەم مانگی ڕابوردووە، سێ کەس

---

٣٥ـ باشنووس: Secretary کارگوزار، بەڕێوەبەری کاروباری نووسین و ڕاگرتنی ئەرشیف و ژواننامە و ژمێریاری کەسێک N sekretær ع امین د منشی.

لە کارێنەرەکانم بە تاوانی «کەمکاری لە داکۆکیکردن» سکاڵایان لێکردم. پەژێرەی ئەوە ئەکەم لە کەیسەکانی ئەواندا شکستم خواردووە، بەڵام تەنها هۆکەی ئەوە بوو دەستەی داوەران، ئەوەندە تێگەیشتوو نەبوو، چیرۆکە زیرەکانەکەی من کاریان تێبکات. هەندێ کەیس وای لێ دێت ئیتر.

هەڵبەت گرنگ نییە و بەم کەیسانە کە بە تاوانی کەمکاری لە دژی من خراونەتە گەڕ، بە هەمان شێوەی هەمیشەکی خۆم ئەجووڵێمەوە. کارێک ئەکەم سکاڵاکاران ئارەزوو بکەن خۆزگە هەرگیز وشەی «کەمکاری»یان نەبیستایەت. بەڵام لەوە تێناگەم بۆچی هەندێ کەس کە بە درێژایی ژیانیان دۆڕاو بوون، لە دۆڕانێکی تازە ئەوەندە باهێر ئەبن و ئەیکەن بە هەنگامە و پرتەوبۆڵە؟! ئەویش لەو ڕادەیەدا من تاوانبار ئەکەن بەوەی لەگەڵ خەنیمەکە ڕێک کەوتووم! ئەویش منێکەە بە هیچ شێوە مرۆڤفرۆش نیم؛ مەگەر ئەوەی خەنیمەکە پارەیەکی باشی پێشنیاز کردبێ.

ئێستە ئیتر بۆتان ڕوون بووەتەوە بۆچی ئەوەندە شەکەتم. وردەوردە بەو ئەنجامە ئەگەم ئەم دۆخە، نرخی براوەبوونە بە هەر بەهایەک. بەڵام من نامەوێ ئیتر ئەم بەهایە بدەم.

من فرێدم لە هەلومەرجێکی ئاوەهادا بینی. ئەو ئەبوایە لە سێ خاڵی ڕاستەقینە تێبگات:

١. ئەو بە ڕاستی براوە نەبوو، بەڵکو دەبەنگ بوو. دەبەنگی چەشنێک نەخۆشییە، کاتێک مرۆڤ تووشی ئەبێ ڕەفتارێکی دژی کۆمەڵایەتی ئەنوێنێ. لە ڕاستیدا ئەوە

ژیان نەبوو کە فرێد لێی ماندوو ببوو، بەڵکوو بە هۆی دەبەنگییەوە هەموو کەس بەجێیان هێشتبوو و ببوویە هۆی شەکەت بوونی.

٢. ئەوەندەی کەسێک تووشی دەبەنگی بوو، ئەم نەخۆشییە بەسەر هەموو کەل و قوژبنەکانی ژیانیدا زاڵ ئەبێ. دەبەنگی، وەکوو پارسەک[٣٦] لە لەشی مرۆڤ ئەخوات و بە ئاسانی ناتوانێ لێی جیا ببێتەوە. کاتێک کەسێک لەوە تێئەگات بە فێڵ و گزە یان کەڵەگایی ئەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێ؛ ئەکەوێتە کەوشەنێکەوە، دەرچوون لێی ئاسان نییە.

٣. ئەگەر بمانەوەێ لە دەبەنگی ڕزگارمان ببێ، ئەبێ هەندێ چارەسەر لەسەر خۆمان ئەنجام بدەین. گرنگ نییە خەڵکی بە هۆی نەزانی و بێئاگاییان ناتوانن کارێکت بۆ بکەن. تەنانەت زانینی ئەوەی زۆربەی مەردم دەبەنگن هیچ گرنگ نییە. ئەگەر دەبەنگی، تەنها دوژمنی خۆتی و تەنها کەسێکیش کە ئەتوانێ دەبەنگییەکەت چارەسەر بکات، خودی خۆتی.

فرێد لەو دەبەنگانە بوو کە کزز چارەسەیان نییە؛ مرۆڤێک بە وێژدانێکی خاراوەوە کە ناسمێنرێ. یەکەم جار کە پێموت دەبەنگە، وەڵامی دایەوە:

«ــ دەبەنگ خوشکتە.»

وەڵامم دایەوە:

---

٣٦ـ پارسەک: sponger, parsite مشەخۆر، مفتەخۆر ⇦ مشە: gratuitous خۆڕایی، بێبەرامبەر.

«ــ ئەوەش ڕاستە. بەڵام من نەمئەزانی کە تۆ خوشکم ئەناسی. پێکەوە دۆستن؟»

فرێد وتی:

«ــ مەبەست ئەوە بوو جنێوم پێدابێتی.»

«ــ باشە بۆ ئەبێ جنێوم پێبدەی؟»

«ــ لەبەر ئەوەی ئەگەر من دەبەنگ بم، تۆیش دەبەنگی.»

وتم:

«ــ هەر بۆیەشە من ئەتوانم یارمەتیت بدەم.»


دوای ماوەیەک فرێد پێی وتم تەنها هۆکارێک بڕیاری دا خۆی چارەسەر بکات ئەوە بوو من ئەو ڕۆژە ئەوەندە ئەوم گێژ کردووە، تا بەر لەوە هەرگیز ئەوەندە سەری لێ نەشێواوە. واتە سەرەتای قۆناغەکانی چارەسەری ئەو لە هەمان نۆرینەوە دەستی پێکرد و ئەم خاڵە، مژارێکی گرنگ ڕوون ئەکاتەوە: قۆناغەکانی چارەسەری هەر دەبەنگێک لەگەڵ دەبەنگێکی تر بۆی هەیە زۆر جیاواز بێ. هیچ فۆرمۆلایەکی دیاریکراوی زانستی لەم بوارەدا بوونی نییە. هەر دەبەنگێک خۆی قۆناغەکانی چارەسەری خۆی دیاری ئەکات؛ هەرچەند هەمیشە، دداننان بە دەبەنگبوون و مەردمئازاری و هەروەها، بڕیاری دارماڵ بۆ بوون بە مرۆڤێکی شیانست(٣٧)، هەنگاوی یەکەمە.

کاتێک یەکەم هەنگاو هەڵبگرین، قۆناغەکانی تر لە بواری چارەسەری نەخۆشی دەبەنگیدا دێنە ئاراوە و ئەلوێن:

- تێگەیشتن لە تایبەتمەندی و ئەو کەسایەتییە پووچەی پایە

---

٣٧ـ شیانست: decent لێوەشاوە، لێهاتوو ⇦ مرۆڤی شیانست: DHB کورتکراوەی decent human being ـە [ع] انسان واعی [د] انسان باشعور.




و مایەی مایەی چارەسەری دەبەنگییە. لە هەندێ شێوازی چارەسەری دەبەنگیدا ئەم پوچییە پێی ئەوترێ «چاڵەقووت»[٣٨] و لە شێوازەکانی تردا تەنها «چاڵ»ن.

- تێگەیشتن لەوەی ئەم چاڵەقووتە بە گۆڕانی ڕەفتار ئەگەری هەیە. گۆڕانی ڕەفتار بە شێوەیەک کە بە ڕاستی خەڵکی بۆ لاتان ڕابکێشێ و کارێک بکات ئەوانە لە بری ئەوەی توێکڵە شووتی هەڵدەنە بن پاتان، ببن بە دۆستانی ڕاستەقینەتان.
- دۆزینەوەی ئەم ڕاستییە واتای ئەوەیە تۆ توانای گۆڕینی شتێک بە ناوی «ژیان»ت هەیە. لە ڕاستیدا، هەر دەبەنگێک خۆی چاک ئەکات، زیاد لە ڕادە یارمەتی باشتربوونی چۆنایەتی ژیان لەسەر گۆی زەوی ئەدات.

ئەنجامدانی ئەم گۆڕانانە ئاسان نین. چونکە پێویستیان بە گۆڕانی بناغەیی لە شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆییدا هەیە. کاتێک بەوە بزانی ئەندامانی بنەماڵە و دۆستان بە ڕاستی بە چ شێوەیەک بیر ئەکەنەوە، هێدمە ئەتگرێ. تەنانەت ڕەنگە تووشی خەمۆکی ببی و هەست بە گوناهـ و سەرشۆڕی بکەی. ئەو شتانەی لە بەرگەگرتن بۆ چارەسەری دەبەنگی ڕەنگە دژوار و سەخت بێ، بەڵام دڵنیا بە ئەو ماندووبوونە ئەهێنێ و نائومێد

٣٨ـ چاڵەقووت: the abyss هەڵدێر، توون، گێژەن [ع] الهاویة [N] avgrunnen [د] پرتگاه.

مەبە.

خۆشبەختانە سەربردەی فرێد کۆتاییەکی خۆشی هەبوو. ئەو سەرەنجام تێگەیشت لە جیهاندا، کەسانی دۆڕاو زۆر زیاتر لە کەسانی براوەن، ئەگەر ئەیانەوێ خۆشەویست بن، ئەبێ زیاتر لەگەڵ دۆڕاوەکاندا بن. فرێد لەگەڵ مێگ هاوسەرگیری کرد، ئۆتۆمۆبیلە «ب.ئێم»ـەکەی بە هەمان ئەفسەر فرۆشت کە دەستگیری کردبوو (و دەرکەوت چاوی بە دوای ئۆتۆمۆبیلەکەی فرێدەوە بووە)، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەموو سووکایەتی و ئازارانەی بە سەر فەرمانبەرانی دەرهێنابوو، پاداشت و زیدەمووچەی کەلانی پێدان.

پاش ماوەیەک خۆی کارکەناری کرد و چووە ڕیزی هێزەکانی پاراستنی ئاشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان. کۆبوونەوە و میوانی مالاوایی لەگەڵ فرێد ئەوەندە جەنجاڵ[٣٩] بوو، لە مێژووی دامەزراودا بێوێنە بوو.

---

**٣٩ـ جەنجاڵ:** crowd چڕەبەندان، پڕانی، ئاپۆرە، تەموورە، لە دەور یەک خڕبوونەوە، گۆرانی وتن و بەزمگێڕان [ع] احتشد [N] publikum [د] شلوغی.

## II - بەشی یەکەم

### سەربردەی تر

**لام وا نەبوو دەبەنگم. فەرمانڕەوایەکی سەرەڕۆ بووم که تەنها ئەو کاتانە دڵخۆش ئەبووم، ڕێز و شادمانی دۆست و کەسم پێشێل ئەکرد.**

پرێسیلا[٤٠]، دەبەنگێکی بن چارەسەر

بۆی هەیە هەندێ تایبەتمەندی خۆتان لە سەربردەی فرێد، که گێڕامانەوە، ناسیبێتەوە. بەسەرهاتی ئەو لەو سەربردانەیە که بە زۆری گوێم لێ ئەبێ. بەڵام هەموو دەبەنگەکان، تەنها ئەم چەشنە گەمژە و کەڵەگا و لووتبەرز نین. جۆری زۆری دەبەنگمان هەیە که ئەبێ لێیان بکۆڵینەوە.

وەک نموونە چەند سەربردەی تر ئەگێڕینەوە.

ئەلێکسیس[٤١]، باڵابەرز و لەوەند و بسک زەردە. ئێستە خەریکە ئەبێ بە چل ساڵ. ئەو خۆی لە پیشەی خۆیدا بە براوە و، لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدا بە شکستخواردوو ئەزانێ.

---

٤٠ ـ پرێسیلا : Priscilla

٤١ ـ ئەلێکسیس : Alexis



ئەویش وەکوو هەموو دەبەنگەکان لەمەڕ خۆی زۆر نازانێ.

ئەلێکسیس هەمیشە دڵبەر و ڕاوکەری ئەو کوڕانە بوو کە ئەیانتوانی تێچووی کەڵانی هەوەسبازییەکانی ئەو بدەن. پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەلێکسیس دژوار نەبوو و بە ئاسانی ئەیتوانی بگاتە سەرجێگە و سەرجێیی، بەڵام وەکوو ئەوە وابوو کەسێک بیەوێ گیانی بە ئەهریمەن بفرۆشێت.

لەگەڵ ئەوەش ئەو هەمیشە ئەیتوانی پیاوی وا پەیدا بکات ئامادە بێ هەموو مەزاخی ئەو بدات. ئەوان باشترین جل و گەواهێریان بۆ ئەکرِی و یارمەتی وەهایان ئەدا، کە ناچار نەبوو هەرگیز قەرەبوویان بکاتەوە. هەمیشە ئۆتۆمۆبیلی مۆدێل باڵا و وارخانی[٤٢] گرانبایی بۆی ئامادە بوو، تەنانەت ئەگەر بە ئاشکرا بیوتایەت ئامادە نییە هیچ پارەیەک بۆ ئەوانە بدات. لە ڕوانگەی ئەوەوە پیاوان بۆیە هەبوون: دەرگا بۆ ئەو بکەنەوە، لەکاتێکدا لەبەری هەڵئەسن، پەسنی بکەن و پارەی هێمانەکەی[٤٣] ئەو بدەن.

ئەلێکسیس لە دەزگایەکی بانگەشە بەو پلەوپایە گەیشت. ئەو شوێنەی کە بە سوودوەرگرتنی زیرەکانە لە بیرۆکەی خەڵکی و فێڵی زیرەکانەی لەسەر ئەوانە بووە هۆی ئەوەی بە

---

٤٢ـ وارخان: ئاپارتمان؛ دەزگایەک لە خانوویەکی چەند نهۆمی بێحەوشە E suite.

٤٣ـ هێمان: factor, invoice پسوولەی حەساب، فاکتۆرای پارەدان، وەک لە ڕیستۆرانت.

خێرایی پێش بکەوێ و لە پەیژەی براوەبوون لە دەزگای ڕێکلام سەربکەوێ. ئەلێکسیس لە کارەکانیدا وەکوو پشیلە بوو، واتە هەرگیز ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە کەس نەئەبوو، بەڵام بە فێڵەبازی، کاری خۆی ڕائەپەڕاند. ئەیزانی بە چ شێوەیەک یاداشتی گرنگ و زانیاری بەسوود لە هاوکارەکانی بشارێتەوە و، ئەوان وەکوو گەمژە پیشان بدات. ئەلێکسیس ئوستادی بەدەستهێنانی ڕەسید و متمانە بوو لەو سەرکەوتنانەی کە خۆی بۆ ماندوو نەکردبوو. ئەیتوانی لە بن باری بەرپرسراوی هەڵەکانی، تەنانەت ئەگەر لە ئاستی تەمەرەیشدا[٤٤] بوایەتن، خۆی بپەڕێنێتەوە.

ئەو بە سوودوەرگرتن لە جوانی و کێشەری خۆی، توانی شەیدای کڕیاری زۆر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و زۆر لەوانە ئەویان کرد بە کارگوزار[٤٥] و بەرپرسی کڕینی پێداویستییەکانیان. بالاترین متمانەی لە دەزگای ڕێکلام بەدەست هێنا و چێژی لە قازانجەکانی وەرئەگرت و لەوەی ئەیبینی زۆر کەس ئێرەیی پێئەبەن ئەگەشایەوە. هەڵبەت ئەلێکسیس ئەیزانی نانی ڕەنگ و ڕواڵەتی ئەخوات، ئینجا مەگەر ڕێکلام و بانگەشە جگە لە ڕەنگ و ڕواڵەتە؟

لەگەڵ ئەوەش ئەلێکسیس لە ژیانی تایبەتی خۆی دڵمای[٤٦] بوو. لە تافی بیستساڵیدا و تا ڕادەیەکی زۆری لە دەهەی سی ساڵیشدا، دڵخۆشی زۆری هەبوو، بەڵام چەند تەمەنی ئەچووەیە

---

٤٤ـ تەمەرە: calamity ئاسێو، کارەسات، بەڵا، نسکۆ [ع] مصيبة [N] ulykke [د] فاجعە.

٤٥ـ کارگوزار: Secretary گزیر، باشنووس، بەڕێوەبەری کاروباری نووسین و ڕاگرتنی ئەرشیف و ژواننامە و ژمێریاری کەسێک [N] sekretær [ع] امين [د] منشی.

٤٦ـ دڵمای: unhappy, uneasy دڵگیر، دڵگران، دڵمەند، زویر، لالووت، لووتەلا، نابەدڵ [ع] شقي [N] urolig [د] ناراضی.

سەرەوە، پرسیارێکی سامناک زیاتر و زیاتر بیر و ئەندێشەی داگیر ئەکرد: ئایە ئەو مرۆڤێکی سەرکەوتوو بوو، یان تەنها براوەیەکی لەشفرۆش؟

دیارە ئەو ئەوەندە شارەزایی هەبوو بە ئاسانی خۆی لەم مژارە ئاڵۆزە بدزێتەوە. بەڵام ئەم پرسیارە لە مێشکیدا پەستێنرابوویەوە. لە ڕەوتی تێپەڕینی کاتدا ڕوانگەی بەرامبەر بەو پیاوانەی پەیوەندی لەگەڵیان هەبوو، ئەگۆڕا. ئەگەر پیاوێک زۆر پیر، یان زۆر دشت و دزێو بوایەت، ئەبوا بە ئەندازەی پێویست دارا بوایەت؛ ئەگەریش قۆز و لاو بوایەت ئەوە لات بوو و پارەی لە گیرفاندا نەبوو. ئەگەر کەسێک بیوتایەت شەیدای ئەوە، ئەلێکسیس ئەیزانی کابرا ئەوەندە گەمژەیە نەیتوانیوە کەسایەتی ڕاستەقینەی ئەو لە پشت پەردەی ڕواڵەتی فریودەری بناسێتەوە. ئەلێکسیس بە خێرایی لەو کەسانە جیا ئەبوویەوە کە بیانویستایەت بەسەریدا زاڵ ببن. پیاوان تەنها لە سەر جێگە بۆیان هەبوو دەسەڵاتدار بن، نە لە هیچ کات و شوێنی تردا.

بەڵام لالووتی و دڵمەندی لە پیاوان تەنها نیوەی مژارەکە بوو. ئەلێکسیس هیچ دۆستی نەبوو. هاوکارەکانی تەنها سووکایەتییان لێ بینیبوو و دوژمنی خوێنەخۆری بوون. لەگەڵ دراوسێکانیشی هەمیشە لە جەنگ و گەنگەشەدا بوو؛ بە هۆی ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبیلەکەی لەو شوێنەی کە حەزی لێ بوو (و بەکردەوە نەگونجاو بوو)، لەبەر دەنگی زۆر بەرزی بڵندگۆکەی و لەبەر ئەوەی ڕاهاتبوو نیوەڕووت لە هۆڵی گشتی تەلاری باڵەخانەکەیان پیاسە بکات. هەرچەند کە پیاوەکان هیچ دژی ئەم خووەی دوایی نەئەبوونەوە، بەڵام ژنەکانیان هەموو جار بە بینینی ئەو وەکوو

ماری برینداریان لێئەهات.

ئەلێکسیس نەیئەتوانی تەنانەت لە لای دایکشی دەردەدڵ بکات و لەلای ئەو بحەوێتەوە، چونکە چەندین ساڵ بوو یەک وشەیش لەگەڵ دایکی نەدوابوو. (ڕێک لەو کاتەوە کە دایکی، بە هۆی ئەوەی ئەلێکسیس درەنگ هاتبوویەوە بۆماڵەوە، بۆ یەک حەفتە لێی بەرگیراو[٤٧] کردبوو بچێتە دەرەوە.) ئەو هەرگیز وەڵامی تەلەفونەکانی دایکی نەئەدایەوە و هەموو نامەکانی ئەویّ ئەگەڕاندەوە بەبێ ئەوەی بیانکاتەوە.

ئەلێکسیسی لانەواز، بەهرەمەند و دارا و براوە بوو، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە کلۆڵ بوو. ئایە ئەو ببوو بە سەرگەردی[٤٨] ئێرەیی دگەر؟ یان تەنها دەبەنگ بوو؟

کاتێک ئەلێکسیس بۆ ڕاوێژ هات بۆ لای من، زانیم دایکی لەو مرۆڤە سەرەڕۆ و توندوتیژانە بوو، کە هەمیشە ڕەخنەی لە کارەکانی گرتووە و، زۆر بە دەگمەن بە هۆی سەرکەوتنەکانییەوە، پەسن و ئافەرینی کردووە. دایکی ئەلێکسیس ئێرەیی بە بەهرە و جوانی ئەودا هاتووەتەوە و تێکۆشاوە بە گواستنەوەی هەستی تاوان و گوناهـ و لاوازکردنی متمانەبەخۆیی ئەو ، ژیانی لێ تاڵ بکات!

ناسینەوە و دەستنیشانکردنی نەخۆشی ئاسان بوو. پێموت:

«ـــ دایکت دەبەنگە.»

بە تووڕەیی پرسی:

«ـــ تۆ کاتژمێری سەد دۆلار لە من ئەسێنی، تا ئەو شتەم

٤٧ـ بەرگیراو: Prohibited مەناومەن، قەدەغە، بە تەواوەتی قەدەغە [ع] [د] ممنوع.
٤٨ـ سەرگەرد: victim گۆری، قوربانی، فیداکراو، بەلاگەردان [ع] الضحیة [د] قربانی.

پێ بڵێی کە خۆم ئەیزانم؟»

ئەوسا کەوتە ڕێ بڕوات، بە پەنجە ئاماژەم پێکرد، ڕاوەستە. ڕەنگە لە هەمان پەنجەوە هەستی بەوە کرد کە من پڕۆکتۆلۆژم و ڕێگەی دا تا درێژە بە گوتەم بدەم.

وتم:

«ــ ئینجا تۆیش منالّی دایکێکی دەبەنگی.»

«ــ وایە، ئەمە خۆی شتێکە.»

جوان دیار بوو لەوەی کە خەریکە تاوانەکە ئەکەوێتە ئەستۆی یەکێکی تر هەست بە ئارامش ئەکات. وتم:

«ــ تۆ ویستووتە لە نێوان خۆت و دایکتدا دیوارێکی بەرز ساز بکەیت، بەڵام ئەمکارە بە بەهای دیوارێکی بەرز لە نێوان تۆ و هەموو پەیوەندییە مرۆییەکانتدا تەواو بووە.»

پرسی:

«ــ واتای ئەم گوتەیە چییە؟»

نام بە بەنی دڵییەوە و وتم:

«ــ واتە تۆیش بوویت بە دەبەنگ.»

بە ڕێنموونی و یارمەتی من و دەستەیەکی پشتگری[٤٩]، ئەلێکسیس سەرەنجام توانی ددان بەوەدا بنێ کە تووشی دەبەنگی هاتووە، لەوە تێگەیشت ئەو دەبەنگییە چۆناوچۆن وای لێکردووە تا بۆ پاراستنی دۆخ و پلەی خۆی، فێڵبازی و درۆ بکات و خەڵکی بە سوودی خۆی بەکار بهێنێ. هەڵبەت من بە شێوەیەکی تایبەتتریش لە ئاڵوودەیی و ڕەفتاری جنسی ئەلێکسیسم ڕوانی و چارەسەری تایبەتم بۆ دانا و، ئەبێ بڵێم چارەسەری ئەو

٤٩ـ دەستەی پشتگری: support group کۆما پشتگری، دەستەی باربوو.

سەرکەوتنێکی ناوازە و ناوێزە بوو!

ئەلێکسیس، ئێستە لە شاری پیتسبۆرگ[٥٠] ئەژی و لە فرۆشگایەکی مەزن وەکوو فرۆشیار کار ئەکات. لەگەڵ کرێکارێکی کانگە هاوسەرگیری کردووە و بەختەوەرە، منداڵێکیان هەیە و یەکی تریش بەڕێوەیە.

هوبێرت[٥١] منداڵێکی نۆ ساڵان بوو، بۆ چارەسەر هێنایان بۆ لای من. باوک و دایکی بانگیان ئەکرد «نەگبەت»، لە فێرگەش پلەی «بێهەست»ی[٥٢] هەبوو. چوار پزیشکی پسپۆڕ پاڵیان پێوەنابوو و دوانیان پاش گەنگەشە لەگەڵ ئەو، وەها ڕووخابوون کە کاری دەروونپزیشکیان بەجێ هێشتبوو و، چووبوونە بواری کاری ساناتر و کەمزەبرتر؛ یەکیان ببوو بە ڕاهێنەری شێر و ئەوی تریان ببوو بە لێکۆڵەری نهێنی دژی مافیا و هێسنی هۆشبەر! هوبێرت لە ڕاستی و ڕاستەقینەدا دەبەنگێک بوو بۆ خۆی.

نموونەی هوبێرت بە ئاسانی ئەیسەلماند هەموو دەبەنگەکان بە ناچاری بەرهەمی خولی منداڵی و پەروەردەی نەشیاو نین. ڕەنگە یەکی وەکوو ئەلێکسیس وابووبێ، بەڵام هوبێرت بەهۆی کاریگەری خولی منداڵی نەپۆڕ[٥٣] و ناهەنجار نەببوو بە دەبەنگ.

---

٥٠ـ پیتسبۆرگ: Pittsburgh

٥١ـ هۆبێرت: Hubert

٥٢ـ بێهەست: emotionally disadvantaged گەمژەی دارماڵ.

٥٣ـ نەپۆڕ: rotten نەشیاو، ناهەنجار، نەگونجاو، پۆخڵ، گەنیو.



ئارێشەی سەرەکی هوبێرت ئەوە بوو چاوی بینینی ئاسوودەیی و شادمانی خوڵکی نەبوو. بۆ وێنە ئەگەر چەند کچ بە هێوری بۆ نانێکی ئێوارە کۆ ببوایەتنەوە، هوبێرت نەی ئەتوانی ئوقرە بگرێ و کاری بەسەریانەوە نەبێ. وەکوو فرۆکەوانێکی ژاپۆنی ئەچوو بۆ چالاکی خودکوژی، ئەیدا بەسەریاندا و چالاکییەکەی بە هەڵدانی دەفر و ئامان و ساردی و کێژۆڵەی بچکۆلانە بە حەوادا، سەرکەوتوانە کۆتایی پێ ئەهێنا.

لەو چەشنە منالانە بوو چەند جار گەلە سەگی کس دابوو بۆ ناو ئەستێرکی مەلەی گشتییەوە بۆ ئەوەی ناچار ببن مەلەوانگە دابخەن.

هەڵبەت هوبێرت تایبەتمەندی ئەرێنی و باشیشی هەبوو. واتە لەو منالانە بوو بۆ دەرچوون لە تاقیکردنەوە، هەرگیز گزی و کۆپی نەکرد.

هوبێرت منالێکی جنگن و بوێر بوو. لەبری ئەو چەشنە لووسکەبازیانە، بە تفەنگێکی ڕاستییەوە ئەچووە بەر دەرگای ماڵی مامۆستاکەی و تا ڕادەی مردن ئەیتۆقاند، بۆ ئەوەی نمرەی دەرچوونی لێ وەربگرێ.

مژاری هوبێرت، بەتایبەت لەو ڕووەوە زۆر دژوار بوو، کە ئەو جگە لە بێفەڕی و مەردمئازاری هیچ شتێکی تری نەئەزانی و تێ نەئەگەیشت. کاتێک پێموت دەبەنگە، بزەیەک پانتایی

ڕوخساری داگرت و وتی من یەکەم کەسم بەو باشییە پەسنی ئەکەم و لەوەی بە دەبەنگ ناوم هێنابوو، زۆر شادمان بوو. هێدمە گرتمی. زانیم ئەمە لەو نموونە بە ڕاستی دژوارانەیە.

دیارە منیش ئەوەندە دەستوپاسپیلکە نیم ئاوا بە ئاسانی کۆڵ بدەم. بۆیە بڕیارم دا بۆ چارەسەری دارماڵی ئەم مناڵە لاسارە لە ئەزموونی کۆنی خۆم کە پڕۆکتۆلۆژ بووم، سوود وەربگرم. بە شێوەی سێ پەنجەیی کەوتمە نۆرینی مناڵەکە! لەو کاتە بەدواوە، هوبێرت بە باشی هاوکاری ئەکات تا چاک ببێتەوە و بە شانازییەوە ڕای ئەگەیەنم، هوبێرت بە زووترین کات مەدالیای دیدەوانی وەرئەگرێ.

والْتر قەشە بوو. چواردە ساڵ پێشتر ئەو پیشەی وەرگرتبوو و دوانزە ساڵی لە کلیسا خزمەتی کردبوو. گوڕ و تینێکی فراوانی بۆ فێربوونی ئینجیل و کاروووس[٥٤] هەبوو و خۆی بە پسپۆڕی نەخۆشی دەروونی و چارەسەری گوناهکاری ئەزانی. ئەو بە ڕاستی بڕوای بەوە هێنابوو خەریکە خۆبەخشانە خۆی ئەکات بە سەرگەرد لە ڕێگەی پەروەردگار و ئەرکی گرنگی خودایی و ئایینیدا.

والْتر، لە کاروووسەکانیدا بە ئاشکرا ئەیوت ئەرکی ئێمە ئەوەیە لە دەرگانەی پەروەردگاردا ئاگامان لە بچووکترین ڕەفتار و کردارمان هەبێ، چونکە بە کەمترین هەڵە، ئەکەوینە ناو کۆشی

٥٤ـ کاروووس: sermon, elevation, homily وتاری دینی و ئامۆژگاری ئایینی N preken ع خطبة د موعظه.

گوناهەوە. ئەو شەیدای ئەوە بوو، بڵێ: **«ئەوە بزانن، ئەو خوایەی کە لە پەڕاوی چارەنووسیدا ئاگای لە لەرینەوەی یەک بە یەکی خەزەڵی درەختان هەیە، بچووکترین لادانی من و ئێوەش بە باشی ئەبینێ و هەرگیز فەرامۆشی ناکات.»**

هەندێ جار، واڵتر کاتی وتاردان دارەتی دەمارگرژانە و پەلاماردەری وەرئەگرت، بە شێوەیەک کە هەموو مرۆڤێکی ژیر لەو هەموو کێشەر و گوژمەی واڵتر، تووشی سەرسووڕمان ئەبوو. بەڕێوەبەریانی کلیسا چەند جار بانگ کردبوو و سەبارەت بە دارەتانەی ئاگاداریان کردبوویەوە، بەڵام ئەو هەمیشە بە دەمەوەری و دارەتی پەرسدارانە[٥٥]، نە تەنها پەژێرەی ڕەخنەکانی نەئەکرد، بەڵکو کارەکەی خۆیشی بە ڕەوا ئەزانی. واڵتر بە بەڕێوەبەرانی کلیسای ئەوت خزمەتکارانی ڕاستەقینەی خوا، دوژمنیان زۆرە و بەڕێوەبەران نابێ ڕێگە بدەن ئەوانەی کە هیچیان بۆ خوا نەکردووە، فریویان بدەن و بیانکەن بە دەسکەڵلای خۆیان.

بار و دۆخەکە بەم شێوازە بوو، تاکو یەکشەممەیەک واڵتر بڕیاری دا سەبارەت بە زینا[٥٦] کارووس بدات. بە هەمان دارەتی هەمیشەیی خۆی وتارێکی ڕەوان و پاراوی سەبارەت بەم گوناهە گەورەیە دا و سەبارەت بە دشتی و دزێوی مەزنی ئەم چەشنە گوناهە لە لای پەروەردگار دوا. ئەو بە بیسەرانی وت هەرکەس

---

٥٥ـ پەرسدار: faithful خواپەرست، خواناس، دیندار، لە خوا ترس [ع] [د] زاهد، متعبد، متقی.

٥٦ـ زینا: adultery دوخمانی، پەیوەندی جنسی لە نێوان دوو کەسی ژنوشودار کە هاوسەری یەک نین [ع] زناء [N] utroskap [د] زنا ← ژنوشودار: Married هاوسەردار [ع] [د] متأهل.




ئەو کارە کەسن و گەناژەی ئەنجام دابێ تاھەتایە لە ناو ئاگری بنی دۆزەخدا ئەبێ و ھیچ ھیوایەکیشی بۆ کەس نەھێشتەوە.


یەکشەممەی دواتر، کاتێک واڵتر ویستی بۆنەی نوێژ و نزای ئێوارە دابەستێ، یەکێک لە دانیشتوان کە ڕواڵەتێکی شیانست و بەشکۆی ھەبوو، ھەڵسایە سەرپا و دەمانچەکەی بەرەو واڵتر ڕاگرت. کابرا بە واڵتری وت:

«ـــ جا باشتر وایە نزاکەت لە دڵەوە بخوێنی، چونکە ڕەنگە ئەمە دواین نوێژت بێت و لە خوایش بپاڕێوە سەبارەت بەو ھەموو زینا کە کردووتە لێت ببووڕێت. چونکە ئەگەر لە کۆڵی ژن و کچەکانی من نەبیتەوە، خۆم تاکو دەروازەی دۆزەخ ئەتبەم و ھەڵت ئەدەمە ژوورەوە.»

واڵتر ئەو دۆخە نالەبارەی بە پەسداری و خۆپارێزی پەژێرە کرد. ئەوسا بە دانیشتوانی وت تۆمەتی ئەو پیاوە بەرێزە نابەجێیە، بەڵام ئەو لە گوناھی خۆش ئەبێ. زۆر لە بەشداران سەبارەت بەم بوردبارییە پەرسدارانە و تەنانەت پاکیزانەیە کەوتنە گریان.

بەڵام ڕۆژگاری واڵتر کۆتایی ھاتبوو. چەند ڕۆژ دواتر، لیژنەیەکی تایبەت لە قەشە و مەتران لەگەڵ شووی ئەتککراو، نامەیەکیان بۆ کاردینالی مەڵبەند نووسی و داوایان کرد واڵتر نە تەنھا لە کلیسای ناوچەی ئەوان دەربکرێ، بەڵکو جلیش بکرێ[٥٧]

٥٧ـ جلکردن: defrocked واتە لە پیشە و پایەیەک دەرکردن بەوەی کە کەرەستەی




و له قەشەیی لاببردرێ. کاردینالْ والْتری بۆ کۆبوونەوەیەکی نهێنی بانگ کرد. والْتر لەوێش هەموو تۆمەتێکی ڕەت کردەوە. بەلاّم شەلیاوەکان[٥٨] دەستیان پڕ بوو. ئەوان وێنەی ڕەنگی و ڕووتیان له والْتر هەبوو له کاتی جنسدا و لەگەلْ فایلی دەنگی ژنان و کچان دا. له بوونی ئەم بەلْگانەدا، والْتر دیسانەوەش کۆلْی نەدا. ئەیوت ئەمە ئەو کارانەیە که به فەرمانی مەسیح ئەنجامی داوە، چونکه عیسا ئەلْێ: «دراوسێکەت خۆش بوێ!» واتە دەرگای مالْی خزمەتکارانی خوا ئەبێ به شەو و ڕۆژ به ڕووی خەلْکیدا کراوە بێ و ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێ، ئەگەر له بن چەرچەفیشدا بووبێ، چ به شەو و چ به نیوەشەو.

والْتر نێردرا بۆ کلیسای سیانزە. بەلاّم کاردینالْ وێنە ڕەنگییە جوانەکانی ــ ڕەنگە بۆ ڕۆژی تەنگانە ــ له لای خۆی ڕاگرت.

زەبری کۆتایی ئەو کاتە بوو که ژنی والْتر ڕایگەیاند لەگەلْ منالْەکانی ئەچێتەوە بۆ مالْی باوکی و جگە لەوە، پێشنیازی کارکردن له ناوندی جیهانی بانگەشەی بێخوایی پەژێرە کرد. والْتر پشتی شکا. ئەو لای وابوو کاردینالْ له هەموو دارەتێکدا پشتگیری ئەکات و ژنەکەیشی له هەموو هەلومەرجێکدا لەگەلْی

---

نیشانەی پیشەکەی لێ وەربگیرێتەوە، وەک چەککردن، ئەگەر پێشمەرگە یان سەرباز بێ و جلکردن ئەگەر دادوەر یان ئەفسەر و ئایینی و پزیشک و ئوستاد بێ [ع] ازالة حقوق [د] خلع لباس، خلع مقام.

٥٨ـ شەلیاو: robbed مالْدزراو، ڕووتەوە کراو [ع] مسلوب [د] غارت شده.

ئەمێنێتەوە. زۆر تێکۆشا تاکو ڕێگەیەکی ڕزگاری ژیرانە یان دیندارانە بدۆزێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. واڵتر کەوتبوویە گەمارۆی دوژمنانی زۆرەوە و کەس نەبوو دربازی بکات. واڵتر بەو ئەنجامە گەیشت ئەمانە هەمووی کاری ئەهریمەنە.

بەڵام ئایە بە ڕاستی ئەمانە بە هۆی ئەهریمەنەوە بوو یان بە هۆی دەبەنگی‌یەوە؟

ئینجا ئەوە کاردینالْ کە واڵتری نارد بۆ لای من. من کومەگی واڵترم کرد تا لە بن کەوڵی دینداری خۆی ببینێ و پەژێرە بکات هەرگیز ئەو مرۆڤە مێهرەبانە، دڵسۆزە، خۆپارێزە، بەڕەوشتە نەبووە کە لای وابوو. ئەو هەرگیز جگە لە دەبەنگێکی ئایینی، هیچ تر نەبوو.

واڵتر لەوە تێنەئەگەیشت ئەو بە شێوەیەکی زۆر زیرەکانە خۆی هەڵفریواندووە. بڕوای وابوو نەتەنها کردار و ڕەفتاری پاکیزانە بووە، بەڵکوو هەندێ لە کارەکانی تەنانەت نموونەی خۆبەخشی و گیانبازی بووە. بۆ وێنە لای وابوو خۆی کردووە بە سەرگەردی ژنانی کلیسا و بەم شێوەیە مەڵهەمی ناوەتە سەر برینی تەنهایی ئەوان و بە بەدیهێنانی پێویستترین نیازەکان، یارمەتی داون لەگەڵ شووە ساردوسڕەکانیان هەڵ بکەن.

بەڵام، سەرەنجام ددانی بەوەدا نا کە ئەو گەورەترین دیاری و پێشکەشی خوا بۆ جیهانی ژنان یان هیچ جیهانێکی تر نەبوو. ئەو تێگەیشت چەندە زیانی بە خەڵکی گەیاندووە و لە دەسەڵاتی خۆی بە هەڵە سوودی وەرگرتووە. هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێتەوە کە ڕووی تێکردم و وتی:

«ــ کوڕم، ئایە من دەبەنگ بووم؟»

ئەم چەشنە ساتانە بەهایەکی بێوێنە بە کاری دەروونشیکاری من ئەبەخشن.

پاش چەندین مانگ ڕاوێژ و چارەسەر، والْتر ئامادە بوو لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە و کلیسایشی بەجێهێشت. دژوارترین وانەی ئەو تێگەیشتن لەو مژارە مەزنە بوو کە مەردم بۆ ئەوە ناهاتوونەتە ئەم جیهانەوە ئەو لەگەڵیان ڕاببوێرێ و بە سەریاندا فەرمانڕەوایی بکات. بۆیەشە ئەو ئەبێ دەراندەر ڕەفتاری خۆی بگۆڕێ و ڕێگە و شێوازی تر بگرێتە بەر.

والْتر ئێستە لە قوژبنێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکی کارە. ئەو لای وایە جارێکی تر خوای ناسیوەتەوە و ئەڵێ:

«ـــ ئەگەر خوا بتوانێ لە ترۆریستی بۆمباچێن و منی دەبەنگ بېوورێ، کەواتە ئەو بەهێزترین خودانی ئەم جیهانەیە!»

ئەگەر کەسێکیش داوای کۆمەگ و ڕێنموونی لەو بکات، والْتر بە مێهرەبانی وەڵامی ئەداتەوە:

«هەرگیز پرس و ڕاوێژ بە کەسی دەبەنگ مەکە.»

پێئەچێ دەنگێک لە بیابانی قاقڕدا ئەلوورێنی:

«ـــ وایـ ـ ـ ـ ـ ـە!»

لەم بەسەرهاتانەوە ئەتوانین شتی زۆر لەمەڕ دەبەنگی بزانین. هەرکەس، چ دارا و چ نەدار، چ ژن و چ پیاو، چ پیر و چ جەوان، بۆی هەیە تووشی دەبەنگی ببێ. نە هۆشمەندبوون و نە گەمژەبوون ناتوانن ڕێگە لە تووشبوون بەم نەخۆشییە بگرن. بە گوتەیەکی تر، دەبەنگی نەخۆشینێکە ئەتوانێ هەرکەس، لە هەر

کات و ساتێکدا و بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک تووش بکات.

لە خاخامێکەوە، کە لە ماوەی ژیانیدا دەبەنگی زۆری بینیوە، ئەگێڕنەوە، وتوویەتی:

«هەموو کەس لە هەلومەرجی ئاساییدا ئەتوانێ، گەوەند و سلسار بێت. ئەوەندەی ئەو هەلومەرجە تێپەڕی، مرۆڤی ئاسایی دێتەوە بە خۆیدا و لە سلساری خۆی پەشیمان و شەرمەزار ئەبێت، بەڵام دەبەنگ ئەکەوێتە خۆی بۆ بەدیهێنانی هەل و دەرفەتێکی تازە.»

ئەم سەربردانەم بۆیە هەڵبژارد بیانگێڕمەوە، تا فرەچەشنی ڕەفتاری دەبەنگەکانم پیشان دابێ. هەرچەندە لە کۆتاییدا هەموو دەبەنگەکان نموونەی تاقانەی خۆیانن و هیچ فۆرمۆلایەک بۆ ناسینەوەی دەقاودەقی دەبەنگەکان بوونی نییە. بەو ڕادەیەی کە مرۆڤ ئاڵۆز و جۆراوجۆرە، بەو ڕادەیە دەبەنگەکانیش هەمەچەشن و جۆراوجۆرن و هەر بەم ڕادەیەش ڕێگەی چارەسەری ئەم نەخۆشییە ئاڵۆز و جۆراوجۆرە.

ڕەنگە تەنها پێناسەی دارماڵی ئەم ناسازییە خۆی پێویستی بە پەرتووکێکی تری سەربەخۆ هەبێ، کە هەڵبەت نووسینی ئەو پەرتووکە بەر لە مژار و بابەتی دەروونناسانە، پەیوەندی بە ڕادەی فرۆشی ئەم پەرتووکەوە هەیە. ئەو فرۆشەی بە لە بەرچاو گرتنی ژمارەی دەبەنگەکان ئەبێ باش بێت. تەنها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، زیاتر لە سەد ملیۆن دەبەنگ هەیە، کە هەرکام لەوانە تاقانەن و هەر ئەم لایەنە دڵخۆش و هیوادارم ئەکات پەرتووکی زۆی لەم بابەتە بنووسم و بینێرمە بازاڕەوە.

تاکو ئەم کاتەی ئێستا، هەندێ لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی

دەبەنگەکان ئەمانەن:

- خودپەرستی کوێرانە
- ڕەفتاری زۆر قێزەون
- خێرخوازیی لووتبەرزانە
- ویژدانی ناخودئاگای نەسووت (کە لە دۆزەخیشدا ناسووتێ.)
- بێڕێزی بە دەسەڵات
- بڕوانەبوون بە ڕزگاری مرۆڤ
- بەکارهێنانی بێبەزەییانەی خەڵکی ساویلکە

ئەم ئەدگارانە لەگەڵ هەندێکی تر، لە بەشەکانی داهاتوودا ئەخەینە بەر تۆژینەوە. جارێ نیگەرانی ئەم شتانە مەبن. ئینجا ڕەنگە وەک تراپیستەکان پێتان ئەڵێن: «ئەوە ئاساییە هەست بە سەرسامی بکەن.»

## ڕاهێنان:

١ــ ئایە خوێندنەوەی هیچکام لەم سەربردانە ئێوەی خستەوە بیری کەسێکی تایبەت؟ ئایە ئەو کەسە تایبەتە هەموو بەیانییەک لە ئاوێنەدا ئەبینی؟ کاتێک بیر لە خۆت ئەکەیتەوە، چ تایبەتمەندییەک ئەبینی؟ وائەزانی کام لە ڕەفتارەکانی تۆ دشتن؟

٢ــ باشتر وایە پەڕاوێکی زۆر گەورە بۆ تۆمارکردنی ئەم نموونانە دابین بکەیت و کاتی خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە، ئەو نموونانەی تر کە دێت بە بیرتاندا، یاداشتی بکەی.

## بەشی یەکەم - III

### پێناسەی دەبەنگی

**مەزنترین ڕازی ئافراندن ئەوە نییە بۆچی خوا ئەم جیهانەی ئافراندووە، بەڵکوو ئەوەیە کە ئەو بۆچی دەبەنگەکانی ئەوەندە گوستاخ و قێزەون ئافراندووە.**
نووسراوی پشت دەرگای کلیسایەک لە بۆستۆن

هەتا ئێرە زۆر جار زاراوەی دەبەنگ و دەبەنگیمان بەکار هێنا. بەبێ ئەوەی پێناسەکەیەکی وردی ئەو زاراوانە بکەین. لە خودی وشەکانەوە ناتونین بە پێناسەی ناونانەکە بگەین. یەکێک لە ڕێگەکانی گشتی ناسینی دەبەنگەکان، ناسینی هەلومەرجی سەرهەڵدانی دەبەنگی ئەوانە. بۆ وێنە خودی من لە خەویشدا ناتوانم وێنای ئەوە بکەم لە دادگا، جگە لە پارێزەرێکی دەبەنگ داکۆکی لە من بکات. کەواتە هیچ پێناسەیەکی کورت ناتوانێ ئاڵۆزی هەژەندی دیاردەی دەبەنگی پیشان بدات.

بەڵام هێشتاش، ئەم مژارە بێ وەڵام نییە. زۆر کەس لایان وایە: «ڕەنگە من نەتوانم پێناسەی دەبەنگی بکەم، بەڵام بە مسۆگەری ئەوەندەی دەبەنگێک ببینم، ئەیناسمەوە.» ئەمەیان گوتەیەکی ڕاستە. هەموو کەس لەم مژارەدا هاودەنگن کە:

**دەبەنگ** ئەو کەسەیە، بە وستی دارماڵ و لە ڕووی ویستەوە بە

**شێوەیەکی دزێو و قێزەون ڕەفتار ئەکات و لەو گێرەشێوێنییەی لە ڕەوتی کارەکاندا کردوویەتی و ئەو زیانەی بە خەڵکی گەیاندووە، لە دڵەوە شادمانە.**

هەڵبەت هەمیشە ڕەخنەگری وا هەن، دژی ئەم پێناسەیە ئەبنەوە و ئەو پێناسەیە لە لایەن پزیشکێکی پسپۆڕەوە، زیاد لە پێویست بە هێڵ و هەراوی ئەزانن. وەڵامی زانستی منیش بۆ ئەوان ئەمەیە: «ــ ئەوەندە ڕەخنە بگرن تا گیانتان دەرئەچێ!»


هەندێک ڕەخنە ئەگرن گوایە وشەی دەبەنگ asshole وشەیەکی ڕەشۆکییە و تەنها بۆ سووکایەتی و گاڵتەپێکردن بەکار ئەبرێ، بۆیە ئەوە باش نییە وەکوو زاراوەیەکی پزیشکی بەکار بهێنرێ، چونکە بۆی هەیە ببێتە مایەی بریندارکردنی هەستی نەخۆشەکان. ئەوە دیارە ئەم کۆمەڵە شتێکی ئەوتۆ لەمەڕ دەبەنگی نازانن و ئەم ڕاستییە لە بەرچاو ناگرن کە دەبەنگەکان هیچ هەستێکیان نییە. بە گوتەیەکی تر، هەستی دەبەنگێک، تا ئەو کاتەی نەکەوتووەتە سەر ڕەوتی چارەسەر و چاکبوونەوە، بریندار نابێ.

هدندێکیش ئەڵێن وشەی دەبەنگ زۆر خودییە[٥٩]، وەک بڵێی دەبەنگەکان تەنها لە ڕوانگەی ڕواڵەتەوە بوونیان هەیە. خودی خۆم وەک پرۆکتۆلۆژێکی پێشوو، لام وایە ئەم بۆچوونە تەنها بە کەڵکی بێژەری شاشبێژ و فرەوێژی ئەم چەشنە گوتانە دێت.

وابزانم تا ئێرە توانیم هەندێ مژار ڕوون بکەمەوە و ئەویش ئەوەی کە پاراستن و بەکارهێنانی زاراوەی دەبەنگی کاریگەرییەکی

---

٥٩ـ خودی: subjective شتێکە باندۆر یان چێژ یان بۆچوونی هەستێکی کەسی لەسەر بێ [ع] ذاتی [د] ذهنی ← بابەتی: Objective شتێکە باندۆر یان چێژ یان بۆچوونی هەستێکی کەسی لەسەر نەبێ [ع] موضوعي [د] عینی.




باڵای لە چارەسەری ئەم نەخۆشییەدا هەیە. هەروەک ناتوانین لە چارەسەری نەخۆشی «پارانۆید»دا[٦٠] ئەم وشەیە ڕەچاو نەکەین و بەکار نەهێنین؛ لە چارەسەری دەبەنگیشدا ناتوانین ئەم وشە کلیلییە تووڕ دەین. بەڵام دەبەنگی نەخۆشییەکی دارماڵ و دیاریکراو نییە. ڕاستە خەڵکی ئاسایی پێیان خۆش نییە پێیان بوترێ دەبەنگ، بەڵام خەڵکی ئاسایی خۆ دەبەنگ نین. دەبەنگەکان ڕوودار، قێزەون، ترسناک و لووتبەرزن و ئەشبێ ناوێکیان لێ بنرێ کە لانیکەم دایانچڵەکێنێ.

خەڵکێکی زۆر مەی و شەراب ئەخۆنەوە، بەڵام هیچکەس نایەوێ پێی بوترێ «ئەلکولی»، ڕێک بەم مەبەستەش، یەکەم هەنگاوی بەرنامەی وازهێنان لە ئەلکول، ئەوەیە ئەو کەسە ئەبێ ددان بەوەدا بنێ کە ئەلکولییە. لەم ڕووەوە یەک دەبەنگیش،

٦٠- پارانۆید: paranoid نەخۆشی گرفتار بە پارانۆیا. بیرکردنەوەی پارانۆیی یان پارانۆید زۆربەی کات بیروباوەڕی چەوساندنەوەیی یان پلانی نهێنی لەخۆی دەگرێت دەربارەی هەڕەشەیەکی درکپێکراو لەسەر خود (بۆ نموونە: هەموو کەس ئەیەوێت من لەناوبەرێت). پارانۆیا جیاوازە لە فۆبیا، کە جۆرێکی ترە لە ترسی نائاوەزمەند بەڵام زۆربەی کات بەبێ لۆمەکاریی کۆتایی دێت. بەهەڵە تۆمەتبارکردن و بێ متمانەیی گشتیی بە دەوروبەر زۆربەی کات پەیوەندیدارە بە پارانۆیاوە. بۆ نموونە، ڕووداوێک کە زۆرینەی خەڵک وای تێئەگەن کە بەڕێکەوت ڕووی داوە، کەسێکی پارانۆید ئەشێت وای تێ بگات کە بەمەبەست ڕووی داوە. پارانۆیا: paranoia دارەتێکی دەروونییە کە بە هۆی هەڵۆسە و گومان و هەستیاری زیاد لە پێویست بەدی دێ. سیستەمێکی بیرکردنەوەیە کە کاریگەرە بە دڵەڕاوکێ و ترس، زۆربەی کات تاڕادەی نائاوەزمەندی و وڕینە.

یەکەم هەنگاوی چارەسەر و چاکبوونەوەی، بە مسۆگەری بە وتنی: «من یەک دەبەنگم» دەست پێئەکات؛ تەنانەت وتنی ڕستەی هاوشێوەی وەکو: «من مرۆڤێکی قێزەونم» و وەکوو ئەمانە هیچکامیان بەو ئەندازەیە کاریگەرییان نییە.

لە ڕاستیدا، هۆکاری بەهەڵەداچوونی پەڵپگران[٦١] ئەوەیە، هێشتا تێنەگەیشتوون کە دەبەنگی نەخۆشینە، نەک ناسەلاری. دەبەنگی تەنانەت واز و کەڵکەڵەی ئاسایی بە سەرکەشی و یاخیبوونیش نییە. ئەمانە ناسازی کەسایەتین، لەکاتێکدا دەبەنگی چەشنێک ئاڵوودەیی‌یە بە دەسەڵات، سووکایەتی و سەرکوتانەوەی دگەرە، بەرپرس نەبوونی لەڕادەبەدەر و هەوەسی فەرمانڕەوایی بەسەر خەڵکی دایە. ئەم نەخۆشییە لەنگەری دەروونی ئەگۆڕێ، نەخۆشەکەی تێک ئەدات و تووشی کلۆڵی و چارەڕەشی ئەکات؛ تا ئەو کاتەی کە بێتەوە بە خۆیدا و بڵێ: «من یەک دەبەنگم.»

جارێکیان کەیبانوویەک بە تووڕەیی پێی وتم: «ــ هەرکەس کە وتبێتێ، دەبەنگ لەم جیهانەدا بوونی نییە، خۆیشی دەبەنگە. من سێ مناڵی دەبەنگم هەیە و هەموو ڕۆژێک لە بەرامبەر هەر چواریاندا ددان بە جەرگی خۆمدا ئەنێم، چونکە شووەکەیشم دەبەنگە.»

فەرمانبەرێکی لقێکی مەکدۆناڵد لە سەکرمەنتۆ ئەیوت:

«ــ ئەوانە دەبەنگی دارماڵن، لەوانەی کە پێیان وایە خواردنی کوارترپاوند[٦٢] جۆرێک پارێزکردنە.»

---

٦١ـ پەڵپگر: Annoying بیانووگر، گڕووگر، کەسێک کە بیانوو لە کارێک ئەدۆزێتەوە ع مزعج د بهانە گیر.

٦٢ـ کوارترپاوند: quarter pound خواردنێکی هەمبرگری ١٢٠ گرەمی مەکدۆناڵدە.

دەبەنگێک کە لە پڕۆسەی چارەسەر دایە، ئەڵێ:

«ــ تا ئەو کاتەی دەستم نەکردبوو بە چارەسەر، نەم ئەتوانی وێنای بکەم چەنداها دەبەنگی تر هەیە. ئەوەندەی ماوەیەک تێپەڕی زانیم هەموو دۆستانیشم دەبەنگن. بەڵام کاتێک پێشنیازم کرد، لەگەڵ من بێن بۆ نۆرینی دەرمان و چارەسەر، تەنها وەکوو دەبەنگەکان پێم پێکەنین.»

دەبەنگێکی تری بن چارەسەر، ئەڵێ:

«ــ بە هۆی دەبەنگییەوە کارەکەم و خێزانەکەم لەدەست دا. ئەمویست دەسەڵاتی هەموو جیهان بەدەستەوە بگرم، لەکاتێکدا نەمئەتوانی بەسەر خۆمدا زاڵ ببم. ئاڵوودەیەکی کۆڵەوار و بێدەرەتان بووم. زۆر سامناک بوو.»

هەندێ لە پزیشکانی پسپۆڕ تا ئەو ڕادەیە چوونەتە پێشەوە کە لایان وایە هەموو کەس بە شێوەیەک دەبەنگە. ڕەنگیشە ئەم بیردۆزە ڕاست بێ. لانیکەم لەمەڕ پارێزەر و کزیر[٦٣] ئەمە ڕاستە.

## کورتەمێژووی دەبەنگی

دەبەنگ هەمیشە هەبووە. بەڵام ئەمڕۆ ژمارەی دەبەنگەکان لە هەموو کات و سەردەمێک زیاترە. هەموو ئەو شتانەی ئەبێ سەبارەت بە کورتەمێژووی دەبەنگی بیزانین، هەر ئەوەندەیە.

---

٦٣ـ کزیر: stockbroker, broker دەڵاڵی بۆرسە [ع] سمسار البورصة [N] aksjemegler [د] دلال بورس ← گزیر: overseer ئینجۆ، چاودێری داژدە و دارایی خان [ع] مشرف [N] tilsynsmann [د] مباشر خان.

# نیشانەکانی دەبەنگی

درمناسی[٦٤] یان ئێپیدمۆلۆژی دەبەنگی دەری ئەخات زۆر کەس «لە دارەتی تووشبەن» بە نەخۆشی دەبەنگی دان. بەشێکی زۆریان لەو پیشانەدا کار ئەکەن پێویستیان بە بەهرەیەکی تایبەت نییە؛ وەکوو فەرمانبەرانی پلە خوارەوە، گوتاربێژانی ڕەوشت، کە ئەیانەوێ بە زۆر خەڵکی بخەنە سەر ڕێگەی ڕاست، یارمەتیدەرانی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەوانەی تەنانەت بە نرخی سەربڕین ئەیانەوێ ئەم جیهانە ڕزگار بکەن.

## ئەو کەس و دەستانەی ئەگەری تووشبوون بە دەبەنگیيان هەیە:

١ـ کارمەندانی دەزگای لێکۆڵینەوەی باج و دارایی.
٢ـ گوتاربێژی فەرمی و بێژەری میدیا.
٣ـ بیرۆکرات و کاربەدەست.
٤ـ پارێزەری پەروەندەی بەکۆمەڵ.
٥ـ پێتا[٦٥]، کۆمەڵەی ئاژەڵپارێزان.
٦ـ ئەلقاعیدە.
٧ـ ئەو ڕامیارانەی پەنەبەری نارێسایی وەک «دەنگدەری

---

٦٤ـ درمناسی: epidemiology ئێپیدمۆلۆژی، لقێکی پزیشکییە لە سەرهەڵدان و تەشەنە و باشاری ئەو هۆکارانە ئەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە تەندروستی گشتییەوە هەیە.

٦٥ـ پێتا: PETA کورتەی People for the Ethical Treatment of Animals

تازە» بەکار ئەهێنن.

٨ــ ئەوانەی کاتی ئاژووتن خۆیان بە خاوەنی ڕێگا ئەزانن

٩ــ ئەوانەی ئەڵێن: «ڕۆژێکی خۆشتان هەبێ.»

١٠ــ دۆستارانی زەوی، ئەوانەی کە ئەڵێن نابێ بۆ پەترۆڵ و خەڵووزی بەرد بگەڕێین، بەڵکوو ئەبێ زەوی بکێڵین

١١ــ ئەو گانگرێسمەنەی ناوەکەی نیشانەی هات داگە[٦٦].

١٢ــ داژدارانی[٦٧] ئەل گۆر.

١٣ــ خەڵکانی چەند کولتووری.

١٤ــ ئەو ڕۆژنامەگەرانەی لایان وانییە لایەندارانە[٦٨] کار ئەکەن.



١٥ــ ئەوانەی وامی کۆن وەرئەگرنەوە.

١٦ــ ڕەوشتگەرایانی ڕێژەیی.

١٧ــ ئوستادانی مارکسیستی زانکۆکان.

١٨ــ هەرکەس کە ئامادە نەبێ وشەی تێرۆڕیست بەکار بهێنێ.

١٩ــ کاناڵەکانی ABC, CBS, NBC, MSNBC, CNN

٢٠ــ ئەوانەی سەبارەت بە دەبەنگی، پەرتووک ئەنووسن.

---

٦٦ـ هات داگ: Hot Dog ساندویچی گەرمی سۆسیسی فڕانکفۆرت یان وینر واتە سۆسیسی ڤیەننای کولاو یان برژاو، لەگەڵ نانی فانتزی زیاتر بە کەچاپ و ماستەردەوە.

٦٧ـ داژدار: fan لایەنگر، پشتیوان، پارێزەر [د] هوادار، جانبدار [ع] انصار، معجب.

٦٨ـ لایەندار: bias لایەنخواز، پشتیوان و لایەنگری توندڕەو و دەمارگیری کەس یان شتێک بە شێوەیەکی نادادگەرانە [N] partiskhet [ع] انحیاز، نزعة [د] جانداری متعصبانە ⇦ لایەنگر.




٢١ــ ئەوانەی بە سووی ٢٩,٩٩ لەسەد، پارە لە «کرێدیت کارت»ـەکاندا ناهێڵن.

٢٢ــ ئەندامانی سەندیکاکان.

٢٣ــ ئەو لەزبیەنانەی خۆیان بە نوێنەری هەموو ژنان ئەزانن.

٢٤ــ مەلاکانی دەوڵەتی ئێران.

٢٥ــ ئەوانەی کاتی ئاژۆتن بە تەلەفۆن قسە ئەکەن.

٢٦ــ ئەو وتارانەی ناوەکانیان لەگەڵ «Slimes» هاوسەروایە.

٢٧ــ ئەو پەرلەمانتارانەی بەرتیلەکان لە سەهۆڵداندا ئەشارنەوە.

٢٨ هەرکەس کە ئەم پەرتووکە بە هەتەر[٦٩] وەربگرێ.

ئەو کارانەی لە پەیوەند لەگەڵ ڕێسادان، بەتایبەت ئەگەر چاودێری و ناچاریی لەگەڵ بێ، مەترسی دەبەنگبوونیشی لەگەڵ دایە. بەڵام زۆرترین ڕادەی مەترسی تووشبوون، لە پیشەی چاودێری باج و دارایی دایە، بە ڕادەیەک کە فەرمانبەرانی ئەم پیشەیە لە پاش چەند مانگ بڕوا بەوە ئەهێنن «دەبەنگ» بووە بە نازناویان.

---

٦٩ـ هەتەر: Serious مکوڕ، پێداگر، سوور لە سەر مەبەست ع د جدی.

بەرەنجامی لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لەم بوارەدا پیشانی ئەدات، لە ناو ئەوانەدا پلەی دکتۆرای دەروونشیکارییان هەیە، ژمارەیەکی زۆر دەبەنگ هەیە.

یەکێک لەم لێکۆڵینەوە بەنرخانەی لە مژاری دەبەنگی ئەتۆژێتەوە، پەرتووکی «**دەبەنگەکان لە ناو ئێمەدا**» لە لایەن **دکتۆر ئێچ. ئێم. ڕۆیدەوە**[٧٠] ئەنجام دراوە. دکتۆر ڕۆید زۆر بە جوانی ئەیسەلمێنێ دەبەنگەکان چاوبرسی پلە و دەسەڵاتن. ئەو لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا هیچ ڕامیار، گوتاربێژ یان پزیشکێکی نەبینیوە لە پێناوی ڕامیاری و وتاردان یان پزیشکیدا دەبەنگ بووبێتن، بەڵکوو ئەوانە بە هۆی دەبەنگی خۆیانەوە ئەو پیشانەیان هەڵبژاردووە تا بتوانن بەسەر خەڵکیدا زاڵ ببن و سەرەڕای کەمبایەخی خۆیان ببن بە فەرمارەوا بەسەر خەڵکیدا.

وەک زۆربەی نەخۆشییەکان، دەبەنگیش بۆی هەیە بۆماوەیی بێ. زۆربەی دەبەنگەکان ئەم نەخۆشییەیان لە دایک و باوکیانەوە پێگەیشتووە. هەڵبەت هەندێ لە منداڵانی کەسانی دەبەنگ وەها لە ڕەفتاری دایک و باوکیان جاڕس ئەبن، کە لە هەر چەشنە ڕەفتارێکی دەبەنگانە خۆیان ئەپارێزن، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەوانە ئاڵوودەی ڤایرۆسی دەبەنگین و، وەک دایک و باوکە دەبەنگەکانیان لێ دەرئەچێ.

یەکێک لە ئاسانترین ڕێگەکانی ناسینەوەی دەبەنگەکان، تۆژینەوە لە تایبەتمەندی بەرزەفڕانەی ئەوانە. زوربەی دەبەنگەکان لە ڕووی ڕەفتاری پەلاماردەرانە و ڕەوشتی کەڵەگائاسایان ئەناسرێنەوە. ئەگەر لەگەڵ کەڵەگایی و تۆقاندنی خەڵکی نەتوانن

---


٧٠- H.M. Rhoid, Ph.D

کاری خۆیان ڕاپەڕێنن، فێڵ ئەکەن یان بە شێوەیەک ڕێسا و دەستوور ئەسووڕێنن، کە ئەنجامەکەی بە سوودی ئەوان کۆتایی بێت. لە کاتی پێویستدا، ئەقیژێنن، لەقە ئەخەن، یان خۆیان ئەکەن بە مارەتۆپیو. نیکیتا خرۆشچۆف[(٧١)] کاتێک بە تاکە پێڵاو کوتای بە سەر مێزی لێدوانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و ڕایگەیاند، ڕۆژاوا کاول ئەکات، یەکێک لە نموونە بابەتییەکانی دەبەنگی لە ئاستی جیهانیدا بوو.[(٧٢)]

کاتێک دەبەنگیی دەبەنگەکان ئەدرێتەوە بە ڕوویاندا و سەبارەت بە ڕەفتاریان ئاگادار ئەکرێنەوە، دەسبەجێ ئەکەونە نکۆڵیکردنی هەموو شتێک و بەخێرایی دەستی خۆشیان ئەخەنە بەرەوە؛ واتە ئەکەونە ڕەخنەگرتن لەو کەسەی پێی وتووە بان چاوی برۆیە، وەڵام ئەداتەوە ئەو کەسە دشت و قین لەدڵە. ئەگەریش نەتوانێ هیچکام لەم کارانە بکات، هەڵئەچێت و ئەڵێ ئەمانە هەر هەمووی

٧١- نیکیتا خرۆشچۆف: Nikita Khrushchev (١٨٩٤-١٩٧١) ڕامیاری ڕووسی، سەرکردایەتی یەکێتیی سۆڤیەتی کردووە لە ماوەی شەڕی سارد، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤییەت لە ماوەی **١٩٥٣** تاکوو **١٩٦٤**. لە ماوەی سەرۆکایەتی خرۆشچۆف پەیوەندییەکانی سۆڤییەت و ڕۆژئاوا بەرەو باشتر چوون، لەگەڵ هەڵوێستی جەربەزە و بوێرانە. ئەوە نامەی **٢٤**ی ئۆکتۆبری **١٩٦٢** بوو وەکوو گرنگترین پەیامی مێژوو کە جان ئێف کنێدی ترساند و خاوی کردوە و لەهەڕەشەکردنی خست. لەگەڵ ئەوەشدا، ناکۆکییەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەت لەسەر کێشەی وڵاتی کووبا هەر مابوو.

٧٢- ساڵی **١٩٦٠** کاتی سەردانی خرۆشچۆف بۆ ئەمریکا، پاش ئەوەی نوێنەری فیلیپین ڕەخنەی لە ڕامیاری سۆڤیەت لە ئورووپای ڕۆژهەڵات گرت، خرۆشچۆف تاکە پێڵاوەکەی کوتا بەسەر مێزی لێدوانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و ڕایگەیاند ئیمپریالیزم کەوتووەتە لێژی و کۆمۆنیسم داهاتوویەکی گەشی هەیە. دیارە دژی کۆمۆنیستەکان ئەم هەڵوێستە بوێرانەی خرۆشچۆفیان قۆستوەتەوە و سەدان درۆ و شانۆی ناشیرینیان لێ دروست کردووە لە دژی کۆمۆنیزم و سەرکردەکانی.




بەرەنجامی پیلانە و کەسی ڕەخنەگر بێتاوانە. وەکوو هەموو ئالۆودەکان، مژار و لایەنی نکۆڵیکردن خاڵێکی زۆر گرنگە. دەبەنگەکان پەژێرەی ناکەن ئەبێ بەرپرسایەتی بگرنە ئەستۆ، یان لانیکەم لە گوتەی خۆیان پاشگەز نەبنەوە و ئامادە بن ددان بەوەدا بنێن هەڵە یان ئاریشەیەک لە کاریاندا هەبووە. لە هەموو ئەمانەش خراپتر ئامادە نین تەنانەت پەژێرەی ئەوە بکەن وەکوو مرۆڤ ئەرکێک و ڕاسپاردەیەک لەسەر شانیانە و ئەبێ پێی هەڵسن و پابەندیان بن.

دیارە کەسانی لەم شێوەیە بە ڕێکارێکی[٧٣] ئاسایی چارە ناکرێن. دەبەنگەکان بۆ خۆیان «پێڕەوی نەنووسراو»یان هەیە و بە گوێرەی ئەو پێرەوە هەڵسوکەوت ئەکەن. هەندێ لە ڕێساکانی ئەم پێڕەوە بەم شێوەیە:

- **هەموو کێشەکان ئەوانی تر بەدییان هێناوە.**
- **هیچ نیازێک بە ناسینی بناغە و چارەسەری ئاریشە نییە، تەنها کەسێک بدۆزەرەوە و تاوانەکان بخەرە ئەستۆی ئەو.**
- **کەم مەهێنە. هەموو کەموکووڕی و هەڵەکان ئەتوانرێ لە پشت دەمامکی قێزەونی و گوستاخیدا بشادرێتەوە. تاوانەکەت چەندە گەورەتر بێت ئەوەندەش ئەبێ ڕووهەڵماڵراوتر بیت.**
- **هەموو ڕێسایەک بۆ ئەوە بەدی هاتووە کە بشکێنرێت، بەس لە لایەن تۆوە، ئەگەر کەسێکی تر ئەو کارەی کرد، پڕووزەی[٧٤]**

---

٧٣ـ ڕێکار: L modus operandi بە واتای شێوازی کار و هەڵسوکەوت.

٧٤ـ پڕووزە: scorching سووتان، سووتاندن، سووتێنەر ع حارق د سوزاننده. ن:

**ببە بە حەوادا.**

- **ئەگەر لە ڕێسایەک ماندوو بوویت، بەگوێرەی پێداویستی و نیازت، یەکێک دروست بکە؛ بەڵام ئەوەندەی بە ویستی خۆت گەیشتیت، ئەویش هەڵوەشێنەوە.**
- **هەرگیز گومان لە توانای خۆت، لە بەدەستهێنانی هەر شتێکدا، مەکە.**

خودی من دەبەنگ و دەبەنگی بە گوێرەی ئەم بینراوانە پێناسە ئەکەم؛ واتە بڕوام وایە بۆ پێناسەی دەبەنگی، لەبری پەنابردنە بەر پێناسەی هەمەگیر و هەمەلایەن کە باوە، ئەبێ خودی ئەو ئەدگار و نیشانە و دەبەنگانە لە بەرچاو بگرین. دەبەنگەکان کەسانێکن وائەزانن ڕێسا لە پەیوەند لەگەڵ ئەواندا پێناسە ئەکرێ و دائەنرێ؛ لایان وایە تان و پۆ هەورێشمی تایبەتین کە بۆیان هەیە هەموو کارێک ئەنجام بدەن، وا حەزیان لێیە. دەبەنگی چەشنێک نەخۆشییە کە توانای ناسینەوە و سیستەمی بایەخدانانی نەخۆشەکان ئاڵوودە ئەکات و ئەبێتە هۆی ئەوەی تا ئەم کەسانە بەبێ ئەوەی شیاو بن، بەبێ هەرچەشنە هەستکردن بە تاوان و گوناهـ و ترێقبوونەوە و پەشیمانی هەر کارێک ئەنجام بدەن!

ئایە بە ڕاستی دەبەنگی نەخۆشینە؟ وەڵامی من بەم پرسیارە، یەک «بەڵێ»ی مسۆگەر و بەرزەباڵایە. دەبەنگی، نەخۆشی ڕێڵاسی و بێشویی و بەکارهێنانی خەڵکییە. یەک دەبەنگ ناتوانێ لە خەڵکی بگەڕێ. وەک بڵێی ئەگەر دەست لە خەوش دۆزینەوە هەڵبگرێ، یان سووکایەتی بە خەڵکی نەکات، گیانی دەرئەچێ.

---

خۆری سووتێنەری گەلاویژ ❶: پڕووزەی برد بە حەوادا: واتە سووتاندی و بۆسۆ و بۆکڕووزی هەڵدا بە حەوادا.

هۆکارێکی تر بۆ سەلماندنی ئەم داخوازە، کە دەبەنگی یەک نەخۆشینە و ئەبێ وەکوو یەک نەخۆشی لەگەڵی هەڵسوکەوت بکرێ، **تایبەتمەندی پەرەسەندنی لەسەرخۆی ئەم نەخۆشینەیە.** بەمجۆرە ئەگەر بەبێ چارەسەر وازی لێ بهێنرێ، بە شێوەیەکی فراوان پەرە ئەستێنێ. بۆ نموونە لە بازرگانیدا، دەبەنگی خوردە، تێئەکۆشێ ببێ بە دەبەنگی کەلان و پلە یەک. هەر ئەم مژارە، دەبەنگی ئەکات بە ئارێشەیەکی کۆمەڵایەتی مەزن. بۆی هەیە لە کتوپڕدا ئەو کەسەی، کە ئەیتوانی تەنها سەد کەس کۆڵەوار بکات، گەشە بکات و دەسەڵاتێک بەدەست بهێنێ کە ڕۆژانە قوڕ بکات بەسەر هەزاران کەسدا.

کێشەی چارەسەری دەبەنگی ئەوەیە کە دەبەنگێک بە ئاسانی پەژێرەی ئەوە ناکات دەبەنگە. ئەگەر لە کۆتاییشدا وردەوردە ددان بەوەدا بنێ، دیسانەوە حەزی لەوەیە تاوانەکە بخاتە ئەستۆی خەڵکێکی تر. لەم ڕووەوە، بە تەنها چارەسەری ڕەفتاری ئاشکرای چەپەڵ و هەڕەشەئامێزی دەبەنگەکان، بەس نییە. ئەم چەشنە دەرمانە ئەبێتە هۆی ئەوەی چەشنێکی ملۆزمتر و تەڕدەستتری دەبەنگ بەدی بێن کە لە بەرامبەر هەر ناو و هەر ڕەخنە و بەرنگاربوونەوەیەکدا خەلەساو[٧٥] و پارێزراون.

لەبری ئەو چەشنە کارانە، ئەبێ هێزی لێکدانەوە و سیستەمی بەهادانانی ئەوان چارەسەر بکرێت و کارێک بکرێت پەیوەندی لە گەڵ ویژدانیان ــئەو وێژدانەی ساڵانی ساڵە ئاگایان لێک

٧٥ـ خەلەساو: immune [لە چاوگی خەلەسان] پارێز پەیداکردن ⇦ نەخۆشێک کە لەبەرامبەر نەخۆشینەکەیدا توانای بەرگری پەیدا ئەکا و ئیتر تووشی ئەو نەخۆشییە نابێتەوە ع مناعة، حصانة د مصونیت E immune.

بڕاوە– پەیوەندی بگرن. ئەبێ ئەدگارە مرۆییەکانی دەبەنگەکان ببووژێنرێتەوە و ڕەنگیشە ئەم کارە، درێژخایەن و پڕووکێنەر بێت.

لە لایەکی ترەوە، ئەم نەخۆشییە بە توندی درمییە و تا ئەو ڕادەیەی کە تەنانەت بۆی هەیە پزیشکێکی پسپۆڕی بەهێز و توانا، بە ئاسانی بکەوێتە بن کاریگەری بەڵگە و داکۆکییە لەڕادە بەدەرەکانیان و تا ئەو ئاستە بچێتە بەرەوە پاش ماوەیەک ئەویش وەکوو دەبەنگێک بجووڵێتەوە و ڕەفتار بکات!

لەبەر ئەمەیە ئەبێ دەبەنگی لە دارەتی تابۆ دەربهێنین و بە ڕوونی پیشانی بدەین. نابێ لە ناوهێنانی دەبەنگەکان بە ناوی دەبەنگ خۆمان بپارێزین، چونکە تەنها ئەم چاوپۆشییە ئەبێتە هۆی ئەوەی دەبەنگەکان زیاتر و زیاتر لە دەبەنگی خۆیاندا نوقم ببن.

ماوەیەکی دوورودرێژ، دەبەنگی نەخۆشینی «**ناوی مەهێنە**» بوو. بەڵام ئێستە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ڕاستییەکان لەمەڕ ئەم نەخۆشییە، بوێرانە پەژێرە بکرێ و چارەسەری دەست پێبکات. ئەگەر دڵمان بۆ خۆیشمان نەسووتێ، ئەبێ لە پێناوی بەرەی ئایندەدا ئەو کارە بکەین. جیهان لە مەترسی دایە.

## ڕاهێنان:

١– ئایە هەرگیز وەک دەبەنگێک ڕەفتارت کردووە؟

٢– ئایە تاکوو ئێستە سووکایەتیت بە کەس کردووە، یان پێت خۆش بووە ئەو کارە بکەی؟ یەک دوو لاپەڕە لەمەڕ ئەو کەسە لای خۆت بنووسە. پاشان بیخوێنەرەوە. لات وانییە دەبەنگ بێ؟

# IV - بەشی یەکەم

## ناوەرۆکی دەبەنگی

**من باشم، تۆ دەبەنگی.**
کاردینالْ پووشینگ(٧٦)

هەرچەند دوو دەبەنگی بن چارەسەر، ڕەنگە سەبارەت بە پێناسەی دەبەنگی ناکۆک بن و بۆچوونی جیاوازیان هەبێ ــکە ئەمەش ئاساییەــ بەڵام لە کۆتاییدا هەردووکیان ددان بەوەدا ئەنێن کە دەبەنگن. لەم ڕووەوە ئەتوانن پێکەوە مشتومڕ بکەن، باسی هەستەکانیان بکەن و کەڵکەڵە و دڵخوازی خۆیان لای یەک بڵێن. هۆکار و ئەدگاری هاوبەشی زۆر هەیە کە بەتێکڕا ناوەرۆکی دەبەنگی پێک ئەهێنن.

باشتر وایە ئەم هۆکارانە دەستنیشان بکرێن تا دەبەنگەکان باشتر بناسین. بەر لە پێشکەشکردنی لیستەی ئەم هۆکارانە، وتنی خاڵێک پێویستە. ئەویش ئەوەیە کە لە ڕەوتی خوێندنەوەی پێڕستەکەدا، بۆی هەیە بۆت دەر بکەوێ تۆیش دەبەنگی، بەڵام تا ئێستە نەتزانیوە. کێشە نییە و هیچ بەو واتایە نییە تۆ مرۆڤێکی بێبایەخ و پۆخڵ و کۆڵەواری؛ بەڵکوو تەنها بەو واتایە کە دەبەنگی. تێگەیشتنی ڕاست لەم مژارە، ئەگەر و بەختی چاکبوونەوە ئەباتە سەرەوە.

دەبەنگەکان نابێ بە هۆی دەبەنگییانەوە، لەو منداڵە زیاتر

---
٧٦ـ Cardinal Pushing بە واتای پاڵنەر




سەردەنشت بکرێن کە ملەخرەی[٧٧] گرتووە و هەموو منداڵەکانی تری خستووەتە بەر مەترسی تووشبوون بە ملەخرە. دەبەنگەکان نەخۆشییەکیان گرتووە کە بووەتە هۆی تەرەبوونیان لە کۆمەڵگە، بەڵام هێشتاش ئەتوانن چاک ببنەوە. ئەم کێشەیە چەندە زووتر بناسرێ، بە هەمان ئەندازە چارەسەری ئاسانتر ئەبێ.

هەندێ لە دەبەنگەکان ئەم نەخۆشییەیان لە دایک و باوکی دەبەنگیانەوە پێ ئەگات؛ هەندێک لە لایەن بەرپرسان و هاوسەرانی دەبەنگیانەوە ئاڵوودە ئەبن؛ هەندێک گیرۆدەی ئایینی بەد بوون و، بڕێک بە بەشداریکردن لە خولی فێرکاری زمانبوێری[٧٨]، وەکوو **خودباڤەری** و بەرزکردنەوەی **متمانەبەخۆیی**[٧٩] تووشی

٧٧ ملەخرە: mumps گوێرەپە، نەخۆشییەکی ڤایرۆسی درمییە، ئەبێتە هۆی ئاوسانی گلاندی پارۆیید لە ڕوومەتدا و مەترسی نەزۆکی لە پیاوان بەتەمەندا بەدی ئەهێنێ ع الكناف N kusma د اوريون.

٧٨ـ زمانبوێری: Assertiveness زمانڕەوانی، دەربڕین و گوتنی مەبەستە بە بێ ڕوودەربایسی و تریقبوونەوە، ڕەفتارێکە کە نیشانەکەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەرێییە، بە مەبەستی داکۆکی لە ماف یان گەیشتن بە ئامانج. ڕەفتاری زمانبوێری ئەبێ لەسەر شەبەنگێک وێنا بکرێ کە لای ڕاستی ڕەفتاری سست و دەست و پا سپیلکانەیە و لای چەپی ڕەفتاری ڕووش و ڕێلاسانەیە.

٧٩ـ متمانەبەخۆیی: Confidence هەلومەرجێکی دەروونییە کە تێیدا کەس بە هۆی ئەزموونی پێشوویەوە بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بڕوای بە توانا و بەهرەی خۆی

دەبەنگی ئەبن. دۆزینەوەی شۆپی نموونەکانی تر دژوارترە، بەڵام بە زۆری گوێگرتن لە موزیکی پانک ڕۆک[٨٠]، سەیرکردنی بەرنامەی تلەڤزیۆنی یان کاناڵەکانی تۆڕەکانی فیلم و زنجیرەش کاریگەرییان کەم نییە.

زۆر لە دەبەنگەکانیش خۆیان حەزیان لە دەبەنگی هەیە. هۆیەکی ساکاری گرەوشتی مرۆڤ بۆ لای دەبەنگی ئەوەیە کە لە ڕێگەی دەبەنگییەوە زووتر ئەتوانن بە ئامانج و مەبەستی خۆیان بگەن. بۆ نموونە زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی گەنج لە دەستپێکی کاریاندا وەکوو کەسێکی شەرمەون ڕەفتار ئەکەن؛ بەڵام ئەوەندەی ئەبن بە هەواڵنێرێکی تلەڤێزیۆنی بەناوبانگ، خۆیان ئەکێشن بە سەد کەسدا و پەنجا کەس لە بن پێدا ئەشێلن، تاکوو یەکەم کەس بن هەواڵ وەرئەگرن و؛ بەم شێوەیە دەبەنگێکی تازە لەدایک ئەبێ.

لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەدا هەمیشە بەو کەسانەی شتێک بەدەست ئەهێنن، پاداشت ئەدرێ؛ وا دەرئەکەوت دەبەنگەکان کەسانی سەرکەوتوو و براوەن. لە بازرگانیدا، ئەو کەسەی

---

لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا هەیە. تایبەتمەندی هەبوونی ئەم متمانەبەخۆییە، ڕۆڵی ژیانی هەیە لە پەرەپێدان و پێشکەوتن و سەرکەوتنی یەک کەسدا. لێکۆڵەران بۆیان دەرکەوتووە متمانەبەخۆیی مناڵ تا تەمەنی پێنج ساڵی بەدی دێ و دارماڵ ئەبێ، کە لەگەڵ گەورە بەراورد ئەکرێ، بەڵام تا ئێستە لایان وابوو کە مناڵ پێش ئەوەی بچێتە بەر خوێندن، ناتوانێ هەستی ئەرێیی و نەرێیی لە خۆی هەبێ [ع] ثقة بالذات [N] Selvtillit [د] اعتماد به نفس.

٨٠ـ پەنک ڕۆک: Punk rock سەرچەشنێکی موزیکی ڕۆکە لە نێوان **١٩٧٤** بۆ **١٩٧٦** دامەزراوە، لە وڵاتە یەکگرتووەکان، شانشینی یەکگرتوو و ئوستراليا. گرووپە پەنکەکان بە گشتی تێمپۆیەکی خێرا بەکاردێنن، لەگەڵ مێلۆدی و گۆرانیوتنێکی تیژ و گڕ. ئەوان بە گشتی گیتاری کارەبایی بەکاردێنن.



بیرۆکەی خەڵکی ئەدزێ، سەرکەوتنی باشتر بەدەست ئەهێنێ. لە دەوڵەتیشدا هەرکەسێک چەندە باشتر و تەڕدەستانەتر ویستی جەماوەر پشتگوێ بخات، پلەیەکی باڵاتر بەدەست ئەهێنێ. تۆرەمەی تازە، دەبەنگەکان بە سەرکەوتووتر ئەزانێ و بەم ڕوانگە گەوجانەوە، خۆی ئەخاتە بن کاریگەری دەبەنگییەوە.

بەداخەوە، دەبەنگی سنوور و کەوشەن ناناسێ. واتە پێشێلکردنی خەڵکی ئەبێ بە چەشنێک ئاڵوودەیی کە تێربوونی نییە و ئەوەندە بێپسانەوە درێژە بە ئاڵوودەیی خۆی ئەدات تاکوو ڕۆژێک بە هەڵە یەکێکی لە خۆی دەبەنگتر لە بنەوە دەستوپای بگرێ و کۆڵەی بکوتێ.

بەدبەختی لێرەدایە زۆربەی دەبەنگەکان زۆر بە دژواری لە کار و لە ئەرکی هاوسەرێتیاندا هەڵئەکەن، بەڵام بەرەنجامی دەبەنگییان زۆر درەنگ دەرئەکەوێ، بە شێوەیەک کە ٢٠ تا ٣٠ ساڵی پێئەچێ تۆوی تیاچوون چەکەرە بکات، هەرچەند لە هەمان ڕۆژی یەکەمەوە ئەو تۆوە ئەچێنرێ، ئەکەوێتە بن گوشارەوە و ئەبێ بە دەبەنگێک. پزیشکێک بە ناوی ئیڤان هۆرنەی[٨١] ئەڵێ: «یەک دەبەنگ بەو شێوەیە بە کارەکانی ڕائەگات، کە کەسێکی تر ئەدۆزێتەوە کارەکانی بۆ ڕاپەڕێنێ، بەڵام کاتێک ئەو کەسە ئیتر لە سواریدان ماندوو بوو، ئەم بە تەوقی سەرەوە ئەدرێ بە زەویدا.» یەک دەبەنگ تێئەکۆشێ بە خۆزاڵکردن

٨١- Ivan Horney

بەسەر خەڵکیدا، بەسەر ژیانی خۆیدا زاڵ ببێ. ئەو هەرگیز هیچ کێشەیەک چارسەر ناکات، بەڵکوو تەنها کارێکە ئەیکات ئەوەیە سووچەکەی بخاتە ئەستۆی خەڵکی. بەڵام سەرەنجام هەموو ئەم هەوڵانە بۆ شاردنەوەی کێشە و هەڵەکان، تووشی شکست ئەبن و ئەو ئاریشانەی دوو یان سێ دەهە کەڵەکە کراون، خۆیان دەرئەخەن.

کورتییەکەی ئەوەیە دەبەنگ کەسێکە کاری هەڵە بە شێوازی هەڵە و بە هۆکاری هەڵە ئەنجام ئەدات. با هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی دەبەنگەکان بە شێوەیەکی وردتر لێک بدەینەوە:

## کەتوانی و چاودێری

هەمیشە ئەبێ ژمارەیەک خزمەتکاری دەست بەسینە ئاگایان لە دەبەنگەکان هەبێ. ئەبێ هەمیشە دڵنیا بن لەوەی کەسانێک کەتوانی[٨٢] ئەوان بێت و پێیان ڕابگات. لە جیهانی بازرگانیدا، بەڕێوەبەری وا هەن بڕوایان وایە خەڵکی بۆیە هەن کە هەمیشە پەسنی ئەوان بکەن و تاوانەکان بگرنە ئەستۆ، تاکوو ناو و ناوبانگی ئەوان پارێزراو بێ. لە کاری دەوڵەتیدا دەستەیەک لە بەرپرسان هەن بۆ هەر کارێک کە بەوان ئەسپێردرێ، دوو کەس ئەخەنە گەڕ، بۆیە هیچکات ناچار نین خۆیان هیچ کارێک ئەنجام بدەن.

دەبەنگەکان:

- لایان وایە هەموو دانیشتوانی سەر گۆی زەوی ئەرکیان

---

٨٢ـ کەتوانی: caretaking چاودێری، ئاگاداریکردن لە کەس یان شتێک لە بەرامبەر پارە و پاداشتدا.

ئەوەیە ویستەکانی ئەوان دابین بکەن و هۆی خۆشگوزەرانی ئەوان بەدی بهێنن.

- خۆیان لە کاروباری خەڵکیدا هەڵئەقورتێنن.
- پێیان ناخۆشە خەڵکی ئاگایان لە خۆیان بێ.
- زیاتریش باهر ئەبن و پێیان ناخۆشە ئەگەر کەسێک داوایان لێبکات، ئاگایان لە خۆیان بێت.
- هەر چەشنە ئەرکێک بە سووکایەتی ئەزانن. بۆیە منالْ هەمیشە بۆ ئەوان شتێکی زیادی و بێکەڵکە.
- لە کێشەی خەڵکی شادمان ئەبن، چونکە لەم دارەتەدا ئەتوانن پاساو بۆ هەڵەکانی خۆیان بدۆزنەوە.
- چاوەڕوانی ئەوەن خەڵکی ویستەکانی ئەوان پێشبینی بکەن، تەنانەت ئەگەر بە بۆنکردنی بەری دەستی ئەوانیش بووبێ.
- زۆر بە وردی ئەیانەوێ لە خەڵکی تێبگەیەنن قەرزدار و وامداری ئەوانن.
- بە شێوەیەک یارمەتی خەڵکی ئەدەن، تاکوو ماون داوای هیچ یارمەتییەکی تریان لێ نەکەن.

## خودباڤەری

بە گوێرەی ئەوەی دەبەنگەکان شارەزاییەکی باشیان لەوەدا هەیە خۆیان لە بەرپرسایەتی بدزنەوە، خودباڤەرییەکی[٨٣]

٨٣ـ خودباڤەری: Self_esteem ڕێزبەخۆیی، خۆئەولەهی، زاراوەیەکە لە دەروونناسی کە تاودانەوەی بەراوردی کەسێکە لە بایەخەکانی خۆی.
خودباڤەری، بڕوا و بۆچوونێکە کە تاکەکەس سەبارەت بە بایەخ و گرنگی خۆی

بالآیان هەیە. دەروونپزیشکێک بە ناوی چارڵز کەمبرلەند ئەڵێ: «ڕادەی بڕوابەخۆیی دەبەنگەکان جێی سەرسووڕمانە. ئەگەر شاژنی ئینگلیز سەردانی زیندانێک بکات و لەو سەردانەدا لە هۆدەی دەبەنگێک نزیک ببێتەوە، ئەو دڵنیا ئەبێ لەوەی کە شاژن بەتایبەتی بۆ سەردانی ئەو چووە و لەو دیدارە زۆر شادمان ئەبێ.»

دەبەنگەکان:

- ئەڵێن «سپاس»، ئەگەر پێیان بڵێی: «دەبەنگ».
- بڕوایان وایە ئەوان دیاری خوان بۆ ئەم جیهانە.
- بڕوایان وایە هەموو کەس ئەیەوێ بۆچوونی ئەوان لەمەڕ

---

هەیەتی. خودباڤەری ئەتوانرێ بە هۆکاری جۆراوجۆر پێناسە بکرێ، بۆ وێنە کەسێک کە بڕوابەخۆیە، لای وایە مرۆڤ پیرۆزە و بە هۆی ئەم پیرۆزبوونەوە ناکرێ بیکەین بە سەرگەردی بڕوای خەڵکی تر. هۆکاری تر ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان جیاوازن؛ واتە لە نێوان کەسانی جیاواز یان ڕەگەز و هۆزی جۆراوجۆردا هیچ نابەرابەرییەک نییە و، لەگەڵ جیاوازی مرۆڤەکان هاوسان و هاوشانن؛ هۆکاری تر دۆساتیەتی و هەستی ڕەزامەندییە لەوەی کە هەم و لەوەی کە هەمە، لە هیچ شتێکی خۆم شەرمەزار و سەرشکستی نیم. کەسانێک کە بە ئەندازەی پێویست بڕوایان بە خۆیان نییە، لە ژیاندا تووشی کێشەی فراوان ئەبن. هەموو مرۆڤێک پێویستی بە خودباڤەری هەیە. خودباڤەری نیشانەی ئەو ڕێزەیە کە خەڵکی بۆمانی دائەنێن.
خودباڤەری یەکێک لە هۆکارەکانی ڕەفتاری مرۆڤە. لە ڕاستیدا بەرداشت و دادوەری هەرکەس سەبارەت بە خۆی دیاریکەری چۆنێتی هەڵوێستیانە سەبارەت بە مژارە جۆراوجۆرەکان. کەسی کەم بڕوا بەخۆ، ڕەنگە تووشی گۆشەگیری یان ڕقئەستووری و هەڵشاخانەوە و ڕەفتاری دژی کۆمەڵگە ببێت.
خودباڤەری کۆمەڵەی ئەندێشە و هەست و سۆز و ئەزموونەکانە کە لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەدی دێن. کۆمەڵەی ئەو هەزاران بەرداشت و هەڵسەنگاندن و ئەزموونەی هەر کەسێک لە خۆی هەیەتی، ئەبێتە هۆی ئەوەی سەبارەت بە خۆی هەستی باش و بەنرخبوون یان پێچەوانەی هەبێ [ع]
تقدير الذات [N] Selvfølelse [د] عزت نفس.

هەموو شت ببیستێ.

- بڕوایان وایە ئەوە ڕاسپاردەیەکی خودایییە هەموو ئەوانە دەمکوت بکەن، کە پێچەوانەی ئەوان بیر ئەکەنەوە.
- لە بڕانەوەی پارەی خەڵکیدا زۆر شارەزان.
- لە هەر کارێکدا کە باسی بکرێ، پسپۆڕن.
- شەیدای ئەوەن دڵی خەڵکی بتۆقێنن.
- بە خۆیان سەلماندووە هەرگیز هەڵە ناکەن.
- هەمیشە ئەتوانن یەکێک بدۆزنەوە هەڵەکە بخەنە ئەستۆی.
- چاوەڕوانی ئەوەن ئەگەر نەشیان پەرەستن. ئەبێ بە شێوەیەکی توندوتیژ پەسن و ستایش بکرێن.
- خودباڤەری خۆیان بە گەڵتەپێکردن و سووککردنی خەڵکی بەرز ئەکەنەوە.

## سەرکوتانەوە

دەبەنگەکان ئەتوان خەڵکی دەمکوت بکەن، بەڵام کەس ناتوانێ ئەوان دەم بەوان دابخات، مەگەر دەبەنگێک لە خۆیان زلتر.

## پەلامار

دەبەنگەکان، لە بنەڕەتا سەبارەت بە هەموو شتێک دارەتی پەلاماردەرانەیان هەیە، لە جەنگدا دارەتی پەلاماردەرانەیان هەیە، لە دۆخی ئاشتیدا دارەتی پەلاماردەرانەیان هەیە و، تەنانەت لە وتنی «خۆشم ئەوێی»دا دارەتی پەلاماردەرانەیان هەیە. هیچکام لەم هەلانەش لەدەست نادەن، لە بەردەم ئاوێنەشدا دارەتی

پەلاماردەرانە بە خۆیانەوە ئەگرن.[٨٤]

بە زۆری، دەبەنگەکان لەم کاتانەدا دارەتی پەلاماردەرانە بە خۆیانەوە ئەگرن:

- کاتێک سەرلەبەیانیان لەخەو هەڵئەستن.
- کاتێک هەست ئەکەن دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکدا کەم بووەتەوە.
- کاتێک ڕەخنەیان لێ ئەگیرێ.
- کاتێک فەرمانی ئۆتۆمۆبیل ئەگرن بەدەستەوە.
- کاتێک لە وەختی ئەنجامی کاری ناڕەوادا ئەگیرێن.
- کاتێک دەسەڵاتیان ئەکەوێتە لێژی.
- کاتێک کە ئەبێ «وارەی»[٨٥] دواکەوتوویان بدەنەوە.

## دەمارگیری

دەبەنگەکان سەبارەت بە دەبەنگی خۆیان زۆر دەمارگیر و هەستیارن و تێئەکۆشن بە پاساوهێناوە بۆ گوستاخی و ڕێڵاسی و ئازاردانی خەڵکی، درێژە بە دەبەنگ بوونی خۆیان بدەن. بۆیەشە تەنها یەک سات جەربەزەی ئەوەیان نییە تەنانەت لەو هەڵوێستەی خۆیان بکشێنەوە، نەکا ئەو تۆزقاڵە ویژانەی

---

٨٤ـ ئەفسەرێکی سەردەمی شا بۆی گێڕامەوە: لە پلیکانەکان سەرکەوتم و گەیشتمە دوا پلیکان و پێم نایە ناو دالانەکە، سەیر ئەکەم ئەفسەرێکی باڵابەرزی پاگوون و قردێلە بە شانی شەق و دەقی تەوێڵ پانی برو گرژی چاو هەڵۆیی بەرەو ڕووم دێت، خەریک بوو زەندەقم بچێ، کە باش بوو باڵشمەی ئاوێنەکە بریسکایەوە و زانیم ئەو پیاوە بەژن سەروە، بەوەجە خودی خۆمم. س.ش

٨٥ـ وارە: installment پاژ، بەشێ لە چەند بەش، بڕێکی پارە لە گشتێک کە ئەبێ بە چەندین بەشی چوونیەک بدرێتەوە [ع] تقسیط [د] قسط.

لە ناخیاندا ماوە، سەرهەڵبهێنێ و ناچاریان بکات، بەرەنگاری خۆیان ببنەوە.

لەم ڕووەوە ئەم خاڵانەی خوارەوە کەڵکەڵەی سەرەکی و ئاژاوەی بیری زۆربەی دەبەنگەکان پێک ئەهێنن:

- توانایان لەوەدا کە بتوانن هەمیشە خۆیان بە باڵا و خاوەن دەسەڵات پیشان بدەن.
- ناوبانگیان. هەموو بوونی ئەوان ناوبانگیانە و ئەگەر ئەو ناوبانگە لەدەست بدەن، ئیتر هیچیان بۆ نامێنێتەوە.
- دڵنیابوون لەوەی هەمیشە کەسێک هەیە بتوانن تاوانەکان بدەن بە کۆڵیدا. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هاوسەرگیری و مناڵهێنانی دەبەنگەکان هەر ئەم خاڵەیە.
- دوژمنانیان و ئەوەی ئەوان خەریکی چین.
- دۆستانیان و ئەوەی ئەوان خەریکی چین.
- هەژمار و نووسینی بەوردی وامی خەڵکی بەوان.
- دڵنیابوون لەوەی دەرودنیا بزانێ ئۆتۆمۆبیلەکەیان لە هیی دراوسێکەیان باشترە.
- دڵنیابوون لەوەی نەکا بە کەسێکی ئاسایی دابنرێن.

## ڕووشکێنی

لە ڕوانگەی دەبەنگێکەوە ژیان واتە ڕووداری و ڕووشکێنی. تەنانەت ئاخافتن و دەربڕینی بۆچوونیشی، تەنها ڕێگەیەکە بۆ ڕێلاسبوون و ڕووشکێنبوونی ئەو.

دەبەنگەکان:

- هەرگیز بۆ هیچ شتێک لە ڕیزدا ناوەستن و هەمیشە

ڕێگەیەک ئەدۆزنەوە بۆ ئەوەی خۆیانی تێترنجێنن.

- هەرگیز تکا ناکەن، هەمیشە فەرمان ئەدەن.
- هەرگیز پەسن ناکەن، مەگەر ئەوەی بیانەوێ بە پەسنکردنی کەسێک، منداڵەکانیان دەمکوت بکەن و بڵێن: «بۆ ناتوانی وەکوو ئەو بی؟»
- تەنها بە یەک دەراو[٨٦] ئەدوێن: توانجاوی[٨٧].
- ئەقیژێنن، هەڵبەت ئەگەر بزانن پێویست بە هاتوهاوار ناکات.
- پێیان خۆشە کاری خەڵکی بە ناوی خۆیانەوە تۆمار بکەن.
- تا ئەو کاتەی وەڵامت نەداوەتەوە، هاشاوڵ ئەهێنن.
- دیمەنی پێکادانەکە تێک نادەن، تەنها بەو مەرجەی لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەدا گیریان کردبێ.
- لایان وایە سەلاری، زنجیرەیەک ڕێسایە، سازکراوە بۆ خەڵکی لە بەرامبەر ئەواندا بەکاری بهێنن.
- لایان وایە ڕۆژێک خۆشە کە ناچار نەبن هیچ شتێکی باش بە کەس بڵێن.

## خۆسەپاندن

زۆربەی دەبەنگەکان بۆ ئەوە ئەژین خۆیان بسەپێنن بەسەر

---

٨٦ـ دەراو: tone شێواز و چۆنیەتی ئاخافتن؛ دەنگێک بە بەرزی و نزمی تایبەتەوە؛ شێوەی دەربڕینی بابەتێک ⇦ نامەکەی دەراوێکی دۆستانەی هەبوو ⇦ بە دەراوێکی توورە وتی ⇦ بە دەراوێکی ڕاماو و دەنگێکی نزم پاتەی کردەوە [ع] نبرة [د] لحن.

٨٧ـ توانجاوی: sarcastic ژەهراوی، چزوودار، تەوساوی، ئازاردەر [ع] ساخر [N] sarkastisk [د] نیشدار.

خەڵکیدا؛ لەم ڕووەوە هەمیشە نیگەرانی ئەوەن دەسەڵات بەسەر خۆیان و خەڵکانی تردا لەدەست بدەن. دەبەنگەکان بۆ درێژەدان بەم هەستی باڵادەستییە:

- ڕێسا بە شێوەیەک دەستکاری ئەکەن تا بتوانن زۆرترین دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکیدا هەبێ.
- هەموو ئەبێ پەیڕەوی لە ڕێسا بکەن، جگە لە خۆیان.
- بە گوێرەی بەرژەوەندی و ڕامیاری خۆیان، هەمیشە ڕێسا ئەگۆڕن. ئەم کارە ئەبێتە هۆی ئەوەی هەرکات پێویست بوو بە ئاسانی خەڵکی سەرکۆنە بکەن.
- فەراگەردی خۆیان بە خەڵکی چەورە و زمانلووس، کە کاریان تەنها ماستاوە، پڕ ئەکەن.
- شەیدای ئەوەن بیری خەڵکی بخەنەوە، بەرپرسایەتییەکی مەزنیان لەسەر شانە.

## شادی و حەنەکبازی

ڕەنگە دژوارترین ساتەکانی ژیانی دەبەنگێک ئەوە بێ کە پێویست بکات لەگەڵ خەڵکی شاد بێت و ئەوان شادمان بکات. جارێکیان پوورێکی دەبەنگم بۆ شێوی کریسمەس بانگهێشتن کردبوو، ئەو هۆکارەکانی ئەوەی بە من وت بۆچی ناتوانێ تەنها تۆزێکیش شادمان بێ؛ بەڵام ڕێک لە هەمان ساتدا پێی وتم کە هەموو خەریکی پیرۆزبایی و کریسمەس پیرۆزکردن بوون، بۆ ئەوەی شادمانی من تێک بدات!

دەبەنگەکان ئەتوانن:

- تەوسخەند بکەن.


- ژەهرخەند بکەن.
- بە چارەڕەشی خەڵکی پێبکەنن.
- کاتێک کە قەشمەری ئەکەن، خەریکە لە خۆشیان فجووق ئەکەن.
- بە گاڵتەکردن یەکدی لە قوڕ هەڵئەکێشن.
- بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناتوانن لە تەنیشت خەڵکییەوە شادمان بن یان حەنەک و قۆشمەیی خەڵکی ئەوان شادمان بکات، بەتایبەت کە هەرەنگی[٨٨] گاڵتەکردن لەگەڵ خۆیان نییە.

## نکۆڵی

دەبەنگەکان نکۆڵیکردن بە چەشنێک هونەر ئەزانن و تەنانەت هەندێ جار وەکوو دین و ئایین سەیری نکۆڵیکردن ئەکەن. ئەوان هەموو شتێک بەدرۆ ئەخەنەوە و هەر ئەمەش یەکێکە لە ڕێگەکانە بۆ ئەوەی بکەونە ناو تەڵەوە. هەر شتێک کە ئەتەوێ ئەوان پەسندی بکەن، پێچەوانەکەی بڵێ، لە ئەنجامدا ئەوان بە نکۆڵیکردن لێی، ویست و مەبەستی ئێوە بەدی ئەهێنن. دەبەنگەکان:

- لایان وایە هیچ کێشە و کەموکووڕییەکیان نییە.
- هەرگیز هەڵە ناکەن.
- وای دەرئەخەن هەرگیز نەبوونەتە هۆی هەڵە و ناشبن.
- نکۆڵی لە وتنی هەر گوتەیەک ئەکەن، ئەگەر بزانن لە دژی ئەوان سوودی لێ وەرئەگیرێ.

٨٨ـ هەرەنگ: capacity فرەهی، ڤەژەن، توانا ع سعة N kapasitet د ظرفیت.





• پشتگیری لە ڕەخنەی بەدیهێنەر ئەکەن، بەڵام هەر ڕەخنەیەک دژی خۆیان بێ بە ڕووخێنەری دائەنێن.
• هەست بە خۆلادان لە ناکۆکی ناکەن. هەڵبەت ئەوان جووت ستاندارد نین، بەڵکو چەندە پێویست بێ، ئەوەندە ستانداردیان هەیە.
• بڕوایان وایە، ڕاستەقینە تەنها کەرەستەیەکە لە خزمەتی ئاسایش و ئاسوودەیی ئەواندا.
• «ڕەوشت» بە وشەیەکی زۆر بێواتا ئەزانن.

## تۆقاندن

دەبەنگەکان شەیدای کۆیلەکردن و لەخشتەبردنی خەڵکین. ئەو ڕۆژەی ڕێسای کۆیلەداری پاش شکستی باشوورییەکان لە کۆتایی جەنگی ناوخۆی ئەمریکادا پەسەند کرا، ڕۆژی کۆستکەوتنی دەبەنگەکان بوو. هەڵبەت لە دوای ئەویش دەبەنگەکان دەستیان هەڵنەگرت. ئەوان دۆزیانەوە کە بە تۆقاندن[٨٩] و کۆیلەکردنی ئەندێشەیی و دەروونی خەڵکی، ئەتوانن هێشتاش وەکوو کۆیلە لەگەڵیان بجووڵێنەوە، بەبێ ئەوەی ڕێسایەکیان پێشێل کردبێ یان مەزاخی ڕاگرتنی یەخسیریان دابێ. لە ڕاستیدا، یەکێک لە ڕێگەکانی ئەندازەگیری ڕادەی دەبەنگی یەک دەبەنگ، ژمارەی ئەو کۆیلانەیە لەم ڕێگەیەوە ئەتوانێ هەیبێ. دەبەنگەکان:

• چاوەڕێن خەڵکی بەزم و خۆشی ئەوان دابین بکەن.

٨٩ـ تۆقان: intimidation ترساندن و لەخشتەبردن [ع] تخویف [N] Trusler [د] ارعاب.






- هەرکەس، کە بە ئەندازەی پێویست گەمژە بێ، ئەیکەن بە کۆیلەی خۆیان.
- هەمیشە ترسی ئەوە لە دڵیاندایە کە دەبەنگێکی تر بیەوی کۆیلەکەیان لێ بدزێ.
- تێئەکۆشن لە دەستدرێژیکردن بۆ سەر مافی خەڵکی هەمیشە مافی دادگەرانەیان هەبێ.
- کاتێک ئیدی ئەمین(٩٠) لە دەسەڵات لابرا، کۆستیان کەوت و کەوتنە باوکەڕۆ.
- لایان وایە «دایک ئازیزترین»(٩١) سەرباشقەیە(٩٢) بۆ باوک و دایکی نموونە.
- دەبەنگەکان بڕوایان وایە کاپتەن کویگ(٩٣) سەرباشقەی

٩٠ـ ئیدی ئەمین: Idi Amin (١٩٢٥ـ٢٠٠٣) سەرۆکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری سەربازی و سێهەمین سەرەککۆماری ئۆگاندا لە ساڵی ١٩٧١ تا ١٩٧٩.

٩١ـ دایک ئازیزترین: Mommie Dearest بیرەوەری و ڕازدرکاندنی کریستینا کرافۆرد، شیرکچی «جوان کرافۆرد»ی هونەرپیشە، لە ساڵی ١٩٧٨دا بڵاو کرایەوە. نووسەر بەسەرهاتی کچێک ئەگێڕێتەوە کە دایکێکی ئەلکولی ناساز گەورەی کردووە و لای وایە کەسی وەها بۆ دایک ناشێ. ئەم پەرتووکە دەنگوهەرای زۆری لێکەوتەوە. ساڵی ١٩٨١ بە بەشداری فەی داناوەی کرا بە فیلم.

٩٢ـ سەرباشقە: paradigm, role model نموونەیی، کەسێک کە ئەبێ بە سەرمەشق بۆ خەڵکی تر N forbilde ع قدوة د الگو ⇦ باشقە: model مۆدێل، نموونە، نموونەی سێجای کەس یان شتێک یان گەلاڵەیەکی تەلارێکی پێشنیازکراو، بە زۆری لە ئەندازەیەکی بچووکتردا N modell ع نموذج د مدل.

٩٣ـ کەپتن کویگ: Captain Queeg کەسایەتییەکی گریمانەیی ڕۆمانی «The Caine Mutiny» نووسینی هێرمان وۆک Herman Wouk، براوەی خەڵاتی پۆلیتسێرە. سەبارەت بە بڕیارە ڕەوشتییەکانی کەپتنی کەشتییەکەیە لە ساڵی ١٩٤٤دا.


هەموو سەرۆکە خاوەن بڕیارەکانە.

## ئەوین

سەرتاپای ژیانی دەبەنگەکان پڕە لە ئەوینداری، بەڵام تەنها ئەوین بە خۆیان. بە گوتەی یەکێک لە نەخۆشەکانم: «تەنها ئامانجی دەبەنگێک ئەوەیە ئەویندارى خۆی بێ؛ ئەو کارەی ئەگەر یەک جار تاقی کرایەوە، دەبەنگ پێی خۆشە دیسان و دیسان پاتەی بکاتەوە.» هەڵبەت کێشەیەک لێرەدا هەیە و ئەویش ئەوەیە چۆن دەبەنگەکان، بە گوێرەی خوو و ئەدگاریان ناتوانن کەسی کەیان خۆش بوێت (جگە لەو کاتانەی کە بەرژەوەندیان لە ئارادا بێت). تێگەیشتنیان لە ئەوین زۆر بەرتەسک و یەک ڕەهەندییە. بۆ نموونە ئەوان ئەتوانن لێ ببوورن، بەڵام تەنها لە خۆیان. وێنای ئەوەی کە ئەتوانن خەڵکیش ببەخشن، بۆ یەک دەبەنگ زۆر دژوارە. هەسارەی ئەوینی دەبەنگێک، هەسارەیەکی زۆر بچکۆلانەیە کە تەنها بۆ دەبەنگ جێگەی هەیە و کەسی تر جێگەی نابێتەوە.

دەبەنگەکان شەیدای ئەم شتانەن:

- خۆیان.
- سەرکەوتنیان.
- سامانیان.
- پلە و پایەیان.
- ئۆتۆمۆبیلەکەیان.
- پیشەیان (ئەگەر خوێندەوار بن).
- بۆچوونەکانیان.






- دەمارگیرییان.
- ڕق و قینیان. (ئەم لایەنە بەتایبەت لەمەڕ ئەو دەبەنگانەی زۆر مشتومڕ و گەنگەشەن، زۆر ڕاستە.)

دەبەنگەکان زۆر حەزیان لەم شتانەیە:

- هەر شتێک کە هیی ئەوان نەبێ.
- دەسەڵات.
- ناوبانگ.

## ئەمەگداری

ئەمەگداری وشەیەکە لە فەرهەنگی دەبەنگەکاندا واتای نییە، مەگەر ئەوەی خەڵکی ڕادەستی ویست و خواستی ئەوان بین. هەرگیز داوا لە دەبەنگێک مەکە واز لە شتێک بهێنێ، تەنانەت ئەگەر بە ڕاستی بە قازانجیشی بێت. دەبەنگەکان بە خۆڕسک نایانەوێ دەست لە هیچ شتێک بەر بدەن و بەدەست خۆیان نییە، چونکە ناتوانن دەست لە هیچ بەربدەن. لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر لە دەبەنگێک بپرسن: «ئەکرێ بە ئەرکی نەزانی و ئەم دوو بلیتەی پێشبڕکێی فووتباڵم لێ وەربگری؟» ناچار ئەبێت بڵێ نا! ئەویش تنها لەبەر ئەوەی داوای چاکەیەکتان لێکردووە. ڕێگەی دروست بۆ داخوازییەکی وەها ئەوەیە پێی بڵێی: «ڕاستەکەت ئەوێ، ئەمویست تۆ لەگەڵ خۆم ببەم بۆ

سەیرکردنی پێشبڕکێی فوتباڵ، بەڵام لێتی نەشارمەوە، بەڵێنم بە مناڵەکەم دابوو. دیارە تۆ نایەیەت؛ دێیت؟» کە وای لێبێ، لە ماوەی دوو خولەکدا بە هەر فێڵ و دەهۆیەک بووە، هەردوو بلیتەکەت لەدەست دەرئەهێنێ، تەنانەت ئەگەر بە نرخی تێکدانی بەرنامەکانیشی بووبێ.

## پەیوەندی

دوای نیوەڕۆ شەیدای ئاخافتنن، بەتایبەت لەمەڕ خۆیان. هەروەها ئەوان بە شێوەی ئاڵۆزترین و ناڕوونترین دارەتی گونجاو، ئوستادن. بەم شێوازە بە ئاسانی خۆیان لە هەموو بەرپرسایەتییەک ئەدزنەوە و پاشتر نکۆڵی لە هەموو شتێک ئەکەن. بۆ وێنە دەبەنگێکی ڕامیار، هیچ لەوە ناپرنگێتەوە واتای ئەو شتەی وتوویەتی چەند جار بگۆڕێت تا ئەو کاتەی کە خەڵکی پێیان خۆش ئەبێ.

باشترین سات بۆ دەبەنگێک ئەو کاتەیە داوای لێبکرێ ڕێسا و ڕێکار بۆ بەرنامە و گەلاڵەکان پێشنیاز بکات. ئەو ئەزانێ چۆن بە کەمترین وشەی گونجاو وای دەربخات گوایە هەموو شێواز و ئەگەرەکان ئەزانێ. ئەوسا کاتێک کە هەموو گێژ بوون، دەرفەتەکە ئەقۆزێتەوە، خۆی گێف ئەکاتەوە و ئەکەوێتەوە پاتەکردنەوەی بابەتەکە، بۆ ئەوەی بەم شێوەیە گەوجایەتی ئەو خەڵکە بسەلمێنێ کە جاری یەکەم لە فەرمایشتەکانی تێنەگیەشتوون. بەمجۆرە، ئەم دەبەنگە زیرەکانە جڵەوی کاروبارەکان، لەو بوارەدا کە هیچی لێنازانێ، ئەگرێ بەدەستەوە و هەموو خەڵکی ماندوو و شەکەت بە دوای خۆیدا ڕائەکێشێ.






دەبەنگەکان کاتێک پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی بەدی ئەهێنن:

- ئەکەونە لۆمە و تاوانبارکردن.
- ئەکەونە کەڵەگایی.
- ئەوە ناڵێن کە مەبەستیانە.
- ئەوەی ئەیلێن مەبەستیان نییە.
- خۆشیان لە واتای گوتەیان تێناگەن.
- گرنگی بە زانست و زانیاری خەڵکی نادەن و جۆرێک قسە ئەکەن وەک بڵێی هەموو لەگەڵی هاودەنگن.
- بۆ پاراستنی خۆیان درۆ ئەکەن.
- بۆ لێدانی خەڵکی درۆ ئەکەن.
- درۆ ئەکەن هەر بۆ خۆشی.
- بەپێی ڕاهاتن درۆ ئەکەن.
- ڕاستی ئەجەڕێنن[٩٤].
- گوزاریشت و هەژماری هەڕەمەکی لە خۆیانەوە دەرئەهێنن.
- هەمیشە لەگەڵ هەستەکانی خۆیان ڕاستگۆن، بەڵام تا ئەو کاتەی تەژی تووڕەیی و خەزران و پەلامار بن.
- هەرگیز بۆچوونی کەس ناپرسن، مەگەر ئەوەی بیانەوێ بیرۆکەیان بدزن.
- بە ئەندازەی سەردەرزییەک هەست بکەن مافیان خوراوە ئەیکەن بە فەرتەنە.
- ئەوەندەی کەسێک هەست بەوە بکات لە لایەن ئەوانەوە

٩٤ـ جەڕاندن: twist بادان، بەراوەژووکردن، چەواشەکردن، خوارکردن.

مافیان خوراوە یان ستەمیان لێکراوە، گورج بابەتەکە ئەگۆڕن.

## گوێدان

دەبەنگەکان بیسەری باشن. ئەوان لە دۆزینەوەی خاڵی لاوازی و کێماسی دۆستان و هاوکاران و دوژمنان زۆر شارەزان، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا ئەو زانیاریانە بە سوودی خۆیان بەکار بهێنن. جگە لەوەش بە پیشاندنی گوێڕایەڵی خۆیان، ئەبنە هۆی ئەوەی خەڵکی پەسنیان بکەن؛ بەڵام ڕاستی ئەوەیە هەرچەند گوایە گوێڕایەڵن، بەڵام هیچ نابیستن.

## بوردباری

دەبەنگەکان پێیان خۆشە خۆیان هەمیشە لە سەر لوتکە بن و خەڵکی لە ناو دۆڵەکە. تا ئەو کاتەی دۆخەکە بەم شێوەیە بێ، بە باشی لەگەڵتان ئەجووڵێنەوە، بەڵام ئەگەر بتانەوێ ئەو هەلومەرجە بگۆڕن، بۆ وێنە خۆتان ببەنە سەرەوە، ئەوسا دڵی ئەوانتان شکاندووە و ئەوەی بینیوتانە لە چاوی خۆتانەوە بینیوتانە. دەبەنگەکان بەرپرسی ئەوەش نین کە پاش دڵشکاندنی ئەوان ڕوو ئەدات.

دەبەنگەکان شەیدای سنوور و ڕادەن و دیوارەکانیان خۆش ئەوێ. ئەوان لە سەرکار، تێئەکۆشن بە هەر کلۆجێک بووە کەوشەنێک بۆ خۆیان ساز بکەن تا هاوکاران و خەنیمەکانیان ئاگادار بکەنەوە، نابێ پێ بخەنە ناو ئەو کەوشەنەوە. لە ماڵیشەوە هەر وا ئەکەن بەڵام بە شێوەیەکی تر، تا دڵنیا ببن لەوەی کە

هاوسەر و مناڵەکانیان ناتوانن زۆر لێی نزیک ببنەوە و ڕادەی قوڵایی دارِزانەکەی ئەوان تێبگەن.

دەبەنگەکان لەگەڵ هەر شتێک ڕێ ئەکەون بەو مەرجەی لەو سنوور و کەوشەنەدا بێ کە ئەوان دیارییان کردووە. جیهانێکی بچکۆلانەیە، وانییە؟

لای دەبەنگەکان بوردباری واتە:

- ئێوە ئەبێ لە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی ئەوان ئەیلێن بوردبار بن.
- ئێوە ئەبێ هەموو بیر و بۆچوونی ئەوان بە ڕەوا بزانن.
- ئەوەی کە هەڵەیە بەرەنجامی کاری ئێوەیە
- هەرکەس بیەوێ بەوان بگاتەوە ئەبێ تەفروتوونا ببێ.

### متمانە

تەنها شتێک کە ئەتوانێ یارمەتی دەبەنگەکان بدات لە ئەنجامی کارەکاندا، متمانەیە. هەموو ئەو شتانەی ئەوان لایان وایە دڵبەندین، بە درۆ و دەلەسەیە. بەڵام لەمەڕ متمانەی ئەوان بە خەڵکی شتی وا نییە. ئەوان بە تەنهایی ئەژین و هەڵبەت هەمیشە هەوەس و هونەری سەیریان بۆ بەدیهێنانی کەرەستەی ئاسوودەیی خۆیان هەیە.

### تووڕەیی

یەکێک لەو شتانەی ڕەنگە دەبەنگەکان باش دەرەقەتی دێن، تووڕەیی و ڕقهەستانە. ئەوان لەو دەستە نین کە جارجارە

هەڵئەچن، بەڵکوو هەمیشە توورە و هەڵچوون. دەبەنگێک لای وایە توورەیی باشترین کەرەستەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو جیهانە دڕندەی کە تێیدا ئەژین. دروشمی ئەو ئەمەیە: «هەرگیز لەگەڵ کەسێکی توورە وەکوو خۆی مەجووڵێرەوە، بەڵکوو دە جار توورە و تۆسنتر لەو هەڵسوکەوت بکە.»

دەبەنگەکان لەم دارەتانەدا توورە ئەبن:

- بەیانیان کە لە خەو هەڵئەسن.
- ئەگەر ڕۆژنامەی سەرلەبەیانی درەنگ بگات، تەنانەت ئەگەر ئابوونەش نەبن.
- قاوەکەیان سارد بێت.
- ئەگەر خەڵکی فەرمانەکەی ئەوانیان بە باشترین شێوە ئەنجام نەدابێ.
- خەڵکی فەرمانی ئەوان بە باشی ڕاپەڕێنن، بەڵام هەر ئەم کارە ڕوومەتی ئەوان دزێو بکات.
- خەڵکی نەتوانن پێشبینی بکەن ئەوان چییان ئەوێ، تەنانەت ئەگەر خۆیشیان نەزانن.
- کەشی دەرەوە بارانی بێت.
- کەشی دەرەوە خۆرەتاو بێت.
- کەسێک دەم بخاتە دەمیان.
- کەسێک ناکۆکییەکەیان ئاشکرا بکات.
- کەس نەبێ تاوانەکان بخەنە ئەستۆی.
- دۆستێک بیەوەی داوای وامەکەی بکاتەوە.
- خەڵکی چاوەڕوان بن ئەو بەرپرس بێت.
- مناڵەکانیان وەکوو مناڵ هەڵسوکەوت بکەن.

- منداڵەکانیان وەکوو گەورەکان هەڵسوکەوت بکەن.
- خەڵکی چاوەڕوان بن ئەوان وەکوو خەڵکی گەورە هەڵسوکەوت بکەن.
- هاوسەرەکانیان لە خۆشەویستی ساختەیانماندوو ببن.
- ئەو کەسەی پەیوەندییان لەگەڵی هەیە لە سۆزدەربڕینی ساختەیان ماندوو ببێ.

## پەیوەندی جنسی

زۆربەی دەبەنگەکان، چ ژن و چ پیاو، لایان وایەخۆ زاویرکردن لە ڕێگەی دەستپەڕکردنەوە باشترە لەوەی داوای پەیوەندی جنسی لە هاوتای جنسییان بکەن. لەگەڵ ئەوەش تەنانەت دەبەنگەکانیش ئەتوان جیاوازی وێناکردنی شتی بەچێژ، لەگەڵ خودی شتی بەچێژدا تێبگەن. بۆیە ئەوان تێئەکۆشن ژیانێکی جنسی ئاساییان هەبێ.

شتێکی وەها بۆ دەبەنگەکان واتە:

- ئەوان پەیوەندی جنسییان هەیە، بەڵام ناتوانن چێژی لێ وەربگرن. ئەم پرسگرە بەتایبەت لەمەڕ ژنان زۆر ڕاستە.
- پەیوەندی جنسییان هەیە، بەڵام ناهێڵن هاوتاکەیان چێژ وەربگرێ. ئەم پرسگرە بەتایبەت لەمەڕ پیاوان زۆر ڕاستە.
- پەیوەندی جنسی وەکوو مەرسەلایەک[٩٥] بۆ خۆزاڵکردن بەسەر هاوتاکەیاندا بەکار ئەهێنن، بەوەی کە بۆ وێنە بڵێن ژانەسەریانە.

---

٩٥ـ مەرسەلا: disaster چۆرتم، پەتەر، کارەسات، کەڵەمە، تەمەرە.

- ئەوان پەیوەندی جنسی وەکوو کەرەستەیەک بۆ تەمێکردنی هاوتای جنسییان بەکار ئەهێنن، ئەویش بە زۆری بەوەی کە گوایە حەزیان لێ نییە.
- پەیوەندی جنسی گرنگ نییە، مەگەر بتوانن بەدەمییەوە بەیەکدا هەڵشاخنەوە.
- ئەوان پەیوەندی جنسییان هەیە، بەڵام هەرگیز دەربارەی نادوێن.
- ئەوان لەمەڕ پەیوەندی جنسی ئەدوێن، بەڵام هەرگیز تاقییان نەکردووەتەوە.
- وڕک ئەگرن لەوەی کە سەرەڕای ژیانی هاوبەش، بە زگوردی بمێننەوە.
- دوخمانی شتێکی گرنگ نییە، بەڵام تەنها لە لایەن خۆیانەوە.

## پرتەوبۆڵە

زۆرترین ڕادە و قەبارەی پرتەوبۆڵە لە جیهاندا لە لایەن دەبەنگەکانەوە بەدی ئەهێنرێ. نوامی گەدفلای[٩٦] لە پەرتووکی «هونەری پرتەوبۆڵە»[٩٧] ئەنووسێ هەموو کەس ئەتوانێ بە هۆی کێماسی و کەموکوورییەکانی ژیانەوە ببۆڵێنێ، بەڵام تەنها دەبەنگێکی ڕاستەقینە ئەتوانێ لەمەڕ ئەو شتانەی کە هەموو بەبێ کەموکووڕی و تەنانەت بە شیاو و شیانستی ئەزانن، ببۆڵێنێ. «لە ڕۆژێکی بەهاریدا کە هەموو لایان وایە ناوازەیە، دەبەنگێک

٩٦ـ Naomi Gadfly بە واتای زەرگەتە

٩٧ـ Art of Bitching

دیسانەوەش ئەتوانێ بیانوو بدۆزێتەوە. ئەو ئەبۆڵێنێ کە بۆچی لە ڕۆژێکی ئاوەها خۆشدا ئەبێ لە ژوورەوە و لە کەشی داخراودا کار بکات. یان ئەوەی کە جریوەی مەلان ئەبنە هۆی ژانەسەری. چێژوەرگرتن لە ڕۆژێکی وەها لەگەڵ هاوسەرێکی دەبەنگی بۆڵەبۆڵکەر کارێکی نەگونجاوە.»

دەبەنگەکان لەم دارەتانەدا ئەبۆڵێنن:

- کاتێک خەڵکی پارەیان دەست ئەکەوێ.
- کاتێک خۆیان پارەیان دەست ئەکەوێ.
- گلەیی لەوەی کە بۆ نانەسکێک ئەبێ کار بکەن.
- لەمەڕ ماوەی بیکارییان.
- سەبارەت بە کەش و هەوا.
- سەبارەت بە ئابووری.
- سەبارەت بە مناڵەکان کە گوێی نادەنێ.
- بە هۆی فرەخوازی دایک و باوکیانەوە. «ئەوانمان لە خانەی پیران داناوە، ئەیانەوێ بچین بۆ سەردانیشیان؟»
- سەبارەت بەوەی لە ڕاسپاردەی[٩٨] باپیریاندا دەستیان چووە بە ڕۆندا.
- سەبارەت بە ڕامیاری جیهانی؛ تەنانەت ئەگەر هیچ پەیوەندی بەوانەوە نەبێ.
- سەبارەت بەوەی بۆچی کەس خۆشی لە چارەیان نایەت.
- ئەبۆڵێنن لە بۆڵەبۆڵی ئەوانەی ئەبۆڵێنن.

٩٨ـ ڕاسپاردە: will دوا گوتە و بڕیاری کەسێک پیش مردن، ڕاسپێری ع د وصیتنامە.

## هاوبەشی

دەبەنگەکان شەیدای هاوبەشین و هەر بەم هۆیەوە زۆربەی شتەکانیان لەگەڵ خوڵکی ئەکەن بە هاوبەش. بۆ وێنە ئامادەن هەمیشە خەڵکی لەم کارانەدا بکەن بە هاوبەش:

- بەدبەختی و چارەڕەشییان.
- تاوانەکانیان.
- بەڵێنەکانیان.
- تێڕوانینی سست و نەخۆشیان بە ژیان.
- دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکانیان.
- وڵنگە[٩٩] و وڕینەکانیان.
- بیروڕایان.

ئەوشتانەی دەبەنگەکان ئامادە نین لەگەڵ کەس بەشی بکەن:

- پەسن و ستایش.
- دەسەڵات.
- پارە.
- کات.
- ساتی سەرکەوتن و بەدەستهێنان.
- هەل و دەرفەت.
- بیرۆکەی باش. دۆستایەتی.
- سۆز نواندن.
- گوتەی دڵسۆزانە.

---

٩٩ـ وڵنگە: قسەی بێ سەروبەر؛ دەستەپاچە، پەککەوتە، داماو [د] چرند و پرند.

## ناکۆکی و خاچەپرس

دەبەنگەکان بۆ خەڵکی هەمیشە وەکوو خاچەپرسێک وان. کارەکانیان ئەوەندە ناکۆک و ناسازە، وەک ژیژکێک بیەوێ میزەڵدان بفرۆشێ. ئەم کێشەیە بەر لە هەموو شتێک ئەگەڕێتەوە بۆ خۆفریودان و ڕاڕایی دەبەنگەکان. بە هۆی کەڵەکەبوونی ناکۆکییەکانەوە، دەبەنگ بە ناچاری تووشی دارەتێک ئەبێ کە نازانێ کێیە و بڕوای بە چی هەیە.

دەبەنگەکان:

- لە هەمان کاتدا کە خەریکی پەیمان شکێنین و درۆ ئەکەن، بانگەشە بۆ ڕاستگۆیی و ئەمەگداری خۆیان ئەکەن.
- لەکاتێکدا کە ئێوە پارەی خواردنەکەیان بۆ ئەدەن، دەربارەی سەربەخۆیی و دەستفراوانی وتار ئەدەن.
- کاتێک کە هەموو ڕێسەکەی ئێوەیان کردەوە بە خوری، ئەڵێن: «تەنها لەبەر خودی ئێوە ئەو کارەیان کردووە.»
- هیچکات بە ئەندازەی ئەو کاتانەی سەبارەت بەو مژارانە ئەدوێن کە هیچی لێ نازانن، خودپەسەند و سەرەڕۆ نین.
- ئەڵێن بڕواداری خوا و دوژمنی ئەهریمەنن، بەڵام لە ڕفتاریانەوە نکۆڵیکردنی یەکەمی و ملکەچبوونی دووەمی خۆیایە.

### بڕانەوە

وەکوو هەموو ئاڵوودەیەک، دەبەنگێکیش لە درێژخایەندا، زیانی زەبەند لە هیزی ژیانی مرۆڤ ئەدات. زۆر ئاسانە گەنجێکی بیست و پێنج ساڵە دەبەنگ ببێت، بەڵام هەر بۆ ئەم

کەسە زۆر دژوار و تێکشکێنەر ئەبێ، بیست و پێنج ساڵ لەگەڵ ئەم ناسازییە و ئەدگارەکانی (وەکوو فریوکاری، درۆدەلەسە و پێلاننانەوە) درێژە بە ژیان بدات. بۆیەشە گوزەری کات و وەخت، پاسفەندە[١٠٠] و شەکەتیان ئەکات و وردەوردە لەوە تێئەگەن ڕەنگە باشتر وایە ڕێگەی لەبارتر بۆ درێژەدان بە ژیان بدۆزنەوە. نیشانە سەرەکییەکانی شەکەتی و پوانی دەبەنگەکان ئەمانەن:

- لە بۆڵاندنی بێبڕانەوە و بێپسان ماندوو ئەبن.
- ئیتر بڕوایان بە وڵنگەی بێسەروبەری خۆیان نامێنێ.
- ئەکەونە نامەنووسین بۆ «بەردەبیرۆ»ی[١٠١] گۆڤارەکان.
- زیاتر لە ڕابوردوو خەونی تیاچوونی دوژمنەکانیان ئەبینن.
- ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەی بەو ڕاستییە ئەبەن کە، خەڵکی خۆشیان لێیان نایەت.
- ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەی بەو ڕاستییە ئەبەن تەنانەت ئەوانەش کە ئەوان ئەڵێن خۆشیان ئەوێن، ئەوانیان خۆش ناوێ.
- ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر تووشی خانەگومانی ئەبن: «ئای

---

١٠٠ـ پاسفەندە: exhaustion پەرتووکاو، پۆسیاگ، پەرپووت، داڕزاو، پواو، پەڵەوون، بێ نەشە و گەشەبوون بە هۆی گوشاری جەستەیی یان دەروونی بەردەوامەوە [د] فرسودە، پوسیدە [ع] انهاک.

١٠١ـ بەردەبیرۆ: Dear Abby مامەخەمە، ستوونی ڕاوێژ و ڕێنموونی گۆڤارەکان بۆ نامە و پرسیاری خوێنەران، ستوونێکە لە ساڵی **١٩٥٦** لە لایەن پاولین فیلیپسەوە لە ژێر ناوی ئەبیگەیل ڤان بوورێن دەستی پێکرد و لە **١٢٠٠** گۆڤار و ڕۆژنامەدا بەڕێوە ئەچوو. [د] سنگ صبور [ع] صخرة صماء ← بەردەبیرۆ: بەردێکە بۆ رەقی و سەختی نموونەیە ← وەک بەردە بیرۆی لێهاتووە؛ خاراوە.




خوایە گیان، خۆ لەوە ئەچێ من دەبەنگ بم.»

کۆکردنەوەی پێڕستی دارماڵی نیشانەکانی دەبەنگی نالوێ. وەکوو هەموو نەخۆشییەکی تر، دەبەنگیش بە شێوەی زۆر جۆراوجۆر ڕەفتار ئەکات. وا نییە کە هەر دەبەنگێک هەموو نیشانەکانی دەبەنگی تێدا دەرکەوێت؛ بەڵام ئەو تایبەتمەندیانەی ناومان هێنان، ئەمڕۆ بڵاوترین نیشانەکانی دەبەنگی لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دان.

گرنگترین و بەسوودترین شت بۆ دەبەنگەکان ئەوەیە بتوانن خۆیان، بەو شێوەی کە هەیە، وەکوو دەبەنگ بناسن. وەکوو پێشەکی چارەسەر، دەبەنگ ئەبێ بزانێ کێشەکانی ئەو لە مەردم و هەلومەرجی دەرەوەی ویست و ئەڤانی ئەوەوە نییە، بەڵکوو بەرەنجامی نەخۆشی و نیگای نەخۆشانەی خودی ئەوە بۆ ژیان.

هەروەک ئالیس گۆبر[١٠٢] لە پەرتووکی بەنرخی دەبەنگی گیرۆیە» ئەنووسێ، دەبەنگێکی ئاسایی بە سادەیی ئەتوانێ دە تا بیست کەس تووشی دارەتی پەرێشانی، شێتی، پەلامار و

١٠٢ـ ئالیس گووبر: Alice Goober

تاوان بکات. زۆر لە نەخۆشانی دەروونی و کەسانی خەمۆک، لە هیچ شتێک بە ئەندازەی کەسانی دەبەنگ زیانیان پێنەگەیشتووە. زۆربەی دەبەنگەکان، بە ڕاستی مافی خۆیانە گلەیی بکەن لەوەی هەقیانە تووڕە و قەڵسن ببن لەوەی فەراگەردیان پڕە لە کەسانی تووڕە و شێتۆکە، بەڵام گوێ نادەنە ئەوەی ئەوە ئەوانن بوونەتە هۆی جاڕسکردن و شێتکردنی ئەو خەڵکە!

لەم ڕووەوە سوودێکی نییە ئەگەر دەبەنگ لە ژنەکەی جیا ببێتەوە یان سەرپەرشتی مناڵەکان وەربگرێ یان پیشەی بگۆڕێ. چونکە لە هەلومەرجی تازەشدا، ئەو دەبەنگە بەخێرایی ئەکەوێتە خۆی و لە ماوەیەکی کەمدا ئەوانەی تازە شێت ئەکات. نا؛ ئەم کارانە بێسوودە و دەبەنگەکان تەنها بە یەک شێواز چارەسەر ئەکرێن: **دەبەنگ ئەبێ ددان بەوەدا بنێ نەخۆشە و خەریکە یەکی تریش تووش ئەکات.** ئەگەر جگە لەمە بێ، ئەم کردەوە بازنەییە درێژە پەیدا ئەکات و ئەم نەخۆشییە تا ئەو کاتەی دەبەنگ بەرپرسایەتی و هەلومەرجی چارەسەری خۆی پەژێرە ئەکات، هەر سەرهەڵئەداتەوە. ئەو ئەبێ واز لە دەبەنگی بهێنێ و ببێ بە کەسێکی سەلار و پێژن.

ببێ بە مرۆڤی شیانست.[١٠٣]

چارەسەر ئەتوانێ شادیبەخش بێ. ئەم خوازەیە ڕەنگە لای دەبەنگێک سەیر بێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ژیان بەبێ تووڕەیی، تەڵەکە، درۆ و کڵاوبازی (کە هەموو دەبەنگەکان پێوەی

---

١٠٣ـ مرۆڤی شیانست: DHB کە کورتکراوەی decent human being ـەیە، وەک پێناسەی مرۆڤی پێژن و نادەبەنگ هاوتای (انسان واعي) و (انسان باشعور) هاتووە ⓔ انسان واعي ⓓ انسان باشعور.

خەریکن) زۆر شیرینتر و خۆشترە. لە سەرەتای چارەسەردا نەخۆشی دەبەنگ گێژ و وڕە و تەنها شتێک لە لای ڕوونە: **ئەوەی کە ژیانی پووچ و بەتاڵە.** بەڵام ئەو هەستی پووچییە، وردەوردە باشتر ئەبێ و هەستێکی تازەی ئاوەزمەندی و هەستی مرۆڤایەتی جێگەی ئەگرێتەوە.

سەرەنجام ڕۆژێک دێ، دەبەنگ سەیرێکی ئاوێنە بکات و بە ڕاستی شتێکی جگە لە بۆشایی و پووچی ببینێ. مرۆڤایەتی و ئەنگیزە و ئاوەز ببینێ، تێبگات دیسانەوە شتی گرنگی بەدەست هێناوە. دیاریشە، ئەو وێنەیە ڕەنگە بە ڕاستی هیی خۆی نەبێ و هیی ژن و منداڵەکانی بێ لە پشت سەرییەوە سەیری خۆیان ئەکەن. بەڵام هەر ئەوەندەی خۆی لەگەڵ ژن و منداڵەکەیدا لە یەک ئاوێنەی هاوبەشدا ئەبینێ، مایەی هیوایە و هەنگاوێکی مەزنە لە ڕەوتی چاکبوونەوەدا.

## ڕاهێنان:

١ــ بە پێڕستەکانی ئەم بەشەدا بچنەوە. هەر تایبەتمەندییەک لە ئەدگاری ڕۆژانەی خۆتان ئەچێ، بە ژمارەی (٢) نیشانە بکەن. ئەگەر نیوەبەنیوەیە نمرەی (١)ی بدەنێ. ئەگەر هیچکامیان لە ئێوەدا نییە ژمارەی (٠)ی پێ بدەن. پاشان ژمارەکان کۆ بکەنەوە. ئەگەر زیاتر لە (١٠٠) بوو، بۆ درێژەی ژیان، ئەبێ خۆتان تەرە بکەن و بیر لە بستووی باشوور[١٠٤] یان هەر دۆزەخێکی دوور و چەپەک بکەنەوە.

٢ــ بۆ هەرکام لە هاوڕێیانیش ئەم ئەزموونە ئەنجام بدەن.

١٠٤ ـ بستوو: pole هێتم، جەمسەر، کۆڕەک [ع] قطب [N] stang [د] قطب.

ئەگەرهەموویان نمرەی زیاتر لە (١٠٠) یان وەرگرت، ئەوەتان لا ڕوون بێ: «دڵ ئاوێنەی دڵە.»

٣ـ وای دابنێین ئەگەر یەکێک ژیاننامەی تۆی بنووسیایەتەوە، چەند کەس بڕوایان پێ ئەکرد و بەڕاستیان ئەزانی و چەند کەس لایان وا ئەبوو گاڵتەجاڕییەکی چرووک و بێمایەیە؟

# بەشی یەکەم - V

## نهێم و ڕادەی دەبەنگی

**دەبەنگی گشت وەرزەکان بوو،**
**لە ناو جێگە و لە سەر شەقام**
**لە سەنگەردا، یان دادگا**
لە کۆمەڵە چامەی «ژیان لەگەڵ دەبەنگەکان»

بۆ تۆژینەوە و ناسینی وردتری دەبەنگی، تەنها پێڕستکردنی نیشانە زۆرەکانی دەبەنگی بەس نییە. وەکوو یەک نەخۆشی، دەبەنگ هێزێکی وەهای هەیە کە هەموو ژیانی مرۆڤ داگیر ئەکات و هەموو ئەو کەسانەی ئەکەونە کەوشەنیەوە تووش و ئاڵوودە ئەکات. تا ئەو کاتەی ئەم تایبەتمەندییە گرنگە بە باشی تێنەگەین، ناتوانین چارەسەرێکی ئاوەزمەندانەی بۆ بدۆزینەوە.

لە زۆر لایەنەوە، دەبەنگی وەکوو (با) وایە. ڕەنگە بایەکی شنە یان باهۆز و توند بێ. هەروەها چەلاوچەل و یان ناکات بێ. ڕەنگە سروەیەکی نیان بێ و تەنها قژمان بئاڵۆزێنێ، یان ئەوەندە بەنهێم[105] بێ کە خێوەتی سەیرانمان هەڵکەنێ و لە سنگ بکاتەوە. هەندێ جاریش گێژەڵووکەیەکی سامناک بێ و

١٠٥ـ نهێم: intensity تەوژم، هێز، زۆر، گوژم، گوشاری بەهێز N intensitet ع الشدة د شدت.

کاولستان بەدی بهێنێ.

وەک بای ئاسایی، دەبەنگەکان بە شێوەیەک ناجوولێنەوە ببنە هۆی نیگەرانی کەس. بەڵام لە هەلی لەباردا، وەک گژەبایەکی سامناک ئەتوانن بە خێرایی و دڕندەیی و ترسناکی پەلاماری خەڵکی بدەن. لەم ڕووەوە، بۆ باشتر ناسینی دەبەنگی پێویستە ڕادەی نهێم و گوژمی دەبەنگی دیاری بکەین و هەروەها ببینین دەبەنگەکان بە چ شێوەیەک فێر ئەبن بۆچوون و بڕوای خۆیان نەرم بکەن[١٠٦] و لە بن دەمامکی سەلاریدا خۆیان بشارنەوە.

هەندێ جار بۆ کەسانی دەبەنگ، تێگەیشتن لە دەبەنگی زۆر دژوارە؛ چونکە وەکوو وزە و توانایەک وایە دزە ئەکاتە جەستەی کەسێکی تووشبوو و نیشتەجێ ئەبێ؛ چونکە مرۆڤ لەگەڵ ڕۆژەڤی بەرهەست ڕاهاتووە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە دەبەنگی وەک وزەیەکی زاڵ خۆی ئەخزێنێتە ناو کەلەستەی مرۆڤەوە و لە کەسایەتی ئەودا خۆی ئەنوێنێتەوە. ئەم ڕەوتە بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە کەسی شکست خواردوو ئەبێ چی بکات و چۆنی بکات، لە لایەن دەسەڵاتی زاڵەوە دەست پێئەکات. سەرەتا ئەو کەسە لە خۆتێهەڵقورتاندن و دەستدرێژی بە کەوشەنی کەسایەتی جارس ئەبێ، بەڵام پاش ماوەیەک (بیست خولەک یان لەم ڕادەدا) ئەم بابەتە لە لای ئاسایی ئەبێتەوە و ئیتر گوێی ناداتێ.

لە ناو دەبەنگەکاندا، **دەبەنگی گڕدار** flaming asshole وەک گێژەڵووکە و باهۆزی ناو (با)کانە. ئەم چەشنە دەبەنگە ئێسکگرانانە سەقامدارن و زیاندارترینی دەبەنگەکانن؛ لەوانەی

---

١٠٦ـ لخێزکردن: odulate نەرم و باوخۆرکردن. خاوکردنەوە و هاوسەنگکردن [٤] رنم، عدل [د] تعدیل کردن.

کە بە زۆری وێنەیان لە تلەڤزیۆنەوە وەکوو تاوانکاری مەترسیدار بڵاو ئەبێتەوە. دەبەنگی گڕدار، سەرچاوی بێپایانی تووڕەیی و هەژان و کاولکارییە؛ تا ئەو ڕادەیەی تەنانەت لە سەر شووشەی تەلەڤزیۆنیش ئەیەوێ زیان بە خەڵکی بگەیەنێ. ئەو سەرەنجام بە شێوەیەک ئەمرێ، کە تەنها یەک دەبەنگ شیاوی ئەو چەشنە مردنەیە.

لە ژیانی ڕاستەقینەدا، زۆر بە کەمی دەبەنگی گڕدار، بە بۆمبا و چەکی ئۆتۆماتیکەوە ئەچێتە سەر نەیارەکانی. پسپۆڕی ئەم دەبەنگانە، زیاتر لە کاولکاری و تێکدانی کەسایەتی دایە، هەرچەند لە بوارەکانی تریشدا توانای ئەوەیان هەیە ئەوپەڕی قێزەون و بێبەزەیی و دڕ و چەوسێنەر بن.

«جان» کەسێک بوو بۆ دەبەنگێکی دارماڵ کاری ئەکرد. ڕۆژێکیان پێی وترا ئەبێ تا کۆتایی حەفتە گوزارشتێکی گرنگ ئامادە بکات و یەکەم ڕۆژی حەفتەی ئاینده پێشکەشی بکات. جان تێکڕای پشووی حەفتە خەریکی ئەو گوزارشتە بوو تا بە باشترین شێوە ئامادەی بکات و کاتژمێر ٨ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە گوزارشتەکەی لە سەر مێزی کاری سەرۆک دانرابوو. پێنج خولەک دواتر سەرۆک تەلەفۆنی بۆ کرد.

سەرۆک قیژاندی: «ئەم گوزارشتە ئەبوایە ڕۆژی هەینی ئامادە بوایەت. ئێستە ئیتر بۆ من هیچ بایەخێکی نییە.»

جان وتی:

«ـ بەڵام جەنابت وتت ئەبێ ئەمڕۆ بەیانی بیدەم پێتان.»

سەرۆک پرسی:

«ـ مەبەستت ئەوەیە کە من هەڵە ئەکەم؟»

جان وەڵامی دایەوە:

«ــ نا، نا، وانییە. مەبەستم ئەوەیە بە مسۆگەری من بە هەڵە تێگەیشتووم.»

سەرۆک گوڕاندی:

«ــ ئیتر پاتە نەبێتەوە.» و بیستۆکەکەی دانا.

جان هەمیشە تێئەکۆشا ئەو ئەرکانەی پێی ڕائەسپێرن بە باشترین شێوە ئەنجامیان بدات، بەڵام هەرگیز بەو شێوەیە دەرنەئەچوو کە ئەو ویستبووی. ئەو بەردەوام لە تووڕەیی بەرپرسەکەی ئەترسا، ئەگەر بە ڕاستی کارەکەیشی بێخەوش بوایەت. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە سەرۆک لە ڕاستیدا بۆ ئەنجامی دوو کار بەسترابوو بەوەوە، یەکیان کاری خۆی و یەکیان کاری جان.

باشترین ڕێگە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ دەبەنگی گڕدار ئەوەیە تا ڕادەی پێویست لێیان نزیک نەبینەوە! ئەگەر ئەوە نەلوێ، ئەو ڕەفتارەی جان فێری بووە باشترین ڕێگەیە: ڕەفتار بەوپەڕی پارەێزەوە.

چاوەڕێی ئەوە مەبن ئەوانە کۆڵ بدەن، پیر ببن و خۆبەخۆ چەک ببن. ئەم کەسانە بنە و بەرخۆدانێکی سامناکیان هەیە. ژانەسەر و برینی گەدە ناگرن، بەڵکوو خۆیان بەدیهێنەری ئەم نەخۆشیانەن! وا پێئەچێ ئەوانە ئەوەندە گیانسەختن دەربارەیان وتراوە: «خوا خۆشی لێیان نایەت و شەیتانیش ئەترسێ زۆر لێیان نزیک بکەوێتەوە.» و ئێمە کەوتووینەتە ناو چنگیانەوە.


پلەیەک لە دەبەنگی گڕدار خوارتر و کەمزیانتر، **دەبەنگی تاوتاوە** situational asshole. ئەم دەبەنگانە وەک سروەیەک وان

لە ڕۆژێکی گەرم و لینجدا کە بە زۆری دڵپەسەندن، بەڵام لەپڕ وەها هەڵئەکەن کە کڵاوی سەری مرۆڤ ئەڕفێنن. ئەوانە ئەتوانن دراوسێ و هاوکاری زۆر باش بن، ئەزانن بە چ شێوەیەک دەستئاوەڵە و مێهرەبان و شیانست و یارمەتیدەر بن؛ هەڵبەت ئەگەر بیانەوێ و بەسوودیان بێ. دەبەنگی ئەوان کاتێک ئەهەژێ، کە هان بدرێن یان بکەونە بن گوشاری زۆرەوە، ئەوسایە فیشقە ئەکەن؛ بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا وەک کەسانی ئاسایی خۆیا ئەکەن.

ئێدیس[١٠٧] یەکێک لە نموونە کلاسیکەکانی ئەم چەشنە دەبەنگییە بوو. دایکێکی جەوان بوو کە ئەیتوانی بەرگەی گوشار بگرێ و لە هەر هەلومەرجێکدا بە شێوەیەکی شیاو ئەرکی دایکێتی ئەنجام بدات. ئەو منداڵەکانی بەوپەڕی ناز و نەوازشتەوە گەورە کردبوو، بەڵام ڕۆژێک لەپڕ ئەو ڕووەکەی تری دەرکەوت. ئێدیس سێ جار بە منداڵەکانی وتبوو لەیستۆکەکانیان کۆ بکەنەوە، بەڵام، چارەکێک دواتر چوو بۆ ژوورەکەیان، بینی لەیستۆک هێشتاش لەو ناوە کەوتووە. بۆیە هەموویانی کۆ کردەوە و خستنیە ناو چەند کارتۆن و پاشان لە بەرچاوی خودی منداڵەکان هەمووی بەخشی بە دامەزراوی لەشکری ڕزگاری[١٠٨]. هەر بە مەبەست منداڵەکانیشی

١٠٧ـ Edith

١٠٨ـ لەشکری ڕزگاری: Salvation Army کلیسایەکی مەسیحی و ڕێکخراوێکی خێرخوازی جیهانییە، زیاتر لە ١,٧ ملیۆن ئەندامی هەیە. تەلارێکی سەربازیی هەیە و ئامانجی کۆمەگکردنە بە نەهێشتنی برسێتی. لە ١٣٢ وڵات لقی هەیە. فرۆشگەی خێرخوازی هەیە، پەناگە بۆ لێقەوماوان ساز ئەکات و یارمەتی




ناچار کرد جوان سەیر بکەن، چۆن هەموو لەیستۆکە نازەنینەکانی ئەوان ئەبەخشێ. منالْ چوار ڕۆژی ڕەبەق گریان، بەڵام ئێدیس هەر نەشی خستە خۆی. ئینجا بە منالّەکانی وت ئەگەر لەیستۆکی تازەیان ئەوێ ئەبێ خۆیان پارە کۆ بکەنەوە؛ لەکاتێکدا تاکو ئێستا کەس نەی بینیوە منالّی سێ سالان داهاتی هەبێ کە کۆی بکاتەوە و لەیستۆکی پێ بکڕی!


ڕامترین جۆری دەبەنگ، **دەبەنگی نەرمەبڕن**[۱۰۹] sissy asshole، هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە ئەم چەشنە دەبەنگانە لەوانی تر کەم مەترسیدارترن، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە ئەمانە زۆر بەرچاو ناکەون. بە بینینی کاردانەوەی کۆمەڵگە سەبارەت بە دەبەنگی گڕدار، دەبەنگی نەرمەبڕ لای باشترە خۆی لە پشت دەمامکی مێهرەبانی و خەمساریدا حەشار بدات، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو ئەزانن چ کات ئەو خەنجەرە لە کالان دەربکێشن و بەبێ ئەوەی کەس هەست پێ بکات، کاری خۆیان بکەن.

دەبەنگی نەرمەبڕ، وەکوو بایەکی دوای نیوەڕۆیەکی بەهاری وایە. لەو چەشنە شنەی هەرچەند دڵخواز و بلاوێنە، بەڵام نەرمە نەرمە مرۆڤ تووشی وەها هەلامەتێک ئەکات نیوەی هاوین لە کۆڵی نەبێتەوە.

---

ولاّتانی پەرەئەستێن ئەدات.

۱۰۹ـ نەرمەبڕ: sissy ئاڤابنکایێ، ئاوری بنکا، بوغزلەزگ، سەرەسۆدرە، لەبنەوەبڕ، مامزووک.






بۆی هەیە یەکێک لە ناو کۆمەڵێک دەبەنگی نەرمەبڕدا بژی و هەست بە دەبەنگی ئەوان نەکات. لە ڕواڵەتدا، ئەمانە بەخشندە و مێهرەبان و زمانباز و دڵئاوەڵە و تەنانەت ڕەنگە پەرسداریش خۆیا ئەکەن. بەڵام هەموو ئەم ئەدگارانە لە ڕاستیدا گەمەی مەشقکراون بۆ فریودان و بۆ ڕاکێشانی متمانەی خەڵکی و لە پشت ئەم کارانەوە، خەریکی هەمان شێوە و شێوازی ئاسایی دەبەنگەکانن.

دەبەنگی نەرمەبڕ، بە زۆری وەکوو سستوجنگز[١١٠] ڕەفتار ئەکەن. ئەوان زۆرترین زیانیان لە ڕێگەی کەمتەرخەمی و گوێنەدانەوە ئەگەیەنن، واتە بە جۆرێک لە کاری ئاسایی و ئەرکیاندا هەڵە ئەکەن کە زیانەکەی بە ئێوە بگات. لەولایشەوە، وەها دڵ بۆ ئێوە ئەسووتێنن وەک بڵێی دایکە ترێزان[١١١]، بەو

١١٠ـ سستوجنگز: Passive-aggressive behavior ڕەفتاری سستوجنگز چەشنێک دەربڕینی ناڕاستەوخۆی دوژمنایەتییە، بۆ وێنە بە شێوەی کەمتەرخەمی، توانج، سەرشەقی، مۆنی، ئەنجام نەدانی ئەرک، درەنگ و زوو چوون پیشانی ئەدەن. ناوەندی ناسین و هەژماری ناسازی دەروونی DSM بەم شێوە ڕەفتاری سستوجنگز پێناسە ئەکات: «کۆی ئەو دارەتە نەرێنی و بەرهەڵستییە ناچالاکانەیە سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی ئەرک و چالاکی پێویست، لە بواری کۆمەڵایەتی و پیشەییدا.»

١١١ـ دایکە ترێزا: Mother Theresa (١٩١٠ـ١٩٩٧) یان ئەگنس گۆک بژازین، ساڵی ١٩١٠ لە مەکەدۆنییە لەدایک بوو. پاشتر بوو بە ئەندامی دەستەیەک بە ناوی «خوشکانی لۆرتۆ» و نازناوی دایکە ترێزای هەڵبژارد و وردەوردە بە کاری باشە ناوبانگی دەرکرد. ساڵی ١٩٣٩ بۆ بانگەشەی مەسیحی چوو بۆ هێند و کەوتە خزمەتی هەژاران. ساڵی ١٩٧٩ خەڵاتی نۆبێلی مرۆڤدۆستی پێدرا.

جیاوازییەوە کە هیچ یارمەتییەک ناکەن.

دکتۆر ڕۆید لە پەرتووکی «دەبەنگەکان لە نێوان ئێمەدا» ئەنووسێ: «زیانگەیاندنی دەبەنگەکان بە شێوەی خۆڕسک و خودکارە. ئەوان بۆ ئەم کارە پێویستیان بەوە نییە درۆ بکەن، فێڵبازی بکەن، تووڕە ببن و گەنگەشە ساز بکەن؛ بەڵکوو لە دۆخی قەیرانیدا بەجێتان ئەهێڵن، سەرنج و ئەندێشەتان لە کار و ئەرکی سەرشانتان تێک ئەدەن و ئەوەندەی ئێوە سەردەنشت ئەکرێن، ئەوان بە ئامانجی خۆیان گەیشتوون.»

دەبەنگی نەرمەبڕ، دوو جۆری سەرەکین: **ڕووخۆش** و **ڕووتاڵ**. دەبەنگبوون بە شێوەی نەرمەبڕی ڕووخۆش، بۆ خۆی بە هونەرێک دائەنرێ. ئەم دەبەنگانە لە لای ئێوە ڕووخۆش و زمانلووسن. هەندێ جار ئەوەندە شیرینزمانی ئەکەن مرۆڤ ئەڵێ، ئەم دیاردەیە ئەوەندە بێخەوشە، لەوە ناچێ ڕاست بێ! ئەم کەسانە خۆیان بە هۆگری هەموو ئەو شتانە پیشان ئەدەن لە فەراگەردی ئێوە ڕوو ئەدات و لە هەر ناکامییەکی ئێوە باهێر و پەژارەمەند ئەبن. هەڵبەت ئەمە تەنها ڕواڵەتی ڕووداوەکەیە و ڕاستییەکەی ئەوەیە لە هەر شکست و ناکامییەکی ئێوە شادمان ئەبن؛ بەڵام بەم شێواز و ڕۆڵ نواندنە وەکوو هاوڕێی هاودەرد، وردەوردە ئەتانکەن بە مرۆڤێکی دڵناسک و خەمۆک کە بۆ هەموو شتێک ئەکەونە گریان، هەر لە ئاوازی باڵندەوە تا شەلینی قالۆنچەیەک لە گەرماو. کۆتاییەکەی بەوپەڕی لاوازی بگەن و بۆ ڕاوێژ و ڕێنموونی لە هەر کارێکدا نیازمەند و ئاتاجی ئەوان ببن.

دەبەنگی ڕووخۆش، بە زۆری لە شوێنانی ئایینی ئەبینرێن. قەشەیەک بە ناوی باب، سەربردەی خوارەوەی لە کۆبوونەوەیەکی

**چارەسەری بەکۆمەڵدا گێڕایەوە:**

دوای نیوەڕۆیەک بڕیار وابوو باب کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئەندامانی کلیسا بەڕێوە ببات، بەڵام لە دواین ساتەکاندا، بانگ کرا بۆ ناوەندی کڕینی سەرەکی شار تا لە کۆبوونەوەیەکدا بەشداری بکات، کە کاردیناڵ بۆ دوان سەبارەت بە لانەوازان پێکی هێنابوو. باب، جێگرەکەی کارۆلین تیتزووۆرسی[١١٢] لە شوێنی خۆی نارد بۆ کۆبوونەوەی ئەندامانی کلیسا. یەکێک لە ئامادەبوان لە کۆبوونەوە، بۆ جاری دووەم سەبارەت بە نەبوونی باب ڕەخنەی گرت. وەڵامی تیتزووۆرسی هەمان بوو کە دەبەنگێکی نەرمەبڕ ئەیداتەوە: «ئێمە ئەبێ نزا بکەین، باب لەو ڕێگەی گرتوویەتەبەر بگەڕێتەوە.»

باب ڕۆژی دواتر ئەو توانجەی بیستەوە. کاتێک بە کارۆلینی وت، بۆ وای وتووە، ئەو بزەیەکی کرد و بەدەم داوای لێبوردنەوە وتی: مەبەستێکی خراپی نەبووە و بابەتەکە خراپ گێڕدراوەتەوە. ئەو بە ڕووی خۆشەوە وتی: «ـ من وتم نزا بکەین کە تۆ زووتر لەوێ بگەڕێتەوە و بێیتەوە ناو ئێمە.»

ئەو توێژاڵە شیرین و دڵپەسەندەی فێڵەکانی ئەم چەشنە دەبەنگەی پێ دائەپۆشێنرێ، ئەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین بە ئاسانی ئەم چەشنە دەبەنگە بخەینە ناو تەڵەوە، ئینجا ئەگەر بشتوانین بیانگرین ئەوەندە زمانبازی ئەکەن تا سەرەنجام بۆینمان ئەکەن تێگەیشتنێکی هەڵە ڕووی داوە.

جۆری دووەم **دەبەنگی ڕووتاڵە** کە وەکوو ئەو پشیلەماڵیانە وانە تا ئەو کاتەی لە کۆشی خاوەنەکەیاندان زۆر دۆستانە

١١٢ـ Rev. Caroline Tittsworthy

و کتکاڵەن[١١٣] و تەنها مرخەیان دێ، بەڵام ئەوەندەی پایان گەیشتە حەوشەی چۆڵ ئەبن بە دڕندەی خوێنڕێژ. لە ڕوانگەی ئەم جووتکەسایەتییە، بە ڕاستی هەژەندن و مرۆڤ بە خۆی ئەڵێ ئەو بوونەوەرە ژیکەڵانەیە چۆن ئەتوانێ ئاوەها دڕندە بێ؟!

ئەم دەبەنگانە سەبارەت بە هەرکەس کە شادتر، سەرکەوتووتر و بەهرەمەندتر لە خۆیان بن، ئێرەیی ئەکەن. لە ئەنجامدا لە پشت ڕواڵەتی ئارامیاندا وەکوو مەنجەڵ ئەکوڵێن و لە نانەوەی هەرچەنە دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە خۆ نابوێرن. بەڕواڵەت هەمیشە بە دوای یەکگرتوویی خێزان و لە دەوری یەک کۆبوونەوەی خێزانن. بەڵام لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی داڕێژراو و زیرەکانە وەها بۆ خستنەوەی تۆوی ناکۆکی و ژەهراویکردنی کەشی خێزان سوود وەرئەگرن کە برا دژی خوشک و باوک دژی فرزەند و مام دژی برازا هەڵوێست بگرێت و هەموو ببن بە دوژمنی یەک.

ئەوان لە بەرگی خەباتگێڕانی ڕەوشت و داوێنپاکی دەرئەکەون و بە زۆری لەسەر پرسگری بچووک و کەمبایەخ ئەوەستنەوە. لەم ڕووەوە، سەرچاوەیەکی پشتەملە و بوختان هەڵبەستنن و هەرچەند بە هۆی ناڕەوشتی بوونی بوختانەوە، هەرگیز پەژێرەی ناکەن کە خەریکی بوختانن، بەڵام هەمیشە لە بەرچاوی هەموواندا بە ئابڕوو و ڕوومەتی خەڵکی یاری ئەکەن.

وەک زۆربەی ڕەوشتگەرایان و داکۆکیکەرانی ڕەوشت و پاکداوێنی، دەبەنگی نەرمەبڕی ڕووتاڵ بە زۆری خۆیان گیڤ ئەکەنەوە وەک بڵێی پەیکەری ڕەوشتی پاکیزەن، بەڵام ئەم

١١٣ ـ کتکاڵە: cute خانخانی، دڵگر، دەلال، ژیکەڵە، نازدار، نازنازی، نازەنین.

ژێستانە جگە لە فریودان و دەلەسە نییە. کەڵکەڵەی فراوانی ئەوان بۆ دۆزینەوە و، با بڵێین ڕاستکردنەوەی هەڵەی خەڵکی، لە ڕاستیدا ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی سەرنجی خەڵکی لەسەر هەڵە و کێماسییەکانی خۆیان.

ئەگەر بەرژەوەندی ئەم چەشنە دەبەنگە پێویست بکات، چەندین کاتژمێر وتاری ڕەوانبێژانە سەبارەت بە خاکەڕایی و مرۆڤایەتی و بەخشین ئەدەن، بەڵام ببڕای ببڕای تەنها یەکجار داوای بەخشین لەم کەسە بکرێت؛ ئەوسایە کە واتایەکی تر بۆ وشەی بەخشین سەرهەڵئەدات؛ واتای وەکوو تەوس و جنێو و هاتوهاوار!

تێکۆشان بۆ پۆلێن و جیاکردنەوەی نهێمی دەبەنگی نابێ ببێتە هۆی ئەوەی هیچکام لەوانە بە کەم بگرین، یان وای دابنێین دەبەنگێک لە یەک کەوشەنی دیاریکراودا هەڵسوکەوت ئەکات. تەنانەت دەبەنگێکی گڕداریش کاتێک پیشەیەکی باش و خێزانێکی گەروگوڕی هەیە، ماوەیەکی دوورودرێژ وەک مرۆڤێکی سەلار هەڵسوکەوت ئەکات و ئەچێتە پۆلی «دەبەنگی تاوتاو»ەوە. ئەگەر دەبەنگێکی نەرمەبڕی ڕووخۆشیش ماندوو بێ یان دڵەڕاوکەی تووش ببێ، بۆی هەیە ببێ بە جۆری دەبەنگی نەرمەبڕی ڕووتاڵ.

لەولایشەوە، لێدوان لەمەڕ ڕادەی توندوتیژی زۆر گرنگە، چونکە لێکۆڵینەوە پیشانی ئەدات کاتێک مەردمی ئاسایی وشەی «دەبەنگ» ئەبیستن، تەنها دەبەنگی ئاگردار لە بەرچاویان وێنا ئەبێ. هەر ئەم لایەنە، ئەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانن دەبەنگی تاوتاو و نەرمەبڕ بناسنەوە. جگە لەوەش بۆی هەیە، هەندێ کەس بە هۆی لە بەرچاونەگرتنی پارامێتری نهێمی دەبەنگیەوە لەوە تێنەگەن کە

خۆیشیان دەبەنگن، گریمان دەبەنگی ئاگرداریش نەبن.

جا تۆ، چ لە ڕووی مەراقی تایبەتی لەمەڕ دەبەنگی لێکۆڵینەوە ئەکەیت و چ ئەوەی لە خولی چارەسەر دای، تێگەیشتن لەم ڕاستییە زۆر گرنگە کە هەموو دەبەنگەکان شێوە و شێوازی چوون یەکیان نییە. ئامانج و تەلاری گشتی کەسایەتییان وەکوو یەکە، بەڵام بۆی هەیە ئامراز و کەرەستە و شێوازی گەیشتن بە ئامانجیان بەتێکڕا پێکەوە جیاواز بێ.

ڕەنگە ئەم خاڵانە بەڕواڵەت گرنگ خۆیا نەکەن، بەڵام ئەگەر نەتوانین دەبەنگی پۆلێن بکەین، هەرگیز ناتوانین بە باشی و بنەڕەتی چارەسەری بکەین. بە گوتەی یەکێک لە دەبەنگەکان: «ئەگەر بەشێک لە چارەسەر نیت، مسۆگەر بەشێکی لە کێشەکە.» تەنها یەک دەبەنگی خولی چارەسەر ئەزانێ ئەم گوتەیە واتای چییە.

## ڕاهێنان:


١ـ تۆ چ جۆرە دەبەنگێکی؟

٢ـ ئایە تاکوو ئێستە لە دەستی دەبەنگێکی گڕدار وەزاڵە هاتووی؟

٢ـ ئەگەر دەبەنگێکی گڕدار لەگەڵ دەبەنگێکی نەرمەبڕی ڕووتاڵ هاوسەرگیری بکات، مناڵەکەیان چ جۆرە دەبەنگێکی لێدەرئەچێ؟

# بەشی دووەم

# جۆرەکانی دەبەنگ


ڕەبەنگ
دەبەنگی گڕدار
دەبەنگی تاوتاو
دەبەنگی نەرمەبڕ
دەبەنگی نەرمەبڕی ڕووخۆش
دەبەنگی نەرمەبڕی ڕووتاڵ

# VI - بەشی دووەم

## دەبەنگی ڕەمەکی

**هەندێ جار نیوەشەو لە خەو دائەچڵەکم و بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە لە خۆم ئەپرسم: ئایە دەبەنگەکانیش لە هەمان چاخدا کە مرۆڤەکانی تر گەشەیان کرد، لەسەر ئەم هەسارەیە ئەژیان؟ یان لە هەسارەیەکی تری وەکوو ئۆرانووسەوە هاتوون؟**

ئێریکا، گۆری دەبەنگی خێزانی

نەخۆشی دەبەنگی لە ڕەهەندی فەرهەنگییەوە جۆری زۆری هەیە. بەداخەوە لە هەموو سەرچاوە و ناوەندە فەرمییەکان تەنها لەمەڕ دەبەنگی گرِدار ئەدوێن و، تازە ئەم جۆرە دەبەنگەش لە دیارترین نموونە و دۆخی وەکوو کار، نارِەزایەتی شارستانی، دەوڵەت و بیروباوەڕدا پێناسەکراون و لێیان کۆڵراوەتەوە. هەڵبەت ئەم نموونانەش گرنگن و سەبارەت بەوانە لە بەشەکانی دواتردا ئەدوێین؛ بەڵام نابێ بەم بیانووە، **دەبەنگی ڕەمەکی** لەبیر بکەین کە زۆر بەرچاو ناکەون. ئەمانە هەمان دەبەنگی ئاساییی لە سەر شۆستە و سەر شەقام و بەرسینەما و میوانی خێزانین و تەنانەت لە سەر سیسەمەکەشمان بە ئاسانی دەست ئەکەون.

هەڵبەت هەندێ جار ناسینەوەی دەبەنگی ڕەمەکی لە کەسانی

ئاسایی زۆر دژوارە، هەرچەند هەموو تایبەتمەندییە ئاساییەکانی دەبەنگەکانیان تێدایە و پیشانی ئەدەن. یەکەم هۆکاری ئەم پرسگرە ئەوەیە ئەوان بە زیرەکیەکی زۆر وەکوو کەسانی ئاسایی هەڵسوکەوت ئەکەن و ئێمەش بڕوایان پێ ئەکەین. ئەوان تەڕدەستانە خۆیان لە پشت داب و نەریتی کۆمەڵایەتیدا ئەشارنەوە و زیرەکانە تێئەکۆشن تا بۆینمان بکەن هەرچەند جۆرێکی تایبەتن، بەڵام کارەکانیان زۆر لە هیی ئەوانیتر خراپتر نییە.

مژاری سۆزاوی و بەهرەیان لە بەکارهێنانی هەستی خەڵکیدا، لە نەناسینەوە و ئاشکراکردنی دەبەنگی ڕەمەکیدا ناکاریگەر نییە. بۆ وێنە:

١ـ بۆی هەیە خزم و کەس بن و هەر لەبەر ئەمەش ئامادە نەبین پەژێرەی دەبەنگ بوونیان بکەین. جگە لەوەش کەم کەس هەیە ئامادە بێ بە ئاسانی پەژێرەی ئەوە بکات، دایکی خۆی دەبەنگێکی هێناوەتە ئەم جیهانەوە.

٢ـ بۆی هەیە ئەوانەمان وەک باشترین دۆستی خۆمان هەڵبژاردبێ و لەم ڕووەوە، پەژێرەی ئەم هەڵەی ڕووی داوە، زۆر ئاسان نییە. هیچکەس پێی خۆش نییە بگاتە ئەو ئەنجامەی هاوسەرگیری لەگەڵ دەبەنگێک کردووە؛ چونکە ئەم مژارە ددانتان بەو هەڵە و هەڵەشەییەشدا ئەگرێتەوە کە خۆی لە هەڵبژاردنی هاوسەردا کردوویەتی.

٣ـ ڕەنگە ئێمە بە دەگمەن ڕووبەڕووی ئەم کەسانە ببینەوە. ئەگەر خۆمان دەبەنگ نەبین، زۆر حەز ناکەین بە یەک دوو نموونە، بڕیاری ئەوە بدەین گوایە خزمەتکاری فلانە ڕیستۆرانت

دەبەنگە. ئێمە بە زۆری پێمان باشە نیوەی پڕی پەرداخەکە ببینین.

٤ــ پێمان خۆشە وای دابنێین زۆربەی مەردم ئاسایی و پێژنن. هەڵبەت تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە دەری ئەخەن زۆربەی مەردم دەبەنگن، بەڵام ئەو بۆچوونە، کە ئێمە لە دارەتی گەشەکردن داین و چەشنی مرۆڤ ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەیموون بوون، لە ئەندێشەی زۆر کەسدا چەسپاوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، زۆر جار ڕووی داوە، ئێمە بە مسۆگەری بڕیار ئەدەین کەسێک دەبەنگە. بۆ وێنە: پووری تۆ دەبەنگێکی دارماڵە، پسمامی من دەبەنگە، فەرمانبەری بەڕێوەبەرێتی پۆست دەبەنگێکی نەرمەبڕی ڕووتاڵە، مامۆستای کوڕەکەمان دەبەنگێکی نەرمەبڕی ڕووخۆشە، چاودێری سینەمای سەرشەقام دەبەنگێکی تاوتاوە (جارێکیان ساڵی پێشوو لە سینەما بووم، دەنگی ئاخافتن ئەهات و لەبەر ئەوەی چاودێر لای وابوو منم قسە ئەکەم، کردمییە دەرەوە. بەڵام پاشتر زانی هەڵەی کردووە، بلیتی خۆڕایی بۆ ناردم)...

تۆژینەوی من دەری ئەخات کۆڕ و کۆمەڵی خێزان باشترین هەلومەرج بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی دەبەنگی بەدی ئەهێنێ. بەتایبەت لەو میوانیانەی کۆمەڵێک پوور و مەتی و خاڵۆ و مامە و دایەگەورە و باوەگەورە و مناڵانی خێزان پێکەوە کۆ ئەبنەوە بۆ ئەوەی لە پاش بیستوپێنج ساڵ یەکدی ببیننەوە. بە زۆری ئەم میوانیانە بەرەنجامی بڕیاری یەک یان دوو دەبەنگی بێکارەیە، کە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە، دەمێکەیە خێزان پێکەوە کۆ نەبوونەتەوە ئەبێ خڕیان بکەنەوە. هەموویان ئەوە ئەزانن بنەماڵە بۆچی

ئەو هەموو ساڵە لە گردی یەک کۆنەبوونەتەوە. بەڵام کەس جەربەزەی ئەوەی نییە ئاماژە بەو هۆکارە بدات؛ بۆیە حەفتا، هەشتا کەس کە هیچ شتێکی هاوبەشیان نییە، جگە نەفرەت لە یەکدی، پشوویەکی جەخاراوی لە تەنیشت یەکەوە ئەگوزەرێنن، تەنها بۆ ئەوەی دوو دەبەنگی گڕدار زیاتر هەست بە دەسەڵات و زاڵبوون بکەن.

نموونەیەکی سادەتر لەم شانۆنامەیە، لە بۆنەی فەرمیتری وەکوو جەژنی لەدایکبوون و جەژنی سەری ساڵی تازەدا بەڕێوە ئەچێ. کەسێک کە زۆری حەز لە کۆلکە و بنەچەی خۆی هەیە، جەژنی لەدایکبوون بۆ باوک و دایکی ئەگرێ و چاوەڕێیە هەموو ئەندامانی بنەماڵەیش، بە شێوەیەکی شیاو سەرنج بدەنە ئەم ڕووداوە گرنگ و مێژووییە، تەنانەت ئەگەر بە نرخی فڕین بە فڕۆکە لە مەڵبەندێکەوە بۆ مەڵبەندێکی تر بووبێ، بۆ بەشداریکردن لەم ئاهەنگەدا. هیچ بیانوو و پاکانە و بیانوویەک (بە تایبەت لەمەڕ کار و گرفتاری زۆر) پەسەند نییە و ئەگەر کەسێکیش بوێری ئەو کارە بکات، ئەوا خاوەن میوانی لە چەند کاتی جیاوازدا بە دەنگی بەرز ئاه هەڵئەکێشێ و ئەڵێ: «ئای... چەند پێم خۆش بوو فلانیش (واتە خودی ئێوە) لەوێ بوایەت.»

ئەمانە نموونەی کلاسیکی دەبەنگین. ئەو دەبەنگەی میوانی وەها ساز ئەکات، بە ئاماژەکردن بە چاکەی خەڵکی و ناچارکردنیان بە ئەنجامی ئەو کارانەی کە چاکە و بەرژەوەندی ئەوانی تێدا ئەبینێ، لە ڕاستیدا بۆ چەسپاندن و بەهێزکردنی پلە و باڵادەستی خۆی تێئەکۆشێ.

ئەگەر زمانی خۆش بەس نەبێ، بە خێرایی ئەچنە قۆناخی

هەڕەشە و تۆقاندن. بۆ وێنە ئەندامانی بنەماڵە هان ئەدەن بە تەلەفون، ئێوە بخەنە بن گوشارەوە. با بڵێین، دەبەنگێک بەم شێوەیە ناچارت ئەکات لە جەژنی لەدایکبوونی باوکیدا بەشداری بکەیت. پاشان ناچارت ئەکات، لەگەڵ هەموو بەشداران هەموو پارەکانتان بخەنە سەریەک، تا دیارییەکی گرانبایی بۆ پیرەمێردێک بکڕن کە هەتاوی ژیانی خەریکە دائەچێ؛ ئەو دیارییەی نە تۆ هەرگیز هەڵی ئەبژێری و، نە پیرەمێرد هەرگیز بەکاری ئەهێنێ. لەگەڵ ئەوەش ناچاری بزیەک بکەیت و بەشێکی بەرچاو لە مووچەی بێزمانت وەک دانگی خۆت بدەیت، ئەگینا لە لایەن هەموو ئەوانەوە کە لە کڕینی ئەو دیارییە مەزن، بەڵام بێکەڵکەدا بەشدارییان هەیە، ئەکەویتە بەر تەوس و توانج. تەنانەت ئەگەر خۆیشت دیارییەکی تایبەتت کڕیبێ!

لە میوانییەکی وەهادا تەنها یەک ئامانج لە بەرچاوە: کەسێک بە بیانووی داب و نەریت، بە دوای ئەوەوەیە دەسەڵاتی خۆی بۆ کاریگەری لەسەر ئەندامانی بنەماڵەیەکی گەورە پەرە پێ بدات. زۆری پێناچێ تاکەتاکەی ئەندامانی بنەماڵە بۆیان دەرئەکەوێ هەموو ئەم کارانە ڕیشەی لە دەبەنگی دایە، بەڵام زۆر کەمیان بۆ ڕێگەگرتن لەم گەمە و وەستان لە بەرامبەر ئەم دەبەنگە ڕەمەکیانەدا هەڵوێست وەرئەگرن. ڕاستییەکەی ئەوەیە زۆر لەم دەبەنگە ڕەمەکیانە بە نزای ئەوانەی بوون بە نێچیری ئەوان، پێشیش ئەکەون.

لە ڕاستیدا سەرەڕای هەموو ئەم تایبەتمەندییە گشتیانەی دەبەنگی، لە ڕەفتار و کردەوەی دەبەنگی ڕەمەکیدا ئەبینرێ، ئەم چەشنە دەبەنگییە، بە دەسەڵاتەوە درێژە بە ژیانی خۆی

ئەدات بەو هۆیەوە کە گۆرییەکانی دەبەنگی ڕەمەکی بە واز و پێخۆشبوونەوە هەلومەرجەکە ئەسەپێنن. هەڵبەت ئەم لایەنەی کە زۆربەی ئەم کەسانە ئامادە نین، پەژێرە بکەن تووشی نەخۆشی دەبەنگی بوون، کاریگەری کەم نییە. پرسگرێک کە تا ڕادەیەک ئەتوانین تێی بگەین، چونکە زۆربەی زۆری کەسانی ئاسایی حەزیان لەوە نییە خۆیان تووشی ژانەسەر بکەن. بەرەنجامی هەموو ئەمانە ئەوەیە کە دەبەنگی ئەم دەبەنگانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێشەدارتر ئەبێت و پلە و دۆخی ئەوان زیاتر ئەچەسپێ.

لە هەموو ئەم ماوەیەدا، ئەم دەبەنگانە بە پسپۆڕییەکی تایبەتی ڕێسای دوو ڕەهەندی و سێ ڕەهەندی بەکار ئەهێنن تا هەموو گێژ و هێدمە بکەن. ڕەفتاری وایان لەگەڵ خەڵکی هەیە، هەرگیز ناتوانن ئەو ڕەفتارە لە لەیەن خەڵکییەوە پەژێرە بکەن. ئەوان ڕێسا و تازیاری تایبەت بۆ خۆیان دائەڕێژن و، لە هەمان کاتدا خۆیان ڕێگە لە خەڵکی ئەگرن سوود لەو تازایارانە وەربگرن.

زۆریش گرنگە ئەم بیرە پووچە لە مێشکمان بکەینە دەرەوە کە مەرگ بتوانێ دەبەنگێکمان لەکۆڵ بکاتەوە. ئەم جۆرە کەسانە بەر لە هەموو شت ئامادە نین دەست لەم جیهانە دابشۆرن و ئەگەر لە کۆتاییدا ناچاریش ببن ئەم جیهانە بەجێ بهێڵن، لە پاش مەرگیش، دەستتان لە کۆڵ ناکەنەوە. پرۆتێلا وۆرسینگتۆن[١١٤] گۆڕهەڵکەنێکی بە ناوبانگی ئینگلیزی لە پەرتووکی «شەست ساڵ لە نێوان مردووەکاندا» ئەڵێ: دەبەنگەکان تەنانەت لە پاش مردنیشیان بە دەبەنگی ئەمێننەوە. ئەوان لە زۆربەی کاتەکاندا،

١١٤- Prutella Worthington

لە پاش مردنیشیان لە پەژێرەکردنی ڕاستەقینە نکۆڵی ئەکەن و ئەقیژێنن بەسەر خزمانی زیندوویاندا (کە خۆشبەختانە) لەوە زیاتر ناتوانن دەنگی ببیستن.

من خۆم مامێکم هەبوو لەو چەشنە بوو. ئەو بە زۆری کاتی نالەبار وەکوو گیانێکی نە زۆر سەرگەردان دەرئەکەوت و هەموو جار کە ئەگەڕایەوە، بەشێک لە جەستەی خۆی لەدەست ئەدا. دوا جار کە گەڕایەوە هەموو شتێکی لەدەست دابوو؛ بەڵام تەنها دەبەنگییەکەی بۆ مابوویەوە.

هیچ بەڵایەک لە دەبەنگیماڵوێرانکەرتر نییە.

## ڕاهێنان:

١ــ لە ناو خزماندا چەند دەبەنگکت پێ شک دێ؟ ئەی لە ناو خزم و کەسوکاردا؟ تایبەتمەندییان چییە؟

٢ــ چەندبەچەند دۆستی دەبەنگ هەڵئەبژێری؟ ئەمە نیشانەی چییە کە تۆ دۆستی لەم چەشنە هەڵئەبژێری؟

غەزەلنووس

# بەشی دووەم - VII

## دەبەنگی بازرگانی

**«دڵێکی گەورەم هەیە، بەو ئەندازەیەی کە هەموو ئەسکەناسەکانی جیهان تێیدا جێگەیان ئەبێتەوە.»**
بێربارد گرۆفشتاین[١١٥]، دەبەنگێکی بن چارەسەر

پیشەسازی، بازرگانی و پیشەگەری، ئەو ڕشتانەن کە دەبەنگی یەکجار زۆر بۆ لای خۆیان ڕائەکێشن؛ هۆکارەکەیشی سادەیە: دەبەنگەکان شەیدای پارە و دەسەڵات و کێبەرکێن:

- **بەرزەفڕی** لە بازرگانیدا پەیوەندی بە شەیدایی دەبەنگەکان هەیە سەبارەت بە پارە.
- **بەڕێوەبەرێتی**، ئەبێ بە ئامرازێک بەدەستی دەبەنگەکانەوە تا لە دەسەڵات و هەژەتەکان[١١٦] بە قازانجی خۆیان سوود وەربگرن،
- **کێبەرکێ**، ئەبێ بە سەرپۆشێکی لەبار بۆ وێرانگەری، کە خۆی بەشێکی مسۆگەری دەبەنگییە.

لە ڕاستیدا، مێژووی بازرگانی تەژی دەبەنگەکانە. لە گۆڕەکانی فێرعەونەکانی میسری، تۆماری پاپیرۆسی وەها

١١٥ـ Bernard Groffstein

١١٦ـ هەژەت: gadget ئامراز، ئامێر، کەرەستە [ع] اداة [N] duppeditt [د] وسایل.

دۆزراوەتەوە، ناونیشانی وەکوو ئەمانەی پێوە ئەبینرێ:

**سەرکەوتن بە کۆمەڵکوژی**(١١٧)،

**دەبەنگی یەک خولەکی**(١١٨).

لە دەقێکی تری کەونارا بە ناوی «مەرجەکانی بەڕێوەبەرێتی چەنگیزخان»(١١٩) چوار قۆناغی بۆ گەیشتن بە پلەی «ئیلخانی دەبەنگەکان» ناو بردووە:

١. **هەموو نهێنییەکان تیابەرە؛**

٢. **هەموو دەسەڵاتەکان بکە بە هی خۆت؛**

٣. **مەبەستی ڕاستەقینەی خۆت بە پەیمانی درۆ و دەلەسە لە خەڵکی بشارەوە؛**

٤. **وەها هەڵسوکەوت بکە جگە لە خۆت کەس نەزانێ چی ئەکەی.**

هەروەها ناکرێ کاریگەری هاوچەرخی دەبەنگە پارەپیسە چاوبادامییەکان لەسەر فەرهەنگی بازرگانی ڕۆژئاوا لە بەرچاو نەگرین.


بۆی هەیە دەبەنگێک لە ڕشتەی خۆیدا پسپۆڕ بێ. ئینجا دەبەنگەکان لە وەرزشی بەکۆمەڵدا هەم باش یاری ئەکەن و هەمیش یاریزانی هەمیشەیین.


---

١١٧ـ سەرکەوتن بە کۆمەڵکوژی: ئاماژەیەکی تەوساوییە بە پەرتووکی «سەرکەوتن بە تۆقاندن Winning Through Intimidation» لە بواری بەڕێوەبەرێتی بازرگانی، نووسینی ڕۆبێرت جەی ڕینگز.

١١٨ـ دەبەنگی یەک خولەکی: ئەمیش هەمدیسان ئاماژەیە بە بە پەرتووکی زۆر بەناوبانگی « بەڕێوەبەری یەک خولەکی One minute manager» لەمەڕ بەڕێوەبەرێتی بازرگانی نووسینی کێن بلانچارد و سپێنسر جانسۆن.

١١٩ـ Management Hints of Genghis Khan




بۆ بازرگان و پیشەوەری ئاسایی و تەندروست، کێبەرکێ لە ئاستێکی هاندەردا سوودمەندە، بەڵام لە ڕوانگەی یەک دەبەنگی بازرگانییەوە کێبەرکێ، بەرامبەرەوە بە جەنگ و خوێنڕشتن. بە شێوەیەک خۆیان بە «ڕامبۆ»[١٢٠] ئەزانن و نهێنی شەویان «دیسان زۆرتر»ە. لە هەر کارێکدا بن، هەموو شتێکیان بۆ خۆیان ئەوێ و بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، بێبەزییانە تێئەکۆشن. لەگەڵ ئەوەش هەرگیز لە دەستکەوتەکانی خۆیان سوود وەرناگرن و لە بەرووبووی دەسترەنجی خۆیان چێژ نابینن، چونکە باش ئەزانن ئەگەر ساتێک پشوو بدەن، دەبەنگەکانی تر ئەبن بە

---

١٢٠ـ ڕامبۆ: Rambo کەسایەتی سەرەکی زنجیرەیەک فیلمی هالیوودی بوو، کە سیلڤێستر ستالۆنە یاری تێدا ئەکرد و لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا ناوبانگی دەرکرد. ڕامبۆی لەش ماسوولکە بە تاقی تەنها هەموو دوژمنە کۆمۆنیست و ئازادیخوازەکانی ئەمریکای، بۆ نموونە وەکوو ڤیەتامییەکان ئەکوشت و ئەسووتان و ئەخنکاند و کونکون ئەکرد؛ هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ستالۆنە، هەرگیز وەکوو هونەرپیێشە لە لایەن هالیوودەوە گرنگی پێنەدرا و چەند جارێکیش پاکانەیان بۆ کرد، ئەویش کاری نەکرد و هەر بە دەبەنگی مایەوە. (ئاگادار بن لەگەڵ ڕەمبۆ Rimbaud ی هۆنەر لێتان تێک نەچێت.)

ملۆزمیان و کارەکەیان لە دەست دەرئەهێنن. ئەوانە نە تەنها ئەیانەوێ بەرەندە بن و لە دوندی لوتکە ڕاوەستن، بەڵکوو تا ئەو کاتەی نەبینن خەنیمەکانیان لە بنی دۆڵەکەدا وردوخاش بوون، بۆ ساتێکیش پشوو نادەن.

لەم ڕووەوە، وا دەر ئەکەوێ، کەسانی تەندروست و ژیر، کە نیاز بە دەسەڵاتیان لە بەڕێوەبەرێتی و ڕێزلێگرتنیدا زانیوە، ئاوەزمەندانە سوودی لێ وەرئەگرن. بەڵام لە لای دەبەنگێکی بازرگانی، دەسەڵات تەنها بۆ خودپەرستی و زیاتر خۆسپاندنە. ئەم کەسانە وا ئەزانن تەنها هۆکاری هەبوونی کۆمپانیا یان دامەزراوەکەیان ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئەوان دابین بکات. خودپەرستی دەبەنگەکان یەکجار زۆرە، بەڵام خودپەسەندی دەبەنگێکی بازرگانی بە ئەندازەی کەشتییەکی ئوقیانووسگەڕە و بۆ دابینکردنی ویستیان، بە هەمان ئەندازە پێویستیان بە خزمەتکار و دەستوپێوەند هەیە. ئەم چەشنە دەبەنگە، لە هەموو جۆرەکانی تر زیاتر دەسەڵاتیان بەکار ئەهێنن، تا لە هەموو کەس تێبگەیەنن کێ سەرۆکە. کارێک کە پێویستی بە تەفروتووناکردنی کەسانی سەرەڕۆ، بەکرێگرتنی لایەنگرانی ئەرکناس، بەرەنگاربوونەوەی سەرۆکەکانی تر و گوشارهێنان بۆ بندەستانی خۆیان هەیە.

دەبەنگێکی بازرگانی، لەگەڵ فەرمانبەران و کارمەندانی خۆی وەکوو کۆیلەی ئەفریقایی لە کەشتی سەوڵداردا هەڵسووکەوت ئەکات و بۆ کڕیار و بریگرتەکانی، تەنانەت لەوەش کەمتر ڕێز دائەنێ. وەک بلێی چقڵی چاوی بن و دروشمی ڕاستەقینەی هەمیشە ئەمەیە: «هیچکات هەق بە کڕیار نییە، مەگەر ئەوەی کڕیاری خودی من بن.»

بازرگانێکی بەفرسەند، ڕوون و زوڵاڵ کار ئەکات و هیچی بۆ شاردنەوە نییە، بەڵام دەبەنگێکی بازرگانی تەنانەت لە خەویشدا ناهێڵێ کەس سەر لە کاری دەربهێنێ. لە لای ئەو، بازرگانی یارییەکی پۆکری گەورەیە و لەم ڕووەوە هەموو کارەکانی خۆت لە پشت هەورێکی درۆ و دهۆدا ئەنجام ئەدات. وەکوو ئەو کاتەی کە پۆلێکی سەربازی بەر لە هەر کارێک نارنجەکێکی دووکەڵزا ئەتەقێنن، تا لە پشت ئەو دووکەڵە خەستەوە، جووڵانەکەی لە لایەن دوژمنەوە نەبینرێ. پەرتووکی پیرۆزی ئەم چەشنە دەبەنگە، پەرتووکێکە بە ناوی هونەری دزین، نووسینی دۆناڵد کرامپ[١٢١]، کە نووسیوێتی: «ڕاستگۆیی و دروستکاری پووچ و بێواتان. بەسوودترین ڕێکار لە بازرگانیدا هەمیشە، بەڕێوەبەرایەتی جێگۆڕکێ بە ژمارەکانە. بۆچی ئەبێ بۆ بەدەستهێنانی شتێک بە سەختی و پاکی کار بکەین، لە کاتێکدا کە ئەتوانین بە ئاسانی بیدزین؟»

چارەش نییە، کاتێک کەسێک کە کێماسی توانا و لێهاتووی هەیە و سووریش بێت لەسەر ئەوەی لە کۆبوونەوەکاندا، بە هەر شێوەیەک بووە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنەکان بباتەوە، ئەبێ کێماسییەکانی بە فێڵبازی و فرەوێژی و بلۆف لێدان قەرەبوو بکاتەوە. دەبەنگی گوندەبێژ لێرەوە سەر دەرئەهێنێ. لوتکەی هونەرنەمایی گۆندەبێژ ئەو کاتەیە سەرڕشتەی گوتەی لەدەست دەرچووبێ و نەزانێ سەبارەت بە چی ئەدوێ. ئەو ئەزانێ لە زۆربەی کەشی کاردا، پۆزی بنەڕەتی هیی ئەوە و بەمجۆرە بە شێوەیەک پۆز لێئەدات وەک بڵێی هەمووشت زانە. دەبەنگی وەها لە ورووژاندنی دگەر (وڵنگەبێژی)، لە داهێنان (دزینی

١٢١ـ Donald Crump تێکدراوی ترامپ بە واتای گرمۆڵەکردن

بیرۆکەی ئەوانی تر)، هەڵسوکەوت (بزداندنی[١٢٢] ئەوانی تر)، و بەڕێوەبەرێتی (شاردنەوەی گەنکارییەکانی)دا خۆی بە پسپۆڕ پیشان ئەدات.

هەڵبەت ئەو کەسانە نانەدەریشن، بەڵام نەک بە فەرمانبەران و هاوکارانیان؛ بەڵکوو شێوەی بیرکردنەوەیان لەسەر بنەمای گەیشتن بە لوتکەی شانازی و سەرکەوتن بەبێ بەهرە و شارەزایی و ماندووبوون، بووەتە هۆی گەشەسەندنی بازرگانییەک، ساڵانە لە سەرووی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار ئەخاتە گیرفانی ئەوانەوە کە خەریکی نووسینی پەرتووک، پێشکەشکردنی سمینار و تۆمارکردنی کاسێت لەم بوارانە دان.[١٢٣]

دوا جۆری دەبەنگی بازرگانی دەبەنگی پسپۆڕە، کە پسپۆڕ و شارەزان لە دەبەنگ بووندا. ئەمانە کەسانێکن بە بیردۆزی دوورودرێژەوە، کە ئاوەزیان خوارە و پارسەنگ هەڵئەگرێ. لەو کەسانەی بڕوانامەی زلیان لە ناوەندە زانستییە جیهانییەکان هەیە و بۆ هەر ئاریشەیەک، وەڵام نەک (چارەسەر)ێکیان هەیە. دەبەنگی پسپۆڕ توانایەکی سەمەرەیان لە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی دووردرێژ و وەڕەزکەردا هەیە، کە لە وانەدا، هەژمار و سەرژمێری کەسان وبەرهەم و فرشگاکان گرنگی زیاتریان هەیە. ئەوانە هەموو پرس و کێشەکان لە ڕوانگەی

---

١٢٢- بزداندن: intimidate [بزد + ئاندن] تۆقاندن، چاولەبەرکردن، خەساندن، ترساندن، کۆڵپێدان؛ تۆقاندن و خەساندنی کەس یان کۆمەڵگەیەک بە مەبەستی ملپێکەچکردن بەو کارانەی ئەیانەوێ پێیان بکەن. ع تخویف N skremt د ترساندن. ☜ بزدراو

١٢٣- هەژماری دەهەی ١٩٩٠ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەروبەندی چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم پەرتووکەدا.

هەلومەرجی گریمانەییەوە سەیر ئەکەن، کە بە بیردۆزی ئەبسترە چارەسەر ئەکرێن.

هەڵبەت قەبارەی ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێ لە بازرگانیدا باڵایە و هەموو ساڵێک ژمارەیەک لەم دەبەنگە بازرگانیانەش جێگۆڕکێ ئەیانگرێتەوە و لە سەر شانۆ نامێنن. هەرچەند دارماڵ و بەتەواوەتی لانابرێن و نابوود ناکرێن و، پاش ماوەیەک لە ڕواڵەتێکی نوێدا سەرهەڵئەدەنەوە. لە زۆربەی نموونەکاندا، بە ناوی تازەی «**ڕاوێژکار**»ەوە دەرئەکەونەوە.

## ڕاهێنان:

١ـ بۆ کام دەبەنگی بازرگانی کار ئەکەیت؟

٢ـ لە شەش مانگی ڕابوردوودا چ چەرمەسەرییەکی بە سەر هێناویت؟ لە شەش ڕۆژی ڕابوردوودا چۆن؟ لە شەش خولەکی ڕابوردوودا چی؟

٣ـ ئایە ئەم کەسە خۆی ئەزانێ دەبەنگە؟ ئەگەر وەڵام نەرێنییە، لە نێوان هاوکارەکاندا تیروپشک بهاوێژن، هەر کەس بۆی دەرچوو، ئەو بکەن بە بەرپرسی ئەوەی تێی بگەیەنێت.

## بەشی دووەم - VIII

### دەبەنگی ئازاد

**«ئەگەر لانیکەم حەفتەی جارێک، لە چالاکییەکی کۆمەڵایەتیدا بەشداری نەکەم، خۆم بە مرۆڤێکی زیندوو هەست پێناکەم. هۆکاری ئەم چالاکییە گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە خودی نەیاری دەربڕینەکەیە کە مایەی ژیانی منە.»**

هێنریەتا براون[١٢٤]، چالاکێکی دەبەنگی بن چارەسەر

نەیاری دەربڕینی کۆمەڵایەتی، باوی ڕۆژە. پێشتر بەو جۆرە بوو کە جەماوەر خۆپیشاندانیان ئەکرد تا بە ئازادی و مافی خۆیان بگەن، بەڵام وا پێئەچێ ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر ئازادی و مافی خۆیان لە ڕێگەی نەیاری دەربڕیندا بەکار ئەهێنن. ئەوانە هەمیشە خەریکی خۆپیشاندانی کۆمەڵایەتی و دروشم دانن. دروشمدانیان لە لای خۆیان، تەنانەت لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ ئەو پرسەی دژی بوونەتەوە، گرنگرە. زۆر لە کەسان هەروا بە ئاسانی و تەنها بەو دروشمانەوە کە خۆشیان بڕوایان پێی نییە، ئەبن بە چالاکڤان؛ هەڵبەت لە ڕاستیدا ئەبن بە چالاکڤانێک لە دەبەنگیدا.

پیتەر لیلی[١٢٥] لە پەرتووکی **هاواری دەبەنگەکان**[١٢٦]، ڕیشەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دەبەنگەکان، هەر لە نەڕاندنی مرۆڤی چاخی بەردینەوە، تا بۆمبانانەوەی ئانارشیستەکانی سەدەی نۆزدە و، تا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی هەنووکە پەیگیری ئەکات. ئەو ئاگادارمان ئەکاتەوە بە ساکار چاولێکردنی ئەم بزووتنەوە نەیاریانە و، پەیوەنددانی بە مافی شارستانی جەماوەرەوە، بووەتە هۆی ئەوەی مەترسییەکی مەزن هەڕەشەمان لێ بکات: **کۆمەڵگە فەریکی لە ئامێزگرتنی دەبەنگییە.**

ڕاستی زۆر لەم ئاگادارکردنەوەدا هەیە. زۆر لەوانەی دێن بۆ لای من و ڕای ئەگەیەنن: «من دەبەنگم» بە بەشداری لە خۆپیشان و بزووتنەوە نەیارییەکانی دەهەی ١٩٦٠ چوون بە بەرەوپیری دەبەنگییەوە. ویست و دروشمەکانی ئەمانە تەنها سەبارەت بە ئازادی و ڕزگاری بوو، بەڵام ساڵانی دواتر زۆر بە باشی فێری ئەوەش بوون خۆیان لە بن باری هاوسەرگیری، کارکردن، خێزان و ڕێزگرتن لە کۆمەڵگەش ڕزگار بکەن. لە سایەی ئەم چالاکیانەدا لە ئارامی ئەندێشە، مەزنی و ژمارەیەکی زۆر لە دۆستانیشیان ڕزگار بوون.

هەڵبەت ئەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکرێ، ئەم هۆکارە، مایەی بەدیهاتنی ئەم چەشنە دەبەنگە نییە، بەڵکوو «هەژانی نەیاری» ئەو هۆکارە سەرەکییەیە. بۆ وێنە ئەو دەستەی کە دژی ترشەباران[١٢٧]، خۆپیشاندن ساز ئەکەن، ژمارەیەکی زۆر کەمیان

---

١٢٥ـ Peter Lilly

١٢٦ـ The Cry of the Asshole

١٢٧ـ ترشەباران: acid rain یان بارانی ئەسیدی، بارانێک کە بە هۆی پیسبوونی

ئەزانن «بارانی ئەسیدی» چییە و ئایە لە بنەڕەتدا هەیشە یان نا؟ ئەوان بەم سادەییە لە خۆپیشاندنی دژی بارانی قەلیاویشدا[(١٢٨)] بەشداری ئەکەن و بۆی هەیە هاوکات لە دژی هەردووکیان بەشداری بکەن! لە ڕاستیدا کەسانی زۆر کەمیش هەن بە ڕاستی بۆ پاراستنی نەهەنگ یان سەگلاوک[(١٢٩)] یان کوندەبوو تێئەکۆشن. ئەمانە ئەیانەوێ هەژانێکی زیاتر لە ژیانیاندا هەبێ و لەگەڵ مۆدێکی باشتر ئاشنا بن. کەسانێک کە چاکەی لاوەکی لایان سەرنجڕاکێشترە تا خودی چاکە.

دەبەنگی ئازاد، ڕەنگە سامناکترین جۆری دەبەنگ بێت بۆ کۆمەڵگەی شارستانی. ئەمە نەک لەبەر ڕادەی باڵای تاوانکاری ئەوانە ــکە دیارە هەندێکیان وەهان ــ بەڵکوو بە هۆی ڕادەی باڵای گیرۆبوونی دەبەنگییەکەیانە. زۆربەی دەبەنگەکان بە تەنهایی کار ئەکەن، بەڵام دەبەنگی ئازاد، بەو مەبەستە لە کۆمەڵە و

بەرگەهەواوە ئەوەندە ترش ئەبێت ئەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ژینگە، بە شێوەیەکی گشتی بۆ دارستان و زرێبارەکان. هۆکاری سەرەکی سووتانی پیشەسازی خەڵوز و سووتەمەنی بەردینی دیکەیە، ئەو گازە پاشماوەییانەی گۆگرد و ئۆکسیدی نایترۆجینیان تێدایە، کە لەگەڵ ئاوی بەرگەهەوادا یەکدەگرنەوە و ترش دروست دەکەن. ئەم ترشانە، وەک ئۆکسیدی سولفۆریک یان نیتریک لە بەرگەهەواوە بە شێوەی تەڕ یان وشک ئەگەڕێنەوە بۆ سەر زەوی، ئەتوانن بە شێوەی باران، بەفر، تەم، تەرزە، یان تەنانەت تەپوتۆزی ترش بن. ن: ئەو پەیکەرانەی قەوزەیەکی سەوز یان زەردیان لێ ئەنیشێ جۆری ئەم بارانەن.

١٢٨ـ قەلیاباران: alkaline rain یان بارانی ئەلکالی، بە هۆکاری سروشتی و مرۆییەوە ڕووئەدات. کاتێک ڕووئەدات کە کانزاکان، وەک کالسیۆم، ئەلەمنیۆم، یان مەگنیسیۆم لەگەڵ کانزای تردا یەکئەگرن و پاشماوەی ئەلکالی دروست ئەکەن کە ئەچنە ناو بەرگەهەواوە، هەورەکان لە لایەن دڵۆپە ئاوەکانەوە هەڵیان ئەمژن و لە کۆتاییدا وەک باران ئەگەڕێنەوە بۆ زەوی.

١٢٩ـ سەگلاوک: seal پەردەپێ، سەگی ئاوی، جۆرێک گوانداری گۆشتخۆری پەردەپێی نیوەئاوی و بە زۆری زەریایین. ع زعنفیات الأقدام د فک.

کۆبوونەوەکاندا بەشداری ئەکات، تا سەدان هەزار کەس، کە تاک بە تاکیان ئەیانەوێ بە دانی دروشم و چڕینی گۆرانی پووچ و بێتام، جیهان بگۆڕن؛ بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. ئەمەش هەمان کەشی لەبارە بۆ بڵاوکردنەوەی دەبەنگی.

ئادۆڵف شنایدر[١٣٠] بە ڕوونی لە پەرتووکی «**ئەو دەبەنگیانەی من ناسیومن**»[١٣١] ئەڵێ: «لە ڕاستیدا هیتلەر لە جەنگدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. هەڵبەت نە لە هێرشی سەربازی، بەڵکوو لە تێکۆشان بۆ فریودانی جەماوەر، برەوپێدانی تازەی دێماگۆگی و بەکارهێنانی چەواشەی هەست و ویستی جەماوەر. ئەو تۆوی ئەو نەیارانەی چاند، کە نە داخوازییەکانیان کۆتایی هەیە و نە هیچ شتێک ئەتوانێ بەر بە خودپەرستی ئەوان بگرێت، بە تایبەت لەسەر تێچووی کۆمەڵگە. فاشیزم لە دەروونی نەیارە دەبەنگەکاندا ئەژی.»

یەک لەو هۆکارانەی کە بۆچی نەیاری کۆمەڵایەتی لە ئوورووپا (بە تایبەت لە ئاڵمان) دژ بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەقامگیرترە، هەر ئەمەیە؛ هەرچەند ئەمریکاییەکانیش تێئەکۆشن تا کەمکاری ڕابوردوویان قەرەبوو بکەنەوە. لەم ڕووەوە وا پێئەچێ ئەرووپاییەکان زیاتر لە نەتەوەکانی تری جیهان لە دەبەنگی وەزاڵە هاتوون و پێویستیان بەوەیە بەری پێ بگرن.

پێنج تایبەتمەندی کە بەزۆری دەبەنگی ئازاد هەیەتی:

١ـ دەبەنگی ئازاد توانایەکی سەمەرەیان لەوەدا هەیە کە تەنها یەک ڕووی هەر ئاریشەیەک ببینن. هەمان ڕوو کە بەرژەوەندی

---

١٣٠ـ Adolf Schneider

١٣١ـ Assholes I Have Known

ئەوان دابین ئەکات. لەبەر ئەمەشە ئەو سپیپێستانەی لەگەڵ ڕەشپێستەکان بە شێوەی ناشیرین ئەجوولێنەوە، پێیان ئەوترێ ڕەگەزپەرست، بەڵام ئەو ڕەشپێستانەی دژی سپیپێستان ڕەفتاری خراپیان هەیە، تەنها بە دراوسێی خراپ دائەنرێن. ئەو ڕەشانەی دژی سپییەکان ڕەفتاری زەگەزپەرستانەیان هەیە بە «چالاکڤانی کۆمەڵایەتی» دائەنرێن و، ئەو ڕەشانەی بە قازانجی خۆیان لە دژی ئیسپانیایی یان کۆرەییەکان ڕەفتاری جیاکارانەیان هەیە کارەکەیان بە شیانست و بۆ پاراستنی پەیوەندی نەتەوەیی ڕەشەکان بە پێویست دائەنرێ. هەر ئەم لۆجیکە یەکلایەنبینە لەمەڕ فمێنیستەکان، سوورپێستەکان، نیشتمانپەروەران و بەم تازەییانەماڵبەکۆڵەکانیش بەکار ئەهێنرێ.

٢ــ دەبەنگی ئازاد، شەیدای نەفرەت نواندنە. وەک بڵێی بنەمای ئەوان لەسەر نەرێنیگەری دامەزرابێت. ئەوەی لەگەڵیان نەبێ بە دژی خۆیان ئەزانن و هەرکەس نەیاریان بێت، ئەوا دوژمنیانە. ئەوان بایەخ بۆ هیچ بۆچوون و ڕۆژەڤێک دانانێن کە پێچەوانەی بۆچوونی خۆیان بێت، نەکا کاریان تێبکات و بیر و بۆچوونیان بگۆڕێت. بەڵام بەپێچەوانە وزە و کاتێکی فراوان بۆ نەیاری و نەفرت دەربڕین بەکار ئەهێنن؛ زۆر بە دەگمەن لە خۆیان ئەپرسن بۆچی و بە چ هۆیەک ئەوەندە نەیار و ڕقەونن.

٣ــ دەبەنگی ئازاد، مافی تایبەت لەمەڕ نافرسەندی، ئازاردان و شەڕفرۆشی بە ڕەوا ئەزانن. ئەگەر ناچار بووی چەند دانە سمۆرە بکوژیت، ئەوەندە بەسە ڤیدیۆی تەرمەکانیان

بگریت و پاشان بڵێی ئەو بێزمانانە بە هۆی تەڵەنانەوەوە کوژراون، کەوابوو بەرپرسی ئەو مەرسەلایە، ئەو نییە بەڵکوو پیشەسازی تەڵەسازییە. بیانوو بەم ئاسانییە ساز ئەکرێ. کاتێک دەبەنگێک، ئەبێ بە چالاکڤانی کۆمەڵایەتی، ئەتوانێ ئەوەندەی پێی خۆش بێ بێشەرمی و گوستاخی بکات بە پیشەی خۆی، چونکە دیارە ئەو خەریکی چالاکی کۆمەڵایەتی گرنگە و بەم هۆیەشەوە هەرچی پێخۆش بێ، ئەتوانێ بیکات. بۆ نموونە نەک ئازادە بەو کەسانەی پاڵتاوی پێستیان لەبەر کردووە سووکایەتی بکات و ڕێزیان بشکێنێ، بەڵکوو بۆیشی هەیە بە سپرەی، پاڵتاوە پێستەکانیان ڕەنگ بکات و خراپ بکات.

٤ـ ئەم جۆرە دەبەنگە بە هەمان ئەندازە پسپۆڕانە درۆ لەگەڵ خەڵکی ئەکەن، درۆ لەگەڵ خۆیشیان ئەکەن. شێوازی چالاکڤانێکی دەبەنگی ئازاد ئەوەیە، لەکاتێکدا ڕۆڵی گاندی ئەبینێ، بە جۆرێک نەفرەت و ڕقی ئەنوێنێ، کە ببێتە هۆی شەڕ و لێکدان.

٥ـ لە هەموو گرنگتر ئەوەی کە دەبەنگی ئازاد کەمجیکەڵدانن و بە هیچ شێوەیەک بۆ قۆشمەیی و گاڵتە ناشێن. ئەگەر بە هەڵە نوکتەیەک سەبارەت بە بابەتێک بوترێ کە ئەوان پێی هەستیارن، دەسبەجێ وەها بێژەرەکە ئەکەن بە دێو و درنج، کە پێویست بکات لەکۆڵ بکرێتەوە. وەک بڵێی ئەگەر ببن بە مژاری پێکەنین، بیروباوەڕی پاک و ڕاستەقینەیان لاسەنگ ببێ. جوویەک ئەتوانێ سەبارەت بە جوولەکە نوکتە بڵێ، قولەڕەشێک ئەتوانێ سەبارەت بە گێتووەکانی خۆیان

نوکتە بڵێ، بەڵام ئەگەر کەسێک ــلە دەرەوەی کۆمەڵگەی خۆی ــ بیەوێ هەرکام لەم گاڵتانە بکات، دەسبەجێ دەمکوتی ئەکەن. لە بری نوکتەی پۆڵۆنی، ئێستە ئەتوانین سەبارەت بە پارێزەرانی دادگا نوکتە بڵێین، بەڵام پێناچێ ئەم گاڵتانەی بابەتی جنسی و نەتەوەییان تێدا نییە، ئەوەندە مایەی پێکەنین، یان تەنانەت بێوەیتر لەوانە بن کە ئەم بابەتانەیان تێدایە.

دەبەنگی ئازاد بە توندی تینووی دەسەڵاتن. ئەمانە کەسانێکن تا ئەو کاتەی بەو دەسەڵاتە نەگەیشتوون، کە بتوانن بۆچوونە تیشکهاوێژەکەی خۆیان سەبارەت بە ژیان، بە خەڵکی بسەپێنن، دەست هەڵناگرن. بەڵام سەیرەکەی لێرەدا کە چالاکی ئازاد و هەستی ئازادیخوازانەیان تەنها لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەواشە و چەوسانەوەی خەڵکی ــواتە ناچارکردنی خەڵکی بە وەرگرتنی سەررێژنە[١٣٢] و پشتیوانی لە ویست و ئارەزووی ئەوان ــ ئۆین و دابین ئەبێ. شێوازی ئەوان جۆرێکی تازەی کۆیلەدارییە. ئەوان بە هەمان ئەندازە پێویستیان بە قوربانییەکانیان هەیە کە قوربانییەکان پێویستیان بەوان نییە.

یەکێک لە نەخۆشەکانم ئەیوت: «تەنها شتێکە لە ژیانمدا هەمیشە بە شێوەیەکی ئەویندارانە ئەنجامم داوە، نەفرەت لە شووەکەم بووە. ئێستە بە ڕاستی بەداخەوەم لەوەی کوشتم و، هەست ئەکەم ژیان بەبێ ئەو پووچ و چۆڵە.» خۆشبەختانە (بۆ ئێمەش و بۆ خۆیشی) ئێستە لە گرتووخانەیە.

---

١٣٢ ـ سەررێژنە: سەررێژانە، سەلیقە، زەوق، شێواز، چێژ [N] stil, måte, smak [ع] سلیقه، ذوق، اسلوب [E] style, manner, taste [د].

راهێنان:

١ـ ئایە تۆ چالاکڤانی کۆمەڵایەتیت؟ لە کەیەوە؟ ئایە لەو کاتەوە ژیانت باشتر بووە؟ یان وا هەست ئەکەیت کڵاوت سەر چووە؟

٢ـ ئەوەندەی ئەتوانی بیر لە چالاکڤانانی ئازاد بکەرەوە. ئایە لە ناویاندا کەسانی شادمان و دڵتێر بەدی ئەکرێت؟ چەند کەسیان بۆ گوزەرانی ڕۆژانە پێویستیان بە دەرمانی ئارامگر و دژی خەمۆکی هەیە؟ چ وانەیەک ئەتوانی لەوانەوە فێر ببیت؟

## IX - بەشی دووەم

# دەبەنگی بەرماڵبەکۆڵ

**«ئەگەر دەبەنگێک بە دۆنادۆنیش زیندوو ببێتەوە، هێشتا هەر دەبەنگە.»**

ڕێکس هەڤک[١٣٣]، دەبەنگێکی دەمارگیری بن چارەسەر

ئەگەر بۆ لاتولووت و نەداران، دوا بەهانە نیشتمانپەروەری بێت، بۆ دەبەنگەکانیش پیرۆزگەرایی دوا بیانووە. هەندێک لایان وایە دەبەنگی بەرماڵبەکۆڵ[١٣٤] شیلەی دەبەنگییە.

بەختەوەرانە هەموو کەسانی ئایینی دەبەنگ نین و، ڕەنگە هەشن بە گوێرەی فێرکاری ئایینییان کاری باش و بەسوودیش ئەدەن. بەڵام، سەرەڕای ئەمەش نابێ لەو تاوان و تەمەرەی بەدەستی دەبەنگە بەرماڵبەکۆڵەکان و بە ناوی ئایین و

---

١٣٣ ـ Rex Havoc

١٣٤ ـ بەرماڵبەکۆڵ: prudery کەسێکە خۆی بە دینداریکی ئاگرین دائەنێ و کەس لە خۆی بە دیندارتر نازانێ. ع المتظاهر N forstillelse د جانمازآبکش. ن:

دەستم لە بادە هەڵگرت، ساز و نەیم فڕێ دا
ترسی قیامەتم بوو، ڕووڕەش نەبم لەوێ دا
بەرماڵم کردە کۆڵ و توند لە ملم گرێ دا
بۆ تۆبە ڕوو لە مزگەوت هاتم بچم، لە ڕێدا
بۆ کۆیی مەیفرۆشان بەختم شتابی هێنا

پێنج خشتەکی بێکەس لەسەر هۆنراوەی سالم

ئایینزاوە ئەنجام ئەدرێ خافڵ ببین. وەک هەر شتێکی تر، دینی باشیش ئەگەر بکەوێتە دەستی کەسانی بەدفەڕ و نەتووی وەکوو ئەمانە، ئەویش ئەبێ بە دینی خراپ:


- ئینجیل–پەیڕەوان.
- بازرگانانی گوناهکار.
- بۆمبهاوێژانی شیعە.
- نزیکەی هەموو ئیرلەندای باکوور.
- نزیکەی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- بناژۆخوازان، جا مەسیحی بن، جولەکە بن، موسڵمان بن، یان هیندۆسی.

ئەم دەبەنگانە بە دوو تایبەتمەندی لەوانی تر جیا ئەکرێنەوە. یەکەم ئەوەی کە ئەمانە ئەتوانن بۆ تیابردنی دوژمنایان هەم یارمەتی لە خوا وەربگرن و هەم لە ئەهریمەن. واتە ئەتوانن خراپەکارییان لە بن ناوی دادگەری خودایی و نەفرەتیان لە بن ناوی نوێژ و کەباردا[١٣٥] دابپۆشن. یەکێک لە نەخۆشەکانم ئەیوت: «**بە ڕاستی مرۆڤ ئێرەیی بەم قەشەی ئێمە ئەبات. هەم خوای هەیە و هەم ئەهریمەن. ئەم هەموو ڕاوەن و سامان و کەلوپەلە بۆ یەک کەس زۆر زۆرە. ئەمە دادگەرانە نییە.**»

دووەم ئەوەی کە دەبەنگی بەرماڵبەکۆڵ وا ئەزانێ ئەرکێکی ڕەوشتی هەیە، تاکوو خەمۆکییەکەی خۆی بدات بە هەموو کەسێکی تریش. زۆربەی دەبەنگەکان پێیان خۆش نییە کەس سەر لە

---

١٣٥ـ کەبار: virtue ئەدگاری چاکە، ڕەوشتی باڵای کۆمەڵایەتی، نیازپاکی؛ لە ڕوانگەی ئایینییەوە: ڕازونیاز، نوێژ و نزا [ع] فضیلة [N] dyd [د] فضیلت، فضائل
⇐ چاکەکار: virtuous.






کاریان دەربهێنێ و وەکوو ئەوانی لێ بێت، بەڵام دەبەنگی بەرماڵبەکۆڵ لەم بوارەدا ناوێزەن(١٣٦). بەپێچەوانە ئەوان بە ڕاستی تێئەکۆشن هەموو بکەن بە هاوبڕوای خۆیان و بۆ ئەم کارە تەنانەت ماڵ بە ماڵیش ئەگەڕێن!

لە تۆژینەوەی دەبەنگی بەرماڵبەکۆڵ ئەبێ دوو دەستەیان لێک جیا بکەینەوە:

١ــ **دەبەنگی بەرماڵبەکۆڵی دەمارگیر:** کەسێکی وشکەسۆفی هەستئاگرینی دیندارە بە ئەندازەی پێویست سێکسی نەبووە و بۆ قەرەبووکردنەوە کێماسی جنسی، ئایینزاکەی خۆی بە فێڵ و دهۆ بە سەر هەموو کەسدا ئەسەپێنێ.

٢ــ **دەبەنگی بەرماڵبەکۆڵی پیشەیی:** کارگوزاری ئایینە و، بە فێڵ و دەهۆ و بەکارهێنانی ئایین و ئایینزا نان ئەخوات و خۆی بەڕێوە ئەبات. وا دیارە ئەڤانگلیستەکان(١٣٧) لەم دەستەیە بن، بەڵام لە ڕاستیدا هیی دەستەی «بان-دەبەنگ»ـەکانن.

لێرەدا پێویست بە ناساندنی ئەڤانگلیستەکان نییە، چونکە ئەوان خۆیان لە میدیا جیهانییەکانەوە بە ئەندازەی پێویست خۆیان ئەناسێنن. بەڵام زانینی تایبەتمەندی گشتی دەبەنگە بەرماڵبەکۆڵەکان بۆ ناساندنی باشتری ئەوان لە کۆمەڵگەدا

١٣٦ ـ ناوێزە: special هەڵاوێردراو، جەبە، جیاواز و تایبەتی نەک ئاسایی ع شاذ N sjelden ف استثنائی، شاذ. ناوازە: rare دەگمەن، نادر، کەم وێنە.

١٣٧ ـ ئەڤانگلیست: evangelist یان ئیجیلیست، مژدەبەرانی ئینجلزانی فەلەن، تێئەکۆشن بە بانگەشەی گشتی لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە خەڵکان بهێننە سەر باوەڕی فەلەگەری. ئەڤانگلیزم

ئەتوانێ سوودمەند بێت:

- ئەوانە لووتبەرز و لەخۆبایین. خاکەڕایی لە لای ئەوانە ــ تا ئەو کاتەی لووتیان نەشکێنراوە ــ هیچ واتایەکی نییە. بەڵام ئەمە ڕێگەیان لێ ناگرێ سەبارەت بە قازانجەکانی خاکەڕایی و ملبەکوێنی وتار و ئامۆژگاری بدەن. هەڵبەت ئەوان لەمەڕ پێداویستی خاکەڕایی سەبارەت بە خۆیان نادوێن، بەڵکوو وتار بۆ خەڵکی ئەدەن و، فێریان ئەکەن پێویستە کوڕنش بۆ ئەوان ببەن و زیان بە دەسەڵات و بارەگای پووشاڵی[١٣٨] ئەوان نەگەیەنن.
- شێوازی ئەوان تەنها شێوازی ڕاست و دروستی ژیانە و، ئەگەر خەڵکی ناتوانن لەوە تێبگەن، ملیان شکا و چاویان دەرهات. ئەم کەسانە نە تەنها لە پەرتووکی پیرۆز، بۆ سەرکوتانەوەی خەڵکی سوود وەرئەگرن، بەڵکوو لایان وایە تەنها تێگەیشتنی وشک و بەرچاوتەنگانەی ئەوان ڕاستە و، هەر کەس دژی ببێتەوە، لەگەڵی ئەکەونە مشتومڕ، بەو واتایەی بە مسۆگەی ئەهریمەن چووەتە گیانیەوە.

ئەم چەشنە دەبەنگە پیرۆزگەرانە شارەزاییەکی سەمەرەیان لە سازکردنی گۆتەی خودساختە و لکاندنی ئەوانە بە پەرتووکی پیرۆزەوە هەیە. لەسەر ئەو پرس

---

١٣٨ـ پووشاڵی: fake لەسەر کێشی هووشاڵی، ساختە، بە واتای دەسەڵاتی بێ پایە و بناغە کە لەسەر پووشوپەڵاش وەستاوە ع مزیف N forfalske د جعلی. هووشاڵی: خۆهەڵکێشان، فشە بازی، خۆفشکردنەوە.

و بابەتانە جەخت ئەکەن و بە بەڵگە ئەهێننەوە، چونکە دینداران هەرگیز دەربارەی ئەوانە ناپرسن و بیدینەکانیش ئەوەندەی تێناگەن تا بیانەوێ ڕەخنەی لێبگرن. وەکوو هەموو دەبەنگەکان، ئەوانیش لایان وایە ئەتوانن بە قسەی زل و بلۆف لێدان، بۆ هەمیشە کارەکانیان ڕاپەڕێنن.

دەبەنگی بەرماڵبەکۆڵی پیشەیی بە زۆری توانای دەمەوەری و ئاخاوتنی جادوویی هەیە. جار هەیە ئەوەندە بەهێز ئەبن کە تەنها بە گۆتە ئەتوانن سەگی هار بڕەمێنن و گوڵەچای ناو گوڵدان بژاکێنن. یەکێک لە نەخۆشەکانم کە پێشتر مریدی قەشەیەک بوو بە ناوی بیلی ویلی[139]، سەبارەت بە ئەو بە ئێمەی وت: «ئەو وشەی وەکوو گوللە و بۆمبا بەکار ئەهێنا. بە شێوەیەک ئەجووڵایەوە وەک بڵێی پەروەردگار لە هەموو کارەکانیدان ڕاوێژ لەگەڵ ئەو ئەکات.»

- ئەوانە خودپەسەند و بێفرسەندن. هەرچەند دەبەنگانی بەرماڵبەکۆڵی پیشەیی ڕای ئەگەیەنن بەزەیی و میهرەبانی لە بنەماکانی ئایینزاکەی ئەوانە، بەڵام بە شێوەیەک هەڵسوکەوت ئەکەن وەک بڵێی لێبوردن هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە لەسەر مرۆڤایەتی و، مەگەر لە هەندێ هەلومەرجی تایبەت، ئەگینا نابێ لێی نزیک ببینەوە. لە ڕاستیدا ئەم دەبەنگانە لەوەی کە بۆزەنی[140] هەڵەی و

---

١٣٩ـ Billy Willie

١٤٠ـ بۆزەن: sharp nose, spy زۆر بۆنکەر، ئەو کەسەی توانای بۆنکردنی بەهێزە؛ کەسێک کە سیخوڕی لە کاری دگەردا ئەکات.

لادانی کەسانی تر بکەن و تاوان و گوناهەکانیان ئاشکرا بکەن، چێژ وەرئەگرن. ئەوانە شەیدای تاوانبارکردنی هەموو کەسێکن. خۆشبەختانە ئەم چەشنە دەبەنگە هەرگیز لە خوا نزیک نابنەوە، ئەگینا هیچ دوور نەبوو ڕەخنە لەویش بگرن.

قەشەیەکی گەنج بە ناوی ناسال ڕابێرتسۆن[١٤١] لە نامیلکەیەک بە ناوی «**پارە لە پیرۆزگەراییدا**»[١٤٢] ئەنووسێ: «هەموو مەسیحییەکی ڕاستەقینە ئەبێ لە هەموو شوێن بە دوای یافت و دۆزینەوەی گوناهـ و خەبات لە دژی ئەهریمەن بێت؛ لە هەموو قوژبنێکی نسێ و لە بن هەموو بەردێک و لە ناوەزێڵی هەموو دڵێکدا.» هۆکاری ئەم ڕاسپاردنە سادەیە ئەمەیە: ئەگەر دیندارێکی ڕاستەقینە هەمیشە سەری بە ئەهریمەنەوە گەرم بێت، هەرگیز بەوە نازانێ ناساڵ خەریکە گیرفانی خاڵی ئەکات!

- ئەوانە شەیدای گوناهکردنن و؛ ئەگەر ئەڵێن ڕقیان لە گونەهە ئەوە تەنها ڕۆڵبینین و لەبەر دڵی ئێمەیە. ئەوان لە ڕەخنەگرتنی ئەو شتانەی بە خاڵی لاوازی کەسانی ئەزانن، وزە وەرئەگرن. دەبەنگی بەرماڵبەکۆڵی پیشەیی، بێخوایانن لە بەرگی یەکتاپەرستاندا کە تەژی ترسنۆکی، نەوێری، نەفرەت و ڕەشبینین. بۆ تێگەیشتنی باشتر لەم چەشنە سادیسمە سەنجی وتارەکەی قەشە

---

١٤١ـ Nasal Robertson بە واتای ڕابێرتسۆنە لووتە

١٤٢ـ The Money in Sanctimony

جیمی براگێرت[١٤٣] بدەن، کە لە ئاهەنگی کۆتایی سیمیناری خولی فێرکاری هەموو گوناهکاران، بەخشراو و نەبەخشراو، لە کلیسای برایانی پیرۆز وتوویەتی:

«من ئەزانم ئەگەر ڕۆژێک ڕابووردبێ و بە جەماوەرێ نەسەلماندبێ گوناهی زۆریان ئەنجام داوە و پاشان ئامێزم بۆ بیستنی ددانپێدانانەکەیان نەکردبێتەوە، ئەوا لەو ڕۆژەدا هیچ کارێکم بۆ خوا ئەنجام نەداوە. پێم خۆشە ئەوانە لە دارەتێکدا ببینم بە گریان و پاڕانەوە داوای بەخشینی گوناهانیان ئەکەن؛ لەکاتێکدا لە زۆری ئەشکەنجەی دەروونی خۆیان هەڵئەگلۆفن، فرمێسکی پەشیمانی دابڕێژن و خۆیان بە سووک و ڕیسوا بزانن. ئەمەوێ هەموو شتە خراپەکانیان لێ دوور بکەمەوە و سەرلەنوێ ئەوانە بژیەنمەوە.»

بە داخەوە ئەگەر دەبەنگی بەرماڵبەکۆڵی پیشەیی هەموو شتە خراپەکان بسڕنەوە، ئیتر هیچ نامێنێتەوە. لەم ڕووەوە هەموو ئەوەی ئەوان ئەتوانن ئەنجامی بدەن، ئەوەیە کە ئەم سووڕی **گوناه–تۆبە** و، **تۆبە–گوناه** هەمیشە پاتە ببێتەوە. دەبەنگی بەرماڵبەکۆڵی پیشەیی لە ئەنجام و بەرهەمهێنانی گوناه و فێڵبازیدا شارەزاییەکی بەرفراوانیان هەیە؛ ئەگەر خۆیان ئەوانەیان دانەهێنابێ!

## ڕاهێنان:

١– لە چ ڕوانگەیەکەوە بێخوایی ئەتوانێ هەنگاوێک لە

**١٤٣**ـ Jimmy Braggert بە واتای جیمی فشەکەر، خۆهەڵکێش.

دەمارگیری لە خوا نزیکتر بێت.

٢ــ ئایە تا ئێستە دەبەنگێکی بەرماڵبەکۆڵی پیشەیی هاتووەتە ماڵت؟ پاش بینینی ئەو چ هەستێکت هەبوو؟ لەدایکبوونەوە؟ یان کۆڵێک گوناهـ؟

٣ــ لات وایە خوا تۆ پەژێرە بکات؟

## بەشی دووەم - X

# دەبەنگی چاخی نوێ

**«ئەمە بخەرە ناو چاکراکانتەوە و بیخولێنەوە.»[١٤٤]**
شێرلی ئێم[١٤٥]، کاتی وەزدان بە کەسێکی دەمارگیر

ئەگەر دەبەنگی بەرماڵبەکۆڵی پیشەیی ناتوانن هیچ ئەدگارێکی باش لە مرۆڤدا ببینن، لە بەرامبەردا ژمارەیەکی زۆریش هەیە ناتوانن هیچ شتێکی دشت و دزێو لە مرۆڤدا ببینن (یان لانیکەم وا ئەڵێن). ئەمانە منالانی سەردەمی نوێن؛ ئەوانەن لەوپەڕی گەشبینیدا لایان وایە هەموو شتی ئەم جیهانە لەوپەڕی گەشەی دایە و هیچ گرفتێکی مەزنمان نییە.


لە یەکەم سەرنجدا وا دەرئەکەوێت ئەم کەسانە دەبەنگ نین و تەنها لەو جۆرە گەمژەیەن بڕوا بە هەموو ئەو هەڵیتوپەڵیت و گوتە پووچانە ئەکەن، بەرەوڕوویان ئەبێتەوە؛ جا چ بە، یان بێ ڕۆڵز ڕۆیس[١٤٦] هاتبێت. ئەمانە ڕەنگە ئەندامی یانەی «مانگ

---

١٤٤ـ چاکرا: chakra لە بیری شێوەزانستی هیندی وەکوو ئووشۆدا، بە هەریەک لە ناوەندەکانی هێزی ڕۆحی لە جەستەی مرۆڤدا ئەوترێ، کە بە زۆری ژمارەیان حەوت دائەنرێت. ☜ بەگمەن ڕاجنیش

١٤٥ـ Shirley M.

١٤٦ـ ڕۆڵز ڕۆیس: Rolls Royces ئۆتۆمبێلێکی لوکس بوو لە مانچستەری بەریتانیا بە هاوبەشی چارلز ڕۆڵز و هێنری ڕۆیس دامەزراوە.





داچونن. بڕوایان بە بەختخوێندنەوەی هیندی و چینی هەیە و لانیکەم جۆرێکی هونەری جەنگیش[١٤٧] فێر بوون. ڕەنگە گۆشت بخۆن و ڕەنگیشە نا، بەڵام زۆربەیان ئاوی گەزەر ئەخۆنەوە و هەندێ جار قاوەش ئەنۆشن (هەڵبەت بەبێ شەکر). زۆربەی ئەومانە خەڵکی لۆس ئانجلێسیشن.

لایەنگرانی سەردەمی نوێ، ئەیانەوێ شاری ئارەزوو بەدی بهێنن کە هەموو شت لەوێ دارماڵە و لە لوتکەی خۆی دایە، بۆیە هەر شتێک تۆزێ کێماسی هەبێ ڕەتی ئەکەنەوە. لە شەستەکانی سەدەی پێشوو ئەم شێوەی بیرکردنەوە باو بوو.[١٤٨] بوونی زۆر لەو کۆمەڵە و ئەنجومەنەی لەو سەردەمەوە هەتا ئێستا وا بیر ئەکەنەوە و بە شێوەی دابڕاو ئەژین، لە ناسینی باشتری چاخی نوێدا زۆر سوودمەندە.

لە ڕاستیدا هیچ شتێکی سەردەمی نوێ، بە ڕاستی نوێ نییە، بەڵکوو تێکەڵەیەکە لە بیر و بۆچوونی ئایینە کەوناراکان کە تەنها بەکاری تۆژیەنەوەی کۆنینەناسی دین و نە زیاتر.

١٤٧ـ هونەری جەنگی: martial art وەرزشی داکۆکی.

١٤٨ـ لە دەهەی ١٩٦٠دا زۆر بزووتنەوەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لە ناو گەنجانی ئورووپایی و ئەمریکاییدا سەری هەڵدا، کە خاڵی یەکانگیرییان گرەوشتی بەرەو ئانارشیزم، عیرفانی ڕۆژهەڵاتی، ئازادی جنسی و بەکارهێنانی هێسنی هۆشبەر بوو، لەگەڵ هەندێ چێژەمەنی ئایدیالگەرایانە. بەناوبانگترینی ئەم بزووتنە کۆمەڵایەتیانە هیپییەکان بوو کە لە ئەمریکا سەریان هەڵدا و، لەگەڵ کۆمەڵێک گیتار و هێرۆین و قژی درێژ و بەنگ بە جیهاندا بڵاو بوونەوە. ئەمانە بە زۆری پێکەوە و جیا لە خەڵکی ئەژیان.






لێرەدا ڕەنگە خراپ نەبێت ئاماژە بە دوو کەس لە ڕابەرانی سەردەمی نوێ بدەین: یەکیان نووسەرێکی بەد-تریاکییە بە ناوی تیمۆتی بلیری[(١٤٩)] و، یەکی تر کۆکەرەوەی[(١٥٠)] شمەکی گرانبایی بە ناوی بەگمەن ڕاجنیش[(١٥١)]. ئەمانە لەو دەبەنگانەن، زۆر دەبەنگی بچووکی تەڕدەست لەوانەوە فێر بوون بە چ شێوەیەک گیرفانی مرۆڤی چاخی نوێ بەتاڵ بکەن.

ئینجا ئەمەیە دەبەنگی چاخی نوێ: وردەواڵەفرۆشێکی گەڕۆک کە نە سرووشی بۆ دێت و نە ئاوەزێکی ئەوتۆی هەیە، بەڵام

---

١٤٩ـ تیمۆتی بلیری: Timothy Bleary (١٩٢ـ١٩٩٦) گۆڕدراوی Timothy Leary، نووسەری دەروونناس و فۆتۆریستی ئەمریکایی. بە هۆی لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەری هۆشبەرەکان بە تایبەت ئێلْ ئێس دی و لایەنگری لە بەکارهێنانیان بەناوبانگ بوو. دیارە لەگەڵ تۆژینەوە، خۆیشی لە بەکارهێنانی هۆشبەرەکان بێبەش نەئەکرد.

١٥٠ـ کۆکەرەوە: collector کەڵەکشنر، کەسێکە کەرەستەی گرانبەها کۆ ئەکاتەوە. ع الجامع د کولکسیونر.

١٥١ـ بەگمەن ڕاجنیش: Bagman Rajneesh (١٩٣١ـ١٩٩) ناوی ڕاستەقینەی ڕاجنیش چاندرا مۆهان جین بوو. ساڵی ١٩٣١ لە هیند وەکوو ئوستادی فەلسەفە و پیری عیرفانی هیندی ناسرا. ئەم کەسە لە دەهەی ٦٠ بەناوی ئاچاریا ڕاجنش و لە دەهەی ٧٠ و ٨٠ ناوی بهاگوان شری ڕاجینش بوو. لە ساڵی ١٩٨٩ ناوی ئووشۆی لە خۆی نا. ئووشۆ ساڵی ١٩٨١ چوو بۆ ئەمریکا، لەکاتێکدا کەڵەکشنێک شمەکی گرانبەهای هەبوو، لەوانە ئۆتۆمۆبیلی کەشخەی ڕۆلز ڕۆیس. نەیارانی ئووشۆ چوار ساڵ دواتر ئەویان بە تاوانی پۆخڵەواتی جنسی و سەرۆکایەتی گەورەترین هێرشی بیۆترۆریستی مێژووی ئەمریکا لە دژی هاوشاریانی دالاس لە ئەمریکا دەر کرد و ٢٣ وڵاتی تریش چوونی ئەویان بۆ وڵاتی خۆیان بەرگیراو کرد. ئووشۆ ٧٠٠٠ وتاری داوە کە زۆربەی کراون بە پەرتووک.

تیژ و بەهۆشە و ئەتوانێ بە بینینی یەک کەس دەسبەجێ خاڵی لاوازی بدۆزێتەوە و بزانێ چۆن ڕووتی بکاتەوە.[١٥٢] جارێک لە پۆلی شارەزایی لە بوێری و، جارێکی تر لە سمیناری دۆنادۆن و، جاری دواتریش لە کۆبوونەوەی خۆد–شادمانی. بەڵام هەموو ئەمانە بەرەنجامی سادەیی سروشتی مرۆڤە کە سەرچاوەکەی ئاورەزووی گشتییە بۆ ژیانی باشتر و شادمانتر.

ڕازی گوتەی ئەم دەبەنگانە ئەوەیە: چون خوا لە هەموو شوێن هەیە، کەواتە هەموو ئەو کارەی کە ئەبێ بیکەین ئەوەیە خۆمان پەیوەند بدەین بە هێزی گەردوونییەوە، تاکوو بتوانین لە هەر کوێ و لەگەڵ هەرکەس بمانەوێ خۆمان هەماهەنگ بکەین. ئەگەر پارەمان ئەوێ ئەوەندە بەسە بە سوودوەرگرتن لەو هەماهەنگییە ڕای بکێشین بۆ لای خۆمان. سەبارەت بە ئەوینیش هەر بەم جۆرەیە و، ئەتوانین بە هەمان هەماهەنگی بە ویستی خۆمان بگەین.

هەڵبەت ئەم شێوە بیرکردنەوەیە، هەرچەند بۆ زۆر کەس شیرین و سەرنجڕاکێشە، بەڵام زۆریش مەترسیدارە. چونکە ئەگەری ئەوە بۆ دەستبڕ بەدی ئەهێنێ تا کەسانی ساکار بکەنە خەو و تاڵانیان بکەن.

تەنها جارێک هەستم بەوە کرد خەریکە بوویەرێکی گرنگ لە چاخی نوێدا ڕوو ئەدات. ئەویش کاتێک بوو لە سمینارێکدا بە پاتەکردنەوەی هەموو بەشداران دەستی پێکرد: «تۆ دەبەنگی.» زۆر بەجێ بوو! بە خۆمم وت چەندە باشە یەکێک پەیدا بووە

---

١٥٢ـ هۆش و ئاوەز: intelligence and reason هۆش توانای بینینی ڕواڵەتی شتەکانە و ئاوەز توانای بینینی ناخیان. بف

ئەزانێ چۆن یارمەتی خەڵکی بدات. بەڵام دەرکەوت ئەو ڕاهێنەرە لە هەموویان دەبەنگترە. چونکە پاتەکردنەوەی ئەم دەستەواژەیە بە ئاراستەی بانگەشە و هووتکردن و لەمێشک ئاخنین بوو وەکوو شانازییەک، نەک وەکوو نەخۆشین و چارەسەر!

یەکێک لە پەرتووکە دڵخوازەکانی من سەبارەت بە دەبەنگی چاخی نوێ، «**زێن و هونەری دەبەنگی**»[١٥٣] بەرهەمی سیدنی کەونە[١٥٤]. لەم پەرتووکە بچووکەدا بە شێوەیەکی داهێنەرانە لەم بابەتە توێژراوەتەوە. زێن، زنجیرەیەک شێوازی کارای بوودایيە کەوناراکانە، کە سەردەمی خۆی بۆ خەڵکانی خۆی سوودمەند بووە. بەڵام زێن، ئێستاکانێ بە هیچ کارێکی ئێمە نایەت.

مرۆڤی چاخی نوێ لایەنگری هێوری و ئارامشە. ئەگەر کەسێک دڵەڕاوکەی هەبێ، دەبەنگی چاخی نوێ هێوری ئەکاتەوە و پێشناز ئەکات خۆی سەغڵەت نەکات و لە بواری بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایشدا پێی لێ ئەچەقێنێ. هەندێ لەم کەسانە لە پێناوی ئەم ئامانجەدا هیملووی تفاقی جەنگی وەهایان لە ئۆرێگۆن و مۆنتانا و شوێنانی چەپەکی تر دروست کردووە و، ئەوەندە چەک و تەقەمەنی مۆدێرنیان لەو جبەخانانەدا پاشەکەوت کردووە، ئەتوانن شۆڕش لە نیکاراگوایش سەرکوت بکەن.

لە ڕاستیدا دەبەنگی چاخی نوێ، بە ئەندازەی دەبەنگێکی بەرماڵبەکۆڵ لەخۆبایی و خۆ بەپەسەند زانە. ئەوانە نە تەنها تفەنگ و نارنجەکی زۆر و زەبەندیان هەیە، بە ئاشکراش بۆ ڕاکێشانی هێز و بارهێنانی سەربازییان تێئەکۆشن. لە نموونەیەکی

---

١٥٣ـ Zen and the Art of Being an Asshole

١٥٤ـ Sidney Koan کەون بە واتای تشتانۆکی بوودایی پیشاندنی کێماسی.

کارەساتاویدا، سەرەڕای ئەوەی ناوی سەرکردەی دەستەیەک نیشانەی دەبەنگی ئەو بوو، دیسانەوەش جەماوەر داکۆکیان لێ ئەکرد و ئەچوونە ڕیزی ڕێکخراوەکەیەوە. لە نموونەیەکی تردا، بەرپرسی دەستە، ئامانجی خۆیانی ڕزگاری جیهان ڕاگەیاندبوو و بە ترساندن و لێدانیش ئەگەر بوایەت، ڕێگەی نەئەدا کەس واز بهێنێ و لە ڕێکخراوەکەی بچێتە دەرەوە.




لە ڕوانگەی کەسییەوە، ئەم دەبەنگانەوەئەتوانن وەکوو هەموو دەبەنگێکی تر، سەرەڕۆ و خۆسەپێنەر بن. بۆ وێنە گیاخۆرەکان ئەیانەوێ بە هەر تۆپزی و کەڵەگاییەک بووە جیهان بۆین بکەن، درێژەی ژیان بە خواردنی گیا و ڤیتامین گونجاوە و ئەلوێ. لەکاتێکدا ئەگەر باش لێیان بڕوانین، ئەبینین ئەوەندە لەڕ و لاوازن، لەبری ئەو پازە و بەڵگانە، پێویستیان بە یەک پارچە

پشتەمازەی سوورەوەکراو هەیە.

هەندێکیان لایان وایە ئەندێشەی داهێنەر، چارەسەری هەموو کێشە و گیروگرفتی ژیانە. بەڵام بۆ ئەو کارە تەنها پێویستە بە هەموو ویستی خۆمانەوە شتێکمان بوێ و وێنای بکەین. من خۆم ئەم شێوازەم تاقی کردووەتەوە. ماوەیەک بەر لەمە بە هەموو هەست و نەستی خۆمەوە ئارەزووی شتێکم کرد و ویستم و وێنام کرد تا هەموو دەبەنگەکانی ئەم جیهانە ون و بێسەروشوێن ببن. بەڵام تاکوو ئێستا هیچ شتێک ڕووی نەداوە.

یەکێک لەو شتانەی دەبەنگی چاخی نوێ تێیدا پسپۆڕن، هونەری دزینی نووسین و داهێنانی ئەوانی ترە. ئەوان کە پێیان وایە هەموو شتێک خوا داویەتی، تەنها شتێکە لە دزینی بیرۆکە و تەنانەت داهێنان و بە هینی خۆکردنی ئەو شتانەدا بە ڕەوای نازنن، ئەوەیە کە نابێ یەک ساتیش لێی بوەستن.

هەموو شتەکان لە چاخی نوێدا، بە ڕادەیەکی هوشیاری لێی ئەکۆڵرێتەوە. دزین و بەهیی خۆکردنی بیرۆکە و بەرهەمی خەڵکی، هەمان ئاستی هوشیارییە کە ئەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی دەبەنگی چاخی نوێ خۆیان لە هەموو بابەتێکدا بە خاوەن بۆچوون بزانن. ئەوەندە بەسە بیرۆکەیەکی بچووک بە مێشکیاندا بێت، تا بە گونجاندنی لەگەڵ بیر و بۆچوونی ئەوانی تر، خولی پەروەردەی بۆ ساز بکەن. هەڵبەت لوتکەی هەژانی چاخی نوێ، بەرنامەدانانی نیوە ئۆتۆماتیکە. هەندێک لەم دەبەنگانە کاسێتێکی موزیک یان تەنها دەنگەدەنگ دروست ئەکەن و، ناوبەناو پەیامێکی زۆر کورت لە نێوانیاندا دائەنێن کە بە گوێی ئاسایی نابیسرێن. بەڵام بە هێزی نیوە–خودئاگا ئەتوانین لێی تێبگەن. ئینجا بڕیار

وایە بە بیستنی ئەم کاسێتانە بتوانین بەسەر دڕدۆنگی و ترسدا زاڵ ببین، واز لە جگەرە بهێنین و، لە ئەوین و خۆشەویستیدا سەرکەوتوو ببین.

من یەکێک لەم کاسێتانەم بە وردی بیست و لێم کۆڵییەوە، بەڵام نەم توانی ئەو شتانەی تێدا بدۆزمەوە کە بانگەشەی بۆ ئەکەن. لە بری ئەوانە، ئەم پەیامەم دۆزییەوە: «ئەی دەبەنگ، دە دانەی تر لەم کاسێتە بکڕە.»

## ڕاهێنان:

١ــ ئایە تا ئێستا هەرگیز سرووشت بۆ هاتووە؟ ئایە تا ئێستە هەستت بە خەرمانەیەک گەردی سەرت کردووە؟ ئایە ئەتوانی لەگەڵ بانسروشت پەیوەندی بگری؟ چی ئەکێشێ و مەزاخی ڕۆژانەت چەندە؟

٢ــ ئایە هەمیشە تێکۆشاوی بە وێنای ئەندێشە لۆتۆیەک ببەیتەوە و هەموو جاریش شکستت خواردبێ؟ ڕەنگە باشتر ئەوە بێ، لەگەڵ ئەوانەش کە هەمان کار ئەکەن پەیوەندی بگریت و داوایان لێبکەیت، حەفتەیەک ئەو کارە نەکەن.

## XI - بەشی دووەم

## دەبەنگی بیرۆکرات

**«تا ئەو کاتەی هەموو سواڵەتەکان نەنووسراون، کاری ئێوە کۆتایی نەهاتووە.»**

باشگزیری کوورشی پێنجەم، بە فەرمانبەرانی

بۆ دەبەنگێک لەوە ناخۆشتر نییە، بەوە بزانێ توانای بۆ خۆسەپاندن بەسەر خەڵکیدا کز بووە. ئەمە وەکوو خەسانی دەبەنگ وایە. هەڵبەت ڕەوا نییە هیچ دەبەنگێک تووشی ئەو ئازارە گیانکێشە ببێت. شێوازی ئەمریکایی بۆ داڵدەدانی ئەم چەشنە دەبەنگە ئەوەیە، کە ئەمانە لە دەزگا یان فەرمانگەیەکی سەربازی یان دەوڵەتی دابمەرزێنێ. بەم شێوەیە، هەموو دەبەنگێک بە ئاسانی ئەتوانێ کەسانی گەشبین و ساکار کە هێشتاش بڕوایان وایە دەوڵەتەکەیان «دەوڵەتی گەلی و، بۆ گەل و بەدەستی گەل»ـە، بتۆقێنێ و بز بدات و بەسەریاندا زاڵ ببێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە دەوڵەتێکمان هەیە لە دەبەنگی بۆرۆکرات پێک هاتووە و بۆ ئاسوودەیی ئەوان کار و چالاکی ئەکات.

جوولیا کیدز[١٥٥] لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بە ناونیشانی «**چێژی بەدفەڕی**» سەبارەت بە خولی خزمەتگوزاری خۆی

---

Julia Kidds ـ١٥٥

وەکوو فەرمەنبەری پلەنزمی بەشی دەرکردنی پسوولەی ئاژووتن ئەنووسێ: «گەمەی سەرنجڕاکێشمان سەرلێشەواندنی ئەو کارێنەرانە بوو کارەکەیان کێشەی تێدا نەبوو. هەندێ جار، چوار پێنج جار ئەوانەمان ئەگەڕاندەوە تا سەرەنجام پسوولەکەیان پێ بدەین، کە لە هەمان سەرەتاوە ئامادە بوو. لە تاقیکردنەوەی نووسین کارێکمان ئەکرد تا وەڵامە دروستەکان وەکوو نادروست پیشان بدرێ و، لە تاقیکردنەوەی کرداریدا کۆمەڵێک ڕێسامان لەخۆوە ساز ئەکرد. بۆ وێنە ئەم ڕێسایەی کە سەرەڕای چرای سوور، لادان بۆ لای ڕاست ئازادە، لەو ڕێسایانە بوو کە لەخۆمانەوە سازمان کردبوو، تا گاڵتە بە جەماوەر بکەین. کۆتاییەکەی ژمارەی ئەو کەسانەی بڕوایان بەم ڕێسایە هێنابوو ئەوەندە زیادی کرد، بەڕێوەبەران ناچار بوون ئەو ڕێسایە بخەنە ناو دەقی قانوونییەوە. من کە ئەڵێم دەسەڵاتی ڕاستەقینە واتە ئەمە!»

هەموو ئەوانەی لە فەرمانگەکان کار ئەکەن، دەبەنگ نین، هەرچەند هەموویان مەترسی ئەوەیان لەسەرە تووش ببن. بە زۆری خولێکی فێرکاری دژوار و درێژ ــکە پێی ئەوترێ خزمەتی سەربازیــ پێویستە، تا مەردم بۆ دانیشتن لە پشت مێز و هەستان بە کاغەزبازی ئامادە ببن. هەڵبەت لە زۆربەی ئەم کارانەشدا پەیوەندی لەگەڵ کارێنە لە ئارادایە.

سادەترین نموونەی ئەم کارانە لە بەڕێوەبەرێتی پۆست، بیمەی کۆمەڵایەتی و گەنجەی خانەنشینیدا ئەبینرێ. ئەو شوێنانەی بە ڕواڵەت سکاڵای دژی فەرمانبەر، جۆری بەرزبوونەوەی پلە و مووچە دیاری ئەکرێ؛ بەم شێوەیە چەندە سکاڵا لەسەر

فەرمانبەرێک پتر بێت، بەختی ئەو بۆ پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی پلە زیاتر ئەبێ.

ڕاڕایی و حولحولی بوونیش بێ پاداشت نابێ. چەندە قانوونەکان ڕەقتر بن، کارکردن بۆ دەبەنگەکان ڕەتێنەرتر و جاڕزتر ئەبێت. لەم ڕووەوە دابینکردنی هەژان لە کاری پشت مێزدا گرنگی زیاتر پەیدا ئەکات. ئێرنستین کابالشینسکی(١٥٦) لە فەرمانگەی هاتوچۆی سەن دیەگۆ ئەڵێ: «ئەگەر ڕواڵەتی کارێنەرم بەدڵ بێت، ئەوا زۆر سەختگیری لەگەڵ ناکەم، بەڵام ئەگەر خۆشم لێی نەیەت، پەرتووکی ئاژووتن هەڵئەدەمە بەردەمی و ئەڵێم فەرموو ئەمە بخوێنەرەوە تا بزانی لێخوڕین ڕێسای هەیە. ئەگەر پێویست بکات لێکۆڵینەوەشی لەگەڵ ئەکەم، بۆ ئەوەی تێبگات ئەوەندەش زیرەک نییە.»

ئادۆڵف شنایدر لە پەرتووکی **ئەو دەبەنگانەی من ناسیومن،** دەبەنگی بیرۆکرات لە ڕیزی «دەبەنگی ئاگری بن کای ڕووترشاو» دائەنێ، کە لە بۆسەی دەسەڵاتدا چاوەڕوانی دەرفەتن تا ببن بە دەبەنگی دۆخناس. ئەم دەبەنگانە لێهاتوویی و جەربەزەی پێویستیان بۆ ئەوە نییە، ببن بە دەبەنگی بازرگان یان تەنانەت دەبەنگی ڕامیار. بەڵام ئەو پشتیوانی و پارێزراوییەی هەموو کارمەندانی دەوڵەت هەیانە، ئەو هێزەیان ئەداتێ بە ئاسانی ببن بە دۆخناس. لە کەشێکی وەها دایە، کە کەسانی چرووک و بوودەڵە، کەڵەگایەکی وەهای لێ دەرئەچێ، زۆر کەسانی لە خۆیان نەشیاوتر و سووکتر بکەون بەسەر دەستوپایاندا و بە باڵایاندا هەڵبڵێن و بە ئاسانی هەق بکەن بە ناهەق. هەندێ لەمانە

١٥٦- Ernstine Kabalshinski

ئەوەندە بەهێز ئەبن، ئەچنە ڕیزی **دەبەنگی گڕدار**ەوە. وەک پلە و پایەش تا ڕادەی جێگر و بەڕێوەبەری گشتی سەرئەکەون.

کات، بەبایەخترین چەکی دەبەنگی بیرۆکراتی پشتمێزنشینە. ئەوان بڕێکی باشی ئەم چەکەیان لە لایە و ئێوە هیچ. ئەگەر داخواز بدەن، پێتان ئەوترێ دوو حەفتە بەر لەمە کاتی ناردنی بووە. ئەگەر بتانەوێ داخوازی تازیاری پیشە و بازرگانی بدەن[١٥٧]، بۆتان دەرئەکەوێ، تەنها کاتژمێر ٦ و ٧ی سەرلەبەیانی ڕۆژانی پێنجشەممە بۆ ئەو کارە دانراوە. ئەگەر بەر لە دەستپێکردنی پڕۆژەیەک پێویست بە وەرگرتنی مۆڵەتنامە هەبێ، بە مسۆگەری ئەبێ بێنفرەهی ئەییوبتان هەبێت. هەموو ئەمانە بە بەشێک لە «قۆناغەکانی بیرۆکراسی» دائەنرێن. دەبەنگی بیرۆکرات لە دۆزینەوەی شێوازە تازەکانی کاغەزبازی و دواخستنی کارەکاندا توانایەکی سەمەرەی داهێنانیان هەیە. هەڵبەت ئەگەر هەموو کارەکانی ئێوە ڕێسایی و بەپێی پەیڕەوی قانوونی بێت و نەتوانن بیانووی بێجێتان پێبگرن، بە خێرایی ئەتانخەنە ناو سووڕێکی بێکۆتاییەوە کە پێی ئەڵێن «ئەمڕۆ بڕۆ، بەیانی وەرە». فەرمانبەرێک کە کارەکەتان لای ئەوە، بە مسۆگەری ئەبێ دەرفەت لە بەرپرسەکەی وەربگرێ، چونکە سەربەستی و بڕیاردان لە ناوەندەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرگیراوە. بەرپرسیش بە هەمان هۆکار بە باشی ئەزانێ ئەو پەروەندە لەگەڵ چەند دانەی تر، لە دەرفەتێکی لەباردا بباتە لای جەنابی بەڕێوەبەری گشتی. ئەویش بە پێویستی ئەزانێ لەگەڵ ڕاوێژکارەکەی لێدوان بکات و... بەم

١٥٧ـ تازیار: licence پسوولەی پیشەیی، پسوولەی کارکردن [د] مجوز، جواز کسب [ع] رخصة العمل [N] tillatelse.

شێوەیە پەروەندەکەی ئێوە لە تووناتوونی سیستەمی بیرۆکراسیدا ون ئەبێت و لەبیر ئەچێتەوە.

هیچ شتێک لەوە زیاتر دەبەنگێکی بیرۆکرات شادمان ناکات، کە کارێنەرێک ئازار بدات، تا ئەو ڕادەیەی جاڕز ببێت و سکالا بکات. هەڵبەت کارێنەر مشتومڕی ناڕەزایی بە مافی خۆی ئەزانێت، بەڵام ئەوە نازانێت دەبەنگی بیرۆکرات وەستای دەمەچەقێ و پاساوهێنانەوەیە و، لە لایەن تۆڕێکی مەزنی پەیوەندی بەڕێوەبەرایەتییەوە پشتوانی ئەکرێ، کە ڕێسای یەکەمی ئەمەیە: «ئاگات لە خۆت بێت.»

فەرمانبەرێکی دەبەنگ زۆر زوو لەوە تێئەگات دەنگبەرزکردنەوە چ کاریگەرییەکی ناوازەی لە پیشاندانی دەسەڵات و باڵادەستی ئەودا هەیە. پاشان بە هەمان دەنگی بەرز و فەرماندەرانە دەست ئەکات بە گوتنی ڕێسا و پەیڕەو و هەر قانوونێکیش بە پێویست بزانێ ئەیڵێ، بەبێ ئەوەی بوونی هەبێت. ئەگەر هات و کارێنەرێک بەرەنگاری ببێتەوە و دەست بکات بە ڕەخنەگرتن و بیەوێ بەڵگە بهێنێتەوە کە وانییە ئەو ئەیڵێ، بە جەختەوە ڕای ئەگەیەنێ ڕێگا نادات لەوە زیاتر سووکایەتی پێ بکرێ و لە ژوورەکە ئەچێتە دەرەوە.

کارێنەری ڕەبەنیش کە واقی وڕ ماوە، ئەوە نازانێت کە ئەو کاتە، کاتی پشوو و چاخواردنەوەی ئەو فەرمانبەرە بووە و، هۆکاری ڕاستەقینەی چوونەدەرەوە لە ژوورەکە، ڕۆیشتن بووە بۆ لای هاوکارانی بۆ گفتوگەپ و پشوودان.

هەموو کێشەی دەبەنگانی بیرۆکرات ئەوەیە، هەموو ڕۆژێک پاش هەشت کاتژمێر کارکردن، ناچارن بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە

و بۆ ناو خێزانێ کە هیچکامیان ئامادە نین پەژێرەی ئەو گاڵتەجاڕیانەی ئەو بکەن. هەرچەند هەموو ئەندامانی خێزان ئەوە ئەزانن، تا گەڕانەوەی دووبارەی بۆ سەر کار و کەوتنەوە ئازاردانی کارێنەران و سووکایەتی پێکردنیان، تەنها شانزە کاتژمێری ماوە.

## ڕاهێنان:

١ــ ئایە تاکوو ئێستە داخوازی وەرگرتنی مۆڵەتنامەی خانوو سازکردنت کردووە؟ ناچار بوویت وەڵامی چەند دەبەنگ وەربگری؟ چەندەی پێچوو؟ چەندە بەرتیلت دا؟

٢ــ هەندێ لە پسپۆڕان لایان وایە تەنها ڕێگەی بەرگری لە پەرەسەندنی زیاتری بیرۆکرسی و کاغەزبازی، لابردنی سەرگەرمییەکانی دەبەنگی بیرۆکراتە. بە گوێرەی هەندێ پێشنیازی ڕادیکاڵ، سکرتێرەکان ئەبێ بە گوێرەی ژمارەی ئەو کەسانەی یارمەتییان داون، هەڵبسەنگێنرێن. هەموو پەروەندەکان بە ئەندازەی یەک تاقە لاپەڕە کورت بکرێنەوە. هەموو دامەزراوە دەوڵەتییەکان ببن بە کۆمپانیای تایبەتی. ئەی ئێوە چ پێشنیازێکتان بۆ دەرهاویشتنی دەبەنگەکان لە سیستەمی بیرۆکراسی هەیە؟

## XII - بەشی دووەم

### دەبەنگی لانەواز

**«تۆ ناتوانێ خێزانەکەت ناچار بکەی هیچ کارێکت بۆ ئەنجام بدەن، تەنانەت ئەگەر دەبەیەک دەرمانی بۆریکردنەوەشت خواردبێتەوە و داوایان لێ بکەی ورگت بەتاڵ بکەن و، لە مردن ڕزگارت بکەن.»**

کیتی[١٥٨]، دەبەنگێکی بێ چارەسەر

ڕەنگە دەبەنگی لانەواز سەبارەت بە دەبەنگەکانی تر کێماسی سۆزداری فرەتریان هەبێت و ناخۆشەویسترین جۆر بن. ئەم جۆرە دەبەنگە وەکوو کرێشی سەر وانە، کە هەمیشە لکاون بە شوێنێکی ڕەشباوەوە و ئەگەر لەو شوێنە دەربهاوێژرێن، لە ماوەی چەند خولەکێکدا ئەگەنەوە شوێنی خۆیان.

لە پلەی یەکەمدا، ئەم دەبەنگانە ڕەنگە وەک دەبەنگ خۆیا نەکەن و تەنها وەک مرۆڤی لاواز و تەوەزەل و دەستوپاسپیلکە دەربکەون، کە ناتوانن لە سەر[١٥٩] پای خۆیان ڕابوەستن. کەسانێک کە هەمیشە پێویستیان بە یەکێک هەیە پاڵی پێوەبدەن، پێیان ڕابگات و کاروباریان ببات بەڕێوە. هەڵبەت ئەمە تەنها

---

١٥٨ـ Kitty

١٥٩ـ لە سەر و لەسەر ☜ فەرهەنگۆک

فیلم و ڕۆڵ نواندە ــ فیلمێکە بە ئەندازەی ئەسکەناسێکی سێ دۆلاری قەڵب و ناڕاستەقینەیە.[١٦٠] ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم کەسانە بە ڕاستی خورت و بەهێزن، بەڵام لەوە تێگەیشتوون بە لاواز و لانەواز پیشاندانی خۆیان ئەتوانن بە ئاسانی دەسەڵاتێکی فراوان بەدەست بهێنن.

ڕاوێژکاری بەناوبانگی خێزان، لۆکریشیا پۆپۆلۆپۆلیس[١٦١]، لە وتارێک بە ناوی «خێزانی دەبەنگــڕابەر»[١٦٢] کە لە گۆڤاری یۆنانی پزیشکی خێزان چاپی کردووە، ئەڵێ: بنەماڵەی زۆر بە هۆی زاڵبوون دەبەنگی لاواز و مشە تووشی قەیران و ناسازی بوون. «ئەم دەبەنگانە بە زۆری لە نێوان کەسوکار و کۆمەڵەی دۆستانیاندا، لەگەڵ نیازی هەمیشەییان بۆ سەرنج ڕاکێشان و بە مەبەستی خۆزاڵکردن بەسەر خەڵکیدا، کەڵەگایی ئەکەن. چەشنێک بەزەییخوازی خۆسەپێنەرانە و پزداندن. ئەوان چاوەڕوانن تاکوو خەڵکی گیانیشیان بۆ ئاگاداری لەوان بەخت بکەن. من ئەمە ناو ئەنێم سیندرۆمی "چاوەڕوانی مەرگی دایک" ئەزانم. هەڵبەت دایکی دەبەنگێکی لانەواز لە کۆتاییدا هەر پەنا ئەباتە بەر مردن.»

هێزی لاواز ئەتوانێ مەزن بێت. زۆربەی دەبەنگەکان ئەزانن بە چ شێوەیەک تا دوا کیلۆ وزەی خۆیان لە هەر هەلومەرجێکیدا بەکار بهێنن. ئەگەر بەو ڕادەی کە پێویستە سەرنج بۆ لای خۆیان ڕانەکێشن، خەڵکی بەوە تاوانبار ئەکەن بەرامبەر بە ویست و

١٦٠ـ وەک سێ دۆلاری ساختەیە: phony as a three-dollar bill ئەڵێی سێ دۆلاری قەڵبە! بە واتای ئەوەیە درۆکە ئەوەندە هوەیدایە پێویستی بە بەرپەرچدانەوە نییە؛ وەک چۆن سێ دۆلاری بوونی نییە، ئەو گوتەیەش ڕاست نییە.

١٦١ـ Lucretia Poupulopolis

١٦٢ـ The AssholeCentered Family

نیازەکانی ئەو کەمتەرخەمن. ئەگەر بەو ڕادەیەی داخوازی یارمەتییان کردووە، یارمەتی نەدرێن، هەڵئەچن و تووڕە ئەبن. ئەگەر بە ویستەکانیان نەگەن، ئەوەندە خۆیان ئەدەن لە نەخۆشی تا ئەوانی تر ناچار بکەن واز لە کارەکانی خۆیان بهێنن و بەوان ڕابگەن.

ژنێکی کەیبانوو، کە لە دەستی دایکی وەزاڵە هاتبوو، چونکە شەش مانگ بوو لە لای ئەو ئەژیا؛ ئەیوت: «ئەو ئەتوانێ لە دەستی هەزار شت، بە سەد ڕێگەی جۆراوجۆر بناڵێنێ، هەر هەموویشی تەنها لەبەر ئەوەیە کە ئەیەوێ خۆی بەسەر هەموو شتێکدا بسەپێنێ.»

نەخۆشی سەرچاوەیەکی مەزنە بۆ زۆر لەم کەسانە. سووتانەوە، ئازار، هێڵنجدان بە شێوەیەکی پەرجووئاسا لە کاتی پێویستدا پەیدا ئەبن. هەندێ جار مرۆڤ گومان لەوە ئەکات نەکا تەندروستی لەبار لە لای ئەم کەسانە، چارەسەر بێت؟!

دەبەنگێکی لانەواز، جگە لە زۆر کەرەستەی دەبەنگی وەکوو ناڵین، تاوان، ترسان و ترساندن، کۆمەڵێک ئامێر و ئامرازی تایبەت بە خۆیشی هەیە کە یەکێک لە بەرجەستەترینیان ناوی «شێتکردنە».



«شێتکردن»، هونەری پاڵپێوەنانی مەردمە بەرەو شێتی. ئەم کارە بە هۆشمەندی و بەردەوامی لە ویست و داخوازی نابەجێی هەوەسبازانە، ناژیرانە، ناڵاندنی بەردەوام و بە شێوازی تر ئەنجام ئەدرێت.

دەبەنگی لانەواز گلەییت لێ ئەکات هەرگیز هیچت بۆ نەکردووە و هەرگیز بە ئەندازەی پێویست خۆشت نەویستووە. سەردەنشت و لۆمەت ئەکات بە ئەندازەی پێویست کاتی بۆ دانانێیت و دوابەدواش پێت ئەڵێ لە پێش چاوی ون ببیت. بە هەمان شێوە کە دزمۆند دیکتۆن[١٦٣] لە پەرتووکەکەیدا بە ناونیشانی **لانەواز؟، یان دوژمنی ژمارە یەکی کۆمەڵگە**[١٦٤] پیشانی داوە.

گێژ و حۆلکردن و سەرلێشەواندنی کەسان بە پارادۆکسی نەگونجاویش ڕەنگە یەکێک لە شارەزاییەکانی ئەم کەسانەیە لە شێتکردنی مەردمدا. چاوەڕوانن گلەیی لە چاوەڕوانییە هەمیشەییە بێجێکانی ئەوان نەکەین و، سەرەڕای هەموو وردە فەرمایشتەکانیان، هەمیشە ڕێز بۆ سەربەستی و بڕوابەخۆیی ئەوان دابنێین. بەو پێیەی ئەوان ڕێساکانی دائەنێن و پەسەندی ئەکەن، ئێمە هیچ بەختێکی بردنەوەمان لەو گەمەیەدا نییە.

سەبارەت بە خێزان، دەبەنگی شێتکەر، بە زۆری کەسێکە نالکێ بە بنەماڵەوە، وەکوو خەسوویەک کە لەگەڵ خێزانی یەکێک لە منداڵەکانی ئەژی. لە جیهانی بازرگانیدا شێتسازەکان بە ڕاستی لە ڕیزی ئەو کەسانەدان کە زۆر بە بێدەنگ و هەرا لە نووسینگەکان کار ئەکەن. ئەوانە هەموو ڕۆژ ڕێگەی تازە ئەدۆزنەوە تا کەمتر و کەمتر ئەرک و کاریان ئەنجام بدەن. کاتێکیش پێیان ئەوترێ، وای دەرئەخەن شەیدای خزمەتکردنن، بەڵام قەبارەی ئەو کارەی بەوان ئەدرێ ئەوەندە زۆرە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش زیاتر ئەبێ، کە ئەنجامدان و ڕاپەڕاندنی هەموو

---

١٦٣ـ Desmond Dickeyton

١٦٤ـ Helpless?—Or Just Public Enemy Number One

ئەوانە بە کەسێک ناکرێ. ئەگەر کار بگاتە تەمێکردن، لەپڕ چیرۆکی دزێوی گوشاری جنسی و زایەند[١٦٥] و سەردە ئەهێننە ئاراوە و هەڕەشەی سکاڵاکردن دژی کارفەرما ئەکەن.

وەک دەبەنگی بیرۆکرات، دەبەنگی لانەوازیش لە بەکارهێنانی چەواشەی زماندا دەمەوەرن. ئەوان ئەتوانن وەها کات بە فیڕۆ بدەن کە قەپۆشکە[١٦٦] لە لایان وەکوو فانتۆم خۆیا بکات. لە ماڵەوە، ئەوان هەمیشە دواین کەسن کاتی چوونە دەرەوە ئامادە ئەبن. هەر جار کە ئەچن بۆ ئاودەست، بۆ ئەوانی تر وەک سەدەیەک وایە. ئەوان ئەتوانن کاتژمێرێک کاری ناوماڵ بە ئەندازەی ڕۆژێک خنەخنی تێدا بکەن. لە شوێنی کار، بە زۆری هەمووان چاوەڕێ ئەکەن. گرنگترین شارەزاییان ئەوەیە کە هەمیشە سەرقاڵ و خەریک خۆیا بکەن، لەکاتێکدا بە زۆری هیچ کارێک ناکەن.

دەبەنگی لانەواز ئەوەندە بە باشی ڕۆڵی مرۆڤی بێئەنوا و گیانباز بە باشی کایە ئەکەن، کە هیچکام لە هونەرپیشەکانی براوەی ئۆسکار باشتر لەوان ناتوانن. ئەم کەسانە فێر بوون ئەوەندە ئازاردیدە خۆیا بکەن و ئەوەندە بلاڵێنەوە کە هەمیشە شەکەت و کەوتوو بکەونە بەرچاوان. ئەوان ئەتوانن ئەوەندە بە باشی خۆیان بدەن لە ماندوێتی کە دراوسێکەیان وا هەست بکات بە کۆیلەتی گیراوە.

---

١٦٥ـ زایەند: سەردە، جنس، جێندەر [ع] جنس [N] kjønn [د] جنسیت [E] gender.

١٦٦ـ قەپۆشکە: snail هێلکەشەیتانۆکە، لیسگ، لوولپێچ، نەرمەلۆکەیەکە یەک توێکڵی خولگەیی هەیە ئەتوانێ هەموو جەستەی تێدا بشارێتەوە. [ع] حلزون [N] snegl [د] حلزون.

هەرچەند وەک خاتوو پۆپۆلۆپۆلیس پیشانی ئەدات، ئەم دەبەنگانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگیش ناپرنگێنەوە تەنها بۆ ئەوەی سەرنج ڕابکێشن و بەزەیی خەڵکی ببزوێنن. هەر بۆیەشە هەندێ جار خودکوژی ئەکەن. هەڵبەت هەمیشە لە بەرەوە دڵنیا ئەبن کەسێک لەپڕ بگات و لە مردن دەربازیان بکات.

نەخۆشێکم لە پاش ئەوەی ژنە دەبەنگەکەی بە هۆی بەکارهێنانی زیاد لە پێویستی کرێمی چرچ و لۆچی مرد، ئەیوت: «ئەو خوێنمژێک بوو کە هەموو ڕۆژ لە هەڵە و شکستەکانی منی ئەخواردەوە. ئێستە ئیتر خوا فریای ئەهریمەن بکەوێ. سپاس بۆ خوا.»

## ڕاهێنان:

١ــ ئایە ئێوەش دەبەنگی شێتسازتان لە ناو خێزانەکەتاندا هەیە؟ لەسەر کار چی؟ لە شوێنانی تر چی؟

٢ــ ئایە تا ئێستە کڕووزانەوەی دەبەنگێکتان بیستووە؟ تێبکۆشن بەشێک یان هەمووی وەسپ بکەن.

# XIII - بەشی دووەم

## دەبەنگی گازندۆک

**فیل وتی: «دەیجا بڕۆ سکاڵام لەسەر تۆمار بکە.»**
**مێروویش وتی: «هەر واش ئەکەم.»**
**پارێزەرە زیرەکەکەی وتی: «پای پیا بنێ.»**
**فیلەکەش پای پیانا.**

ئەفسانەیەکی کۆنی یۆنانی

یەکێک لە دەستکەوتە بەنرخەکانی کۆمەڵگەی دیمۆکراتیک، مافی دادخوازی لە دادگانە. ئەم مافە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە کەسی ئاسایی لەگەڵ ئەو کەسەی پارە و پلە و دەسەڵاتی هەیە، لە چاوی ڕێسا و دادگادا بەرامبەرن.

تەنها کێشەیەک لەم نێوانەدا هەیە: دەبەنگەکان.

شکسپیر نووسیوێتی: «ڕێسا گەمژەیە.» چاوپۆشی لەوەی ئەم بۆچوونە ڕاستە یان نا، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سیستەمی دادوەری ئێمە بە توندی ئاگای لە دەبەنگەکانە و تەنانەت باجیشیان پێ ئەدات.

لە ئەمریکا، هەموو دەبەنگێک ئەتوانێ هەر بۆ خۆشی و مەردمئازاری دادخوازێک دژی هەرکەس پێی خۆش بێ بەرز بکاتەوە و ناچاری بکات بۆ داکۆکی لە خۆی پارەیەکی باش مەزاخ

بکات. بەڵگە و پازە پێویست نییە، تەنها ئەندێشەی بەد و وێنای ناقۆڵا. بۆیە دادگاکان بوون بە مەیدانی تەراتێنی دەبەنگەکان.

خێراترین ڕێگە بۆ شکستخواردن لە کێشەیەکی دادخوازی ئەوەیە مرۆڤ بڕوای وابێ سیستەمی دادگەری «بێلایەن»ـە. ڕێگەی دووەم، سوودوەرگرتن لە پارێزەری پاک و دروستکارە (هەڵبەت ئەگەر کەسێک وا بوونی هەبێ). چونکە دەبەنگ دەرەقەتی دەبەنگەکانی تر دێت و ئەمە هیچ پەیوەندی بە دادگا و دادگەرییەوە نییە.

لەبەر ئەمەشە دەبەنگەکان زۆر لە خەمی دادگەریدا نین. ئەگەر بوایەتن هەرگیز لە دادگا دەرنەئەکەوتن. ئەوان تەنها بۆ بیانوو ئەگەڕێن تا دوژمن و دراوسێ و هاوکار و هاوڕێیان و ئەو کارمەندە ڕەبەنانەی فەراگەردیان ئازار بدەن، ئینجا چ ئامێرێک باشتر لە دادگا.

تۆمەت و سووکایەتی دژی ڕوومەتی کەسان، دژی ڕێسایە. کەواتە تەنها یەک ڕێگە بۆ ئەو دەبەنگە ئەمێنێتەوە کە ئەیەوێ تۆمەت لە تۆ بدات، ئەوەیش ئەوەیە دادخوازێک لە دژت بنووسێ و هەر تۆمەت و ناشایستێک ڕیز بکات کە پێی خۆشە، ئەوپەڕی ئەوەیە ڕوون ئەبێتەوە تۆمەتەکانی ئەو لە دژی تۆ بێبناغە بووە و، بە ڕواڵەت گوتەی لە دادگا سەرکەوتوو نابێ. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو لە پەنای قانووندا بە ویستی خۆی گەیشتووە.

کێشەی دادخوازی، واز و کەڵکەڵەی دەبەنگانە. دەبەنگەکان بە گشتی شەیدای دۆزینەوەی کێماسی و ئابڕووبردنی خەڵکین و، کێشەیەکی دادخوازی ڕێگەیەکی زۆر لەبارە بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵگە لە خەوش و کێشەی ڕاستەقینە یان ئەندێشەیی کە

ئەوان لایان وایە، ئاگادار بن. لە هێرشی هاوچەرخی ئێمە بەرەو دادخوازی لەمەڕ هەر هەڵەیەکی لواو، دەبەنگەکان دەستیان کردووە بە دادخوازی لە دژی.

- **پزیشکان**؛ بە هۆی چارەسەری چەواشە. ئەگەر دادگەرییەک بوونی هەبوایەت، ڕێگەیان بە پزیشکەکانیش ئەدا تا لە دژی ئەو نەخۆشانەی لە ڕەوتی چارەسەردا کێشە ئەنێنەوە، سکاڵا بەرز بکەنەوە.
- **کۆمپانییەکان**؛ بە هۆی دەرکردنەوە. ئەگەر دادگەرییەک هەبوایەت، ئەبوایە ڕێگە بە کۆمپانیاکان بدات لە دژی فەرمانبەرە دەرکراوەکان، بە هۆی ئەوەی پارەیان وەرگرتووە و کارەکەیان بە باشی ئەنجام نەداوە (چەشنێک کلاوبازی)، سکاڵا بەرز بکەنەوە.
- **مامۆستایان**؛ بە هۆی ناکامی و سەرنەکەوتنیان لە تێکۆشان بۆ کەمکردنەوەی ئەو گەوجیەتییەی دەبەنگەکان یان منداڵەکانیان هەیانە. ئەگەر هەق و دادگەرییەک هەبوایەت، ئەبوایە ڕێگە بە مامۆستاکان بدات لە دژی خوێندکارە تەمەڵەکان، بە هۆی ئەوەی کاتی مامۆستاکانیان گرتووە و قەڵس و تووڕەیان کردوون، سکاڵا بەرز بکەنەوە.
- **دایک و باوک**؛ ڕەنگە لەبەر ئەوەی «تۆم»ـەکەی ئەویان فڕێ نەداوەتە ناو زبڵدانەوە.[١٦٧]

هەندێ جار دەبەنگی گازندۆک زۆر سووک و چرووک ئەبن. بۆ وێنە جارێکیان پارێزەرێک دژی سەرۆکی ئەنجومەنی

١٦٧ ـ تۆم: sperm کەوچکەقوڵە، توو، نێراو، تۆواو، تۆماو، ئاو، توخم، پشتاو، سپێرم.

نیشینگەکەیان سکاڵای کردبوو لەبەر ئەوەی بەری بە سەگەکەیان نەگرتووە لەبەر ماڵەکەی ئەودا چەپەڵکاری نەکات. ئەمە دەری ئەخات فریشتەی دادگەری خەوی لێکەوتووە و نابینێ دەبەنگەکان، بە ڕاستی بێتامیان کردووە.

لە نموونەکانی تردا، سکاڵای دادخوازی نیشانەی ئەوپەڕی نەفرەتی یەک دەبەنگە. ئەم لایەنە بە تایبەت لەمەڕ داواکردنی جیابوونەوە و دادخوازی وەرگرتنی سەرپەرشتی مناڵ زۆر ڕوون و ئاشکرایە. بە ڕواڵەت لە مشتومڕی خێزانی، دەبەنگەکان هیچ سنوورێک بۆ خۆیان دانانێن و ئامادەن هەر کارێک بکەن تا بە ویستی خۆیان بگەن. ئایە دادگای نێوبژیوان ئەتوانێ ئەم گەمژەییانە باشار بکات؟ بە مسۆگەری نا. ئەمە مافی ئەو مرۆڤە بچووکانە بە ئەندازەی دەبەنگێکی گەورە، لە نەزانی بەشیان هەبێت؛ سیستەمی دادگەریش بۆ دامەزراندنی دادگەری و بۆ مافپێدانی بەرامبەر بەدی هاتووە!

لە ڕەوتی هەستان بە ئاریشەی دادگەری و دادخوازی، مسۆگەر ئەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێت، پارێزەران بە گشتی لە مەترسی دەبەنگی دان. کە واتە بەرژەوەندی لەوە دایە هەرگیز متمانە بە پارێزەر نەکرێ. ئەگەر گوێ لە پارێزەر بگرن و ڕێک وەکوو ئەوەی ئەو وتوویەتی هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام شکست بخۆن، پارێزەر نکۆڵی لە هەموو شت ئەکات و هیچ بەرپرسایەتییەک ناخاتە ئەستۆی خۆی. هەرگیز متمانە بە فرسەنداری پارێزەکەی ئەوبەریش مەکەن. پارە بە پارێزەر نادرێ تا فرسەند و ویژدانی هەبێ. پارەیان پێ ئەدرێ تا بە نابووتکردنی نەیارەکە، کارێنەری خۆیان بپارێزێ.

هەڵبەت دەبەنگی گازندۆک پێویستی بەوە نییە بۆ گەیشتن بە ئامانجە دشتەکانی هەمیشە لە دادگاکان بخولێتەوە. فەرمانبەرانی ڕاپەڕاندی شارەوانی و وەکوو ئەوانەش ئەتوانن زۆر لە ڕێسا و پەیڕەوەکان بە دڵی ئەوان بەڕێوە ببەن. بۆ نموونە دەبەنگێک ئەتوانێ بە سکاڵایەکی ڕێکوپێک دراوسێکەی ناچار بکات دەرگای پارکینگەکەی کە هینی بیست ساڵ لەمەوبەرە، دە سانتیمەتر بباتە دواوە یان پەنجەرەکەی دەربهێنێ و بیبەستێ کە ساڵی پێشوو دابینابوو.

لەم دوایانەدا، دەبەنگی چالاکڤان دۆزیویانەتەوە کە ڕێسا ئەتوانێ وەکوو چەکێکی زۆر بەبایەخ بەکار بهێنرێت. دانیشتوانی گەڕەکێک ئەتوانن بە نەیاریدەربڕینی خۆیان لە دژی شارێییەک کە تا نیوەی دروست کراوە، بەکارهێنانی بۆ ماوەی پانزە تا بیست ساڵ بخەنە دواوە؛ تێچووەکەی لە گیرفانی هاوشاریانی باجدەر دابین ئەبێت و دووکەڵەکەشی ئەچێتە چاوی ئەوانەی پێویستیان بەو شارێ هەیە.

دەبەنگی گازندۆک هەرگیز بۆین و دڵتێر نابن. لە دیدی دەبەنگێکی گازندۆکەوە ئاسمان نە هەرگیز بە ئەندازەی پێویست شینە و نە ئاوەکەی ئەوەندە تەڕە. بۆ ئەو کارانەی کە ئەو پێی وایە کێشەدارن، هەمیشە بەرپرس و تاوانکارێک هەیە؛ تەنانەت ئەگەر تۆی دۆستی ئازیزیشی بێت!

مرۆڤێکی بێچارە کە دەبەنگی گازندۆک لە ماوەی دوو ساڵدا، چواردە جار سکاڵای لە دژی بەرز کردبوویەوە، ئەیوت: «دڕندەترین گیانەوەرانی دۆزەخیش بە ئەندازەی دەبەنگێک کە پارێزەرێکی دەبەنگی هەبێ؛ دڕندە نین.»

ڕاهێنان:

١ـ ئایە هەتا ئێستە دەبەنگێک سکاڵای لێکردوویت؟ دادگەری بەڕێوە چوو؟ یان ئەو دەبەنگە بردییەوە؟

٢ـ ئایە تا ئێستە ئەندامی دەستەی داوەرانی دادگا بوویت؟ چەند کەس لە داوەران دەبەنگ بوون؟ چەند کەسیان کاتی دادگا وەنەوزیان ئەدا؟ چەند کەسیان ئەیتوانی بە شێوەی ئاسایی قسە بکات؟

٣ـ ئەگەر بیرکاریت باشە، ئەگەر ئەوەی دەبەنگێک بتوانێ واز لە دەبەنگیەکەی بهێنێ، شیکار بکە.

**سەرنج:** بۆ ئەم کارە ئەبێ ژمارەی ئەندێشەیی بناسن تا بتوانن ئەم هاوکێشەیە شیکار بکەن.

# بەشی سێیەم

## کاتێک کۆمەڵگە ئەبێ بە دەبەنگ



# نیشانەکانی دەبەنگی لە کۆمەڵگەدا

١- ئۆباماکەیر، بیمەی تەندروستی هەرزان[١٦٨]
٢- ڕاستەقینەیەکی ناخۆش
٣- جیهادیسم
٤- ئەو ئەمریکاییانەی داوای لێبوردن ئەکەن بۆ ئەمریکا
٥- ڤێدیۆی موزیکی ڕاپ و ڕاپڕەکان
٦- تویتر، فەیسبووک و ئەوانەی بەکاریان ئەهێنن
٧- ئەنجومەنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل
٨- قەبارەی کەمی بووجەی وڵات
٩- ئەوانەی لایان وایە قوشقیبوون کارێکی باشە
١٠- ڕاستی و ڕاستبێژی ڕامیاری
١١- بەرنامەی تۆژینەوە دەربارەی ڕەش و ژن
١٢- هیوگۆ شاڤێز
١٣- ئاساییبوونی بەیەکدا هەڵشاخانەوە.
١٤- ئەوانەی تا ئێستاش بڕوایان بە گەرمبوونی زەوی هەیە
١٥- کووپەی زێڕ لە جەمسەری پەلکەزێڕینە[١٦٩]
١٦- ڕادیۆی سەرانسەری

١٦٨ـ بزووتنەوەی تی پارتی ☜ بۆستۆن تی پارتی
١٦٩ـ شتێک کە بە ڕاستی ئەتەوێت هەتبێت، یان ئەتەوێت بەدەستی بهێنیت.

١٧– تێزار لە کۆشکی سپی

١٨– خۆ تەقێنەرەکان

١٩– ڕام ئێمانوێل و مردووخۆرەکانی[١٧٠]

٢٠– ژیانەوەی کۆیلەداری

٢١– بووجەی ١٩ ملیۆن دۆلاری بۆ تۆژینەوەی کاریگەری تڕینی گا و مانگا لە گەرمبوونی زەویدا[١٧١]

٢٢– دادگاییکردنی هاوڵاتی بۆ ترۆریزمی جیتمۆ

٢٣– کیم جانگ ئیل

٢٤– فیلمەکانی مایکڵ مۆر

٢٥– وەرزشی خوێناوی: بۆکس و زۆران و ڕامیاری

٢٦– بەڕوو و ناوکەکانی تر

٢٧– تەلەڤیزیۆنی ڕاستەقینە، ئێستەکانێ: دوو وشەی ناکۆک بەیەکن

٢٨– ئازادی هەڵگرتنی چەک بۆ هەموان

٢٩– ڕاستی: دزانی فرۆشگاکان لە هەموو شت زیاتر، دەرمانی مایەسیری ئەدزن (Preparation H)




١٧٠ـ ڕام ئێمانۆێل: Rahm Emanuel (لەدایکبووی ١٩٥٩) ڕامیار و ڕامکاری جوولەکەی ئەمریکایی، شارەوانی شیکاگۆ، ئەندامی پەرلەمان و ڕاوێژکار.

١٧١ـ تڕینی گا و گەرمی هەوا: کاریگەری بای گەدەی گا و هەندێ گیاخۆری تر لەسەر بەدیهێنانی گازی مێتان، کە گازێکی گوڵخانەییە، سەلماوە.

## بەشی سێیەم - XIV

### بازرگانی وەکوو یەک دەبەنگ

**«ئێمە قازانجێکی نەتەوەیی ئەوتۆ بەرهەم ناهێنین، بەڵام بە دڵنیاییەوە بەرەیەکی نوێی دەبەنگی بێکێماسی بەدی ئەهێنین.»**

لە پەرتووکی بنی کۆمەڵگە

بۆ تێگەیشتنی دروست لە نەخۆشی دەبەنگی، زۆرگرنگە ئەوە بزانین ئەم نەخۆشییە بەتەنها تاکە کەس تووش ناکات؛ بەڵکوو ئاپۆرەی مەزنی جەماوەر، هەر لە بازرگانەوە بگرە تا ئەندامانی سەندیکاکان، تا ڕێکخراوە ڕامیارییەکان، تاخوێندکارانی فێرگە و زانکۆش ئاڵوودەی ئەبن و بە گردوکۆ وەکوو دەبەنگ هەڵسوکەوت ئەکەن. هەندێ جارانیش هەموو کۆمەڵگە بە شێوەی یەک دەبەنگ هەڵسوکەت ئەکات، ئەگینا چۆن ئەبێ وڵاتێک لە دژی وڵاتێکی تر جەنگ بەرپا بکات؟

کاتێک دەبەنگی لە قەبارەیەکی گەورەدا سەرهەڵئەهێنێ، لە زاراوەی پزیشکیدا پێی ئەوترێ **دەبەنگی گشتی**، کە ئاماژەی بە ڕەفتاری دەبەنگانەی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانە. تاکوو ئێستە، هەموو جارێک کە کۆمەڵگە دەبەنگ بووە، سەر و بنی بابەتەکەیان بە لادانێکی کۆمەڵایەتی هێناوەتەوە یەک. بەڵام

ئێمە ئەزانین کێشەی سەرەکی، گشتگیری کۆمەڵایەتی نەخۆشی دەبەنگییە.

لە دەهەی **پەنجای** زاینی، بیستنی گوتەکانی مەک کارتی[١٧٢]، جەماوەری بۆ دەبەنگی ڕائەکێشا و تووش ئەکردن.

لە دەهەی **شەست**، لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاران زۆری تریش ئاڵوودە بوون.

لە دەهەی **حەفتا** کۆمەڵگە بە گشتی لە نەخۆشییەک ئازاری ئەچەشت، کە پاشتر جیمی کارتەر بە «داهێزانی دەروونی»[١٧٣] ناوی هێنا، بەڵام بەو پێیەی کەس پێی خۆش نییە ئاماژە بە دەبەنگییەکەی بکرێ، داشکایەوە بە سەر خودی کارتەردا.

لە دەهەی **هەشتا** خولی دەرکردنی دادگەری زۆرەملێ بوو، کە ڕامیاران، لابیکاران[١٧٤] و دەبەنگی تری لەم چەشنە کردیان بە بەهانە بۆ هێرش و پەلاماری داهاتوویان. بەرجەوەنی داهاتووش ڕوون و دیارە: دەبەنگی فرەتر، پەلاماری زیاتر.

---

١٧٢ـ جۆزێف مەک کارتی: Joesep McCarthy (١٩٠٨ـ١٩٥٧) ڕامیاری کۆماریخواز، سەناتۆری ڕاسترەوی بەناوبانگی ئەمریکایی لە دەهەی ١٩٥٠، لە جەنگەی جەنگی ساردی پاش جەنگی جیهانی دووەم و بە پشتئەستووری ئەو هەراسە گشتییەی لە ڕۆژئاوا و بە تایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پەیدا ببوو، زۆر وتاری هەژێنەری سەبارەت بە مەترسی پەرەسەندنی کۆمۆنیزم لە ئەمریکا دا و، بۆ بە ئاڵاهەڵگری جووڵانەوەیەک بە هۆیەوە زۆر لە هاوڵاتیانی ئەمریکایی لە هونەرمەندان و نووسەران بە تاوانی گرەوشتی کۆمۆنیستی دادگایی کران. بە گوێرەی ئەم دادگاییانە زۆر لە تاوانباران بە تاوانکار ناسران و سزای زیندانیان بۆ بڕایەوە، یان لە ئەمریکا دەرکران. ☜ مەک کارتیزم

١٧٣ـ داهێزان: malaise هەستێکی گشتی وەڕەزی، نەخۆشی، یان نائارامی کە ئەستەمە هۆکاری وردی دەستنیشان بکرێت.

١٧٤ـ لابیکار: lobbyist پڕۆپاگەندیست و ڕاکێشەری لایەنگر و کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کەس، ڕێکخراو، پارتی، یان نەتەوەیەک.






یەکێک لە بوارە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە کە بە بەردەوامی تایبەتمەندی دەبەنگی تێدا ئەبینرێ، بواری بازرگانییە.

گرنگترین هۆکاری ئاڵوودەیی بازرگانی بە دەبەنگی، پەیوەندی کارلێک و داینامیکی لەگەڵ پیشەسازی سەربازی دایە. ئاڵوگۆڕێکی ئەوەندە بەرفراوان لە نێوان ئەم دوانەدا هەیە، وا پێئەچێ هاوکات دەستیان لە گیرفانی یەکدی دایە.

تەنها یەک هۆکار ڕێگە لەوە ئەگرێ بازرگانی بە جارێک دەبەنگ ببێ (بەپێچەوانەی دەوڵەت)، ئەویش بوونی بازاڕی ئازادە. بەڵام پارچەی وای لە خۆیدا هەیە تەنانەت لە دارەتی بەرهەمهێنەر و بەربەرەکانێشدا، بەهۆی ئەوانەوە، هەم لە ڕوانگەی تاک و هەم لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە هاوبەشی لەگەڵ دەبەنگی هەیە. وەکوو:

- تەماح و چاوچنۆکی،
- پێشبڕکێ،
- بەرزەفڕی،
- ئەرکنەناسی کۆمەڵایەتی.

بۆ وێنە خولیا و هەوەسی دەسەڵات لە بەرچاو بگرن. هەر ئەم ئەدگارە ئەبێتە هۆی ئەوەی بەرپرسانی کۆمپانیا مەزنەکان بە کڕینی بێسنووری کۆمپانیا بچووکەکان، کۆمپانیاکانی خۆیان وەها لاواز بکەن و بخەنە بن قەرز و وامەوە، لە کۆتاییدا خۆشیان لە لایەن کۆمپانیای لە خۆیان گەورەترەوە بکڕدرێن. ئەو کارانەی کە هیچکامیان کاریگەرییەکی باشی لەسەر گەشە و پێشکەوتنی

باری ئابووری ئەمریکا نییە.

تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و باڵادەستی، شتێکی باشە. بەڵام لە بازرگانیدا هەندێ جار مەبەستی سەرەکی، واتە بەدەستهێنانی قازانجی ڕێسایی و دروستکارانە فەرامۆش ئەکرێ. کاتێک چالاکی بانگەشە، لەڕووبردن، بەدەستهێنانی تازیاری زیاتر، دارِشتنی گەڵاڵەی دانەوە بە برِی کەڵان و قومار لەسەر سوودی کورتخایەن، لە خودی ئامانجی سەرەکی بازرگانی بە گرنگتر دابنرێن، ئەوسا بازرگانی دەبەنگ ئەبێت.

کاتێک خودانی پیشەسازی تێبکۆشن بۆینمان بکەن برِانەوەی ئەو ڕادە زۆرەی سووتەمەنی فۆسیلی هیچ زیانێک بە ژینگە ناگەیەنێت و ماسی و زەریازێ حەزیان لە پاشەرۆکی کارگەکانە، ئەوسایە کە بازرگانی بووە بە دەبەنگ ــو لە ڕاستیدا بووە بە دەبەنگی بێخەوش.

هەڵبەت دەبەنگی لە جیهانی بازرگانیدا شتێکی تازە نییە. بەڵام بازرگانی مودێرِن، ئەم هونەرە سەربەمۆرەی[١٧٥] لە دوو ڕێگەوە سەقامگیر کردووە. یەکیان **پەیوەندی فەرمانبەران** و ئەوی تر، **پەیوەندی گشتی.**

پەیوەندی فەرمانبەران، بە مسۆگەری لە لایەن کەسێکەوە داهێنراوە، کە ویستوویەتی بە شێوەیەکی سیستماتیک وەکوو دەبەنگ لەگەڵ فەرمانبەرانی هەڵسوکەوت بکات. کاری فەرمانبەرانی بەشی پەیوەندی فەرمانبەران ئەوەیە، بە هەرزانترین شێوەی گونجاو،

---

١٧٥ـ سەربەمۆر: arcane دیاردەیەکی ڕازاوی یان پەنام و ناهوەیدا کە کەم کەس سەری لێ دەر ئەکەن. [ع] غامض [N] mystisk [د] اسرارآمیز. ☜ هونەری سەربەمۆر

فەرمانبەران بۆین بکات کۆمپانیا ئاگای لێیانە و هۆشی پێیانەوە ئەبێت. ئەو کارمەندانەی لەم بەشەدا کار ئەکەن بە دڵنیاییە لە هەموو هونەرە پێویستەکانی دەبەنگی وەکوو دەمەوەری، پیلانگێڕان، فێڵبازی، درۆکردن و بزداندندا پەروەردەکراون و شارەزان.

بەشی پەیوەندی گشتی، بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری دەبەنگانەی بازرگانی بۆ ئاڵوگۆڕ لەگەڵ جەماوەر بەدی هاتووە. جەختکردنی زیاتر و زیاتر لەسەر پەیوەندی گشتی، ڕێژەیی بوونی ڕەوشتی وەها زل کردووەتەوە، تەنانەت سەیری ڕیسوایی واترگەیتش(١٧٦) وەکوو کۆمێدییەکی گەوجانە پیشان ئەدات. هێرمیۆن هانیکەت(١٧٧) لە ژیاننامەکەی بە ناونیشانی **درۆ و فشە و پەیوەندی گشتی** پیشانی ئەدات چۆن تا بەر لەوەی فێر ببێت بە پێخۆشبوون و وازی خەڵکی، بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە درۆ بکات، بە هیچکام لە سەرکەوتنەکانی نەگەیشتبوو. ئەو ئەنووسێ: «لە دوای ئەوە ئیتر هەموو کارەکان ئاسان بوون. من خەڵکم بۆین ئەکرد جگەرە بۆ تەندروستییان سوودمەندە. پێم ئەوتن مەی خواردنەوە نە تەنها تەمەنیان کورت ناکاتەوە، بەڵکوو درێژیشی ئەکات. تەنانەت توانیم بڕوا بە هەندێ بهێنم ڕاگرتنی هەندێ زبڵی ژەهراوی لە حەوشەکەیان ئەبێتە هۆی ئەوەی مشک و گیاکەڵەیان لەکۆڵ ببێتەوە.» بە گوێرەی ئەرک و ڕاسپاردەی فەرمی، ئەو تا دوا خولەک، نکۆڵی لە کاریگەری چەواشەی جگەرە لەسەر تەندروستی

١٧٦ـ ڕیسوایی واترگەیت: Watergate scandal گەورەترین ڕیسوایی ڕامیاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە **١٩٧٢** تا **١٩٧٤**، لە شوێنێک بە هەمان ناو، کە بووە هۆی کشانەوەی ڕیچارد نیکسۆن.

١٧٧ـ Hermione Honeycutt

ئەکرد و تا دوا ساتەکان ئەیوت:

«ئەی لەو هەوا خۆش و خاوێنەی لۆس ئانجلس!»

ڕەنگە پەسنی پیتەر تۆماس(١٧٨)، لە دەبەنگی بازرگانی، باشترین وەسپ و پێناسە بێت. ئەو لە پەرتووکەکەی بە ناوی ڕازەکانی **سەرکەوتنی دەسبەجێ**(١٧٩)؛ هاوبەشی دەبەنگی گشتی لە جیهانی بازرگانیدا بەم شێوەیە وەسپ ئەکات:

١– فێربە بە شێوەیەکی داهێنەرانە قسەی بێواتا بکەیت.

٢. هەمیشە شوێنت ون بکە.

٣. هیچ بۆ کەس ڕوون مەکەرەوە. یاداشتیش مەنووسە، نەکا دواتر بدۆزرێتەوە. (ئاگات لێبێ دەنگیشت تۆمار نەکەن.)

٤– نکۆڵی لە هەموو شتێک بکە، جگە لە پەسن و ستایشی خۆت.

٥– فێر ببە بەهرە و ماندووبوونی هەموو ئەو کەسانەی کارت بۆ ئەکەن، بقۆزەرەوە.

٦– هەمیشە ئاگات لە دوژمن بێت؛ بە تایبەت پشکنەرانی دەسەڵات، ژینگەپارێزان و، بەرپرسانی وەرگرتنەوەی قەرزی بانکی. ئەوانە فەنیمی ڕاستەقینەن.

٧– هەرگیز توندوتیژی مەکە. ئەو دەبەنگەی ئەمڕۆ دەری ئەکەیت، ڕەنگە بەیانی ببێ بە بەرپرسی ڕێکخراوی پاراستنی ژینگە و کار بدات بەدەستتەوە.

ئەگەر ئەم ئامۆژگارییە، لە بازرگانیدا سەرکەوتنی خێرای پێ نەبەخشێت، دڵ لە دڵ مەدە.

---

١٧٨_ Peter Thomas

١٧٩_ Secrets of Instant and Temporary Success

دەبەنگی گشتی[١٨٠] بناغەیەکی ناوازەیە بۆ فرەدەبەنگی[١٨١]. بازرگانی نەبوو ڕامیاری هەیە.

ڕاهێنان:

١ـ ئەگەر داوات لێبکەن بۆ پێشخستنی کارێک دایەگەورەت بفرۆشە، چ نرخێک لەسەر پیرێژن دائەنێی؟

٢ـ ئەگەر هەڵێک بێتە پێشەوە تا بتوانی لە پشتەوە پەلاماری خەنیمەکەت بدەی، چ جۆرە چەکێک بەکار ئەهێنی؟ ئەگەر لەجیاتی خەنیم، هاوکارەکەت بێت سوود لە چ چەکێک وەرئەگری.

---

١٨٠ـ دەبەنگی گشتی: massholism

١٨١ـ فرەدەبەنگی: morassholism بە واتای دامودەزگای دەوڵەتی بەکار هاتووە.

# بەشی سێیەم - XV

## فرەدەبەنگی

**«دەوڵەت بیرۆکراسییە و بیرۆکراسی هەمان دەوڵەت.»**
جەو بادوایزەر[182]، گوتەبێژی یەکێتی کرێکارانی فیدراڵ

لە هەر وڵاتێک، دەوڵەت ژمارەیەکی زۆر لە دەبەنگەکان بۆ دامودەزگاکانی خۆت ڕائەکێشێ. هۆکارەکەیشی سادەیە. دەوڵەت دەسەڵاتێکی مەزنی لە داڕێژانی شێوازی ژیانی ئێمەدا هەیە و، دەبەنگەکانیش تینووی دەسەڵاتن. بە تایبەت ئەو دەسەڵاتەی بە هۆیەوە بتوانن بە خەڵکی بڵێن چی بکات و چی نەکات، چۆن و چ کات بیکات و نەیکات. لەبەر ئەمە لە لای دەوڵەت دائەمەزرێن.

دەوڵەت لە دوو بەشی گەورە پێک هاتووە. **یەکەم:** ڕامیاران، واتە دەسەڵاتدارانی هەڵبژاردەی ئێمە؛ کە لایان وایە دەوڵەت بەڕێوە ئەبەن. **دووەم:** دامودەزگای فەرمەنبەرانی فۆسیل و بنکڕ. واتە ئەوانەی کە بە ڕاستی دەوڵەت بەڕێوە ئەبەن.

هەر دوو بەش دەبەنگەکان ڕائەکێش و بەم جۆرە خۆیشیان ئەبن بە سەرگەردی دەبەنگی. هەڵبەت ڕەنگە ئەگەر ئێمە پێمان خۆش نەبێ سەناتۆر و پەرلەمانتار و ڕێسادانەران کە خۆمان دەنگمان پێداون، بە دەبەنگ بزانین؛ بەڵام لە زۆربەی

هەڵبژاردنەکاندا، هەڵبژاردنی ڕاستەقینە نالوێ. لە هەڵبژاردندا تەنها ڕێگەی ئەوە هەیە، نەک باشترین، بەڵکوو ئەو ناودێرە هەڵبژێرین کەمتر مەترسی هەیە.

هەرچەند نوێنەران، خۆیان بە ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی جەماوەر ئەزانن، بەڵام هەموو کەس ئەوە ئەزانێ کە دەوڵەت هێزی ڕاستەقینەی خۆی لە سیستەمی بیرۆکراتی وەرگرتووە. ئەو سیستەمەی کە سەدان هەزار فەرمانبەر کار و **خزمەتگوزاری** تێدا ئەکەن و ژیانی ئێمە باشار ئەکەن. ئەوە گرنگ نییە نوێنەران چ ڕێسایەک پەسەند ئەکەن، گرنگ ئەوەیە کارمەندنی دەوڵەت بە ویست و سەرڕێژنەی خۆیان لێکی ئەدەنەوە و بەڕێوەی ئەبەن. بۆ وێنە چاککردنێکی بچووک لەسەر دەستووری ئەمریکا لە ساڵی ١٩١٣دا پەسەند کرا، دەسەڵاتێکی زۆری دا بە کۆنگرە لە بواری «دیاریکردنی و کۆکردنەوەی» باجی داهاتدا، کە بە ڕواڵەت خراپیش نەبوو. بەڵام لە پشت ئە ڕواڵەتە بێ زیانە، کە بە شێوەیەکی پسپۆڕانە بۆ ڕاکێشانی متمانە و دڵنیایی جەماوەر نووسرابوو، سیستەمی بەڕێوەبەرێتی مەزنترین دەسکەوتی بۆ دەبەنگەکان کرد بە دیاری: **کارگوزاری داهاتی ناوخۆ** IRS(١٨٣) کە تێکەڵەیەکی گەشتاپۆ و کا گێ بێ و چەند ڕێکخراوی ئاسایش و پاراستنی سامناکی ترە. لەئەنجامدا سەرەڕۆیی ڕێکخراو، کارگوزاری داهاتی ناوخۆ، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەستی بەرسەر هەموو ئەو ئازادیانە گرتووە لە ئەمریکادا هەن، هەر لە ئازادی گفتوگۆ

---

١٨٣- کارگوزاری داهاتی ناوخۆ: IRS یان Internal Revenue Service دامودەزگای دەوڵەتی سەر بە وەزیرخانەی گەنجەداری ئەمریکا، بەرپرسی ڕاگەیشتنە بە کاروباری داهاتی دەوڵەتی فێدراڵ.

بگرە تا شادمانی بە دوور لە خۆتێهەڵقرتاندنی دەوڵەتی. لەم ساڵانەی دواییدا تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەیە، کارگوزاری داهاتی ناوخۆ، بە جۆرێک بەرنامەی بۆ کەمپیۆتەرەکانی داڕشتووە، بە شێوەی خودکار ئەو باجدەرانە بدۆزێتەوە بەپێچەوانەی ئەوانی تر شادمانن و لە ژیانیان دڵتێر و ئاسوودەن.

تا ئەو کاتەی هەلومەرج بەم شێوەیە، دەبەنگیش بەهێز و توانا لە ناو دەوڵەتدا هەیە. هەڵبەت ئەمە بەو اتا نییە، کارگوزاری داهاتی ناوخۆ تەنها بەشی سیستەمی بیرۆکراسیە کە تووشی دەبەنگی بووە. ئەم سیستەمە هەر هەمووی تووشی دەبەنگییە، تا ئەو کاتەی:

- دامودەزگای دەوڵەتی تا ماوەیەک پاش ئەوەش نیازمان پێی نەماوە، هەر هەبێ.
- لیژنەکان بەردەوام و بە گوێرەی نەریت پێک بێن و سەبارەت بەو گرفتانە بکۆڵنەوە، کە دەمێکەیە فەرامۆش کراون.
- لە نێوان پەرەسەندنی دەسەڵاتی دامودەزگایەکی دەوڵەتی و دابەزینی بەردەوامی چۆنایەتی بەشی پەیوەنددار لەگەڵ ئەو دامودەزگا، پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەدی بێت. بۆ وێنە لەو کاتەوە دامودەزگای «پەروەردە» لە بەڕێوەبەرێتی بووە بە وەزیرخانە، چۆنایەتی پەروەردە لە وڵاتی ئێمە بە بەردەوامی لە دابەزین دایە. هەندێ لە پسپۆڕان لایان وایە باشترە وەزیرخانەی پەروەردە دابخرێ تا بەر بە خۆسەپاندنی نەخوێندەواری بگیرێ. بەڵام بەڕێوەبردنی کاروبار بە دەستی دەبەنگەکانەوەیە.

بۆچی دامودەزگا دەوڵەتییەکان ئەوەندە لێنەهاتوو و ناشیانستن و، زیاتر توانای خراپترکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە تا باشتر کردنیان؟ چونکە دەوڵەت لە زەلکاوێکی نەزانمکاری کارەساتاوی، کاتکوژی و بیرۆکراتی نەپێویست ڕۆچووە و چەقیوە. لەمەڕ ڕاپەڕاندنی کاروباری دەوەڵەت کار لە دەبەنگی تێپەڕیوە، باس باسی فرەدەبەنگییە!

گامر فیل[١٨٤] لە پەرتووکی ژیاننامەکەی بە ناوی **دداننپێدانانی بەرپرسێک**[١٨٥] ئەنووسێ: «لە بەڕێوەبەرێتیەکەی من، ڕاگەیشتن بە لاپەڕەیەک کاغەز، لەو ماوە زیاتر کات ئەبات، کە جارێکی تر بکرێتەوە بە کاغەز.» یەکێک لە ڕەخنەگرانیشی وتبووی «ئینجا بۆگەنی پێڕاگەیشتن لە هی گەڕانەوەکەی کەمتر نییە.»

ئەم چەشنە دەبەنگییە بە شێوەی جۆراوجۆر دەوڵەتی کۆڵەوار کردووە. هەندێ لە وێناکان ئەمانەن:

- **دێوانەیی کۆبوونەوە:** بیرۆکراتان هەمیشە لە کۆبوونەوەکاندا هەن. هەر پرس و ئاریشەیەک بێتە ئاراوە، ئەبێ بابەتەکەی لە ئەنجومەنی پەیوەندیدار بخرێتە بەر لێدوان، ڕاوێژکاران شی بکەنەوە، لیژنەکان گوزارشتی بکەن، دەستەی پێداچوونەوە پێیدا بچنەوە و، لیژنەکانی ڕاپەڕاندن پەسەندی بکەن. بەم شێوازە، بەرپرسایەتی بڕیاردان بە تەواوەتی ون ئەبێت؛ هیچکەس بەرپرس و وەڵامدەری بەرەنجام نییە و لە داهاتوودا ناتوانین یەخەی کەس بگرین.

---

١٨٤- Gomer Phyle

١٨٥- Confessions of a Department Head

- **کاغەزبازی:** هەموو کارەکانی دامودەزگا فەرمییەکان بە وردبینییەکی فراوان بە شێوەیەک ڕێکخراون کە بۆ هەر کارێک پێویست بە سێ ڕایشتی[١٨٦] لەبەرگیراو هەبێت. هەر ئەم دیاردەیە، ئەبێتە هۆی کاغەزبازی بۆ هەر کارێک، تەنانەت ئەگەر ئەو کارە نووسینی داخوازی داواکردنی کاغەزی زیاتر بۆ کاغەزبازی بێت. ئەگەر بێت و خەوشێک بکەوێتە ڕێگەی دابینکردنی کاغەزبازی، دەوڵەت ڕووبەڕووی مەترسی ڕاستەقینە ئەبێتەوە. تەمەرەیەک کە ئەبێتە هۆی دڵتۆقانی دەبەنگە بیرۆکراتەکان و، شاییمەرگبوونی ئێمەش لە خۆشیان.
- **ئایینامە:** دامودەزگای دەوڵەتی بەبێ ئایینامە سەریان لێ ئەشێوێ. چونکە ئەوانە بە ڕاستی هیچ کارێک ئەنجام نادەن و بەم شێوەیە شوناسیان تەنها بە ئایینامە پێناسە ئەکرێ. جگە لەمە، ئایینامە و پەیڕەوی ناوخۆ، دامودەزگا دەوڵەتییەکان لە بەرامبەر جەماوەردا ئەپارێزێ، چونکە بەر بە مافی مسۆگەری هاوڵاتیانی باجدەر بۆ پرسیارکردن لەمەڕ ئەم ڕاستییە ئاشکرایە ئەگرێ، کە ئەم دامودەزگانە بۆچی پارەی جەماوەر ئەبڕێننەوە، بەڵام هیچ کارێکی سوودمەندیان بۆ ئەنجام نادەن؟ کۆتاییەکەیشی ئەوەی کە ئایینامە دەسەڵاتی پێویست بۆ بەرپرسان و بەڕێوەبەران دابین ئەکەن تا سەرەڕۆتر لەگەڵ بندەستانیان بجووڵێنەوە.

١٨٦ـ ڕایشت: copy ڕایش، کۆپی، وەکۆک، لەبەرگیراو، لەبەر نووسراو [د] رونوشت [N] kopiere [ع] نسخة طبق الأصل.

لەم ڕوانگەیەوە، سپا ڕەنگە باشترین نموونەی دەرکەوتنی ئەم چەشنە دەبەنگییە بێت. هیچ هۆکارێک بۆ ملکەچی یان فەرمانبردن لە مامۆستایەک نییە، کە هەموو ژیانی لە فێرگەیەکی سەربازیدا بۆ بەڕێزوەستانی سەرباز بەکار هێناوە. لەم ڕووەوە، بۆ پاساوی ئەم کارە ناسروشتییە ئەبێ پەنا ببەنە بەر ئایینامە. ئەمەیە هۆکاری ئەوەیە کە بۆچی سپا ــو لە بوارێکی مەزنتردا: دەوڵەتــ ئەوەندە گرنگی بە ئایینامە ئەدات. بۆ پاساوی کارکردن و بەپێوەڕاگرتنی دەبەنگەکان.

سامناکترین کێشە لەمەڕ ئەم جۆرە دەبەنگییە ئەوەیە کە بیرۆکراسی بەهرەیەکی دەروونی بۆ هەڵاوسان و گەورەبوونەوەی خۆی هەیە؛ دارەتێک وەکوو مرۆڤێکی قەڵەو لە فرۆشگایەکی شۆکۆلات. مارشاڵ مەک درۆلین[١٨٧] لە پەرتووکی **پیلانی دەبەنگەکان**[١٨٨] ئەنووسێ: «تەنها ڕێگە بۆ پیشاندنی بێکەڵکبوونی شتێک، گەشەپێدانی زیدا لە پێویستی ئەو شتەیە. ئەگەر شتێکی سادە بێسوودە، بیئاڵۆزێنە. لە دوای ئەوە هەرچەندە هێشتاش هەر بێسوودە، بەڵام تێگەیشتنی بۆ جەماوەر دژوارترە و گۆڕانیشی تێچوویەکی فرەتری ئەوێ. کەوابوو، کلیل ورتەی جادووی[١٨٩] هەموو بیرۆکراتەکان ئەمەیە: ئاڵۆزاندن، ئاڵۆزاندن، ئاڵۆزاندن.»

ئایە بۆ بەرپێگرتنی دەبەنگی زۆر درەنگ بووە؟ ئەگەر کارێکی بنەڕەتی نەکەین، وەڵامەکە بە مسۆگەری «بەڵێ»یە.

---

١٨٧ـ Marshall McDroolin

١٨٨ـ A Conspiracy of Assholes

١٨٩ـ ورتە: epode, spell, abracadabra, Mumbo Jumbo جەڵجەڵووت، هێما و کلیلی ڕەواندنەوەی تەلیسم و جادوو [ع] تعویذة [N] sjarm [د] ورد، اوراد.

بیرۆکراسی وەک ئەژدیهایەکی حەوت سەرە، هەر جارەی کە یەکێک لە سەرەکانی ئەبڕدرێ، دوان لە جێگەی شین ئەبێتەوە.

بەم پێتە، تەنها ڕێگەی دەربازبوون، سڕینەوەی دەبەنگییە لە کۆمەڵگە. یەکەم بە شێوەی تاک و پاشان بە پۆل. ڕاستە تا بەر لەمە هەرگیز نابووتکردنی دەبەنگی دەوڵەتی نەلواوە، بەڵام تا بەر لە ساڵی ١٩٦٩ چوون بۆ مانگیش نەلوابوو.

ئایە ئەبێ جیهان بدەین بە دەستی دەبەنگەکانەوە، یان یەک جار و بۆ هەمیشە هەڵوێستی خۆمان لەگەڵ ئەم سیستەمە بیرۆکراپە(١٩٠) ڕوون بکەینەوە و بخەین بە لایەکدا؟

## ڕاهێنان:


١ــ ئایە تا ئێستە نوێنەرانی هەڵبژاردەت لە دانیشتنی دەرمانی دەبەنگەکاندا بەشدارییان کردووە؟ ئەگەر بەشدارییان کردبوو، بە ناو و ناوبانگی ڕاستەقینەیانەوە بوو یان بە ناوی خوازراوەوە؟ بە بۆچوونی تۆ پێویستیان بەوە هەیە لەم دانیشتنانەدا بەشداری بکەن؟

٢ــ ئایە ئامادەی لە «بۆستۆن تی پارتی»(١٩١) هاوچاخدا

١٩٠ـ بیرۆکراپ: bureaucrap [bureau + crap] بیرۆکراتی گەندەڵ، کاغەزبازی ناپێویست و زیاد لە پێویستی سەپێنراو کە تەنانەت لە خودی بیرۆکراسیش زیانمەندترە، چونکە بیرۆکراسی سیستەمێکە قازانجی بۆ هەندێ لایەنی دز و چەتە هەیە، بەڵام بیرۆکراپی ئەوەشی نییە.

١٩١ـ بۆستۆن تی پارتی: The Boston Tea Party خۆپیشاندانێکی نەیاری دەربڕینی ڕامیاری و بازرگانی بوو لە ١٦ی دێسامبری ١٧٧٣ لە لایەن **کوڕانی ئازادی**یەوە لە بۆستۆن، لە ماساچوسێت کۆلۆنیال ئەنجام درا لە دژی قۆرخکاری بەریتانیا و کۆمپانیای هێندی ڕۆژهەڵات لەسەر هاوردەکردنی چا بۆ ئەمریکا.

بەشداری بکەیت؟ ئەو «تی پارتییە»ی هەموو بەڵگەنامەکانی دەوڵەت فڕێ ئەداتە چەمی پەتۆماکەوە؟ ئایە ئەزانی خۆپیشاندنی «بۆستۆن تی پارتی» ئەمڕۆ ناتوانێ بەرپا بکرێ ـ مەگەر ئەو کاتەی کە بەڕێوەبەرانی خۆپیشاندان، ڕاگەیاندنی کاریگەری ژینگەیان لە پێشەوە پێشکەش کردبێت و دەرفەت و مۆڵەتنامەی پێویستیان لە دەوڵەت وەرگرتبێت؟



ڕاپەڕینی بۆستۆن تی پارتی، لە ١٦ی دێسامبری **١٧٧٣** لەسەر چەمی پەتۆماک

## XVI - بەشی سێیەم

# ئایین وەکوو دەبەنگی

**فەرمانێکی نوێتان پێ ئەدەم:**
**«یەکدیتان خۆش بوێت!»**
عیسا

ئەگەر کۆمپانیایەکی پەترۆڵ سووتەمەنی خراپ بفرۆشت کە گەڕەکەکانمان پیس بکات، زیان بە مەکینەی ئۆتۆمبێلەکانمان بگەیەنێت و نەتوانی ماڵەکانمان گەرم بکات، ئەوا شکست ئەهێنێ و مایەپووچ ئەبێت. کڕیارەکان توڕە ئەبن. سەناتۆرەکان بڕیاری لێکۆڵینەوە ئەدەن و داوای پێبژاردنەوە لە کۆمپانیاکەیان ئەکەن. میدیا ئابڕوویان پێوە ناهێڵن و، ڕامیاران تەنها بە بانگەشەی هەڵبژاردن لە دژی کۆمپانیایەکی لەو جۆرە، هەڵبژاردن ئەبەنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک هەمان بوویەر لە ئاییندا ڕووئەدات، بە ئاستەم چرپەیەکی ناڕەزایەتی یان نیگەرانی بەر گوێ ئەکەوێ. پەیامی بنەڕەتی زۆربەی ئایینەکان، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەوەیە کە، یەکتر و خوداشیان خۆشبوێت. بەڵام لە زۆربەی ئەو بەرژەنگە بەناوبانگانەی ئەمڕۆ دابەش ئەکرێن، ئەم بەرهەمە بنەڕەتییە بە هۆی گازی خراپەوە چەپەڵ ئەکرێت ــ بیرۆکەی ڕقاوی و زیانبەخش، کە هۆشیاری جەماوەر پیس

ئەکەن، زیان بە متمانەبەخۆییمان ئەگەیەنن، تەژی تاوانباری و شەرمەزاریمان ئەکەن، ڕێگە لە داهێنانمان ئەگرن و لێکمان دائەبڕن. ئاینی خراپ تەنانەت گەرممان ناکاتەوە– بە واتایەکی تر، تەنها لە کاتی کۆستکەوتندا دڵنەواییمان ئەداتەوە.

کەواتە بۆچی مرۆڤە باشەکان بەردەوام ڕیز ئەبن بۆ ئەوەی لە لایەن ئاینی خراپەوە تووڕە بکرێن و سووکایەتییان پێ بکرێت و چەپەڵ بکرێن و تێک بدرێن؟ ئینجا بۆچی کەس هیچ کارێک ناکات بۆ ئەوەی لەم مەترسییە ئاگاداریان بکاتەوە؟

هۆکاری ئەمە سادەیە. ئاینیش وەک دەسەڵات بووە بە دەبەنگ. ئەم بەرئەنجامە پڕ لە ئازارە بەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستییەوە بۆ خوا بەدی دێت. چونکە ئەوە خودا نییە کە دەبەنگەکەیە –بەڵکوو زۆر لەو زەحمەتکێشە ئاینیانەن کە بانگەشەی ئەوە ئەکەن نوێنەرایەتی خۆشەویستی خوداوەندی ئەو ئەکەن، بەڵام لە ڕێگەی فێرکاری و توندوتیژییەکانیانەوە ئەیکەن بە گاڵتەجاڕی.

ئەو نیشانانە چین دەری ئەخەن، ئاینی خراپ جێگەی ئاینی چاکی گرتۆتەوە؟ نیشانە زۆرن:

- کاتێک کلیسا لەسەر کۆنترۆڵی منداڵبوون بۆگەنی لێدێ، ئەوە ڕوونە کاتێکی زۆر بۆ کێشەی بۆرپڕاکێشان بەکار ئەهێنێ و، کاتی پێویستی بۆ ئەنجامی کار تر نامێنێ.
- کاتێک کەسایەتییەکی سەرەکی، لە ئاینێکی جیهانیدا، گرێبەستی و بڕیاری کوشتن بۆ نووسەرێکی خاوەن پەرتووک دائەنێ، ئەوە ڕوونە بە هۆی کەمێک بانگەشەی خراپەوە، بڕوای بە خوا لەق ببێت.

- کاتێک کلیساکان وا ئەزانن پەرتووکی پیرۆز ئەنووسنەوە، تەنانەت ئەوانەش کە بە گوتەی خوای ئەزانن، ڕەنگە ئەم کارەیان هێرش بێت بۆ سەر ئاوەزی چەواشەکراوی چەند کەسێک، ئەمە دەربارەی بەهێزی و ڕەسەنی نەریتە ئایینیەکان چیمان پێ ئەڵێت؟
- کاتێک ئایینێک خۆی بە دینی هەڵبژاردە و لە سەرووی هەموو ئەوانی ترەوە ئەزانێت، هەرگیز لە خۆی ناپرسێت ـ بۆچی هەڵبژاردەیە؟ـ ئایا هێشتاش ئەو خاکەڕاییەی تێدا هەیە بتوانێت لە ڕووی مینەوییەوە جەماوەرەکەی خۆی ڕێنموونی بکات؟

کێشەکە ئەوەیە کە ئەم تایبەتمەندییە دەبەنگانە بە ناچاری تا ڕادەیەک کار ئەکاتە سەر بیرکردنەوەمان سەبارەت بە خوا. وەک دکتۆر ئالان ستینکفیش[١٩٢]، دامەزرێنەری **کۆمەڵەی ئایینی دژی ناوزڕاندن** (DADA) نووسیویەتی: «خودا هەرگیز، تا سەردەمی مۆدێرن ناوبانگێکی خراپی نەبووە. بۆ نموونە خوداوەندە یۆنانی و ڕۆمانییەکان هەڵوێستی بگۆڕیان هەبووە و زۆر جار بۆ یارمەتیدانی ئێمەی مرۆڤی هەژار، مەهدەر[١٩٣] و بژیوانیان کردووە. خوداوەندە کۆنەکانی هیندۆسی لە ڕاستیدا پێیان وابوو سێکس شتێکی باشە. کەچی ئایینی مۆدێرن نەک هەر هەموو خۆشییەکانی ژیان لەناو ئەبات، بەڵکوو بە بەردەوامی بارگرانیمان زیاتر ئەکات. ئەبێ کارێک لەو بارەیەوە بکرێت.»

---

**١٩٢ـ** Dr. Alan Stinkfish بە واتای ماسی بۆگەن.

**١٩٣ـ** مەهدەر: intercession دیلەک، تکا، پاڕانەوە، لالانەوە بۆ کەسێک [ع] شفاعت [N] forbønn [د] شفاعت ⇐ مەهدەرکار: intercessor تکاکار.

دکتۆر ستینکفیش وەک بەڵگە نووسراوەکانی ئایەتوڵڵای جوولەکان ئەهێنێتەوە. ئایەتوڵڵا لە پەرتووکە گرنگەکەی خۆیدا بە ناوی **دیماگۆگی بە درێژایی سەردەمەکان** ئەنووسێت: «دیماگۆگی لە لایەن ئایینی ڕێکخراوەوە داهێنراوە و دارماڵ بووە و دامەزراوەیی کراوە[١٩٤]. بە درێژایی بەرەکانیش لە پراکتیزەکردن هیچکەس نەیتوانیوە لەوە باشتری بکات و؛ بەنیازین بەو شێوەیە بیپارێزین و بیهێڵینەوە!»

دکتۆر ستینکفیش بە پەژارەوە ئەڵێت: «کێشەی کلاسیکی ئایین هەمیشە یارمەتیدانی شوێنکەوتووانی بووە بۆ جیاکردنەوەی گورگ لە مەڕ. بەڵام کێشەی ئەمڕۆ ئەوەیە، کە گورگەکان بۆیان دەرکەوتووە لاساییکردنەوەی شوان قازانجێکی زۆر زیاتری تێدایە!»

بە کورتی دەبەنگەکان دەستیان بەسەردا گیراوە و، دینیش بووە بە دەبەنگ. کلیسا و پەرستگا و مزگەوت خودایان دەرکردووە و دەرگایان بە ڕووی هێرشبەران و پارەگۆڕەوە و وروژێنەرانی جەماوەر و شارەزایانی چاکسازی خێرادا کردووەتەوە. بۆ نموونە، ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەر لەو کەسانەی بەهۆی ڕۆڵیان لە «واتەرگەیت»دا سزا دراون، پیشەیەکی تازەیان لە هەمان وەزیرخانەدا پێ سپێردراوە. ئەمە ئەمڕۆ، لەمەڕ کلیسا چیمان پێئەڵێت؟ کە تەنانەت لە حکوومەتیش کەمتر ڕەوشتییە؟

تەنها کێ– یان چی– لەم دانیشتنانەی بینگۆی ئێوارەی پێنجشەممەدا ئەپەرسترێت؟

---

١٩٤ ـ دامەزراوەییکردن: institutionalizing پابەندبوونی تاک یان دەستەی دیاریکراو بە دامەزراوەیەکەوە.

ئەو هەموو پارەیەی ئەنێردرێت بۆ ئینجیلژەنەکانی تەلەفزیۆن لە گیرفانی کێدا کۆ ئەبێتەوە؟ چ خێرێکی بنیاتنەر لە هەموو ئەم بەخشینانەوە بەدی هاتۆە؟

کلیسا چیتر تەنها ئەنجوومەنێکی گەڕەک نییە کە داکۆکی لە خۆی ئەکات و، بە هۆی نوێژ و پەرستنەوە کۆ کراونەتەوە. کلیسا بازرگانییەکی گەورەیە و، بەم پێیەش بووەتە ئامانجی دەستبەسەرداگرتن بۆ دەبەنگەکان. پێگەی ناوخۆیی تۆکمەیان پێ ئەبەخشێت بۆ ئەوەی مەڕەکان ڕووت بکەنەوە.

بەڵام ئەوە پارەی لەدەستچوو نییە، کە مەترسی ڕاستەقینە پێک ئەهێنێ. بەڵکوو ئەو زیانانەیە بە تێگەیشتنمان لە خودا گەیشتووە. لە دەستی ئەم دەبەنگانەدا، سیانەی پیرۆز پێناسە کراوەتەوە. خودای باوک، ئێستا تاتەی[١٩٥] ڕاستەقینەیە، کە سێسیلیا و هەموو شتێکی تر بەڕێوەئەبات، جگە لەو شتانەی لە بن دەسەڵاتی ئەهریمەن دان ــ کە زۆربەی خەڵک و هەموو سەرا و ڕاوەنی باشووری ئەستێرەی بستوو[١٩٦] ئەگرێتەوە. گیانی پیرۆز بووەتە هاوتای تارمایی سی ئای ئەی و ئێف بی ئای، لە هەموو شوێنێک بەدوای خراپەدا ئەگەڕێت. کوڕی خوداش دووبارە ئافرێنراوەتەوە بۆ ئەوەی لە فرۆشیاری نەمرچی گۆڤارێک بچێت کە چیرۆکی گیانبەختکردن و بڕوا ئەفرۆشێت.

زیانی بەدیهاتوو گەیشتوونەتە ئاستێکی سامناک. یەکێک

---

١٩٥ ـ تاتە: godfather باوکی ئایینی.

١٩٦ ـ ئەستێرەی بستوو: polar star ئەستێرەیەکی سووڕاوی ڕووناکە لە نزیکی بستووی باکوور. ⇦ گەلاوێژ ئەستێرەیەکی بستووە. [ع] النجم القطبي [N] polstjerne [د] ستارە قطبی.

لە هاوکارە تێگەیشتووترەکانم ئەڵێت: «ئەم خرابکارانەی ئایینی هەموو کاتەکانی ڕاوێژکاریم پڕ ئەکەنەوە. ئەوان پێیان وایە گۆری[١٩٧] دایک و باوکی ناکارامەن، بەڵام چەندە زیاتر پەروەندەکەیان هەڵ ئەدەمەوە، زیاتر بۆم دەرئەکەوێت لە ڕاستیدا بەرهەمی ئایینە ناکارامەکانن. سروشتی خۆبەخۆی مرۆڤ ئەوەندەش خراپ نییە. ئەگەر ئەم دەروونە ناسازانە فێر کراون واز لە ئاوەزی تەندروستی خۆیان بهێنن و خۆیان تەژی بکەن لەم جۆرە هەست بە گوناهباری و ڕق لەخۆبوونەوە و ترس و بیروباوەڕی ناژیرانە، ئەمە ئەکرێ تەنها لە یەک سەرچاوەوە هاتبێ: ئایینی خراپ.» ئایا بەڕاستی ئایین خراپەیە؟ یان ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە ئایین بووە بە دەبەنگ؟

## ڕاهێنان:

١ـ ئایا شتێک هەیە بە ناوی گیانی ونبوو، یان ئێمە تەنها لە سەرکردە ئاینییەکانی ئەبیستین، کە ئەبێ ون بین؟

٢ـ ئایا ئافرێنەی ئێمە خراپەکاری لە مرۆڤدا چاندووە، یان مرۆڤە خراپەکان چیرۆکی خراپیان لەسەر خودا دروستکردووە؟

٣. ئایا ئایین فێری کردوویت:

- مرۆڤێکی شایستە بیت.
- مرۆڤێکی دەبەنگ بیت.
- هەست بە گوناهـ بکەیت لەوەی کە دەبەنگی.
- هەموو ئەوانەی سەرەوە.

---

١٩٧ ـ گۆری: victim سەرگەرد، فیداکراو، بەلاگەردان ع الضحیة د قربانی.

## XVII - بەشی سێیەم

### خوێندن، نووسین و دەبەنگی

**«ئەگەر ئەم بڕوانامەیەم بۆ بخوێنیتەوە.»**
دەرچوویەکی دواناوەندی بە دایکی

جارێکیان لێکۆڵەرێک کە سەبارەت بە دابەزینی چۆنایەتی پەروەردە تۆژینەوەی ئەکرد، لە فێرخوازێکی کۆتا ساڵی دواناوەندی ئەپرسێ، بە بۆچوونی ئەو بۆچی لە سیستەمی پەروەردەی نوێدا تا ئەو ڕادەیە بێوازی زۆر بووە.

خوێندکارەکە وەڵام ئەداتەوە: «نازانم و بۆیشم گرنگ نییە.»

وەڵامی وردتر، فیرخوازێک دایەوە کە وازی لە خوێندن هێنابوو. ئەو وتی: «جا دیارە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک دەبەنگ فێرگەکان ئەبەن بەڕێوە.»

هەڵبەت ڕاستی ئەوەیە کەسانی شیانست و زانای زۆر لە فێرگەکان وانە ئەڵێنەوە، بەڵام ئەو بیرۆکراسییەی بۆ مامۆستاکان دیاری ئەکات چی بڵێنەوە و چۆنی بڵێنەوە، کارەکەی تێک داوە. لێرەوەیە کە دەبەنگی پەرە ئەستێنێ. دەسەڵات و باشاری کاروبار لە بەڕێوەبەرانی بوومییەوە کەوتووەتە دەست بەرپرسانی دەوڵەتی و بیرۆکراسی و، بەم جۆرە سیستەمی پەروەردەی ئێمە کەوتووەتە بن دەسەڵاتی دەبەنگییەوە.

نیشانەکانی ئەم دەبەنگییە فراوانن. بۆ نموونە:

- کاتێک زیاتر لە نیوەی فێرخوازان لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا لە سیستەمی خوێندن دەرئەهاوێژرێن، واتای ئەوەیە فێرگەکانی ئێمە دەبەنگ بوون.
- کاتێک دەرچوانی دوا ناوەندی ئێمە لە خوێندنەوە و نووسینی ئاساییشدا کێشەیان هەبێ، واتای ئەوەیە فێرگەکانی ئێمە دەبەنگ بوون.
- کاتێک کە زانکۆکان ئەبێ پۆلی بەهێزکردن بۆ خوێندکارانی ساڵی یەکەمی زانکۆ دابنێن، تا ئەو شتانە فێرببن کە بڕیار بوو لە دواناوەندی بیان خوێندایەت، واتای ئەوەیە فێرگەکانی ئێمە دەبەنگ بوون.
- کاتێک بتوانرێ مامۆستاکان دەربکرێ، لەبەر ئەوەی فێرخوازیان تەمێ کردووە، بەڵام فێرخوازان ئازاد بن درێژە بە ڕەفتاری نەشیاویان بدەن، واتای ئەوەیە فێرگەکانی ئێمە دەبەنگ بوون.
- کاتێک ڕێگە لەوە بگیرێ هەموو فێرخوازێک بۆی هەبێ بە گوێرەی ئایین و ئایینزای خۆی لە فێرگە نوێژ و نزا بکات، واتای ئەوەیە فێرگەکانی ئێمە دەبەنگ بوون.
- کاتێک بەرپرسانی فێرگە ناچار ببن بۆ بەرنامەی لاوەکی و بانبەرنامە، زیاتر لە چۆنایەتی پەروەردە کات بەکار بهێنن، واتای ئەوەیە هەموو کۆمەڵگەی ئێمە دەبەنگ بوون.

ئەو دەبەنگانەی بەرپرسی ئەم شکست و ئابڕووچوونەن، ئوستادی خۆدزینەوە لە بن باری بەرپرسایەتین. یەکیەتییەکانی مامۆستایان جەخت لەسەر ئەوە ئەکەن مامۆستایان بێتاوانن؛

دەمڕاستانی گەڕەک ئەڵێن دەسەڵاتی پێویستیان نییە و، بەرپرسانی دەوڵەتیش تەنها کارێک کە ئەیزانن ئەوەیە گوزارشتی ئەو کارە بنووسن، کە نووسینەکەی بیست ساڵی پێ ئەچێ. بە گوتەی شارەزایەک «ئەمانە زیاتر ئەزانن پرسگر و کێشەکان شی بکەنەوە، تا ئەوەی شیکاری بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. تەنانەت وا دەرئەکەوێ شیکردنەوە هەمان چارەسەرە!»

هەر بۆیەشە هەمیشە داویانە بە گوێماندا دابەزینی ئاستی سیستەمی پەروەردە لەگەڵ هەر دیاردەیەکی پەیوەندیدار و بێپەیوەندی، هەر لە ترشەبارانەوە بگرە تا پەرەسەندنی هەژاری و تاوانکاری هەر هەموویان پێکەوە پەیوەندییان هەیە. تەنانەت لەوە خراپتریش، زۆر هەن هانمان ئەدەن ئەم کێماسی و نەشیاوی و نەپۆڕییەی سیستەمی پەروەردە وەکوو هەنجار و ئاست پەژێرە بکەین. دەروونناسێکی پسپۆڕی کاروباری پەروەردە بە ناوی دکتۆر جێرۆم کاپهێد[١٩٨] دڵمان خۆش ئەکات و ئومێدواریمان ئەداتێ و ئەڵێ: «ئەگەر دەرچوان ناتوانن بخوێننەوە، لەبری ئەتوانن زانیاری لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و کاسێتی دەنگی وەربگرن. ئەگەر ناتوانن ژمارەکان کۆ بکەنەوە، ئەتوانن ئامێری ژمێرەر بەکار بهێنن. ئەگەر نازانن لە کوێن ئەتوانن ڕاوەستن و لە پۆلیس بپرسن.»

بۆ نا؟ هەرواش بەرەڵڵا و گوێنەدەر درێژە بە ژیان بدەن و، ئاستی چاوەڕوانی کۆمەڵگە لە خۆیان زیاتر و زیاتر دابەزێنن. بەڵام دابەزاندنی چاوەڕوانی و ستانداردەکان چارەی کێشە نییە. ئێمە ناچارین، سەرەڕای هەموو سەختییەکەی ڕووبەڕووی

١٩٨ـ Dr. Jerome Cuphead بە واتای سەرکووپەڵە

ڕۆژەڤ ببینەوە. سیستەمی پەروەردەی ئێمە دەبەنگ بووە.

چۆن ئەم ڕووداوە ڕووی دا و، کاتێک سیستەمی پەروەردە ئاو ئەیبرد، ئەوە کێ بوو خەوی لێکەوتبوو؟

هێرمان ئایشمەن[١٩٩] کە پێنج ساڵ لەسەر ئەم پرسگرە تۆژینەوەی کردووە، لای وایە هۆکاری سەرەکی ئەم پرسگرە، ترسی تاوانبارکران بە هەڵواردن لە دژی گەمژەییە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندنیش دایە. ئەو لە پەرتووکە بەنرخەکەیدا بە ناوی **بۆچی جانی ناتوانێ بنووسێ و لایشی گرنگ نییە؟** ئەنووسێ: «هەموو لەوە ئەترسن نەکا لە تووشی شکست کردن و، لەئەنجامدا بریندارکردنی فێرخوازێکدا بەشدار ببن. بۆیە بەردەوام پەرتووکی وانە و تاقیکردنەوەکان سادەتر ئەکەنەوە تا ئەیگەیەننە لانیکەم. بەڵام ئەگەر ئەمان کار نەکەن و فێرخوازان ئەوەندە گەمژە بن، سەرەڕای ئەمانەش هەر دەرنەچن، دیار نییە دیسانەوەش ڕای ئەگرن یان نا؟»

هەندێکیش بۆچوونەکانی دەروونناسانی منالان لەم ڕەوتەدا بە تاوانبار ئەزانن. ئەو دەروونناسانەی لایان وایە لە پەروەردەی منالدا نابێ زۆر سەختگیر بین، نەکا ئەنگیزە و داهێنان و هەستی ئەوان باش گەشە نەکات. بە بۆچوونی ئەوانە متمانە بەخۆیی و جالاکی کۆمەڵایەتی لە بیرکردنەوە گرنگی زیاترە.

پسپۆڕانی پەروەردە وردەوردە خەریکن ئەگەنە ئەو ئەنجامەی ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە هەڵەیە. ماڵی گۆڵدباد[٢٠٠] لە

---

١٩٩ـ Hermann Eichman

٢٠٠ـ Molly Goldbud

وتارێکی بەنرخ لە گۆڤاری **پەروەردەی مێرمندالان**[٢٠١] ئەنووسێ:
«فێرخواز، بە هۆی دابەزینی چۆنایەتی و هاتنەخوارەوەی ئاستی ستاندارەکانی پەروەردە لە هەموو کەس زیاتر زیانی پێ ئەگات. بەڵێ، ئێمە ئێستە فێرخوازی بڕوابەخۆمان هەیە کە چێژ لە گەمژەیی خۆیان وەرئەگرن. بەڵێ، فێرخوازی داهێنەرمان هەیە لە بیانووهێنانەوە بۆ نەچوونەوە و پاساوی ئەنجام نەدانی وانەی ماڵەوە، توانایەکی داهێنانی ناوازەیان هەیە. بەڵێ، زۆر فێرخوازمان هەیە زۆر بەئامانج و ئەنگیزەن، بەڵام تەنها بۆ قیژە و هەرا و شەڕوقڕە. بەڵێ، بەم شێوەیە دڵنیای ئیتر هیچ فێرخوازێک هەستی سەرکوت ناکرێ و تووشی زیانی دەروونی نابێت. ئەنجامیش بووە بەوەی ئەوانە لە هەموو کات زیاتر وەکوو دەبەنگ هەڵسوکەوت ئەکەن. هەندێکیان تەنانەت چاوەڕوانی ئەوەن کاتێک ئەیانەوێ لە حەوشەی فێرگە بەنگ بکێشن، پۆلیس پارێزگارییان لێ بکات، نەکا یەکێک ببێ بە ملۆزمیان.»

فێرگەکانمان لە بەدیهێنانی ویستی فێرخوازاندا سەرکەوتوو نین و، لە ئەنجامدا نیاز و داخوازی کۆمەڵگەشیان پێ دابین ناکرێ. هەڵبەت ئەمە بەو واتا نییە ئەوانە هیچ ویستێکیان بەدی نەهێنابێ و هیچ کارێکیان نەکردبێ. فێرگەکان کراوەن و کاری خۆیان ئەکەن، بەڵام لە سی ساڵی ڕابوردوودا وەکوو بە بارمتەگیراو لە خزمەتی ویست و وازی دەستەی تایبەتدا بوون، کە ویستوویانە سیستەمی پەروەردەی چەقبەستوو، دەوڵەتی و هەمەگیر بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە بەکار بهێنن.

ئەبێ ئەوە پەژێرە بکەین، هەر کەس یان دەستەیەک،

---
٢٠١ ـ The Journal of Juvenile Education

بەرەیەکی منداڵان لە پەروەردەی باش بێبەش ئەکات تەنها بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی خۆی بگات، دەبەنگێکی بێخەوشە.

تەنها ڕێگە چارەی باشترکردنی پەروەردە، دەرکردنی دەبەنگەکانە لە سیستەمی پەروەردە و گەڕانەوەی ئامانجەکانی پەروەردە، واتە فێرکردنی بیرکردنەوە، خوێندن و نووسین بە منداڵان.

هەرچەند ئەوە بەرزەفڕییە، بەڵام من لام وایە ئەگەری ئەم کارە هەیە. بە بۆچوونی من، یەکەم هەنگاو لە ڕێگەی ئەم چاککردنەدا، دانانی وانەیەکی تازەیە لە بەرنامەی خوێندنی دواناوەندی و ناوەندەکانی بەر لە زانکۆ، بە ناونیشانی «**دەبەنگناسی**»، کە ئەتوانێ لە بەشی ڕشتەی کۆمەڵناسیدا دابنرێ. پێداویستییەکانی پێشکەشکردنی ئەم وانەیەش بریتین لە: ١) ڕایشتێک لەم پەرتووکی دەبەنگییە؛ ٢) لایتێکی ڕێزین بۆ گەڕان لە تاریکیدا؛ ٣) ئاوێنەیەک، بە هۆکاری ئاشکرا؛ ٤) ناو و ناونیشانی دەمڕاستی گەڕەک و بەڕێوەبەری فێرگە و؛ ٥) پێڕستی پەرتووکە بەرگیراوەکانی فێرگە، کە بە مسۆگەری ئەبێ بخوێنرێنەوە. (لە تاقیکردنەوەی خولی کۆتایی ئەم وانەیە لە فێرخوازان ئەپرسرێ: ئایە بۆچی ئەم پەرتووکانە بەرگیراو کراون و چی لە خوێندنەوەیان فێر بووی.)

## ڕاهێنان:

١ــ ئەو دە چالاکییەی هەموو ڕۆژ ئەنجامی ئەدەی ناو ببە. چەندیان لە فێرگە فێربوویت؟ چەند دانەیان لە دەرەوەی فێرگە.

٢ــ چەند لە سەد لەو وانانەی لە فێرگە فێری بوویت، تا ئێستە بەکارت هارووە؟

## XVIII - بەشی سێیەم

## دەبەنگی لە میدیا؛ درمێکی ڕاستەقینە

**«سەرگەرمیترین چیرۆکی تەمار کە هەموو بەیانیەک ئەیخوێنمەوە، لە ڕۆژنامە دایە.»**

ئۆلیڤەر ساوس(٢٠٢)

ئێستە ئەگەین بە مژاری میدیا، واتە ڕۆژنامە، تەلەڤیزیۆن، گۆڤار، ڕادیۆ و خزمەتگوزاری کابل. ئەمانەم دانا بۆ کۆتایی پەرتووکەکە، چونکە ئەگەر تەنها لە یەک شوێن دەبەنگی گەیشتبێتە ئاستی درم و گیرۆیی، ئەوە میدیایە.

لە ڕاستیدا میدیا نموونەیەکی بێخەوشی دەبەنگی دارماڵە. چونکە:

١ـ میدیا لووتبەرز و خودپەسەندە. زۆری پێخۆشە خۆی بە «کۆڵەکەی چوارەمی دیمۆکراسی» ناو بهێنێ و بە ئەندازەی دین و دەوڵەت ڕێز و گرنگی هەبێت. لە وڵاتی ئێمە، میدیا هەموو ڕەفتارە دژی کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بە ئازادی چاپەمەنی پاساو ئەداتەوە، بەڵام هیچ گوێ ناداتە ئەو بەرپرسراوی و بەڵێنەی ئەم ئازادییە بەدی ئەهێنێ. بە گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت: «نابێ ئازادی

(٢٠٢) Oliver South

چاپەمەنیمان لەگەڵ دەبەنگی لێ تێک بچێ.»

هەروەها چاپەمەنی لووتبەرزانە لایان وایە سەرپەرشتی تاقانە و پاوانکردوی ڕاستییەکانن و، ڕاستییەکانیش تەنها ئەوانەن ئەوان دەربارەی ئەدوێن. وەک ئەو بیردۆزە کەونارایەی ئەیوت: ئەگەر درەختێک لە جەنگەڵەێک بکەوێ و کەس دەنگی کەوتنەکەی نەبیستێ، کەواتە هیچ دەنگێک بەدی نەهاتووە. وا پێئەچێ هەواڵنێرانیش بڕوایان وایە جگە لەو بوویەرانەی لە میدیای ئەواندا بڵاو ئەکرێتەوە، هیچ بوویەرێک ڕوو نادات.

لەبەر ئەم بڕوا هەڵەیە، ئەوانە بە مافی خۆیانی ئەزانن، لە هێرشی پۆلیس بۆ سەر قاچاخچیان، لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی شار، لە دادگاکان یان پەلاماری سەربازیدا بەشداری بکەن. ئەوانە باوەڕیان بەوە کردووە خەبات لە دژی گەندەڵی و ڕیسوایی و تاوان و کەڵەگایی تەنها بەوان ئەکرێت و بەس.

٢ــ میدیا خولیای دەسەڵاتە. بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینەی نییە. ئابڕووبردن و ڕیسواکردنی ئەو کەسانەی بە شێوەیەکی ئێرەیی بزوێن دەسەڵات و ڕەسیدیان هەیە، لە لای ئەوان بە تۆڵەکردنەوە و بە چەشنێک نمایشی دەسەڵات دائەنرێ. هەر ئەم مژارە میدیای بەرەو ئەوە بردووە بە شێوەی چەواشە دەسەڵات بەکار ئەهێنێ. واتە لە پشت دەرگای ژووری خەوی هەموو ڕامیار و لە نووسینگەی هەموو ساماندارێکدا کوڵ ئەگرێ و گوێقوڵاخ ڕائەوەستێ، بەڵکوو ڕیسواییەکی ڕەوشتی یان دارایی بدۆزێتەوە.

بۆ خاوکردنەوەی ئەم کەڵکەڵەی دەسەڵاتە، زۆربەی کاتی

میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و نووچە فەراگردی کەسانی گرنگ، واتە ئەوانەی پێئەچێ دەسەڵات و گرنگی تایبەتییان هەیە، بەکار ئەهێنرێ. ئەگەر خاوەن پلەیەکی گرنگ، ئاو بە لووتیا بێتە خوارەوە، دەسبەجێ ئەچێتە لوتکەی نووچە، بەڵام ئەگەر هەر ئەم پلەدارە، حەفتاوپێنج کەس لە فەرمانبەرانی دەربکات، هەر وا مەزانە هیچ ڕووی دابێ، هەر باسیشی ناکەن.

لە هەموو گرنگتر ئەم میدیا وازێکی زۆری بۆ داهێنانی دەنگۆ و هەواڵی ساختە هەیە. هەواڵنێر و بێژەرەکان لەوەی کە هەمیشە ناچارن نووچەی ڕووداوەکان بنێرن، ماندوو بوون و بە دوای داهێناندا ئەگەڕێن. ئینجا دێن و کۆمەڵێک بەرەڵڵای مشەخۆر ئەدۆزنەوە و هانیان ئەدەن ئاژاوەیەک بنێنەوە. یان تەنانەت بە زلکردنەوەی گۆتە و دەنگۆکان و پەیوەندانی بە سەرچاوەی نادیارەوە، کارەکەیان ڕایی ئەکەن. بەم جۆرە تامەزرۆیی خۆیان بۆ دەسەڵات دڵتێر ئەکەن.

٣ـ میدیا ڕووکەشە. لە میدیا هیچ بوویەرێک ئەوەندە ئاڵۆز نییە، نەتوانرێ لە دە چرکەدا ڕانەگەیەنرێ، یان نەتوانرێ لە سێسەد وشەدا سەروبنی بهێنرێتەوە یەک. میدیا هێشتاش ئەوەندە هەست بە ئەرکناسی و بەرپرسایەتی ناکات کە هەندێ جار بیری بەردەنگەکانیان[٢٠٣] ئەخەنەوە؛ ئەو شتانەی کە بەو شێوە ڕەش و سپی پیشان ئەدرێ، هەر هەمووی خۆڵەمێشییە. پێکهاتەی نووچە و گوزارشتەکانیان وەکوو

---

٢٠٣ـ بەردەنگ: audience ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ ئەکەی یان شێکی پیشان ئەدی، خوێنەر [ع] الجمهور [N] publikum [د] مخاطب.

ئەفسانەی منالان وایە. مرۆڤێک یان کۆمەڵێک مرۆڤی پاک و خۆشەویست، کە لە لایەن کۆمەڵێک هێزی دڕ و ئەهریمەنی گەمارۆ دراون.

٤ـ میدیا بێبەزەییە. هەواڵنێران شەیدای دۆزینەوەی کێشە و پێکادان لە هەر بوویەرێک دان. لە هەمان سالانی سەرەتای کارەکەیانەوە، لایان ئاسایی ئەبێتەوە لە پێرێژنانی تاسەبار بپرسن لەوەی کە شووەکەیان لە نهۆمی دەی تەلارێکی ناتەواوەوە کەوتە خوارەوە و پانەوە بوو، چ هەستێکیان هەیە؟ ئەگەر ژنەش ڕاستگۆیانە وەڵام بداتەوە: «وەک ئەوە وایە یەکێک بە شەق هەڵدا لە ناوگەڵت، دەبەنگ!» بەڵام ئەوان ئەم بەشە لە گوزارشەکەدا ناهێنن، بەڵکوو شتێک لە جێگەی دائەنێن، لە لای خۆیان سەرنجڕاکێش بێت.

٥ـ میدیا، بۆچوونەکان لە ڕۆژەڤەکان بە گرنگتر ئەزانێ. ئەگەر کەسێک بیەوێ ڕاستی ئەم گوتەیە ببینێ، ئەوەندە بەسە گۆڤاری **تایم** بخوێنێتەوە. میدیا ئەیەوێ بڵێ بێلایەنە، بەڵام درۆیان سەرناگرێ و لە کۆتاییدا دەرئەکەوێ هەمان دەبەنگن کە هەن. ئەوانە شەیدای دیمانەن لەگەڵ هەندێ توندڕەوی بەدەنگ و هەرا و فەرتەنە و، بەبێ ئاڵنگاری و بەرەنگاربوونەوەی داخوازەکانیان، گوتەکانیان بڵاو ئەکەنەوە. ئەگەر بێت و ئەم کارانە پاتە و پاتە ببێتەوە، جەماوەریش وردەوردە لەگەڵ ئەو داخوازە پووچ و گاڵتەجاڕانە ڕادێن و وەک بۆچوونی هەمەپەسەند بڕوای پێ ئەکەن.

لە هەمان کاتدا، کاتێک میدیا بیەوێ ناوی کەسێک ــ بۆ وێنە پایەبەرزێکی دەوڵەتی ــ بزڕێنێ، بە هەموو جۆر

پرسیاری سەیر و سەمەرە ئەیخانە ناو مەنگەنە و کەوڵی ئەکات. ئەگەر کەسێکیش بوێرێ دژایەتی ئەم ڕەفتارە بێبەزەیی و ناڕەوشتییە بکات، دەسبەجێ لە لایەن میدیاوە وەکوو دوژمنی ئازادی گوتە و چاپەمەنی پەلاماری ئەدرێ.

٦ـ میدیا ئەیەوێ بیروباوەڕی گشتی بە ئاراستەی دیاریکراودا ببات. یەکێک لە فێڵبازییەکانی میدیا ئەوەیە لەبری گوزارشتی ڕۆژەڤ و ڕاستەقینە، لەگەڵ ئەو کەسانەدا گفتوگۆ ئەکات و لەمەڕ مژارێک لێیان ئەپرسێ، کە هیچ ئاگایان لێی نییە. پاشان کۆمەڵێک لەو بۆچوونانەی لە بیرکردنەوەی خۆیان نزیکە، هەڵئەبژێرن و چاپ یان بڵاوی ئەکەنەوە.

٧ـ میدیا لە ناخی خۆیدا وێرانکەرە. کاری لەناوبردنی کەسایەتییە ناودارەکانە. هەندێ جار تەنها یەک میدیاکار ئەتوانێ کەسایەتییەکی مەزن نابووت بکات و، ئەگەریش بە تەنها ئەو نەیتوانی، ئەوا چەند میدیاکاری تر یارمەتی ئەدەن تا لە کارەکەدا سەرکەوتوو ئەبن. ئەوانە لە هەلومەرجێکی وەهادا، تەنها بە چەند پرسیاری هۆمایی[٢٠٤] و تایبەتی ئەتوانن ڕەسیدی یەک کەس بشکێنن و سەری پێ دانەوێنن، تا ئەو ڕادەیەی ناچار بە کارکەناری ببێت. بەڵام ئەگەر لە پاش ماوەیەک، هەمان کەس بە ماندووبوونێکی فراوان بتوانێ بیسەلمێنێ ئەو تۆمەتانە درۆ بووە و بێتاوانی خۆی لە دادگا مسۆگەر بکات، هیچ میدیایەک ئەم بەشەی ڕەهاتەکە ڕووماڵ ناکات و بڵاو ناکاتەوە.

---

٢٠٤ ـ هۆمایی: private تایبەتی، کەسی، خۆیی، خۆماڵی [ع] خصوصي، خاص [N] privat [د] خصوصی، شخصی.

هەڵبەت میدیا نکۆڵی لەم مژارانە ئەکات و ئەوەش شتێکی سەمەرە نییە، چونکە نکۆڵیکردن لە یەکەم نیشانەکانی دەبەنگییە. هەندێ جار، میدیاکان بەرامبەر بە تاوانی لایەنگرتن، کاردانەوە پیشان ئەدەن، بەڵام ئەم کاردانەوەیە سنووردار ئەبێت بەدانیشتنێکی مێزی گرد، بە بەشداری کۆمەڵێک شارەزای پرسگری نووچە کە ئەتوانن یەک بین بیستوپێنج خولەک بە دارەتێکی هەتەر وتار بدەن و پاشانیش ــ بە گوێرەی ئاماژەی ژووری فەرمان ــ شارەزایەکی کۆنەکاری تر بە وتارێکی پاراو و درەوشاوە لە پەسنی «ئازادی چاپەمەنی» کۆبوونەوەکە ئەگەیەنێتە لوتکەی هەستەوەری. دەسبەجێ هەموو گوتەکانی ئاخێوەر پەسەند ئەکەن و جارێکی تریش دەبەنگی میدیا دائەپۆشرێ.

بەم پێیە ناتوانین هیوامان بە میدیا بۆ درکاندن یان چارەسەری ئەم درمە هەبێ. ئەوان خۆیان خودی نەخۆشییەکەن! بۆ خەبات لە دژی ئەم ئاریشەیە، ئەبێ خۆمان بیر لە خۆمان بکەینەوە و میدیا ناچار بکەین بەرپرسانەتر هەڵسوکەوت بکات.

کاتێک جۆرج بۆش هەڵبژێردرا بە سەرەککۆماری ئەمریکا، ڕۆژنامەیەکی گرنگ ستوونێکی کەترەی(٢٠٥) بە ناوی «چاودێری سەرەککۆمار» دامەزراند تا بە شێوەی ڕۆژانە هەڵە و هەڵەنگووتنەکانی سەەرککۆمار بڵاو بکاتەوە. ئەوەی ئێمە ئێستە پێویستمان پێیەتی ئەوەیە وەک ڕایشتی

٢٠٥ ـ کەترە: invective پێداخوێندن، ڕەخنەگرتن بە تەوس و لاتاو و کینایە لە بواری کەسی و کۆمەڵایەتیدا ع د هجو.

تازەی ئەو کارە، یەک «چاودێری دەبەنگ» بەدی بهێنین بە پشێوەی ڕۆژانە نابەرپرسایەتی و بەکارهێنانی چەواشەی میدیای بوومی و سەرانسەری (کانالّە تەلەڤیزیۆنی و ڕادیۆیی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان) ئاشکرا بکات و بە جەماوەر پیشان بدات.

هەرچەند دۆزینەوەی بلاّوکراوەیەک، جەربەزەی ئەوەی هەبێ ستوونێکی ئاوەها چاپ بکات، ڕەنگە لە پەرجووی زیندووکردنەوەی مردوو بە دەستی مەسایاش سەمەرەتر بێت.

## ڕاهێنان:

١ــ نامەیەک بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەیەک بنووسن و تاوانباری بکەن بە هەموو چەشنە پەیوەندی نەشیاوی سێکسی و بەرتیلخۆری و هەموو تۆمەتێکی نەشیاوی تر کە دێت بە بیرتاندا. بۆی بنووسن بۆ هەموو ئەو تۆمەتانە بەڵگەی مسۆگەرتان هەیە و هەر هەمووشیان هیی سەرچاوەی وشیار و دڵنیان کە نایانەوێ ناوەکانیان بلاّو بکرێتەوە. وەلاّمی ئەو سەرنووسەرە، ئەگەری دادوەری دروست سەبارەت بە "ئازادی چاپەمەنی" جۆری کەسایەتی ئەو سەرنووسەرە دەرئەخات.

٢ــ پەڕاوەی زاڵبوون بەسەر میدیادا بکەن. هەرکات نووچەی دەبەنگانەتان لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە بیست، بیکوژێننەوە و لە جیاتی ئەوە پەرتووکێک بخوێننەوە.

# بەشی چوارەم

## ژیان لەگەڵ دەبەنگەکان

## بەشی چوارەم - XIX

# کارکردن لەگەڵ دەبەنگەکان

**«ئەیهۆ، دیسانەوەش دەبەنگێکی تر.»**

جۆرج[٢٠٦]، لە دانیشتنی ناساندنی بەڕێوەبەری تازە

ئەگەر بێکار، خانەنشین یان زۆر ساماندار نەبیت، ڕەنگە ناچار ئەبی لەگەڵ دەبەنگەکان کار بکەیت. بەڵام هەتا ئێستەش ژمارەیەکی زۆر زۆر کەم لە مەردم ئەزانن چۆن و بە چ شێوە لەگەڵ دەبەنگەکان هەڵسوکەوت بکەن. ئێمە سەبارەت بەم پرسگرە گرنگە فێرکاریمان وەرنەگرتووە. وا دانراوە کە ئێمە خۆمان بە تەنهایی دەرەقەتی ئەو کارە دژوارە دێین.

زۆر کەس ئەیانەوێ بزانن ئایە ئەتوانن لەگەڵ دەبەنگەکان کار بکەن و لە هەمان کاتدا ڕێز و کەسایەتی خۆشیان بپارێزن؟ ئاسان نییە بەڵام شادمانم ئەتوانم بڵێم: بەڵێ، ئەگەری هەیە.

خاڵی دەسپێک، کارکردنە لەسەر خۆتان. بۆ ئەوەی بتوانن دەرەقەتی دەبەنگەکان بێن، ئەبێ ئامانج و هاندەری تایبەتتان هەبێت. ئەبێ لەم چەشنە پرسیارانە لە خۆتان بپرسن:

- چەندە کارەکەم خۆش ئەوێ؟
- چەندە پێویستم بە مووچەکەم هەیە؟

---

[٢٠٦] George

- ئایە ئەم کارە بایەخی مەهووار[٢٠٧] و بەرگەگرتنی ئازاری ئەم دەبەنگەی هەیە؟

ڕەنگە لە پاش ئەم پرسیارانە خولیای ئەوە هەڵتان بگرێ، واز لە کارەکەتان بهێنن. بەڵام مەبەست لەو بیرخستنەوەیە، ئەوە نییە. چونکە ئەگەر بتوانن کارێکی وەکوو کارەکەی پێشووشتان بدۆزنەوە، ئەگەری ئەوە هەیە لەوێش تووشتان ببێ بە تووشی دەبەنگی ترەوە. مەبەست لەو پرسیارانە ئەوەیە ئاستی ویست و ئەڤانی خۆتان بۆ ئاڵنگاری ئەو دەبەنگانەی فەراگەردی ئێوەیان گرتووە، بەرز بکەنەوە.

هەنگاوی دواتر لێکۆڵینەوەی ئەو ئەگەرانەیە لە بەردەمتان دایە. ئەم ئەگەرانە چەند دانەن:

ئەتوانی بکەویتە بەربەرەکانێ لە دژی هاوکارەکەت. پێشنیازی ئەم کارە ناکرێ، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە تۆش بچیتە ڕیزی دەبەنگانەوە. ئینجا لەو دارەتەشدا تۆ ئەبیت بە دەبەنگێکی تازەکار لە بەرامبەر دەبەنگانی لێهاتوودا کە لە هەموو چەشنە درۆزنی، فێڵبازی، کەڵەگایی، هاویشتنە تاوانەکان لە ئەستۆی دگەر و نابەرپرسایەتیدا ئوستادن، واتە تۆ هەرگیز بەوان ناگەیتەوە. ئەگەر بتەوەێ لە زەمینی خۆیدا شکستی بدەیت، ئەبیتە هۆی شکستخواردنی خۆت. کەواتە لە بیری ئەم کارەدا مەبە.

ئەتوانی تێبکۆشی چاکسازی لەسەر دەبەنگەکان بکەیت. وەک تراپیست و چارەگەرێک کە لەگەڵ هەزاران دەبەنگ مشتومڕ

---

٢٠٧ـ مەهووار: tolerance تابشت، بوردباری، لەسەرخۆیی، هێوری، پشوودرێژی، ئوقرەداری [ع] [د] صبر، تحمل.

و دەمەقاڵەی کردووە؛ دڵنیاتان ئەکەم چاککردنەوەی دەبەنگێک کە لە دەبەنگی خۆی پەشیمان نەبووەتەوە، کارێکی نەلواوە.
جگە لەوەش ئەو کاتەی دەبەنگێک بڕیار ئەدات چارەسەر بکرێ، دیسانەوەش چارەسەری زۆر دژوارە. بۆیە باشترە چارەسەری دەبەنگەکان بەجێ بهێڵن بۆ چارەگەرە پسپۆڕەکان و ژمارەی ئەو کەسانەی بە تێکۆشانی قارەمانانە، بەڵام نابەجیان بۆ چارەسەری دەبەنگەکان هەوڵیان داوە، زیاتر مەکەن.

**١– ئەتوانن فێر ببن خۆتان لە ئازار و قەڵبەی دەبەنگەکان بپارێزن.** ئەم کارە بریتییە لە پاراستنی مرۆڤایەتی، کەسایەتی، شکۆ و گیانی شادمانی خۆتان. بۆ ئەم کارەش ئەبێ سوود لە هەموو زیرەکی و پسپۆڕیتان وەربگرن. هونەرێک کە ئەگەر بتوانن فێری ببن و ئەنجامی بدەن، یارمەتیتان ئەدات تا ماوەیەکی باش پاش ونبوونی دەبەنگەکان درێژە بە کاری خۆتان بدەن.

**یەکەم ڕێسای** کار لەگەڵ دەبەنگەکان ئەوەیە لە بیرتان بێت، ڕواڵەت بۆ ئەوان هەموو شتێکە. پیشاندانی واز و هاوکاری و میهرەبانی و ڕێز و تەنانەت ترس لەوان، بە زۆری بۆ دڵتێر ڕاگرتنیان بەسە بۆ ئەوەی بۆین و دڵنیایان بکەیت ئەوان کەسانی ناوازە و هەڵکەوتوون. بەڵام ئەم ڕواڵەتسازییە ئەبێ بەوپەڕی شارەزاییەوە ئەنجام بدرێت، چونکە دەبەنگەکان بە درێژایی تەمەنیان ڕواڵەتسازییان کردووە؛ کەوابوو لەم هونەرەدا شارەزان و زۆر بە ئاسانی ئەتوانن ڕواڵەتسازی بناسنەوە.

**دووەم ڕێسا**، تێکۆشانە بۆ پێکهێنانی پەیوەندییەکی لەبار. پەیوەندی لەبار لە ڕوانگەی دەبەنگێکەوە، واتە ئەوەی

کە ئەو ئەبێ جێگەی سەرنج بێت، گوێڕایەڵ بێت، بۆچوونەکەی پەسەند بکەن، پەسنی بکەن، ورەی بەرز بکەنەوە و پیرۆزباییشی لێ بکەن. کەوابوو لە گوتنی ئەو ڕستانەدا تا ئەتوانن قەبەی بکەنەوە:

«سپاست ئەکەم.»

«هەق بە تۆیە.

«تۆ ناوازەیت!... چۆن شتی وا بە مێشکتدا هاتووە؟»

«داوای لێبوردن ئەکەم.»

هەڵبەت نابێ هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەش بکەیت ڕستەی لەو چەشنە لە دەبەنگێک ببیستی. ئەم جۆرە پەیوەندییە لەگەڵ دەبەنگەکان یەکلایەنەیە.

**ڕێسای سێیەم**، لە دیاریکردنی ڕێبازی دروست بۆ پەیوەندی کاری لەگەڵ دەبەنگێک ئەوەیە بۆ خۆتی ڕوون بکەیتەوە جۆری پەیوەندی ئەو لەگەڵ تۆ بە چ شێوەیەکە. ئایە بەرپرسی تۆیە یان تۆ بەرپرسی ئەویت، یان پێکەوە هاوکارن؟ لەگەڵ هەرکامیان ئەبێ بە شێوەیەک بجووڵیتەوە.

**٢– نەشەمزاندنی بەڕێوەبەری دەبەنگ.** دەبەنگەکان بە توندی نیگەرانی دەسەڵاتیانن و بەرامبەر بە هەموو هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە و ناڕاستەقینە لە دژی پلەوپایەیان زۆر هەستیارن. هەرگیز کارێک مەکەن دەسەڵاتی بەڕێوەبەر بخەنە مەترسییەوە. لەبری، خۆتان فێر بکەن وەک یەکێک لە خودایان یان ئەندامێکی بنەماڵەی پاشایەتی لەگەڵی بجووڵێنەوە. خۆت بە شەیدای ئامانج و بەرنامەکانی پیشان بدە. ئەوەندەی ئەکرێ هەموو ڕۆژ کاتباشی

لێ بکە. هەڵبەت پێویست ناکات لەوبەری بانەکەوە بکەونە خوارەوە و وێنەی بەڕێوەبەر لە سەر مێزەکەتان دابنێن، یان چاوەزاری بۆ بکرن، بەڵام لە کورنشکردن و دەست بە سینەوەگرتن خافڵ مەبن، چونکە ڕۆژێک بەکارتان دێت. تێبکۆشن لە هەموو شوێن بە بێژەی «جەناب» بانگی بەڕێوەبەر بکەن، بەڵام یەک شتتان لەبیر بێت، بە دەستەواژەی «خاوەنشکۆ و ڕێزداری مەزن» لەو شوێنانەی شیاوی ئەم نازناوانە نییە، شەرمەزاری مەکەن.

بەم چەشنە یاریانە، بەڕێوەبەر وا ئەزانێ کە تۆ یەکاویەکیت و پاداشتی تایبەتیت مسۆگەرە. بۆ وێنە ڕێگە ئەدات ڕۆژانی ئاسایی بەر لە کاتژمێر هەشتی ئێوارە بچیتەوە بۆ ماڵەوە، یان حەفتەی دوو سێ جار لەسەر کار لەگەڵ تۆ نان بخوات. تەنانەت ڕەنگە لە جەژنی کریسمەس ڕێگە بدات تۆ بەرشێو[٢٠٨] و خواردنەوە بدەی بە میوانەکان.

**٣– کارکردن لەگەڵ فەرمانبەری پلەنزم.** لێرەدا ڕەوتەکە ڕێک بەراوەژوو ئەبێتەوە. ئەبێ لەگەڵ ئەمانە وەکوو منداڵی بچکۆلانە، هەستیار، تۆرینۆک[٢٠٩] و ترسنۆک بجووڵێتەوە کە بەژن و باڵای مرۆڤی گەورەیان هەیە. ئەوەندەی بۆتان ئەکرێ مەنەڕێنن بەسەریاندا و مەیان شەڵەژێنن. ئەمە تەنها ئەیانترسێنێ و ئەبێتە هۆی شێواندنی کارەکان.

کارمەندی نزمی دەبەنگ بەردەوام بەدەستی کارەکەیەوە ئەناڵێنێ. پێیان بڵێن ئێوەش کاتێک لە دۆخی ئێستەی ئەواندا

---

٢٠٨ـ بەرشێو: appetizer بەردڵکەرەوە، خواردنی بەر لە چێشت، ئیشتیا کەرەوە، خۆراکی ئێواران، عەسرۆجە [ع] [د] مشهی [←] پاششێو: dessert دێسر.

٢٠٩ـ تۆرینۆک: irritable بێنتەنگ، دڵناسک [ع] منفعل [N] irritabel [د] زودرنج.

بوون هەمان کارتان ئەکرد و ڕۆژێک هەر دێت ئەویش بندەستی هەبێ و ئەو کارانەی بۆ بکەن، بەڵام تا ئەو کاتە، پێویستە و ئەبێ کارەکانیان ئەنجام بدەن. ئەگەر دیسانەوەش بۆڵەیان کرد، مافی قاوەخواردنەوە و تازیاری لەم بابەتەی لێ وەربگرەوە و ئەوەندە درێژەی پێ بدە تا لە بۆڵەبۆڵی ئەخەی.

هەروەها بۆی هەیە بیانەوێ بە هەڵنەستان بە ئەرکی خۆیان گوشار بۆ تۆ بهێنن. لەم دارەتەدا، بیانبەنە سووچێکەوە و بەوپەڕی هەتەری و قەبەکردنەوە بۆی ڕوون بکەرەوە کە هەموو دامەزراو پێویستی بە کاری ئەو هەیە. ئەم چەشنە گوتانە، دفرە و خودپەسەندی ئەوان تێراو ئەکات. ئەگەر ئەم شێوازە نەیگرت، تەمێی بکە. بۆ نموونە پێی بڵێ هەموو ڕۆژێک ئەبێ پانزە خولەک زووتر بۆ سازکردنی قاوە بێتە سەرکار و هەروەها زێدە پارەی یارمەتی نەختی شەوی جەژنی بە شێوەی خەڵووزی بەرد پێی بدە.

پاشان هەرکات بیستت نووسینگەیەکی تازە بە بەڕێوەبەرێتی هاوکارێکی دەبەنگ لە دامەزراوەکەتان ئەکرێتەوە، بچۆ بۆ لای و بە پەسن و پیاهەڵگوتن لە کارمەندی پلە نزمی لای خۆت، پێی بڵێ ئەو بۆ ئەو کارە زۆر شیاوە. بەم جۆرە ئەتوانی هاوکات دوو دەبەنگ بخەیتە سەرکار.

**٤– کارکردن لەگەڵ هاوکاری دەبەنگ.** ئەم بەشە لە هەموویان سەختترە. چونکە نە ئەتوانی وەکوو بەڕێوەبەری دەبەنگ لەگەڵیان بجووڵێتەوە و نە وەکوو فەرمانبەری بندەست. ئەگەر زۆر بە ڕێزەوە لەگەڵیان بجووڵێیتەوە ڕوودارتر ئەبن و ئەگەر توندی پیشان بدەیت، قەڵس ئەبن. وەکوو هەموو دەبەنگەکان،

ئەم کەسانە پێیان خۆشە بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکەن، گوایە بالاسەرن، بەڵام لە ڕاستیدا وەک منالێکی بچکۆلانەن کە لێدانیان ئەوێ. بەڵام خۆت لە بەرامبەر ئەو کەڵکەڵە هاندەرەدا بپارێزە!

جۆرێک لەگەڵیان بجووڵەرەوە وەک میوانێکی ناکاتن، وەک ئەو کاتەی خەسووت خۆی کردووە بە میوان. ئەبێ بە پێی بەرنامە و لە هەمان کاتدا هەتەر لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکەی.

بۆ ئەم مەبەستە ئەبێ هەموو هۆش و زیرەکی خۆت بەکار بهێنی. ئەبێ سنوورەکان دیاری بکەی و بڕیار بدەی بە چ شێوەیەک بەرپرسایەتییەکان لەگەڵ ئەم دەبەنگە دابەش ئەکەی. ئەو کارەی بێگومان نیشانەی ناسینی دارماڵی ناسازی دەبەنگییە.

بۆ وێنە لە کۆبوونەوەکاندا ئەتوانی بە پشتیوانیان لە کاتی ناسکدا، تازیاری باش لە هاوکاری دەبەنگ وەربگری. هەلی وەها، بە زۆری لە سەرەتای پڕۆژەیەکدا، بەر لەوەی بەختی ئەوەیان هەبێ تا بیرۆکەیەکی تایبەت بکەن بە هیی خۆیان، ئەڕەخسێ.

لە دۆخی وەهادا شتێکی لەم چەشنە بڵێ: «بە گوێرەی ئەوەی وتیان، من دارماڵ لە گەڵاڵەکەی پشتیوانی ئەکەم. ئەگەر بکرێ سەبارەت بە قۆناغی ڕاپەڕاندنیش ڕوونکردنەوەمان بۆ بدات، تا ئەوپەڕی سوودی لێ وەربگرین.» ئینجا دیارە ئەویش کارێکی وەهای پێ ناکرێ. چونکە ئەو گەڵاڵەی بە شێوەی کێماس لە یەکێکی تر دزیوە. بەڵام تەنها لەبەر ئەوەی پشتیوانیت کردووە ئەوەندە شادمان ئەبێت، هەست بە تەوس و کینایەی ناو گوتەی تۆ ناکات.

گەورەترین ئاریشەی کارکردن لەگەڵ دەبەنگەکان، ئەوەیە

کە ناتوانن پا نەنێن بە کلکی مرۆڤدا. کاتێکە هاوکارە دەبەنگەکەت هەندێ لە گوزارشتەکانت ئەدزێ یان بە بەڕێوەبەر ئەڵێ ئەگەری ئەوە هەیە تۆ تووشی هێسنی هۆشبەر بووبێتی، چیت پێ ئەکرێ؟ خراپترین دارەت ئەوەیە مرۆڤ نەیخاتە خۆی کە شتی وا ڕووی داوە. لەبری ئەبێ بەرەنگاری ببیتەوە و بە هۆی ئەو جەفەنگە ناوازەیەوە سپاسی بکە. پێی بڵێ هاوکارێک ئەوەندە قسەخۆش بێت و گاڵتەی ئاوەها بزانێت ڕێژەنێکە دەست هەموو کەس ناکەوێ. پێی بڵێ ئەوە تۆ بوویت مژاری گاڵتەوگەپەکەت بەدی هێناوە. ئەوسا دەم بە پێکەنین لێی بپرسە زیاتر حەزی لە مشتە یان شەپلاخە؟ هەڵبەت لێی مەدە و شەڕی لەگەڵ مەکە. تەنها ئەو کەڵکەی بیر و ترسەی کە چی لێ ئەکەی و بە چ شێوە تۆڵەی لێ ئەکەیتەوە، کۆڵەی ئەکوتێ و دڵی ئەتۆقێنێ.

هەڵبەت ڕێکار و چارەی بەرگەگرتن و هەڵکردن لەگەڵ هاوکاری دەبەنگ زۆر لەمانە زیاترە کە باس کران و، لێرەدا ناگونجێ هەموو بڵێین. بۆ خوێندنەوەی ڕابەر و ڕێنموونی زیاتر لەم بوارەدا، بە مسۆگەری پەرتووکی «گەمیرانی لە گەناوی گەڕەک، ڕابەری مەلە لەگەڵ نەهەنگ لەناو زێراب» و «چۆن کەسایەتی خۆمان بپارێزین و بخەلەسێنین؟»[٢١٠] بخوێننەوە.

## ڕاهێنان:

١ــ ئەو دەبەنگانە لەگەڵیان کار ئەکەیت لە چ جۆرێکن؟ چۆن لەگەڵیان گونجاویت و باشاریان ئەکەیت؟

٢١٠ ـ خەلەساو: invulnerable نەبەز، کەسێک کە ئازاری پێناگات، دەشکاننەهاتوو [ع] منیع [N] usårlig [د] روویین تن.

٢ـ خۆت ڕابهێنە ئەو کاتەی دشت و دزێو ئەبن، بە دەمیانەوە پێ بکەنە. ئەگەر ئەم کارە دژوارە، تێبکۆشە سەرەتا لەگەڵ وێنەکەی خۆت ڕابهێنە. خۆت لە کەڵکەڵەی هاویشتنی پەیکان بۆ وێنەکەی بپارێزە.

٣ـ بەردەوام لە ئەندێشەی خۆتدا مەشقی ئەوە بکە بە هێوری و شیاوی خۆت لە تەوس و پلارەکانیان بپارێزە. بۆ وێنە ئەگەر گاڵتەیان بە شێوەی جلوبەرگت کرد، تۆیش لەبەر خۆتەوە بڵێ: «زۆر باش بوو ئەم نموونەت بیر خستمەوە، چونکە زیاتر بە خۆم ڕائەگەم و زیاتر وەڕەزت ئەکەم.»

٤ـ لەبیرت بێ چەندە لە بینینی پسوولەی مووچەی مانگانەت شادمان ئەبیت.

٥ـ بیری خۆتی بخەرەوە، تۆ تەنها هەشت کاتژمێر هاوکارە دەبەنگەکەت مەهووار ئەکەیت، کەچی ئەو ئەبێ بیستوچوار کاتژمێر بەرگە بگرێ و خۆی مەهووار بکات. چ ئەشکەنجەیەک لەوە باڵاتر؟

## بەشی چوارەم - XX

# کاتێک دۆست دەبەنگە

**«ئایە بڕوات بە تێلەپاتی هەیە؟ من هەمە.»**
**«دۆستێکی دەبەنگم هەبوو، ناوبەناو زەنگی لێئەدا یا هەواڵی ناخۆش و هەموو ئەو شتانەی ئازاری ئەدا، بگوێزێتەوە بۆ من. هەمیشە ئەمزانی کەی تەلەفون ئەکات و چەند خولەک بەر لەوەی زەنگ لێبدات، ناخودئاگا یەکێکم لێ بەر ئەبوو.»**

ئالیس[٢١١]، دۆستی چەند کەسی دەبەنگ

هیچکەس پێی خۆش نییە یەکێک لە دۆستانی دەبەنگ بێت، بەڵام شتی وا هەیە. بە داخەوە جیهانی دۆستایەتی بێخەوش و کێماسی بوونی نییە. هەندێ جار ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەی ئەبن بە دۆستی ئێمە تووشی دەبەنگی ئەبن. هەندێ جار دەبەنگییەکەیان ناوبەناوە و ماوەیەکی پێئەچێ تا بۆ هەمووان ڕوون ببێتەوە دەبەنگە. یان ڕەنگیشە دەبەنگێکی ژیلەمۆی بن خۆڵەمێش بێت و کەسمان هەرگیز گومان لە دەبەنگ بوونی نەکەین.

کەواتە، بەر لە فێربوونی شێوازەکانی ژیان لەگەڵ دۆستانی دەبەنگ، سەرەتا ئەبێ هەندێ بنەما دیاری بکەین و بە گوێرەی

ئەو خاڵانە بتوانین لێکی بدەینەوە دۆستانمان بە چ هەلومەرجێک بە دەبەنگ ئەناسرێن. هەرکام لەم نموونانەی خوارەوە، نیشانەی ڕوونی دەبەنگی دۆستانی ئێمەیە:

- چاوەڕێن ئەوە بزانیت دۆستایەتی لەگەڵ ئەوان شانازییەکی مەزنە. شانازییەک هەموو حەفتەیەک ئەبێ سەرلەنوێ ڕەنج و ئازاری تازەی بۆ بکێشی.
- دۆستایەتی ئەوان هیچ ڕێسایەکی نییە، جگە لە یەک دانە: سوودێکی بۆ ئەوان هەبێ. دۆستێکی ڕاستەقینە بۆی نییە گومان لە خۆی و لە ڕێساکەیان بکات.
- ئەوان بۆیان هەیە هەموو پێڕەوێک بە دڵخوازی خۆیان بگۆڕن و تۆ بۆت نییە.
- ئەو مافە بۆ ئەوان پارێزراوە هەرکات و بە هەر هۆیەک بە پێویستی بزانن پەیوەندیت پێوە بکەن؛ هەر لە پارە وەرگرتنەوە تا ڕاگرتنی مناڵەکەیان، تا شاردنەوەیان لە دەستی قانوون و تا وەرگرتنی کلیلیماڵەکەت. جا ئەگەر دۆستی ڕاستەقینە بیت بۆت نییە بپرسی بە چ هەقێک داوای ئەو شتانە ئەکات و بۆیشت نییە داوای هیچ شتێکی لێ بکەیت.
- ئەوان بۆیان هەیە هەموو کێشە و بەدبەختییەکانی خۆیان لای تۆ باس بکەن و چاوەڕوانن بەوپەڕی دڵسۆزی و هاودەردییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەیت. جا گرنگ نییە ئەو ئاریشانە چی بن، چونکە چاوەڕێیە تۆ لە تەنیشتی بیت و بەردەوام بیری بخەیتەوە هەق بەوانە. بەڵام ئەگەر تۆ گرفتارییەکت هەبێ، ئەبێ لە لای خۆت ڕای بگری و

لە ساتی ورووژاوی وەهادا نەچی بۆ لای ئەوان.

- تۆ ئەبێ لە هەموو دوژمنەکانی ئەو بێزار بیت. ئەگەر بتەوێ لەگەڵ یەکێک کە ئەوان خۆشیان لێی نایەت یان کێشەیان هەبووە، دۆستایەتی بکەیت، قاپوولەت ئەگرن.
- تۆ ئەبێ هەمیشە ستایش و میهرەبانی و پشتیوانی و دڵگەرمی پێشکەش بەوان بکەیت. هەر شتێک لە کەوشەنی لایەنگری و خاکەڕایی مسۆگەردا نەبێ، بە نیشانەی سستی کەسایەتی و ناشیانست بوونت دائەنرێ.
- هەرگیز نابێ بە هۆی هیچ شتێکەوە ڕەخنەیان لێ بگری. هەر چەشنە مشتومڕ سەبارەت بە ئەگەری هەڵەکاری ئەوان، متمانە بە خۆیی ئەوان بریندار ئەکات، کەواتە ئەبێ چاوپۆشی لێ بکەیت.

ئەگەر سەرەڕای بوونی ئەم خاڵانە، دیسانەوە گومانت لە دەبەنگبوونی دۆستەکەت هەیە، بیهێنە بەرچاوت سەگ و پشیلەکەت، چۆن لە بەرچاوی ئەوان هەڵسوکەوت ئەکەن. ئەگەر خۆیان لە بن وردکە و پرتکەدا ئەشارنەوە، ئەمە ئەتوانێ نیشانەیەکی زەقی دەبەنگبوونی دۆستەکەت بێت.

ئەگەر ڕۆژێک سەبارەت بە دەبەنگی دۆستەکەت دڵنیا بوویت، چەند قۆناغ هەیە ئەتوانی دەسبەجێ ئەنجامی بدەیت:

١. پەژێرەی ئەوە بکە بە بوونی دۆستێکی وەها، پێویستت بە دوژمن نییە. ئەگەر دۆستایەتی ئەمەیە، مرۆڤ بەبێ دۆستیش ئەتوانێ بژی. هەتەر بە! پێی بڵێ، تەنها هۆکارێک کە ڕێگەت داوە بەو جۆرە ببێ بە ملۆزمی گیانت، ئەوەیە کە ویستووتە بەم ئەشکەنجەیە ئۆباڵی

خۆت بسڕیتەوە؛ یان خەریکی کۆکردنەوەی کەرەستەی سەرەتایی بۆ پەرتووکێکی ئەتەوێ سەبارەت بە کەسانی دەمارگرژ و ناساز بینووسی.

٢. لەبیرت بێ دۆستی ڕاستەقینە بۆ دۆستایەتی ڕێسا دانانێ، بەڵام سنوورێکی لەباری بۆ لە بەرچاو ئەگرێ. ئەوەی کە ئۆتۆمۆبیلەکەت بۆ ماوەی مانگێک بدەی بە قەرز، کارێکی ژیرانە نییە. مەگەر ئەو کاتەی لە کاتی گەڕانەوەدا کرێی گونجاوی یەک مانگەکەی بدەن و تانکەکەیشیان پڕ کردبێ لە بەنزین.

٣. پێیان بڵێ، ئەگەر ئەیانەوێ وەکوو دەروونناس و دەروونپزیشک بەکارت بهێنن، ئەبێ بە گوێرەی کاتژمێر پارەکەی بدەن.

٤. بیخنە بە مێشکیاندا هەق بەوانەیە کە ناویان لە پێڕستی دۆستانی نزیک و تەنانەت ئاسایی کوژاندوەتەوە و ئەگەر هێشتاش لە پێڕستی دۆستانی تۆدا هەن لەبەر ئەوەیە لیستەیەکت هەیە، ناوی دۆستانی قەڵبت تیا نووسیوە.

٥. پێی بڵێ ماوەیەکە خەریکی ئەندازەگرتنی ڕادەی بۆڵەبۆڵیت و بەمزوانە ئەتوانی ناوی خۆت لە لیستی ڕێکۆردە جیهانییەکانی گینەسدا[٢١٢]، وەکوو کەسێک کە زۆرترین ڕادەی بۆڵاندنی لە لایە دۆستەکەیەوە مەهووار کردووە، تۆمار ئەکەیت.

٦. هەڵێ و خۆت ون بکە و هیچ ناونیشانێکیش لە خۆت

---

٢١٢ـ گینەس: Guinness پەرتووکێکی سەرچاوەییە ساڵانە بڵاوئەکرێتەوە و، تۆمارە جیهانییەکانی هەردوو دەستکەوتە مرۆیی و شوێنە سروشتییەکان پێڕست ئەکات.

بەجیٚ مەهێڵە.

هەڵبەت هەرکام لەم پێشنیازانە تا چ ڕادەیەک وەڵامدەرەوەیە، ئەوەستێتە سەر ئەدگاری تایبەتی هەر دەبەنگێک. هەروەها ئەوەشت لە بیر بێ، گوتنی هەرکام لەم پێشنیازانە ئەگەری ئەوەی هەیە لەگەڵ کاردانەوەی توندوتیژی وکوو قیژاندن و جنێودان بە دایک و باوک و فڕێدانی لەپڕی شتومەک بۆ کەللەت هاوسات بێت.

ئەگەر بوویەری وا ڕووی دا، بکشێرەوە و وای دەربخە ئازارت پێگەیشتووە. پاشان بە دۆستەکەتان بڵێن تا ئەو کاتەی داوای لێبوردنی نەکردووە لەگەڵی نادوێی.

ئەگەر بەختت یار بێت؛ ئەو لەوە دەبەنگتر ئەبێت کە داوای لێبوردن بکات.

## ڕاهێنان:

١ـ ئایە دۆستی دەبەنگت هەیە؟

٢ـ بۆ؟

## بەشی چوارەم - XXI

# هاوسەرگیری لەگەڵ دەبەنگ

**«کاتێک بەوەم زانی ئەوین لە نێوانماندا نەماوە، کە بینیم تەنانەت کاتی ماچکردنیشم جگەرەی بە دەمەوەیە.»**

ماری جین[٢١٣]، هاوسەری دەبەنگێک

ڕەنگە هیچ شتێک لە ژیاندا لەوە بەهێدمەتر نەبێ، کە ڕۆژێک لە خەو هەڵسین و ببینین دەبەنگێک لە سەر جێگەکەمان دایە! هەنێک هەن هەمان شەوی یەکەمی زەماوەند بەوە ئەزانن؛ هەشە تا ساڵەها بەوە نازانێ. ماوەی درەنگ و زوو زانینی ئەم ڕاستەقینەیە (ئەگەر شتی وا ڕوو بدات.) گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، ئەوەی گرنگە تێگەیشتن لەو چەمکەیە کە ژیان لەگەڵ هاوسەرێکی دەبەنگ پێویستییەتی.

کەواتە ئەو شێوازانەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هاوکار یان دۆستی دەبەنگ سوودی هەبوو، بۆ هاوسەری دەبەنگ کار ناکات. ئەگەر وابوو ئەبێ چی بکەین؟ زۆر نین:

- **جیابوونەوە.** ئەم کارە پێشنیاز ناکەم، چونکە تەنها یەک کار هەیە لە ژیانی هاوبەش لەگەڵ دەبەنگێک بەئازارترە، ئەویش جیابوونەوەیە لە هاوسەرە. ئەگەر لە کێشە و

٢١٣ ـ Mary Jean

چەرمەسەرێی دادگا و مەزاخ و تێچووی کەمەرتان ڕاست کردەوە، هاسەری پێشوو، لە پاشماوەی ژیانتدا هەمیشە بەدواتەوەیە و چاودێریت ئەکات تا دڵنیا ببێ لەو کارەی کردووتە پەشیمانی. هەڵبەت ئەگەری ئەوەی تا کۆتایی ژیان لە پەشیمانیدا بژیت، ڕێژەیەکی باڵای هەیە، چونکە ئەگەر کەسێک لە ژیانیدا تەنها یەکجار دڵی چووە سەر دەبەنگێک، بۆی هەیە تاکوو مردن پەنجەی پەشیمانی بگەزێ.

- **هەڵاتن بۆ وڵاتێکی تر و ژیان بە ناوێکی خواستەمەنی.** ئەم ڕێگەیە باشترە. بەڵام بە هۆی ئەو نموونانەی لە بەشی جیابوونەوەدا وترا، جێبەجێکردنی دژوارە. مەگەر ئەوەی بەر لە ڕۆیشتن، زیرەکانە بیسەلمێنی کە مردوویت.
- **خودکوژی بە پارێزەوە.** بە ئەندازەی هەڵبژاردەی دووەم سەرنجڕاکێش نییە، بەڵام لە هەڵبژاردەی یەکەم بەسوودترە. کێماسی ئەم شێوازە ئەوەیە کە ناتوانی لێی پەشیمان ببیتەوە.
- **مرۆڤکوژی بە پارێزەوە.** ڕەوشتی پزیشکی ڕێگە نادات ئەم شێوازە یان شێوازی پێشوو پێشنیاز بکەم؛ لەگەڵ ئەوەش هەندێ جار بە ڕاستی چارەیەکی تر جگە لەم کارانە نییە. ئەگەر پێویستت بە یارمەتی هەیە، دۆستێکی باشم هەیە بە ناوی گیدۆ...(٢١٤)
- **فێربوونی ژیانی هاوبەش لەگەڵ دەبەنگێک.** لەم هەڵبژاردەیە ئەکۆڵینەوە. تەنها ڕێگەی چارە هەر ئەمەیە

(٢١٤) Guido

و هەڵبەت ئەم کارە ناگونجێ مەگەر ئەوەی سەرەتا چەند شتێک لە بەرچاو بگری:

١. پەژێرەی ئەوە بکە ناتوانی بە ژیانی نموونەیی بگەیت؛ ڕەنگە جاری داهاتوو. باشترە دەسبەجێ چاوەڕوانیت لە ژیانی هاوسەرداری بهێنیتە خوارەوە، بە قازانجی خۆتە. ئەم کارە بە تایبەت یارمەتیت ئەدات لە بیرهێنانەوەی ئەو مژارە پەژارەهێنە ڕزگار ببیت، کە ئەوە تەنها تۆ بوویت ئەم دەبەنگەت بۆ هاوسەری خۆت هەڵبژاردووە.

٢. ئەگەر هێشتاش پەژارەمەندی، چاوەڕوانیت دیسانەوەش کەمتر بکەرەوە. ئەوەندە دایبەزێنە تەنانەت لەگەڵ دەبەنگیش هەست بە شادمانی بکەیت. بیر لەو شتانە بکەنەوە ڕەنگە ئەیانتوانی بە شێوەیەکی تر بن. بۆ وێنە بیر لەم خاڵە ئەرێنییەی دەبەنگی هاوسەرەکەت بکەرەوە، کە ئەتوانی بە پیشاندانی هاوسەرەکەت، منداڵەکانت لە دەبەنگی بپارێزی!

٣. فێر ببە بە هۆی فرەوێژی یان بوغزکردن و سەرکوتکرانی هەستی خۆت و کێماسی خۆشەویستییەوە هەڵنەچت و تووڕە نەبیت. چونکە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی وەک پەتاتە بێڕەگ ببیت پێویست ناکات پەنا ببەیتە بەر مەی و ئەلکول، تەنها ئەوە فێر ببە، بێگەم[٢١٥] بیت. ئەگەر گەیشتیتە ئەم پلەی

٢١٥ ـ بێگەم: apathetic بێتەوفیر، گوێنەدەر [ع] لا مبالي [د] بی تفاوت، بی اعتنا.

کەمتەرخەمی، تەنانەت ئەتوانی بە چەقۆدەستی خۆت ببڕیت و هەست بە ئازارێکی زۆر نەکەیت.

٤. جێگرەوەکان بە پارێزەوە تاقی بکەرەوە. لە نێوان ئەوانەدا کە ئەوانیش هاوسەری دەبەنگیان هەیە، دۆستانێک بدۆزەرەوە. بەم جۆرە هەندێ هاودەرد ئەدۆزیتەوە و، ئەتوانی لەگەڵیان دەردەدڵ بکەیت و کێماسییە سۆزدارییەکانت قەرەبوو بکەیتەوە. گیدۆی دۆستی من لەم بەشە و *بەشەکانی تریشدا* چالاکە و ئەتوانێ بە خزمەتگوزاری ناوازە ئەوەی بتەوێ بۆت دابین بکات.

٥. ئەوەندەی بکرێ بەرامبەر بە هاوسەرەکەت میهرەبان بە و لەگەڵی هەڵبکە. ئەم کارە ئەبێتە هۆی دابەزینی بەرچاوی ئەو ئاریشە و زیانانەی تا ئێستە پێت گەیشتووە. بۆ وێنە کاتێک لەسەر کارەوە دێیتەوە بۆ ماڵەوە، یەکەم شت بە هاوسەرەکەتی ئەڵێی ئەمانە بێت: «داوای لێبوردن ئەکەم. بۆ هەر شتێک کە بووەتە هۆی جاڕزی تۆ، داوای لێبوردنت لێ ئەکەم.» ئەم چەشنە داوای لێبوردنە گشتیانە، بافیشەکەی ئەنیشێنێتەوە و ڕێگە لەوە ئەگرێ کە خۆت زۆر هەست بە جاڕسی بکەیت.

٦. ئەگەر هاوسەرەکەت بە شێوەیەکە بەرگەی خۆشییەکان ناگرێ و، سوورە لەسەر گۆنگەڵ و چنگەڕنێ، لەم دارەتەدا تۆ لەگەڵ دەبەنگێکی ئاسایی هاوسەرگیریت نەکردووە، بەڵکوو دەبەنگێکی دارماڵت

خواستووە. لە هەلومەرجێکی وەهادا چارە ئەوەیە یارمەتی بدەیت هەندێ ڕێگە بۆ دەردانی تووڕەیی و غەزرانی زگماکی خۆی بدۆزێتەوە. هانی بدە لە خولی فێرکاری جەنگی پێشمەرگانە و داکۆکی لەخۆ بەشداری بکات. خۆیشت بە مسۆگەری فێری کاراتە ببە.

ئایە ڕاوێژی خێزانی سوودی ئەبێت؟ بە مسۆگەری بەڵێ. وەکوو سەرهەنگ ساندرز[٢١٦]، مامۆستای تاکتیکی جەنگی و ڕاوێژکاری خێزان، لە وێست پۆینت[٢١٧] ئەڵێ: «بەشداری ئەو هاوسەرانەی کێشەی دەبەنگییان هەیە، لە ڕوایژی خێزانیدا سوودمەندە؛ هەڵبەت نەک وەکوو نەخۆش، بەڵکوو وەکوو نموونەی خراپ و دژوار. بەم جۆرە ئەتوانین بە پیشاندانی ئەوان بەو هاوسەرانەی کێشەیان هەیە، یارمەتییان بدەین لەوە تێبگەن ژیانی ئەوان ئەوەندەش دژوار نییە. ئەوانیش بە بەراوەردی خۆیان لەگەڵ ئەو دەبەنگانە، نرخی یەکدی ئەزانن و تێئەکۆشن ژیانی هاوبەشیان بپارێزن.»

زۆر کەس ساندرز بەوە تاوانبار ئەکەن، بەدبینە. هەڵبەت نە بۆ جەختکردنی لە شێوازی سەرەوە، بەڵکوو لەبەر بڕوای مسۆگەری بەم مژارە کە «هاوسەرگیری خراپ چارەسەر ناکرێن، تەنها ئەتوانن پێشیان پێ بگرین.»

پێشنیازی هەمیشەیی ئەو بۆ ئەو کاتانەی ئەگەری هاوسەرگیری مسۆگەر هەیە، ئەمەیە: «بەس بڵێ نا.»

---

٢١٦ـ Colonel Sanders

٢١٧ـ West point

2
٢٤٢

## ڕاهێنان:

١ــ لە نێوان خزم و ئاشنا، ئەتوانی چەند هاوسەرگیری بەدفەرجام بژمێری؟ کێشەیان نەسازان و نەگونجان بوو پێکەوە یان دەبەنگی.

٢ــ چەند هاوسەرگیری ناسەرکەوتووت هەبووە؟ بۆ لەپەسا هاوسەرگیری ئەکەی؟

8
٢٤٢

14
٢٤٢

19
٢٤٢

23
٢٤٢

2
## XXII - بەشی چوارەم ٢٤٣

## دەبەنگی زگماک

**«کاتێک بەر لە خواردنی بەرچایی پشیلەکەی خنکاند،**
**زانیم ڕۆژگارێکی ڕەشم لەبەر ئەبێ.»** 8

جەون[٢١٨]، دایکی دەبەنگێکی چوار ساڵان ٢٤٣

ساڵانی ساڵ دەروونناسانی مناڵ لایان بوو، مژاری وەکوو مناڵی گەندەڵ بوونی نییە؛ ئەوەی هەیە ئەو مناڵانەن، کە بوون بە سەرگەردی گەندەڵی، هەلومەرجی نالەباری کۆمەڵایەتی یان
14 پەروەردەی نەشیاوی بنەماڵەیی. لەسەر ئەم بنەمایە هەر کات
٢٤٣ مناڵێک ڕەفتاری دزێو و نالەباری هەبوو، زۆربەی دەرمانگەرانی دەروونپزیشک دەسبەجێ تاوانەکەیان ئەخستە ئەستۆی کۆمەڵگە یان دایک و باوک.

بەڵام لێکۆڵینەوەی من پیشانی ئەدات، هەندێ ڕۆژەڤی ڕوون
19 و ئاشکرا لەم نێوانەدا لە بەرچاو نەگیراون.

٢٤٣ هەموومان ئەزانین، وا نییە، ئەگەر گوڵ و سەوزیمان چاند و ژینگەشمان بۆ ئامادە کرد، وەک چاوەڕوانین تەنها گوڵ و سەوزیمان ئەبێ؛ نەخێر، گیاکەڵەی زۆریش لەو نێوانەدا پێئەگەن.
23 ئەم دیاردەیە لەمەڕ مرۆڤیش بە ڕاست ئەگەڕێ. هەندێ مناڵ

٢١٨- Joan

سەرەڕای دایک و باوکی شیانست و ژینگەی خێزانی تەندروست دیسانەوەش خراپ بار دێن. واتە لە ڕاستیدا هەندێ منداڵ بەدفەڕ و خرابکار دێنە ئەم جیهانە.

- ئەوانە لە ئەشکەنجەی دەعبا و گیانداری بچووک چێژ وەرئەگرن.
- لە منداڵی بچووکتر لە خۆیان ئەدەن.
- ڕووداڕانە وەڵامی دایک و باوکیان ئەدەنەوە.
- ڕۆژی خۆشیان ئەو ڕۆژەیە، شوێنێک خراپ ئەکەن.
- میوە و سەوزی خواردنەکەیان ناخۆن.

کورتییەکەی ئەوانە دەبەنگ لەدایک ئەبن؛ منداڵی دەبەنگی دایک و باوکی ژیر و هۆشیار.

دکتۆر مۆنتاگۆ فیشبرگر[٢١٩] ئوستادی دەروونناسی منداڵ لە زانکۆی میلپیتاس لای وایە دەروونناسەکان خوویان بە بیردۆزی منداڵئازارییەوە گرتووە و بەرەنجامی ئەم بەکارهێنانە چەواشە، هەمیشە دایک و باوک بە تاوانبار و منداڵ بە بێگوناهـ ئەزانێ. دکتور فیشبرگر ئەڵێ: «وا نییە. من سێ منداڵم هەیە کە هەر سێکیان دەبەنگی دارماڵن. من و هاوسەرەکەم هەموو شتمان خستوەتە بەردەستیان؛ ماڵێک بە کەشێکی لەبەر دڵان، ئاگاداری هەمیشەیی و میهر و سۆزی فراوان. هەر کارێک پێویست بووە بۆمان کردوون؛ ئاگامان لێیان بووە، دۆستیان بووین و چاوپۆشیمان لە هەڵەکانیان کردووە. جەختمان لەسەر ئەوە بووە شیانست و سەربەخۆ پەروەردە بین و هەست بە بەرپرساوی بکەن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە شەڕانی و گەندەڵ بار

٢١٩ـ Dr. Montague Fishburger بە واتای شفتەی ماسی

هاتوون.»


ئەو سێ منداڵە ئەوەندە درِ بوون، بڕیاریان دا بە هاودەستی یەکدی مامۆستاکانیان کە دوو ژن و پیاوێک بوون بە تاوانی چەواشەکاری جنسی تووشی کێشە بکەن. چەند چیرۆکی سێکسیان نا بەیەکەوە و بە وردی لەبەریان کردن، تا ئەگەر بە جیا لێیان پرسرایەوە لەگەڵ یەک ناکۆک نەبن.

پاشان ئەو چیرۆکانەیان بە دایک و باوکیان وت. ئەوانیش زۆر تووڕە بوون و دەسبەجێ لە لای بەڕێوەبەری فێرگە سکاڵایان کرد. هەر سێ مامۆستا لە کار دەرکران. پروەندەیان برا بۆ دادگا و دادوەر لە دژیان بڕیاری دا. بەڵام پاشتر دەرکەوت یەکێک لە چیرۆکەکان، لە چیرۆکێکی کورت لە گۆڤارێکی پۆرنۆ وەرگیراوە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی بێتاوانی مامۆستاکان بسەلمێ. بەڵام مامۆستاکان لەبەر ئەم کێشەیە دوو ساڵ سووکایەتیان پێکرا و تێچووی دادگا و بیکاری کەوتووبووە ئەستۆیان. هەروەها ڕەسیدی پیشەیی دکتۆر فیشبرگر زیانی وەهای پێگەیشت، ڕەنگە هەرگیز قەرەبوو نەکرێتەوە.

ئایە ئەم منداڵانە زیاد لە پێویست نازیان کێشرابوو، یان ئەم منداڵانە دەبەنگ لەدایک ببوون؟ خاتوو کەساندرا تایتگات[٢٢٠] داهێنەری بزووتنەوەی جەنجاڵی بەڵام زۆر سوودمەندی «**ئەوەیە کە هەیە**» بۆ منداڵانی کەللەشەق، بە تەواوەتی لەگەڵ دکتۆر فیشبرگر هاودەنگە.

ئەو ئەڵێ: «لە هەمان حەفتەی پێم نابوویە تەمەنی سیوشەش ساڵان، کچە شانزە ساڵەکەم بۆ جاری دووەم بەری فڕێ دا

٢٢٠ ـ Mrs. Cassandra Tightgut بە واتای ڕخۆڵەباریک




و، کوڕە پانزە ساڵەکەم بە تاوانی فرۆشتنی هۆشبەر دەستگیر کرا. بۆیە چووم و بۆرییەکانی پزدانم بەست، هەرچەند ئەزانم ئەمە تەنها پۆزلێدانێکی سەمبۆلیکە.»

«کاتێک لە نەخۆشخانە کەوتبووم، بیرم لە هەموو ئەو کاتانە کردەوە کە منالّی شەڕانی بە شێوەی چەواشە سوودیان لە میهرەبانی و چاکەی ئێمە وەرگرتبوو. لێرەدا بوو کە شێوازی "**ئەوەیە کە هەیە**" بۆ ڕەفتاری لەگەڵ منالّ هات بە بیرمدا. من ئەم بەرنامەیەم بە وانە وتەوە و دایک و باوکان زۆریان پێخۆش بوو. بە ڕادەیەک کە بە تامەزرۆییەوە ئەهاتن بۆ بیستنی گوتەکانی من و ئێستاکانێ دوانزەهەزار دەستەی "**ئەوەیە کە هەیە**" لە سەرانسەری وڵاتدا دامەزراوە»

ئەم شێوازە، ڕێکارێکی سوودمەندە بۆ دایک و باوکی ژیر، تا بتوانن منالّە دەبەنگەکانیان باشار بکەن. بنەماکانی ئەو شێوازەش بەم شێوەیە:

١. سووچی ئێوە نییە ئەگەر منالّەکانتان گەندەڵن، مەگەر ئەوەی بە ڕاستی ئێوە گەندەڵتان کردبێتن. هەروەها ئەوەش ئەرکی ئێوە نییە ئاسایشی خۆتان بکەن بە سەرگەردی ئاسایش و تەناهی ئەوان. تەنها مامناونجی هەڵسوکەوت بکەن و لەو ڕەفتارەی خۆتاندا سەقامگیر بن. مەبەست لە مامناونجی ئەوەیە ئاوەزی ژیر تێی ئەگات. ئەگەر منالّە ١٦ ساڵەکەتان، لەبەر ئەوەی

ناهێڵن لە پشووی کۆتایی حەفتە ئۆتۆمۆبیل لێبخوڕێت، گلەیی هەیە، بیری بخەنەوە ئابراهام لینکۆڵن هەموو ڕۆژ ١٥ کیلۆمەتر بە پێ ئەچوو بۆ فێرگە، بەڵام پاشان ئۆتۆمۆبیلێک کرا بە ناوی ئەو[٢٢١]. کاتێک منداڵەکەتان وتی: «وایە، ئۆتۆمۆبیلێک بۆ پیرەمێردانی لێکەوتە.» ئێوەش بە ئارامی وەڵامی بدەنەوە: «**ئەوەیە کە هەیە**».

٢. هەرکات منداڵەکانتان دایان لە گریان و شەپۆڕ، سەیری بکەن بزانن بریندار بووە یان نا. ئەگەر نا، پێیان بڵێن دەمت داخە و زیقەزیق مەکە. حەزت لێی نیە نەبێ، «**ئەوەیە کە هەیە**».

٣. ئەگەر منداڵەکانتان لە ڕادە لایان دا و خودپەسەندی و ئەرکنەناسیان لە ئاست تێپەڕی، لە ماڵەوە دەریان بکەن. پێیان بڵێن ئەبێ لەو ماڵە بڕۆن تا بۆیان دەربکەوێ دنیا بەدەستی کێوەیە. ئەگەر پێشیان خۆش نەبوو، ئەبێ بزانن «**ئەوەیە کە هەیە**». (منداڵی ژێر سێ ساڵ ئەم ڕێسایە نایانگرێتەوە.)

٤. هەرکات بینیتان منداڵەکەتان بە شەمچە و کۆکتێل مۆلۆتۆفی دەستساز یاری ئەکات و لەکاتێکدا بە ئێوە پێئەکەنێ، ئەڵێ ئەیەوێ ماڵەکە ئاگر تێبەر بدات، پۆلیسی بۆ بانگ بکەن. چەند شەو زیندان وای لێئەکات بایەخی ماڵەوە بزانێ. ئەگەر گلەیی لە ڕەفتاری پۆلیس

---

**٢٢١ـ** ئۆتۆمۆبیلی لینکۆڵن: لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەوە ئۆتۆمۆبیلێک بە ناوی لینکۆڵنی سەرککۆماری بەناوبانگی ئەمریکا، لەو وڵاتە بەرهەم ئەهێنرێ کە لوکس و زەنگین و جێدار و گرانباییە. ☜ پارێزەری لینکۆڵنسوار

و هەلومەرجی گرتووخانە کرد، پێی بڵێن: «**ئەوەیە کە هەیە**».

٥. داوا لە منالانی ٦ ساڵ بەرەوژوور بکەن لە کاروباری ناوماڵدا هاوکاری بکەن. دەبەنگی گازندۆک کە ملۆزمی کۆمەڵگەن، سەردەمێک تاقانەی دایک و باوکیان بوون. هیچکات بۆ هەبوونی ویژدانی کارکردن و هەست بە بەرپرسایەتی زوو نییە. «ئەمەوێ و نامەوێ»شمان نییە، «**ئەوەیە کە هەیە**».

٦. تەلەڤیزیۆن بە گشتی ڕۆڵێکی گەورەی لە دەبەنگکردنی منالدا هەیە. هەڵدانی تەلەڤیزیۆن لە پەنجەرەوە بۆ دەرەوە، بۆ پەروەردەی باشتری منالان پێشنیاز ئەکرێ، چونکە «**ئەوەیە کە هەیە**».

٧. سەبارەت بە کاری ناوماڵ ئەبێ پێڕەو و سنورداری توندوتیژ دابنێن. ئەگەر جارێک لە حەفتەشدا ئەرکی خۆیان ڕانەپەڕاند، ڕێگە مەدەن تەلەڤیزیۆن ببینن. ئەگەر تۆسنیان کرد و دیسانەوە بە ئەرکی خۆیان هەڵنەسان، ناچاریان بکەن شەوێک گوێ لە بەرنامەیەکی زۆر کۆن ڕابگرن، کە سەبارەت بە کەباری ڕەفتاری جوان و ئەرکناسی بۆ جەوانان ئەدوێ. هەرکاتیش گلەییان لەو ئەشکەنجانە کرد، بڵێن: «**ئەوەیە کە هەیە**».

٨. چەند شەپلاخە لە سمتی منال نەک مەترسیدار نییە، بەڵکوو ئەتوانێ لە مەترسی تووشبوونی کۆمەڵگە بە دەبەنگێک بەرگری بکات. ئەگەر لەوە گەورەترن بەو شێوە تەمێ بکرێن، ئەبێ ڕێگەی تر بەکار بهێنن. ئایا

باشترە منداڵەکەتان وەک دەبەنگەکان هەڵسوکەوت بکات و ئازاری مەردم بدات یان بەدەستی خۆتان تەمێ بکرێ؟ ئەگەر گریا و وتی ئازاری پێگەیشتووە، تەنها بڵێن: «**ئەوەیە کە هەیە**».

٩. ئەگەر لەناو شتەکانیدا کۆکایین، کۆڵت، کاندۆم و هەر کافێکی تری بەرگیراوتان دۆزییەوە، هەمووی هەڵگرن و دوو ڕۆژ تەنها نانی وشک و ئاویان پێبدەن. ئەگەر گلەییان کرد، بڵێن: «**ئەوەیە کە هەیە**».

بە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە، بە یەک دوو ئامانج ئەگەن. یان منداڵەکانتان تێئەگەن و بەخۆیاندا ئەچنەوە، ڕەفتار و کرداریان چاک ئەکەن و دەبەنگی ئەخەنە لاوە، یان ئەبێتە هۆی ئەوەی لە لای ئێوە بڕۆن. لە هەردوو دارەتدا ئێوە براوەن!

## ڕاهێنان:

١ـ بە بۆچوونی ئێوە منداڵ لە چ تەمەنێکدا ئەبن بە گەهشتی[٢٢٢] و ئەتوانن کارەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن؟ ٢١ ساڵ؟ ١٨ ساڵی؟ ١٢ ساڵی؟ لە هەمان کاتەوە کە لەگەڵ تۆ ئەکەونە دەمەدەم و چەلەحانێ؟

٢ـ ئایە ئەمڕۆ لە منداڵەکانتان داوە؟

---

٢٢٢ ـ گەهشتی: mature بەرفین، پێگەیشتوو، ڕەسیدە [ع] ناضجة، ناضج [N] moden [د] بالغ. ⇐ گەهشتن: maturity [ئاوەڵناو] پێگەیشتن، پەرفین [ع] نضج [N] modenhet [د] بلوغ.

## بەشی چوارەم - XXIII

## منداڵانی دایک و باوکی دەبەنگ

**«تا ئەو کاتەی مامۆستای باخچەی منداڵان، بۆ یەکەم جار بانگی نەکردم "کەڤین"، نەمئەزانی ناوی بچووکم "هۆی گوێرەکە" نییە.»**

کەڤین[٢٢٣]، منداڵی دایک و باوکێکی دەبەنگ

لە ڕوانگەی مێژووییەوە، ڕەنگە منداڵان ستەملێکراوترین دەستە بن کە تائێستە بوون بە گۆڕی و قوربانی دەبەنگەکان. هەندێ جار، یارمەتی ئەو منداڵانە ئەدرێ لە ڕووی جەستەییەوە ئازار دراون، بەڵام لە ڕوانگەی دەروونییەوە هیچیان بۆ نەکراوە. ئەمە بە واتای ئەوەیە لەکاتێکدا گەورە ئەبن کە وائەزانن شێتن یان بە هۆی ئەنجامی هەڵەی لەبەخشیننەهاتووەوە هەست بە گوناهـ ئەکەن. بەڵام ئێستا بەوە ئەزانن منداڵی کەسانی دەبەنگن. ئەوانە لەکاتێکدا پێ ئەنێنە جیهانی گەورەکانەوە، کە هێشتا توانای تێگەیشتن لە خۆیان وەکوو مرۆڤێکی گەورەساڵیان نییە. بەڵام خۆشبەختانە ئێستە پەرتووک، کارگە یان ناوەندی دەروونددەرمانی[٢٢٤]، دەستەی دەرمانی و دەرمانگەری شارەزا

---

٢٢٣ـ Kevin

٢٢٤ـ کارگە: workshop یان ناوەندی دەروونددەرمانی، بە شێوەیەکی گشتی خولی

زۆرن کە ئامادەن یارمەتی منالاَن بدەن بۆ ڕزگارگردنیان لە دەستی دایک و باوکی دەبەنگ.

ئەم کارە گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە. چونکە هەژمارەکان دەری ئەخەن منالاَنی دایک و باوکی دەبەنگ بەهرە و توانایەکی بالاَیان هەیە بۆ ئەوەی خۆیشیان ببەن بە دەبەنگ، مەگەر ئەوەی فێر بکرێن بە شێوەیەکی تر گەورە ببن.

بۆ ئەوانەی بیست ساڵ لە باشترین ساڵەکانی ژیانیان لەگەڵ دەبەنگەکان ژیاون، هیچ ڕێگە چارەی خێرا و پەرجووئاسا بوونی نییە. بەلاَم ئەم کەسانە بە زانینی ئەو بابەتەی کە ئەوان سووچێکی ئەوتۆیان لە ژیانی پڕ لە ئازاریان نییە، ئەتوانن هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵبکێشن. گۆرییەکی دایک و باوکی دەبەنگ ئەیوت: «لەو کاتەوە زانیم کێ بە تاوانبار بزانم، چارەسەری من زۆر بە خێرایی ڕوو ئەدات. ئێستە لە جیاتی ئەوەی ڕقم لە خۆم بێت، نەفرەتم لە دایک و باوکمە و ئەم بابەتە زۆر دارەتم باشتر ئەکات.»

زۆر لە منالاَنی دایک و باوکی دەبەنگ تامەزرۆییەکی بالاَیان بۆ زاڵبوون بەسەر ڕەفتاری چەواشەی سەردەمی منالّیان هەیە. چەند نیشانەی منالاَنی دایک و باوکی دەبەنگ ئەمانەن:

- بەر لە هەموو شت، ئەوەندەی بۆیان بکرێ خۆیان لە دایک و باوکیان بەدوور ئەگرن. لە ڕاستیدا زۆربەی دانیشتوانی ئالاسکا[٢٢٥] لەو منالاَنە پێک هاتوون کە

---

پەروەردەیی کورتن کە تیشک ئەخەنە سەر چەمکە تایبەتەکان لە خولێکی خوێندنی تایبەت، یان پەرەپێدانی کارامەییەکی دیاریکراودا.

**٢٢٥ ـ** ئالاسکا: Alaska گەورەترین و ساردترین ولاَتی ئەمریکایە، ساڵی **١٨٦٧** لە

تێکۆشاون ئەوەندەی بۆیان ئەلوێ لە دایک و باوکیان دوور بکەنەوە.

- لە جەژنی لەدایکبوونی دایک و باوکیان بەشداری ناکەن. ئەم بابەتە لەبەر ئەوە نییە، حەزیان لە جەژنی لەدایکبوون نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە هێشتا کارتی پیرۆزباییان دەستنەکەوتووە لێی نووسرابێ: «سپاس بۆ هیچ».
- بۆ ماوەیەک ئەچنە دنیایەکی فانتاسیا و وەژارەوە[٢٢٦]. بەو پێیەش وا بیر ئەکەنەوە دەبەنگی نەخۆشییەکی ڕاستەقینە نییە، گێرۆ نییە. هەر لەم خولەدا زۆرترین مەترسی ئەوەیان لەسەر بە توندی زیانیان پێ بگات، بە ڕادەیەک ڕەنگە هاوسەرگیری لەگەڵ دەبەنگێکی تر بکەن و ئەو سوورە پاتە بکەنەوە. ئەگەر تەنها لەبەر ئەمەش بووە کۆمەک و ڕێنموونی پسپۆڕانە بۆ ئەم گەنجانە زۆر پێویستە.

کێشە و هۆکاری ڕاستەقینەی منالانی دایک و باوکی دەبەنگ، کە لە پشت نەفرەت، نائومێدی، خودبێگانەیی و ترس و خۆبەکەمزانی ئەواندا ڕاوەستاوە، چییە؟ بەرەنجامی ساڵەها لێکۆڵینەوە و تێکۆشان لەم بوارەدا بە کورتی ئەمانەن:


١. **کێشەی پەیوەندیگرتن لەگەڵ کەسانی تر.** هەری[٢٢٧]، منالی دایک و باوکێکی دەبەنگ کە ئێستە لە بن چارەسەر

---

ڕووسیە کرێدرا. لە ڕووی پەترۆڵ و کانزاکانی ترەوە یەکجا دارایە.

٢٢٦ـ وەژارە: imagination هزر و بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ داهاتوو بە وەرم یان ئەندێشە [N] fantasier [ع] تخیل [د] خیال اندیشی، خیالپردازی، خیالبافی.

٢٢٧ـ Harry





دایە، ئەڵێ: «بەر لە گەیشتن بە ٢٣ ساڵی نەمئەزانی کەسانێکیش هەن بێزەون و چەپەڵ و پەسپەندە نین. ڕەنگە لەبەر ئەوەی وام ئەزانی هەموو مرۆڤەکانی تریش وەکوو دایک و باوکمن.»

٢. **کێشەی پەیوەندیگرتن لەگەڵ خۆیان.** منالانی دایک و باوکی دەبەنگ، لەبەر ئەوەی سالانی سەرەتای تەمەنیان و خولی پێکهاتنی کەسایەتیان لە بن دەسەلاتی کەسانی دەبەنگدا بووە، بە هەمان دەبەنگی دایک و باوکیان پەروەردە ئەبن و بار دێن. یەکێک لەم کەسانە بە ناوی ڤیرجینیا[٢٢٨]، پاش سێ ساڵ چارەسەر، ئێستە توانیوێتی خۆی بدۆزێتەوە. ئەو بە هێوری ئەڵێ: «کاتێک منال بووم، ئارەزووم ئەوە بوو دەبەنگێکی وەکوو دایکم لێ دەربچێ. ئێستە ئەزانم ئەو ئارەزووە چەندە زیانی پێگەیاندووم. من ئەبێ خۆم بم و بۆ خۆم بژیم. ئەبێ جارێکی تر لەدایک ببمەوە. تکایە ناوێکم بۆ هەڵبژێرن.»

٣. **ئاریشە لە بیرکردنەوەدا.** منالانی دایک و باوکی دەبەنگ، ڕێگەیان پێ نەدراوە تا بتوانن لە ئاستی منالێکی ئاسایی خاوەن بۆچوون و بڕوا بیر بکەنەوە. بۆیە ئەوانە بە دڕدۆنگی و ئەڤانی سست و تەنانەت وازی بەرەو سەرکەشی و پێشێلکردنی ڕێسا گەورە ئەبن.

Virginia ـ ٢٢٨




ترسی هەمیشەیی لە هەڵسان بە هەڵەی لەبەخشیننەهاتوو یان دادگاییکران بە هۆی سەرەڕۆییەوە، بیر و مێشکیانی ئابلۆقە داوە. ئالیس، یەکێکی تر لەم کەسانەی لە بن چارەسەر دایە، بە هۆی ئازادبوونی لە کەڵەمەی دایک و باوکی دەبەنگی شانازی بە خۆیەوە ئەکات. ئەو بە ڕادەیەک سەربەستە و متمانەی بە خۆی هەیە کە لقێکی «کۆمەڵەی زەوی تەخت»ی[۲۲۹] لە شارە تازەکەی نیشینگەی خۆی دامەزراندووە و جگە لەوە خەریکی ڕێکخستنی هەڵمەتێکن بۆ ڕزگارکردنی پلاتیپۆسەکانی[۲۳۰] ویلایەتی کنتاکی ئەمریکا.

٤. **کێشەی ئاخاوتن.** زۆربەی کات، منداڵانی دایک و باوکی دەبەنگ لە گەورەییدا وەکوو مناڵ ئەدوێن و بەم هۆیەوە لەوە ئەترسن خۆیان بە مرۆڤی گەورەساڵ بناسێنن. بەڵام بە شێوازی چارەسەری سوودمەندی نوێ، زۆربەیان ئەتوانن ئاخافتنی وەها فێر ببن لە بابەتی ڕستانە: «بەسەر چاو»، «ببوورە»، «تۆ خوا ئیتر لێم

۲۲۹ـ کۆمەڵەی زەوی تەخت: Flat Earth Society کۆمەڵەیەکی ڕاستەقینەیە بڕوایان بەوە هەیە زەوی خڕ نییە و وەک ڕووبەرێکی گردی تەختە، ناوەندەکەی ئەستووی باکوور و لێوارەکانی سەهۆڵ گرتوویەتی و، لەم چەشنە بۆچوونە قۆشمانە سەبارەت بە خۆر و مانگ و ڕەهەندەکانی گەردوون.

۲۳۰ـ پلاتیپۆس: platypus گواندارێکی دەنووکداری بوومی ئوسترالیایە.

مەدە» تێپەڕن. لە هەندێ نموونەی سەرکەوتووتردا، ئەوانە فێربوون چۆن بقیژێنن، چۆن هاوار بکەن و تەنانەت بتوانن لە بەردەم بۆتکەکانی خواردنی خیرا، وەکوو کڕیارانی تر بە دەنگی بەرزی وەکوو قیژاندن داخوازی خواردن بدەن. هەندێکیان تەنانەت تا ئەو ڕادەیە پێش ئەکەون کە لەگەڵ ڕادیۆکەیان ئەوینداران گفتوگۆ ئەکەن.

٥. **کێشەی پێکەنین.** هەندێ لەم بێبەختانە لە کەشێکی ئەوەندە سارد و وشکدا کەورە ئەبن، لایان وایەکردەی پێکەنین، کاردانەوەیەکی شێتانە و زۆر زۆر دەمارگرژانەیە. دەروونپزیشکان بۆ چارەسەری ئەم گۆریە تاقانانە، خولی سێ مانگە ئەکەنەوە، کە بریتییە لە هەندێ فیلمی چارڵی چاپلین و لەو چەشنە بۆ ماوەی دوانزە کاتژمێر لە ڕۆژدا. زیاتر لە ٩٥٪ ئەو کەسانەی لەم خولەدا بەشداری ئەکەن، توانای ئەوە پەیدا ئەکەن لەوە بەدوا بڕوا بەخۆ بدەن لە قاقای پێکەنین، هەڵبەت ئەگەر ببینن یەکێک خەریکە بە گۆچان یاری ئەکات، یان گەلاوگەڵ ئەڕوات بە ڕێدا.

٦. **کێشەی دەست بەئاو گەیاندن.** ڕەنگە هەندێ کەس لە لای سەیر بێت، بەڵام منالانی دایک و باوکی دەبەنگ ئەوەندە هەستی خۆیان لە هەناویاندا ڕاگرتووە، کە لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنیشیان، ئەو خووەیان لەگەڵ ئەمێنێ و هەوڵ ئەدەن هەموو شت لە هەناویاندا ڕابگرن. دەرمانی ڕەوانکەر لەم مژارەدا کاریگەر نین. بۆیە ئەبێ

سەرلەنوێ فێری دەست بەئاو گەیاندن ببنەوە، هەندێ لە دەرمانگەرەکان سوود لە هیپنۆتیزم وەرئەگرن. بۆ ئەم مەبەستە ئەوەندە ئەیانبەنەوە بۆ دواوە، تا بکەونە سەر ئاودەستەکە و خۆیان بەتاڵ بکەن. ئەوان ئەیخنن بە مێشکی ئەم جۆرە نەخۆشەدا ئەنجامدانی دروستی ئەم کارە بۆ دڵی خۆیان باشە، نەک بۆ دایک و باوکی دەبەنگیان. ئەوسا بووە کە نەخۆشەکان توانیویانە سیفوونی ئاودەسەکە ڕابکێشن.

٧. **کێشەی هێوری و ئاسوودەیی.** منداڵانی دایک و باوکی دەبەنگ، لەبەر ئەوەی ساڵانی دوورودرێژ لە بەرامبەر پەلامار و پلاردا دارەتی داکۆکیان هەبووە، کاتێک گەورەش ئەبن دیسان تووڕەن و دڵەڕاوکەیان هەیە. ئەوان ئەگەر لەوە تێبگەن جگە لە دایک و باوکیان دوژمنی تریان نییە، ئاسوودەیی بەدەست ئەهێنن. لە هەندێ نموونەی سەرکەوتوودا، تەنانەت گەیشتوونەتە ئاستێک بتوانن لە دوای چەندین ساڵ، بچن بۆ سەردانی دایک و باوکیان و لە کاتی گوێگرتن لە قسەی جاڕزکەری ئەوان، سەبارەت بەوەی دنیا گۆڕاوە و منداڵەکانیش ئیتر ئەو منداڵانەی جاران نین، سەرخەوێکی باش بشکێنن.

یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی ڕەفتار لەگەڵ منداڵی دایک و باوکی دەبەنگ لە بەرچاوگرتنی ئەو خاڵەیە کە ئەگەر ئەوانە گەورەساڵن ئەبێ بتوانن بەسەر کێشەکانی خۆیاندا زاڵ بن. هەرچەند ئەوان ئیتر لەگەڵ دایک و باوکیان ناژین و بە دەگمەن ئەیان بینن؛ بەڵام ڕێک بەم هۆکارەیە کە ئەم کەسانە پێویستیان

بە چارەسەر هەیە.

ئەگەر ئەوانە چارەسەر نەکرێن یان چارەسەریان سەرکەوتوو نەبێت، لە ئەندێشە و ئارەزووی دایک و باوکی ژیر و تێگەیشتوو، درێژە بە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ دگەر (وەک دۆست و هاوسەر) ئەدەن و لە ئەنجامدا ئەو پەیوەندیانەش، تا ئەو کاتەی بە شێوەی ڕیشەیی چارەسەر نەکراون، شیاو و تەندروست نابن.

بەم هۆیەوە، من بە منالانی گەورەساڵی دایک و باوکی دەبەنگ پێشنیاز ئەکەم، ئەم قۆناخانەی خوارەوە لە ڕەوتی چارەسەر، یان بە شێوەی جیاواز ئەنجام بدەن:

- لەگەڵ دایک و باوکیان ئاشت بکەنەوە. بچن بۆ سەردانیان و پێیان بڵێن ئامادەن هەموو کێشەکانی ڕابوردوو لەبیر بکەن. بڵێن ئێستە لەوە تێئەگەن بە ڕاستی بۆیان ئاسان نەبووە وەکوو منالی شیانست هەڵسوکەوت بکەن و ڕابوردوو هیی ڕابوردووە. تێبینی: ئەگەر ئەیانەوێ لە میرات و مەردەڵا بێبەش نەکرێن، ئەبێ هیچ باسی دەبەنگی ئەوان نەکەن.
- بە باشی و بە وردی بیر لەو ناونیتکانە بکەنەوە دایک و باوکتان لێیان ناون. هەموو ئەوانە فڕێ بدەن لە دەبەنگی نزیکن و جێگەیان لەگەڵ ئەدگاری ئادەمیزادانە بگۆڕن.
- دایک و باکیان لەبیر بکەن. ئەگەر نەماون و لە میرات بێوەرییان نەکردوون، بەشێک لە میراتەکەتان بدەن بە ئەنجومەنی پاکسازی دەبەنگەکان تا بیسەلمێنن بەسەر کاریگەری ئەواندا زاڵ بوون.

هەنگاوی مەزن لە بواری ناسین و چارەسەری کێشەکانی منداڵانی دایک و باوکی دەبەنگ لە تەمەنی گەورەساڵیدا هەڵگیراوە. ئەگەر تۆیش یەکێکی لەو کەسانە، تێبکۆشە کەسانی هاودەردی خۆت بدۆزیتەوە و پێکەوە ئەنجومەنێکی دەرمانگەر دروست بکەن. هەروەها پێشنیاز ئەکەم پەرتووکی بەنرخی «دڕترین باوک»[٢٣١] بەرهەمی کریس ئەوفۆردیش[٢٣٢] لەدەست مەدە.

## ڕاهێنان:

١ـ ئایە تۆیش گۆری دایک و باوکی دەبەنگ بوویت؟ لە کوێوە ئەمە ئەزانی؟

٢ـ ئەم مژارە بە چ شێوەیەک کاریگەری لە ژیانتدا وەکوو گەورەساڵێک هەبووە؟

٣ـ کەی ئەتەوێ گەورە ببیت؟

## ئەزموونی ئازارچەشتن لە دەبەنگەکان

من ئەزموونێکم ڕێکخستووە بۆ دیاریکردنی ئاستی ئازار لە دەستی دەبەنگەکان. ئەگەر لە ماوەی ساڵی ڕابوردوودا ناچار بوویت ئازار لە دەستی هەرکام لەم دەبەنگانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە، بچێژی، بەو شێوەی دیاری کراوە نمرە بە خۆت بدە. ئەگەر زیاتر لە ٥٠٠ خاڵت بەدەست هێنا، لەوانەیە لە هەفتەی داهاتوودا تووشی جەڵتەی دڵ ببیت. ئەگەر زیاتر

٢٣١ـ Daddy Deadliest

٢٣٢ـ Chris Awford

لە ١٠٠٠ خاڵت بەدەستهێنا، سەیری ئاوێنە بکە و دڵنیا ببە لەوەی هێشتا مابێتی.

١– هاوسەری ناپەسەند ٢٥٠ خاڵ.

٢– هاوسەری پێشووی ناپەسەند ٤٠٠ خاڵ.

٣– بەرپرسی زۆرزان ١٢٥.

٤– خەسوو و خەزوورەی خوتێوەردەر، هەرکام ٦٠ خاڵ.

٥– دایک و باوکی فرەخواز، هەرکام ٨٠ خاڵ.

٦– وەستای نۆژەنکار ٦٠ خاڵ.

٧– هاوکاری لە پشتەوە خەنجەرووەشێن ٥٠ خاڵ.

٨– دۆستانی گرینۆک، هەرکام ٤٠ خاڵ.

٩– کۆکەرەوەی پارەی قەرز، هەرکام ٨٠ خاڵ

١٠– پارێزەری جیابوونەوەی ئەوبەر ٦٠٠ خاڵ.

١١– پارێزەرەکانی تر ٢٠٠ خاڵ

١٢– منالی نارەسەن، هەرکام ١٢٥ خاڵ.

١٣– ڕەگەزپەرستی تاریکبینی دارماڵ ١٠ خاڵ.

١٤– ئەوانەی بە «١١ شمەک یان زیاتر» ئەچنە هێڵی «١٠ شمەک یان کەمتر» ٢٥ خاڵ.

١٥– خزمەتکار و فرۆشەری بێئاکار، هەرکام ٥٢ خاڵ.

١٦– لێخوڕی تووڕە، هەرکام ٤٠ خاڵ.

١٧– بیرۆکراتی دەوڵەتی ١٢٠ خاڵ.

١٨– گۆڤانانی یەهوە، هەرکام ١٠ خاڵ.

١٩– ژمێریاری دەزگای باج ٢٠٠٠ خاڵ.

٢٠– دەنگۆ ٢٠ خاڵ، سەبارەت بە خۆت ١٠٠ خاڵ.

# بەشی پێنجەم

## ڕێگەی بەرەو چارەسەر و ڕزگاری

# بەشی پێنجەم - XXIV

## قۆناغەکانی چارەسەر

**«هەرچی شیاکەی گایە لەناوی ببەن، گا هەر ئەمێنێ.»**
بێن[٢٣٣]، دەبەنگێکی بن چارەسەر

دژوارترین قۆناغ لە چارەسەر و وازهێنان لە دەبەنگی هەمان قۆناغی یەکەم؛ واتە **پەژێرەکردنی دەبەنگبوونە.** هیچکەس ئەوەی پێخۆش نییە ددان بەوەدا بنێ دەبەنگە، هەر بۆیەشە هەنگاوی یەکەم زۆر بەئازارە. چرکەساتێک، کە گەیشتن پێی، پێویستی بە جەربەزە و ئەڤانێکی بالاّ هەیە.

لە زۆربەی کاتەکاندا، تا گەیشتن بە چرکەساتی بڕیاردەر و چارەنووسسازی ددانپێدانان، دەبەنگ زۆر قەیرانی وەکوو مایەپووچی، جیابوونەوە، دەرکران لە کار، نەخۆشی لەچارەنەهاتوو، مردنی ئازیزان، یان لە هەموو خراپتر داڕزان بەدەستی دەبەنگترێک لە خۆی تێپەڕاندووە.

لەم هەلومەرجەدا، بە هۆی گەزن[٢٣٤] و ئازاری ژیانەوە، سیستەمی بەرگری و داکۆکی دەبەنگ زۆر لاواز بووە. پەلّپ و

---

٢٣٣ ـ Ben

٢٣٤ ـ گەزن: damage وەزەنگ، ئازار، تەگەرە، گەزەند، زیان ع خسارة N skader د خسارت.

بیانووی وەکوو بەڵگەی خۆپەڕاندنەوە، لێبوردن، تاوانبارکردنی کەسی تر، قیژاندن، درۆکردن، و بۆڵاندن، ئیتر یارمەتی دەبەنگ نادات و فریای ناکەوێ. لەبری ئەم چەپەڵکاریانە، ڕاستەقینە چارەی پرسگرەکەیە و بەم شێوەیە، کە لە کۆتایی نائومێدی و پەرێشانی دەبەنگ سەرەنجام ڕووبەڕووی خۆی ئەبێتەوە: ئەو دەبەنگە!

ئەگەر گەیشتن بەم قۆناغە زۆر گرنگەی دۆزینەوەی ڕاستی، بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و سروشتی ڕوو بدات، هەستێکی شادمانی پاش دەبەنگبوون لەو کەسەدا پەیدا ئەبێ. گەیشتن بەم قۆناغە بە زۆر ناکرێ و بە داخەوە ئەم لایەنە ئەو شتەیە کە بنەماڵە و هاوکار و دۆستان لە بەرچاوی ناگرن. ئەوانە لە بەرەنگاربوونەوەی ڕەفتار و کرداری دەبەنگێکدا، بەبێ تێبینی پێی ئەڵێن: «تۆ دەبەنگی.» بەڵام تا ئەو کاتەی خودی دەبەنگ بۆ بیستنی ئەم ڕستەیە ئامادەیی پێویستی نەبێ، گوێیەکی دەرگایە و ئەوی تر دەروازە و لە وەڵامدا ئەڵێ: «بە توون کە دەبەنگم.»

ئەمە ئەو شتەیە لە دەروونناسیدا پێی ئەوترێ نکۆڵی و نەک بۆ چارەسەری دەبەنگەکان، بەڵکوو بۆ چارەسەری هەموو جۆرە تووشبوونێک، بە گەورەترین لەمپەر دائەنرێ. هەرچەند هەڵسوکەوتی ئەوان بۆ فەراگەرد وەک ڕۆژی ڕۆشن وابێ، دەبەنگەکان دیسانەوەش ددانی پێدا نانێن. ئەوانە بە پاساو و بەرسڤی لەم چەشنە، ڕاستەقینە ڕەت ئەکەنەوە و خۆیانی لێ لا ئەدەن:

«بەس ڕواڵەتی کارەکانم وەکوو دەبەنگانە.»

«خۆ لە تۆ دەبەنگتر نیم.»

«ئەوەیە کە ئەیبینی.»

«خۆت چۆنی خەڵکیش وا ئەبینی.»

«پێویستم بە چارەسەر نییە، خۆم خۆم چارە ئەکەم.»

«ئەگەر خۆشت ئەوێم، پەژێرەم بکە و گوێی مەدەرێ.»

تەنانەت لە پاش چرکەساتی پەژێرەی دەبەنگی، دیسانەوەش نکۆڵی وەکوو هەڕەشەیەک لە سەرانسەی ڕەوتی چارەسەردا هەیە. نەخۆش ئەبێ دەسبەجێ بکەوێتە خۆی نەکا خووی کۆنی بیانوو و سەرکۆنەکردنی دیسانەوە سەر هەڵبداتەوە. دەبەنگ ئەبێ خۆی بناسێ. ئەو ئەبێ گەوهەر و شیلەی خۆی بناسێ بەو جۆرەی کە ساڵانێکی زۆر دەبەنگی تێدا کۆ بووەتەوە.

ئینجا مەبەست لە دۆزینەوەی ئەم گەوهەرە چییە؟ واتە دەبەنگ ئەبێ ڕووبەڕووی بنەمای دزێوی خۆی ــ پووچی و بێکەسایەتی، کەمتەرخەمی، نابەرپرسبوون و نادروستکاری ــ ببێتەوە. هەروەها ئەبێ پەژێرەی ئەوە بکات بە خۆدزینەوە لە کار، بە تۆقاندنی دگەر و بە ڕێگەی درۆ و فێڵبازی کارەکانی بردووە بەڕێوە. تەنها بە ددانپێدانان و پەژێرەی ئەم لایەنانەیە کە دەبەنگێک ئەتوانێ لە دارەتی ڕووخێنەری «لۆمەی خەڵکی ــ دڵ بۆخۆسووتان ــ نائومێدی» بچێتە دەرەوە.

ئەگەر دەبەنگێک بیەوێ بەم شێوەیە قووڵایی دەبەنگییەکەی چارەسەر بکات، پێویستی بە کاتێکی زۆر و تێکۆشان و تەنهایی هەیە. ئەبێ فێر بێت لەبەر ئاوێنەدا ڕابوەستێ و یەک بە خۆی هاوار بکات: «بۆ من ئەم کارانەم لەگەڵ کەسێک کە خۆشم ئەویست (واتە خۆم) کرد؟ چۆن توانیم ئەوەندە بێبەزەیی بم؟ چۆن توانیم ئەوەندە گەمژە بم؟ چۆن؟ چۆن؟»

سەبارەت بە خۆم، من ناچار بووم پەژێرە بکەم هەموو

پێشینەی پزیشکی و ئەزموونی قووڵم لە بواری پڕۆکتۆلۆژی بە تازیار دانانرێ. دەبەنگی پەیوەندی بە خوێندەوارییەوە نییە، پەیوەندی بە ڕەفتاری مرۆڤەوە هەیە. تەنانەت هەندێ لە دەبەنگترین کەسان، ئەوانەن کە پسپۆڕ و شارەزان و ڕێنموونی خەڵکی ئەکەن. من خۆم گۆڤانی ئەم گۆتەیەم[٢٣٥].

من ناچار بووم لە قاوغە ڕواڵەتییە سەرکەوتووەکانم بێمە دەرەوە و بە لەبەرچاو نەگرتنی ئەو تازیارانە، ئەوەندە تۆژینەوە بکەم تا پووچی خۆم بدۆزمەوە. لە ئەنجامدا بەو ڕاستییە گەیشتم ڕیشەی دەبەنگی من لە پووچی ئەو کەسایەتییە دایە وەک قووڵکەیەک هەموو لایەکی گرتووەتەوە. یەکەم جار کە تێی گەیشتم هەستم کرد کەوتوومەتە چاڵێکی زۆر قووڵەوە. پاشتر ئەوەم بۆ دەرکەوت سالانی ساڵ بوو تێی کەتبووم و ئێستەکانێ بە ڕاستی خەریک بووم لێی ئەهاتمە دەرەوە.

لە پزیشکیدا بەم ئەزموونە ئەوترێ «دەرکێشان». ئەزموونێک لە ڕەوتی ناسینیدا لەو ڕاستییە تێئەگەیت بە چ شێوەیەک ژیانتان بە هۆی چاڵەقووتێکەوە هەڵمژرابوو.

یەکێک لە نەخۆشەکانم کە پارێزەر بوو، ئەم ڕەوتەی تۆزێ بە جیاواز پێناسە ئەکرد. «ئەو ساتەی من لەگەڵ پووچی ڕاستەقینەی خۆم ڕووبەڕوو بوومەوە، وەک بڵێی بوومەلەرزە کەوتەوە. بۆم دەرکەوت من —و هەموو پارێزەران— فێڵباز، کڵاوباز و خاپێنەرین. خۆم وەک زارووییەکی خوێنخۆر ئەبینی و فریشتەی داد لە بەرچاوم ئیتر سەرەژنێکی چاوبەستراو نەبوو،

---

٢٣٥ـ گۆتە: saying پەند، دەستەواژەیەکی کورت و پوخت، بەگشتی ئامۆژگاری و ژیری تێدایە ٤ د قول.

بەڵکوو پیرێژنێک بوو لە کاتی قومارکردندا قاقای لێئەدا.»

ئەگەر بتوانین ئەو قۆناغە دژوارە سەرکەوتوانە تێپەڕێنین، ئەتوانین پێ بخەینە قۆناغی چارەسەر، واتە قۆناغی پەشیمانییەوە. ویستی فراوان بۆ چاکبوونەوە، دەبەنگی بن چارەسەر ناچار ئەکات خۆی لەو ئەدگارە دشتانە بەدوور بگرێ، کە ساڵانی ساڵ لە سەر یەک کەڵەکە ببوون. ئەدگاری وەکوو لووتبەرزی، بەبچووکدانان، ناونیتکەنان، ناڕاستگۆیی، دۆزینەوەی هەڵە، توڕەیی و گومان و بەدبینی.

چالاکییەکی دژواری لەم چەشنە بە ڕاستی دەبەنگ لاواز و لێکەوتوو ئەکات. جیهانی سەروبن ئەکات. ئەو هێزەی هەتا ئێستە بە هۆی ڕاهاتنەوە پشتی پێ بەستبوو (خودپەسەندی، درۆ و فێڵبازی) بەهای خۆیان لەدەست ئەدەن. منی پۆڵایین و لەشکاننەهاتوو کەوتووەتە بەر پەلاماری ژەنگهێنان و داڕزان و، لە هەمووی خراپتر ویژدان و فرسەندی لەخەو ڕائەبێ. هەست بە پەشیمانی و گوناهـ ئەکات و تەنانەت ئەیەوێ هاودەرد پەیدا بکات. ئەم هەلومەرجە، مەترسیدارترین دۆخە بۆ دەبەنگ، **چونکە پێی ناوەتە لێواری بەمرۆڤ بوون!** کاتی ترس و دڵەڕاوکێ دێتە ئاراوە. لەم قۆناغەدا ئەگەر دەبەنگ، لە لایەن دۆستان و دەرمانگەری پسپۆڕەوە پشتیوانی و چاودێری نەکرێ، بۆی هەیە تێکڕای ڕەوتی چارەسەر تووشت شکست ببێت.

یەکێک لە نەخۆشەکانی من، نموونەیەکی باشە بۆ پیشاندانی ئەم مژارە. مێلانی[٢٣٦]، سۆزانییەکی بیست و چەند ساڵەی بن چارەسەری دەبەنگی بوو. ئەو چەند مانگێک بوو لەگەڵ کابرایەکی

٢٣٦ـ Melanie

تۆزێ قۆز، پەیوەندی دڵداری پێک هێنابوو و زۆر بە باشی و خۆشی ئەژیا. لە کۆبوونەوەیەکی حەفتانەی چارەسەری بەکۆمەڵ، پرسیاری کرد بۆی هەیە لەگەڵ کابرا سێکس بکات؟ یەکێک لە ئەندامانی دەستە لە وەڵامیدا قسەیەکی نابەجێی کرد و وتی: «ئەی تا ئێستە چیتان ئەکرد؟ تاوڵە و دامەتان ئەکرد؟» ئەم تەوسە کچەی ڕووخان و تێگەیشت بە ئاسانی ناتوانێ پێشینەی سۆزانیبوونی لەکۆڵ خۆی بکاتەوە. ئەو تەنها وەکوو کەو سەری کردبوو بە بن بەفردا. تێگەیشتن لەو ڕاستییە تاڵە، لە توانای مێلانی بەدەر بوو. ئەو هەموو پەیوەندییەکانی (هەڵبەت پەیوەندی کاری نا) پچڕاند، بوویەوە بە دەبەنگ، کابرایەکی گەمژەی دۆزییەوە تا بتوانێ بە نازونووز پارەی لێ دەر بهێنێ و داخی دڵی بەسەر ئەودا بەتاڵ بکاتەوە.

مێلانی بۆ چارەسەر، کێماسی پەشیمانی هەبوو. ڕابوردووی دەبەنگی ئەو ئەوەندە بەهێز بوو باڵی بەسەر هەموو ژیان و گەشە و نەشەیدا کێشابوو.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەبەنگێک ئەتوانێ بە جەربەزە، ژیری، بەخت و کۆمەکی خوا و دۆستانی، بەسەر ئەم کێماسییە مەزنە کەسی و هۆماییەدا زاڵ ببێ. ئینجایە ئەتوانێ بۆ ڕۆیشتن بۆ قۆناغی چوارەمی چارەسەر، کە هەندێ جار **بەدیهێنانەوە**شی پێ ئەڵێن، ئامادە ببێ. لەم قۆناغە دایە ئەبێ ئەدگاری شیانستی مرۆیی، کە دەبەنگی بن چارەسەر نایناسێ، لەودا بەدی بێت. لەم قۆناغەدا ئەو ئەبێ فێر ببێ:

- لەگەڵ ئەوانی تر هاوکاری بکات.
- دەسەڵات دابەش بکات.

- سەرکەوتنی ئەوانی تر شادمانی بکات.
- بەرپرسایەتی هەڵەکانی خۆی بگرێتە ئەستۆ.
- متمانە بە وانی تر بکات.
- ڕێگە بدات بۆچوونی خۆیان هەبێ.
- دڵسۆزی کردن.

دەبەنگێکی بن چارەسەر لەوە تێئەگات:

- **قەیناکا ئەگەر جارجارە شکست بخوات.**
- **فێر ئەبێ کێشە نابێ ئەگەر ئەوانی تریش بەشێکی دەسەڵاتیان هەبێ و،**
- **لەوە تێئەگات ئەنجامدانی کاری بەبێ نەخشەی نهێنی و ستراتژی ئاڵۆز چەندە خۆشە.**

هەروەها ئەبێ فێر ببێ لەگەڵ دەبەنگەکانی تر بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوت بکات. چونکە ئەوەندەی تۆزە تۆزە لە هەناوی دەبەنگی خۆی ئەگات، ڕەنگە ئەوەش ئەدۆزێتەوە هەندێ لە دۆستان و هاوکارانی، کە تا چەند مانگ بەر لەوە بەویان ئەوت دەبەنگ، لەو زیاتر شیاوی بیستنی ئەو وشەیەن.

ئەم قۆناغەی کۆتایی هەرگیز کۆتایی نایەت. دەبەنگی بن چارەسەر نابی هەرگیز لەبیری بچێتەوە دەبەنگ بووە و ئەگەر ئاگای لێ نەبێ، ئەگەری تووشبوونەوەی دووبارە لە ئارا دایە. ئەو ناتوانێ هەمیشە پشتئەستوور بە کۆمەک و چاودێری خەڵکی بێت، کەواتە ئەبێ لە بناغەوە کێشەکەی چارەسەر بکات. ئەبێ ببێ بە **مرۆڤی شیانست** [٢٣٧] و بە هەمان شێوە بمێنێتەوە.

---

**٢٣٧ـ** مرۆڤی شیانست: decent human being—a DHB وەک پێناسەی مرۆڤی پێژن و نادەبەنگ هاوتای (انسان واعي) و (انسان باشعور) هاتووە.

ئامانجی چارەسەر ئەمەیە: بوون بە مرۆڤی شیانست و ژیر و پێژن[٢٣٨]. پێویست بە کەبار و بەرزبوونەوە نییە، ئەوەندەی نەخۆش لە ئاستی ئاساییدا پێژن و کەسایەتی لەبەردڵان و هەڵسوکەوتی شیانستی هەبێ، بەسە.

بە گوتەی دەبەنگێکی بن چارەسەر، بە ناوی سالی: «هەستێکی باشم هەیە، ئەوەندەی لە سەر سەر نەخولێمەوە و بنم بە حەواوە بێت، کۆڵێک بایەخی هەیە!»

## ڕاهێنان:

١ــ بۆ چ ماوەیەک نکۆڵیت لە ڕاستەقینە ئەکرد، تا لە کۆتاییدا ددانت پێدا نا دەبەنگی؟

٢ــ چەند کەسی شیانست و پێژن ئەناسی؟ تایبەتمەندییەکانیان چییە؟

---

٢٣٨ ـ پێژن: conscious ژیر، تێگەیشتوو [ع] واعی [د] باشعور.

## بەشی پێنجەم - XXV

## کەرەستەکانی چارەسەر

**«هەرچەند دەبەنگم بەڵام قەیناکا.**

**«چون چاکتر ئەبم ئاوا کار بکەم،**

**«چارەسەر ئەکەم تاکوو فێر ببم**

**«لەگەڵ ئەم و ئەو چۆن ڕەفتار بکەم»**

گۆرانییەکی دەستەی چارەسەری بەکۆمەڵ

تووشبوانی هێسنی هۆشبەر، ئەلکولی و جگەرەکێش ئەتوانن لەپڕ و بە تەواوەتی تووشبوونەکەیان بنێنە لاوە و وازی لێ بهێنن. بەڵام کاری وەها بۆ دەبەنگ نالوێ. دەبەنگ نە ئەتوانێ لەپڕ ڕەفتاری خۆی بگۆڕێ و نە ـــ لەوەش گرنگتر ـــ ئەتوانێ بەجارێ کەسایەتی خۆی بگۆڕێ.

ڕەوتی چارەسەر، تەنها لە جەربەزە و تێکۆشانی ڕاستەقینە و بەختیاریدا خۆی نابینێتەوە. دەبەنگ ئەبێ خاوێن و پاقڕ ببێتەوە، دووبارە بەرنامەی دابڕێژرێتەوە و، دووبارە بکەوێتەوە کار. لووتبەرزی ئەبێ ببێت بە خاکەڕایی. هێوری جێگەی چەقاوەسوویی بگرێتەوە. نزمی ئەبێ جێگەی بدات بە مەزنایەتی. هیچکام لەم کارانەش نالوێ، مەگەر ئەوەی دەبەنگ کەرەستە و ئامرازی پێویستی بۆ دابین بکات. واتە شارەزایی مرۆیی

بۆ گۆڕینی ئەدگاری نەشیاو لەگەڵ ئەدگاری مرۆیی و ژیریی بەدەست بهێنێ.

لەم بوارەدا پێنج کەرەستە هەیە، کە بەکاری دەبەنگ دێت. هەرکامیشیان لە ڕەوتی چارەسەردا ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە و، بە بەکارهێنانی ئەوانە دەبەنگێک ئەتوانێ جارێکی تر ببێتەوە بە مرۆڤ. ئێستە لەم پێنج کەرەستەیە ئەکۆڵینەوە:

## چارەسەری بەکۆمەڵ

چارەسەری بەکۆمەڵ، بەردی بناغەی چارەسەری دەروونی بۆ چاککردنەوەی دەبەنگییە. لە قۆناغەکانی سەرەتای چارەسەر، دەبەنگ لە هەمیشە دەبەنگترە و بە تەواوەتی ئامادەیی ئەوەی تێدایە بە ئاسانی بگەڕێتەوە بۆ دارەتی ئاسایی خۆی، کە هەمیشە تەژی لووتبەرزی و چەقاوەسوویی و نزمی بوو. کۆمەڵدەرمانی[٢٣٩] یارمەتی ئەدات خۆی بپارێزێ و هەمیشە ئەیخاتەوە بیری ئەبێ خۆی لە ئەنجامی کردەوەی دەبەنگانە بپارێزێ. لەم جۆرە کۆبوونەوانەدا ئەو ناتوانێ درێژە بە درۆ و دەلەسەی دەبەنگانە بدات، فەراگەردی هەر هەموویان کەسانی لە خۆی دەبەنگتر دانیشتوون و، فیشاڵ و شاتوشووتی لای ئەوان نایخوات.

جگە لەوەش، کاتێک سەیری نەخۆشانی تری بن چارەسەر لە دەستەدا ئەکات، بە خۆی ئەڵێ: «ئەمانە ئیتر کێن؟ هیچ حەز ناکەم یەکێک لەوانە بم.» پاشان بۆی دەرئەکەوێ خۆیشی

**٢٣٩ـ** کۆمەڵتراپی: Group Therapy کۆمەڵدەرمانی، یەک یان چەند دەروونناس سەرپەرشتی دەستەیەکی ٥ تا ١٥ نەخۆش ئەکەن، بۆ حەفتەی یەک یان دوو کاتژمێر. هەندێ کەس بەشداری چارەسەری تاکەکەسیش ئەکەن.

زرەکەسایەتییەکی وەکوو ئەوانەیە. دەبەنگە! ئەم تێگەیشتنەش لە بڕیارەکەیدا لێبڕاوتری ئەکات.

## چارەسەری بەتاک

چارەسەری دەبەنگ ئەکرێ بە شێوەی تاکە کەسی بێت، بەو مەرجەی دەروونپزشکەکەی بۆ چارەسەری کەسانی دۆدە[٢٤٠] و دڕ و درۆزن کە ئامادەن نکۆڵی لە بوونی هەموو کێشەیەک بکەن، خولی تایبەتی پسپۆڕی دیبێت. هەڵبەت لە نموونەی تایبەتدا، ڕەنگە پێویست بکات و بتوانن شێوازی نوێش دابهێنن. بۆ نموونە، ئەگەر دەبەنگێکی تۆسن و غەزراو وەکوو داریلی بارووت[٢٤١] چاوەڕێی پزیسکە بێت، باشتر وایە دانیشتنەکان لە گۆڕەپانی مین یان شوێنی تەقاندنەوەی تەقەمەنی بەڕێوە بچێت.

## چارەسەری بەشۆک

چارەسەری بە شۆک یان شۆکتراپی. هەندێ لە دەبەنگەکان لە بەرامبەر چارەسەری ئاساییدا بەرەنگاری ئەکەن. بۆ ئەوەی بتوانین ئەم دەستەیە لە دەبەنگی ڕزگار بکەین، ئەبێ شۆکیان پێ بدەین. هەڵبەت مەبەست شۆکی کارەبایی نییە، بەڵکوو «چارەسەر بە شۆکی دەروونی[٢٤٢]»یە. چەند نموونە لەم بارەیەوە:

- ئەگەر ڕووبەڕووی دەبەنگێک بوونەتەوە کە نە ئاوەزی

---

٢٤٠ ـ دۆدە: clever زیتەڵە، فرەزان، فێڵباز، قۆشمە، قەرەقوش، گزەون، پیرەپنتۆ [ع] شاطر [د] زبل.

٢٤١ ـ داریل: cask دەرم، کەمۆڵ، بەرمیلی تەختەی گەورە، کووپەی داری سەرگیراو [د] بشکە چووبین [N] tønne [ع] برمیل خشبی.

٢٤٢ ـ Psychoshock therapy

زیاد ئەکات و نە لە بنەڕەتا بایەخ بە ئاوەز و ژیری ئەدات، بینێرن بۆ بدندەستی دەبەنگترین دەبەنگێک کە ئەیناسن تا ماوەیەک کار بکات. شۆکناسی، لەم هاوکاریانە وانەی با لەمەڕ خاکەڕایی، بوردباری، دانبەخۆداگرتن و، چوونە بن باری بەرپرسایەتی فێری ئەو کەسە ئەکات.

- ڕەنگە بۆ شۆکتراپی دەبەنگێکی «ڕەبەن»، ئەوەندە بەسە کارێکی باشی پێبدرێت؛ باشتریش وایە لە بواری بەرهەمهێنانی پیشەسازی یان کۆمپانیای خاوێنکاری شەوکاردا بێت. ئەم کارە دەرفەت بە بنەماڵەکەی، کە بۆ ڕاپەڕاندنی وردە فەرمایشتەکانی ئەو، گیانیان گەیشتووەتە کونەلووتیان، ئەدات تا هەناسەیەک بکێشن و یارمەتی خودی دەبەنگەکەش ئەدات پشت بە خۆی ببەستێ.
- نموونەیەکی هەتەرتر بۆ شۆکتراپی، چوون بۆ دەیر یان خانەگایەک و بەڵێن و نەزرکردنی شەش مانگ بێدەنگی و خەڵوەکێشانە. ئەم کارە وا لە دەبەنگ ئەکات بتوانێت بەبێ مەترسی خنکان و نوقمبوون، بچێتە ناو دەروونی خۆیەوە.
- فیلمی ژیانی ئاسایی خودی دەبەنگەکە و ئەو فەرتەنە و هۆسانەی بەرپای ئەکات، تۆمار بکەن و پاشان ناچاری بکەن، ڕۆژی لانیکەم دە کاتژمێر، سەیری ئەوانە بکات. ئەوەندە ئەم بەرنامەیە درێژە پێ بدەن، تا تێک بشکێت و ددان بە مەردمئازاری خۆیدا بنێ.

- دەبەنگ لە لای باندەبەنگێک بۆ خولی فێرکاری ناونووس بکەن. لە ماوەی ئەم خولەدا بۆی دەرئەکەوێ کەڵەگایی، کەڵەوەکێشی، گوێنەدان بە گوتە و شەقی مزر چ چێژێکی هەیە.

ئەگەر ئەم ڕێکار و شێوازانە شکستی هێنا، ڕووبەڕووی دەبەنگێکی لەچارەنەهاتوو بوونەتەوە. کەسێک کە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی ئامادە نییە و کەسیش ناتوانێ یارمەتی بدات. لەبەر ئەمە لێرەدا تەنها یەک کار ئەکرێ؛ ڕێگەی پیشان بدەن بچێتە ئەو بوارەی کارکردن، کە تێیاندا دەبەنگی بە تازیار و کەبار ئەژمێردرێ، کاری وەکوو کارووس و پارێزەری و چاودێری باج.

## ئەنجومەنی دەبەنگانی نەناسراو[٢٤٣]

لە هەمان کاتەوە دەبەنگ ئەگاتە قۆناغی دووەمی چارەسەر، باشتر وایە هان بدرێ ئەنجومەنێکی پێکهاتوو لە دەبەنگانی تری بن چارەسەر دروست بکات. ئەم ئەنجومەنانە، بە **ئەنجومەنی دەبەنگانی نەناسراو** ئەناسرێن. ئەمانە وەکوو ئەلکولییە نەناسراوەکانن، بەو جیاوازییەوە کە ئەبێ نەناسراو بن. ئەم جیاوازییە نیشانەی بوونی جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان دەبەنگی و تووشبوونەکانی تر دایە. کەسێک کە تووشی ئەلکول یان هۆشبەر بووە، سروشتییە بیەوێ کەس نەیناسێ، بەڵام دەبەنگ ماوەیەکی دوورودرێژ بە فێڵبازی و تەڕدەستی خۆی نەناس کردووە. بۆ گەیشتن بە هەستی ترێقبوونەوە و

٢٤٣ـ Assholes Non_Anonymous Leagues


گوناهـ کە بۆ چارەسەری دەبەنگ پێویستە، ئەبێ هەمیشە تەشتی ڕیسواییەکەی لە بانەوە بکەوێتە خوارەوە و ئەمەش لەگەڵ نەناسراوی یەک ناگرێتەوە.

لەم ڕووەوە، ئەبێ هەموو ئەندامانی هەر کام لەم ئەنجومەنانە، بە چاپی بانگەشەیەک لە بڵاوکراوەیەکی بوومیدا، بە ئاشکرا ددان بە دەبەنگی خۆیاندا بنێن. بە ناوەڕۆکێکی وەکوو ئەمە:

«بەمجۆرە، من ... ڕای ئەگەیەنم کە دەبەنگم. من ڕاستگۆیانە بە هۆی هەموو ئەو ئازار و چەرمەسەرێی بە ئێوەی هاوشاریانی بەڕێزم گەیاندووە داوای لێبووردن ئەکەم و بە خاکەڕایی داوا لە هەموان ئەکەم بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی بەدیم هێناوە، یارمەتیم بدەن. بەو هیوایەی لە دەبەنگی ڕزگارم بێ.»

لەم ئەنجومەنانەدا، ئەندامان فێر ئەبن لە بەردەمی ئەوانی تردا ددان بە خووە کۆنەکانیاندا بنێن کە ئەرکنەناس بوون، ئەدگارهاوێژ[٢٤٤] بوون و خووە خراپەکانی خۆیان ئەدایە پاڵ ئەوانی تر. ئەوانە هەموو حەفتە لەمەڕ ڕەفتاری حەفتەی

٢٤٤ـ ئەدگارهاوێژی: Psychological projection یان ئەدگارهاوێژی دەروونناسانە، کە نەخۆش کردار و کێماسی و خووی ناپەسەندی خۆی ئەداتە پاڵ خەڵکی و، ئەمە لە ڕاستیدا سیستەمێکی بەرگری و داکۆکی لەخۆکردنە. زیگمۆند فرۆید یەکەم کەس بوو ئەم مژارەی لە دەروونناسیدا هێنایە ئاراوە. لە واتای وشەدا هاویشتنە بۆ دەرەوە، واتە کەسان بیرۆکە و وێنا و وازی خۆیان بەسەر ژینگەی دەرەوەدا ئەسەپێنن. ئەم دەرەکیسازییە بریتییە لە وەرگرتنی چالاکی ئاوەزی، وێنا و نیشانەکان وەکوو ڕۆژەڤ (بۆ وێنە لە خەون و وەرمدا) یان شوێنگرکردنی هاندەر و کەڵکەڵەی هەبوو لە هەناوی «خود» یان ئیگۆ، لە سنووری ڕۆژەڤ یان ئۆبجێکتەکان، جەماوەر یان بوویەرەکانی تردا.




ڕابوردوویان گوزارشت ئەدەن و ئەگەر بە نادروستی و فێڵبازی و نکۆڵی بەرپرسایەتی گەڕابێتنەوە بۆ دواوە، پێکەوە سەبارەت بە هۆکار و ڕێگەی خۆپاراستن لە پاتەبوونەوەی نموونەی وەها، پێکەوە ڕاوێژ ئەکەن.

بە کورتی ئەم ئەنجومەنانە وەکوو پەناگەی جێگەمتمانەن بۆ دەبەنگەکان، تا بتوانن قووڵترین کێشەکانیان لەوێ دەرببڕن و لە لایەن ئەنجومەنیشەوە پاڵپشتی و چاودێری بکرێن.

قۆناغەکانی بەدیهاتن و شێوەی چالاکی ئەم چەشنە ئەنجومەنانە ئەتوانن لە پەرتووکی **ڕابەری دەبەنگە نەناسراوەکان** یان بە کورتی «**ڕابەر**»دا بدۆزنەوە. لەم پەرتووکەدا جەختکراوەتە سەر بەرگیراوی دوو کردەوە لەم دانیشتنانەدا: بۆڵاندن و خەڵکی تر بە تاوانبار دانان. هەموو دەبەنگەکان لەگەڵ ئەم دوو کردەوەیە ڕاهاتوون و ئەگەر دانیشتنێک لە بن باشاردا نەبێ ئەتوانن بە خێرایی بیکەن بە گۆڕەپانی بۆڵاندن و ئەوانی تر بە تاوانبار زانین. بۆیەشە، هەرکات دەبەنگێکی پاقژکراو، لەبیری چوو و کەوتە بۆڵاندن و ئەوانی تر بە تاوانبار دانان، هەموو ئەندامانی ئەنجومەن بۆیان هەیە دەسبەجێ لە شوێنی خۆیان ڕابن و، بە هەڕەشەوە پەنجەی بۆ ڕاوەشێنن و بڵێن: «ئەوەیە کە هەیە... ئەوەیە کە هەیە.»

هەروەها پێویستە هەموو ئەندامێک، بە دوور لە خۆبەزلزانی، ئەو کارانەی لە ماوەی دوو دانیشتبدا ئەنجامی داوە بۆ ئەوانی تر

بگێڕێتەوە. ئەم بەشە هەندێ جار بە دژوارترین بەشی بەردەوامی ڕەوتی چارەسەر دائەنرێ. چونکە زۆر ئەندام هەن کە بە هۆی پێکەوەنانی چیرۆکی پڕ لە گیانبازی و خۆ بە قارەمان دانان لە ئەنجومەن دەرکراون.

کاتێکە دەبەنگی بەشدار لەم کۆبوونەوانەدا، بتوانن بڵێن بە ڕاستی یەک ساڵە لە هەموو نیشانەکانی دەبەنگی خاوێن بوونەتەوە، جەژنیان بۆ ئەگیرێ و مەدالیای شانازی «خاوێن و پێژن ئامادەی ژیان»یان پێ ئەدرێت.

## بەرنامەی دوانزە قۆناغی

بەرنامەی وازهێنانی دوانزە قۆناغی، سەرەتا بۆ ئەلکولییەکان داهێنرا. ئەم بەرنامەیە بۆ وازهێنان لە تووشبوونی جۆراوجۆر، وەک هۆشبەر، فرەخۆری و قوماربازی سەرکەوتوانە بەکار هێنرا. ئەم شێوازە بە هەندێ گۆڕانکارییەوە بۆ چارەسەری دەبەنگیش ئەتوانرێ بەکار بهێنرێت، بەڵام ئەبێ زۆر بە وردبینییەوە سوودی لێ وەربگیرێت.

ئەم دوانزە قۆناغەی بۆ چارەسەری دەبەنگی لەبارە، بەم شێوەی خوارەوەیە:

١. پەژێرە بکات وەکوو دەبەنگێک ڕەفتار ئەکات و جارێ وزەی پێویست بۆ واهێنانی نییە. هەر بۆیەشە ژیانی خۆی و کەسوکارت بووە بە دۆزەخێکی ڕەش.
٢. پەژێرە بکات هێزێکی باڵاتر هەیە کە مرۆڤی بۆ ڕزگاربوون ئافراندووە. هەرچی بێت ئەویش ئافرێنراوێکە.
٣. بیانووگرتن و بۆڵاندن بخاتە لاوە، بەڵکوو ئەو هێزە باڵایە

بتوانێ یارمەتی بدات بە هەر سەختی و دژوارییەک بووە لە دەبەنگی دەرباز ببێت.

٤. بەبێ هیچ ترسێک، پێڕستێک لە هەموو کارە باش و خراپەکانی کردوویەتی بنووسێ؛ لە تاوان دژی مرۆڤایەتییەوە بگرە تاکارە دەگمەنە ناوازەکانی. ئەمە وێنای سامناکی ئەوە.

٥. ددان بە مەردمئازارییەکانیدا بنێت. ئەم ددانپێدانانە ئەبێ لە لای خوا، لە لای ویژدانی خۆی، یان لە لای کەسێکی ژیر و پێژن بێت کە هێشتاش ئامادەیە گوێ لە قسەکانی ڕابگرێ.

٦. نەزر بکات بۆ پاکبوونەوە لە دەبەنگی دارماڵ ئامادە ببێ. بۆ دانی نەزرەکەی بەردەوام یەخەی هێزی باڵا بگرێت.

٧. دەست لەوە هەڵبگرێ داوای لێبوردن بکات چونکە هێشتاش دەبەنگە. وا هەڵسوکەوت بکات وەک بڵێی پێژنە. بیخنێ بە مێشکی خۆیدا. بیڵێت و بیڵێتەوە.

٨. پێڕستی ئەو کەسانە بنووسێ، کەڵەگایی لێکردوون، بەچاوی سووک سەیری کردوون، کڵاوی کردووەتە سەریان، یان وەکوو کۆیلە لەگەڵیان جووڵاوەتەوە. بەڵێن بدات هەموو کارە خراپەکانی قەرەبوو بکاتەوە. بۆ نووسینی ئەم پێڕستە ئەتوانێ لە ڕابەری تەلەفون سوود وەربگرێ.

٩. بچێ بۆ لای هەموو ئەوانەی ناویان لە پێڕستەکەدا هەیە، بچێت و داوای گەردن ئازادییان لێبکات، جگە لەوانەی

بە گوێرەی بڕیاری دادگا بۆی نییە لێیان نزیک ببێتەوە.

١٠. بە ڕەفتاری ڕۆژانەیدا بچێتەوە. ئەگەر زانی خەریکە هەڵە ئەکات، دەسبەجێ ددانی پێدا بنێت. ئەگەر ئەم کارەی لە لا دژوارە، کاراگایەکی تایبەت دابمەزرێنێ تا بە نهێنی وێنەی لێبگرێ و، پاشان لەو وێنانە، بۆ دەمکوتکردنی خۆی، سوود وەربگرێت.

١١. بە هەر شێوەیەک لێی ئەزانێ، لە نزا و گازە تا بیرهەنگی و مێدیتەیشن و خوشین، تێبکۆشێت پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی باڵا بەهێزتر بکات؛ بەڵام بەبێ چاوەڕوانی ئەوەی وەکوو یەکێک لە هەڵبژاردەکانی خوا ناوبانگ دەر بکات.

١٢. ئەگەر ئەم شێوازە بەکاری هات و چاک بوویەوە، بە کردار و ڕەفتاری جوانی ئەمە بەوانی تریش پیشان بدات و وەک مرۆڤێکی شیانست و پێژن درێژە بە ژیانی بدات.

ئەم بەرنامەیە ئەتوانێ بە تەنهایی یان لە بن چاودێری دەروونپزیشکدا ئەنجام بدرێت. دەرمانگەر یارمەتیتان ئەدات باشتر و زیاتر لە قووڵایی خودپەرستیتان بگەن. بە تایبەت لەمەڕ نووسینی ژمارە چوار کە پێڕستێکی خاڵی لاواز و بەهێزییە، دەرمانگەری شارەزا ئەتوانێ زۆر یارمەتیدەر بێت.

زۆربەی کاتەکان بە تەنهایی ئەتوانی لاوازییەکانی خۆت بدۆزیتەوە، بەڵام ژمارەیەکی کەم توانای بەدەستهێنانی ئەدگاری مرۆییان هەیە. بەزەیی نموونەیەکی باشە. ئەمە ئەدگارێکە دەبەنگی لە بن چارەسەر ئەبێ لە خۆیدا پەروەردەی بکات؛ بەڵام دەبەنگ

بەگشتی لای وایە بەزەیی نیشانەی لاوازی و نەشیاوییە. بۆیە ئەم چەشنە ڕوانینەی ئەو بە ژیان ئەبێ بە تەواوەتی بگۆڕدرێت.

زۆربەی دەبەنگەکان سالانی ساڵ خوایان لەبیر کردووە، ویژدانی خۆیان خنکاندووە و دۆستانیان لە خۆیان دوور خستوەتەوە. کەواتە ئاساییە نەتوانن بە ئاسانی لەگەڵ دۆستان و ویژدان و خوا پەیوەندی بەدی بهێننەوە.

چالاکی خاوێنکردنەوەی ڕاستەقینەی ئەدگاری دەبەنگانە و جێگۆڕینیان لەگەڵ شتی باشتر، ڕەوتێکی درێژ و ئاڵۆزە. بۆ گەیشتنی ئاسانتر بەو مەبەستە، ڕەنگە باشتر بێت وەکوو جۆرێک **بەڕۆژوو** سەیری ئەم ڕەوتە بکرێ. بەڵام ئەگەر بەڕۆژووی ئاسایی، بریتییە لە نان نەخواردن بۆ خاوێنکردنەوەی جەستە، لێرەدا مەبەست جۆرێک پارێزە بۆ خۆبواردن لە خووی دەبەنگانە. بۆ ئەم کارەش، خوویەکی دەبەنگانە ــ بۆ وێنە بێچاوڕوویی ــ لە بەرچاو بگرە، حەفتەیەک خۆتی لێ ببوێرە. حەفتەیەکی تریش خدەیەکی تری وەکوو ــ ڕقەبەری ــ لە بەرچاو بگرە و حەوت ڕۆژی تەواو لێی دوور بکەوەرەوە.

ئامانجی چارەسەر، نەهێشتنی ئەم خووە نەشیاوانەیە. بۆ ئەم کارەش ڕەنگە ناچار ببیت لە هەندێ ئامانجی پێشووت چاوپۆشی بکەیت؛ ئامانجی وەکوو بەرەندەبوون بە هەر بەهایەک، یان یاریکردن بە ئابڕوو و دەماری خەڵکی تر. شتێکی دیارە سەرهەڵدانەوەی ئەم خووانە لە هەر قۆناغێکدا ئەگەری هەیە ــ خۆت ئەزانی تۆ دەبەنگیت و ئەوە سەیر نییە. هەرکات خووەکانت سەریان هەڵدایەوە شۆکێکی کارەبایی بە خۆت بدە. یان ون ئەبن و یان ئەوەندە شۆک بە خۆت ئەدەی تا بۆ هەمیشە

خۆت و خەڵکیش لەدەستی هەر سەرهەڵدانەوەیەک ڕزگار ئەکەیت!

ئەگەر بەرۆژووەکەت سەرکەوتوو بوو، هەنگاوی دواتر ئەوەیە ئەدگاری ئەرێنی، وەکوو ڕاستگۆیی، یارمەتیدانی خەڵکی، پێزانین، ڕەفتاری دۆستانە و هاندانی ئەوانی تر لە بەرچاو بگریت. پاشان هەر حەفتە و لەسەر یەکێک لەم ئەدگارانە کار بکە. بەڵام وەکوو کەسێک کە هێشتا لە دەبەنگی پاک نەبووەتەوە، ئەوەت لە بەرچاو بێت، مرۆڤێکی هەستیاریت و ئەوەندە زیادەڕەوی مەکە، کە لەوبەری بانەکەوە بکەویتە خوارەوە.

ئەمانە ئەو کەرەستانەن ئەتوانن بۆ چارەسەری دەبەنگی سوودیان لێ وەربگیرێت. هیچکامیان جادوویی نین. بەکار دێن ئەگەر بەکاریان بهێنی. لە بەکارهێنانیان تووشی دفرە و لەخۆباییبوون مەبە. چارەسەری خۆت یان کەسوکارت دەست پێ بکە. جگە لەمە چارەی تر نییە.

## ڕاهێنان:

١ــ ئایە تا ئێستا لە لای کەس دانت بەوەدا ناوە کە دەبەنگی؟ ئەگەر نا، ددانپێدانانێک بنووسە و بیلکێنە بە تابلۆی ئاگاداری شوێنی کارەکەتەوە. ئاگات لێبێ، بە مسۆگەری بە ناوی خۆتەوە و بەشێوەی ڕوون و دیار واژۆی بکەیت.

٢ــ خۆت لە ئەنجومەنێکی دەبەنگانی نەناسراو ناونووس بکە. ئەگەر لەو گەڕەکەی تۆ ئەنجومەنی وای لێ نییە، خۆت دانەیەک دروست بکە.

# بەشی پێنجەم - XXVI

## گوتەی کۆتایی

**«ئێستە نازانم کێم، بەڵام هەرچی بێت ئیتر دەبەنگ نیم.»**

نیل[٢٤٥]، دەبەنگێکی خاوێنکراوە


بە درێژایی مێژوو، شێوازی جۆراوجۆر بۆ چارەسەری دەبەنگەکان بەکار هێنراوە. لە سەردەمانی کۆندا، دەبەنگی ڕەبەنیان وەکوو کۆیلە ئەفرۆشت، یان لە کەشتییەکان سەوڵیان پێ لێئەدان. سەری دەبەنگی دارماڵیان ئەپەڕاند یان زیندەبەچاڵیان ئەکردن. لە سەدەکانی ناونجی ئەوانیان بە زیندوویی بە خاچەوە ئەسووتاند. (ئەو بۆچوونەی کە هەموو ئەوانەی لەو خولەدا بە خاچەوە سووتێنراون ژنانی جادووگەر بوون، ڕاست نییە. هەندێک لەوانە دەبەنگی دارماڵ بوون، کە بە هۆی خۆتێهەڵقورتاندن و لووتبەرزی و بلەوەزی، زۆر لە ئاگرەکە نزیک بوونەتەوە و سەرەنجام ئاگریان گرتووە.)

لەگەڵ گەشەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، ئەم ڕەفتارانەش مرۆییتر بوون. پیۆریتەنەکان[٢٤٦] تەنافیان ئەخستە ملی دەبەنگەکان و بە

---

٢٤٥ـ Neil

٢٤٦ـ پیۆریتەن: Puritans پڕۆتستانتی ئینگلیزی بوون لە سەدەی ١٦ و ١٧دا





بەردەوامی هەڵیان ئەدانە ناو چەم و دەریان ئەهێنانەوە. هەندێ دواتر زارووویان تێ ئەگرتن. ماوەیەکیش دەبەنگەکانیان ناچار ئەکرد نیشانەی سکارلێت بدەن لە خۆیان. بەم پێیە ئەبوایە پیتی A کە هێما بوو بۆ وشەی asshole بدەن لە جلەکانیان. ئەم سزایە پاشتر لە لایەن کلیسا و بە تایبەت پیۆریتەنەکانەوە بۆ ژنانی زیناکار لە بەرچاو گیرا.(٢٤٧)

ئەم چەشنە ڕێکارانە قازانجی تایبەتی خۆیان هەبوو، بەڵام بە مسۆگەری بەرەنجامی سامناکیشیان لەگەڵ بوو. خۆشبەختانە، گەشەی دەروونناسی مۆدێرن توانای ئەوەی پێداوین بۆ چارەسەری دەبەنگی مۆدێرن لە دوا دەستکەوتەکانی دەروونده‌رمانی سوود وەربگرین.

---

هەوڵیان ئەدا کڵێسەی ئینگلتەرا لە ڕۆمانی کاسۆلیکی پاک بکەنەوە. پێیان وا بوو کڵێسەی ئینگلتەرا بە تەواوی چاکسازی نەکراوە و پێویستە زیاتر ببێتە پرۆتستانت. زۆربەی دانیشتوانی سەرەتایی باکووری ئەمریکا، پیۆریتەن بوون.

٢٤٧ـ نیشانەی سکارلێت: Scarlet letter یان داخی نەنگ، یان بەرژەنگی ڕیسوایی، ڕۆمانێکی مێژووییە نووسەری ئەمریکی ناتانیەل هاوسۆن نووسیویەتی و ساڵی ١٨٥٠ چاپ کراوە. چیرۆکەکەی لە شاری بۆستن، لە کۆمەڵگەی زۆر ئایینی و پیۆریتەنی ویلایەتی ماساچۆست (نیو ئینگلەند)ی ئەمریکا لە سەدەی ١٧دا ڕووئەدات و سەبارەت بە ژنێکی گەنجە بە ناوی هێستەر پرین کە سزا دراوە تا کۆتایی ژیانی نیشانەی A بە ڕەنگی سوور بە ناوی نیشانەی سکالێت بدات لە جلەکانی. ئەم ڕۆمانە وەک هەموو ڕۆمانەکانی تری ناتانیەل هاوسۆن لە چەمکی گوناهـ ئایین و کاردانەوەی لە کۆمەڵگەدا ئەدوێ. ⇦ نیشانەی سکارلێت چەندین جار، ساڵانی ١٩٢٦، ١٩٣٤، ١٩٧٣، ١٩٧٩، ١٩٩٥، ٢٠٠٤، ٢٠١٥، ٢٠١٨ کراوە بە فیلم.




هەڵبەت ئاڵنگاری چارەسەری دەبەنگەکان هێشتاش یەکجار زۆرە. بە زۆری ئەو دەبەنگانەی خۆیان چارەسەری دەبەنگییان تاقی نەکردووەتەوە، زۆر دژوارە بتوانن لەو تێبگەن دەبەنگێکی بن چارەسەر چ ئازارێکی کوشندە ئەچێژێ، تا بتوانێ ویژدان، هەستی پەشیمانی، هەستی هاودەردی لەگەڵ دگەر و بە گشتی پێداویستییەکانی ژیری و پێژنی لە خۆیدا زیندوو بکاتەوە.

دەبەنگانی بن چارەسەر، گۆڕانی بناغەیی لە شوناس، بەها و ڕەفتارەکانی خۆیاندا تاقی ئەکەنەوە. زۆریان دۆستان و تەنانەت کارەکەشیان لەم ڕێبازەدا لەدەست ئەدەن، بنەماڵەکەیان گێژ ئەبن و گومان هەڵیان ئەگرێ. تا ماوەیەک کەس نازانێ ئەوانە کێن؛ تەنانەت خۆشیان!

بەرگەی ئەو شێواوی و هەستە ئاڵۆزە زۆر دژوارە، بەڵام دەبەنگ بۆ چارەسەری خۆی ئەبێ چاوەڕوانی ئەمەیش بکات.

ئەو ئەبێ ئەو توانایە بەدەست بهێنێ کە بەبێ خووی هەمیشەیی بە درۆزنی، مەردمئازاری و لە دوای یەک کڵاو سازکردن، ژیانی خۆی بگوزەرێنێ. لە قەڵاتی لووتبەرزی و خۆبەزلزانی دابەزێت و بێتە دەرەوە و، هەموو ڕۆژ وەکوو مرۆڤی ئاسایی فەراگەردی کار بکات. میهرەبان و یارمەتیدەر بێت، نەک تاوانی هەڵەکان بخاتە ئەستۆی ئەم و ئەو و خۆی بپەرێنێتەوە. تەنانەت ئەبێ بزەی بڵحی بخاتە لاوە و لە چێژی ئەو هەستە دزێوە چاوپۆشی بکات. ئەو ئەبێ بە تاقی تەنها بەرگەی ئەو هەلومەرجە دژوارە

بگرێت.

زۆر ئاشکرایە ئەم کەسانە پێویستیان بە تێگەیشتن و پشتیوانی ئێمە هەیە. ئێمە ئیتر لە چاخی ڤەندالەکاندا[٢٤٨] ناژین، کە لایان وابوو دەبەنگی کێماسییەکی هۆمایی و کەسی بوو. ئێمە ئێستە پێشکەوتووین و ئەزانین دەبەنگی درمێکی گیرۆیە. هەمووومان ئەگەری تووشبوونمان هەیە و هەمووومان ئەبێ بۆ چارەسەر و بەرگری لە بڵاوبوونەوەی کۆمەک بکەین.

ژیانی دەبەنگێکی بن چارەسەر، خەباتێکی بەردەوامە و مەترسی گەڕانەوەی دەبەنگی لە ئارا دایە. ئەو ئەبێ فێر ببێ بە بەردەوامی لەگەڵ هەستی گوناه و تاوان و پەشیمانی خۆی کێبەرکێ نەکات و، ئەگەر ژیانی بەبێ کێبەرکێ زۆر دژوارە، خۆی بە ئاریشە و دژوارییەکانی ژیانەوە خەریک بکات؛ هەڵبەت بەبێ گزیکردن لە پێشبڕکێدا.

بەڵام چێژی شیانستبوون بایەخی هەموو دژوارییەکانی هەیە. تامەزرۆیی ئەندامەتی کۆمەڵگەیەک کە ئەدگاری متمانە،

---

٢٤٨ـ ڤەندالیزم: vandalism ئاماژەیە بە لەناوبردنی بە ئەنقەستی دارایی و شوێنە گشتییەکان لە ئاستی شاردا و هەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی وێرانکارانە، ناژیاری، دژەکولتوری و بێبەزەییانە لە کەشی گشتی شار لەخۆ ئەگرێ ن: شکاندنی بۆتکەی تەلەفونی گشتی، شکاندنی شووشەی پەنجەرە، نووسینی دروشم لەسەر دیوارەکانی شار و تاد.

ڤەندالیزم یەکەمجار لە لایەن هێنری جۆرجیۆر لە سەردەمی کاولکاری شۆڕشی فەڕانسە بەکار هێنرا و سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ هۆزی ڤەندالی ئاڵمانی کە لە ٤٥٥ی زایینی ڕۆمایان کاول کرد و بە تاڵان برد.

تێبینی: لە زۆربەی دەقەکاندا بە زۆری بەربەریزم بۆ کاولکاری و ناژیاریی بەکار ئەهێنرێ، بەڵام ڤەندالەکان و ئورووپاییەکان زۆر لە بەربەرەکان خراپتر بوون. سەرنجدانە ئەم خاڵە زۆر گرنگە و من خۆم هەمیشە ڤەندالیزم لە جێگەی بەربەریزم بەکار ئەهێنم. س.ش

هەستی هاوکاری، چوونە بن باری بەرپرسایەتی و ئەمەگداری بە تازیار و مایەی شانازی دائەنرێ، نەک مایەی سەرشۆڕی و گاڵتە، دەبەنگی بن چارەسەر هان ئەدات تا باشتر بەرگەی دژوارییەکانی ڕەوتی چارەسەر بگرێ و درێژە بە چاکبوونەوە و پاکسازی خۆی بدات.

من ئەمویست سالآنی بەر لەمە ئەم پەرتووکە بنووسم، بەلآم ئەو کات هێشتا خۆم بە تەواوەتی پاک نەببوومەوە و شادمانم ئەوکات ئەو کارەم نەکرد. ئەگەر لەو سەردەمەدا ئەم پەرتووکەم بنووسیایەت نەئەبوو بە چرای دەستی دەبەنگەکانی سەرانسەری جیهان، بەڵکوو لە باشترین دارەتدا کۆمەڵێک بیرەوەری ڕاستەقینەی خۆم، لە ژیانی گەمژانەم ئەبوو.

ڕاستەقینەی تاڵ ئەوەیە بۆنی گەنی دەبەنگی لە سەرانسەری دنیادا لووت ئەتۆزێنێتەوە و ئەگەر بۆ نەهێشینی کارێک نەکەین، ئەبێ بە چۆرتم و تەمەرە. تەمەرە ئەوەیە مرۆڤ ئیتر ئەو بۆنە هەست پێنەکات، تەنها لەبەر ئەوەی لوتمان لەگەڵی ڕاهاتووە.

ئایە بۆن ناکەیت؟

کۆتایی

## تێبینی:


ئەو وشانەی لە پەراوێزدا ڕاڤە نەکرابن و، لە فەرهەنگۆکی کۆتایی پەرتووکەکەدا نەبن، لە **فەرهەنگی شاسوار** دا هەن، کە ئەتوانن لە ماڵپەڕی **کوردیپیدیا** دایبەزێنن.




**ئادەر:** خانەدان و ڕەسەن، نەجیب.

**ئاریشە:** ئاڵۆز، ڕازاوی، دژگرە.

**ئاسمانگەڕی:** astronautics حەواناسر زانستی ئاسمانگەڕی، هەوا و حەوا، حەواگەردی ع الملاحة الفضائية د فضانوردی.








**ئاڵنگاری:** challenge ناوی چاوگ [ئاڵنگ+نگار] لە زاراوەی هەورامی، ململانێ، مەیدانخوازی، ئامبازبوونەوە، بەرەنگاربوونەوە، دژوەستان، سەرپێچیکردن، دەستەویەخە ع تحدی N Utfordring د چالش.










**ئاییننامە:**[١] regulations ناوی لێکدراو ئادینامە، شێوازی کار و کۆمەڵەی ئەو فێرکاریانەی لە لایەن دەزگایەکی فەرمی دەسەڵات یان دامەزراوێکی شارستانییەوە بۆ بەڕێوەبردنی یەکەیەکی ڕامیاری یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان... ع القواعد N Forskrift د آئین نامە، مقررات.

**ئۆتۆمۆبیلی لینکۆڵن:** هاتوچۆ بەرزەنگ لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەوە ئۆتۆمۆبیلێک بە ناوی لینکۆڵنی سەرککۆماری بەناوبانگی ئەمریکا، لەو وڵاتە بەرهەم ئەهێنرێ کە لوکس و زەنگین و جێدار و گرانباییە. ☜ پارێزەری لینکۆڵنسوار

**ئەستێرەی بستوو:** polar star ئەستێرەناسی ئەستێرەیەکی سووڕاوی ڕووناکە لە نزیکی بستووی باکوور. ⇐ گەلاوێژ ئەستێرەیەکی بستووە. ع النجم القطبي N polstjerne د ستارە قطبى.













**ئەڤانگلیزم:** evangelism ئایینناسی ناو بریتییە لە پابەند بوون بە موژدەبەری ئینجیل و فێرکارییەکانی عیسا مەسایا. ئەڤانگلیستان خۆیان بە موژدەبەرانی ئینجیل زانانن و ئەرکیان بریتییە لە بانگەشەکردن بۆ فەلەگەری لە هەموو بوارێکی بچووک و گەورەدا و ڕاکێشانی کەسان بۆ ئایینی فەلە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە لە ئەمریکا دەستیان پێکرد و لە هەموو وڵاتان بڵاو بوونەوە. پێئەچێ دە تا پانزە لە سەدی فەلەی کانادا و ئەمریکا ئەڤانگلیست بن. ئەڤانگلیستەکان ١٥٥٠ وێستگەی ڕادیۆیی و ٣٥٠ تەلەڤیزیۆنیان هەیە. خۆیان بە خەباتگێڕی دژی لیبڕالیزمی سکۆلار ئەزانن. لە بڕوا سامناکانیان چاوەڕوانی سەرهەڵدانی

هەنووکەی عیسای نەناسە، کە موسڵمان پێی ئەڵێن دەجاڵ. ☜ عیسای نەناس ☜ پەسلان
















**ئەڤانگلیست:** evangelist یان ئیجیلیست، مژدەبەرانی ئینجلزانی فەلەن، تێئەکۆشن بە بانگەشەی گشتی لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە خەڵکان بهێننە سەر باوەڕی فەلەگەری. ☜ ئەڤانگلیزم

**ئیدی ئەمین:** Idi Amin **ڕامیار** **دیکتاتۆر** (١٩٢٥-٢٠٠٣) سەرۆکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری سەربازی و سێهەمین سەرەککۆماری ئۆگاندا لە ساڵی ١٩٧١ تا ١٩٧٩.








**ئینسیکلۆپێدیای گینەس:** **ڕیکۆرد** **ساڵنامە** تۆمارە جیهانییەکانی گینس Guinness World Records، سەرەتا ناسراو بە پەرتووکی تۆمارەکانی گینس The Guinness Book of Records لە ١٩٥٥ تا ٢٠٠٠ و بە پەرتووکی تۆمارە جیهانییەکانی گینس The Guinness Book of World Records لە چاپەکانی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان، پەرتووکێکی سەرچاوەییە کە ساڵانە بڵاوئەکرێتەوە و، تۆمارە جیهانییەکانی

هەردوو دەستكەوتە مرۆییەكان و شوێنەكانی سروشتی جیهان پێڕست ئەكات. كتێبەكە بیرۆكەی سێر هیو بیڤەرە، و بە هاوبەشی لەلایەن برا دووانەكانی نۆریس و ڕۆس مەكویرتەر لە ئابی **١٩٥٤** لە شەقامی فلیت، لە لەندەن دامەزراوە.

كتێبەكە خۆی تۆمارێک هەڵدەگرێت، كە پرفرۆشترین كتێبی مافداره لە مێژوودا. بەپێی چاپی **٢٠١٩**، ئێستا **٦٤**ـەم ساڵی بلاوكراوەكەیە، لە **١٠٠** وڵات و بە **٢٣** زمان بلاوكراوەتەوە، و زیاتر لە **٥٣٠٠٠** تۆمار لە بنكەدراوەكەیدا هەڵدەگرێت. زنجیرە نێودەوڵەتییەكە لە چاپ زیاتر ڕۆیشتووە و زنجیرەیەكی تەلەڤیزیۆنی و مۆزەخانەی بۆ دروستكراوە. ناوبانگی كۆمەڵەكە بووەتە هۆی ئەوەی تۆمارە جیهانییەكانی گینس ببێتە گەورەترین دەستەی نێودەوڵەتیی كەتەلۆگكردن و پشتڕاستكردنەوەی ژمارەیەكی زۆری تۆمارە جیهانییەكان.




**باشنووس:** secretary ناوی لێكدراو باشنووسەر، سكرتێر، كارگوزار، بەڕێوەبەری كاروباری نووسین و ڕاگرتنی ئەرشیف و ژواننامە و ژمێریاری كەسێک ع امین، منشی N sekretær د منشی.

**براوەبوون:** winning دەروونناسی سەركەوتنێكە تەندروستی و تەناهی جەستەیی و دەروونی لەگەڵ نییە، لەكاتێكدا سەركەوتن success تێكۆشانە بۆ گەیشتن بە ئامانج و، تەندروستی و ئارامی و ئاسایشی جەستەیی و دەروونی تێكۆشەر پارێزراوە. ⇦ براوە و سەركەوتوو

**بزداندن:** intimidate چاوگی تێپەڕ [بزد + ئاندن] تۆقاندن، چاولەبەركردن، هەراسناک، خەساندن، ترساندن، كۆڵپێدان؛ تۆقاندن و خەساندنی

کەس یان کۆمەڵگەیەک بە مەبەستی ملپێکەچکردن بەو کارانەی ئەیانەوێ پێیان بکەن. [ع] تخویف [N] skremt [د] ترساندن.

**بزدراو:** intimidated [دەستەواژە] [بەرکار] [بزد+دراو] بازرە، تۆقێنراو، بێهەناو، چاولەبەر، هەرەسناک، خەسێنراو، ترسێنراو، کۆڵپێدراو؛ ترساندن و خەساندنی کەس یان کۆمەڵگەیەک بە مەبەستی ملپێکەچکردن بەو کارانەی ئەیانەوێ پێیان بکەن. [ع] ترهیب [N] skremt [د] مرعوب شده.

**بزووتنەوەی تی پارتی:** tea party movement [بزووتنەوە] یان بزووتنەوەی پارتی چای، بزووتنەوەیەکی ڕامیارییە بانگەشە بۆ پابەندبوون بە دەستووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەمکردنەوە بڕانەوە و باج، کەمکردنەوەی قەرزی نیشتمانی و کەمی بووجە ئەکات. ئەم بزووتنەوەیە بەشێکی بە کۆنەپەرستانە، بەشێکی بە ئازادیخوازانە و بەشێکی بە پۆپۆلیستی دائەنرێت. لە ساڵی **٢٠٠٩**وە پشتگیری لە نەیاری و ناودێرە ڕامیارییەکان ئەکات.


◁ ئەم بزووتنەوە لە ئەنجامی کۆمەڵێک نەیاری لە دژی هەندێ ڕێسای فێدرالی بە تایبەت بیمەی تەندروستی ئۆباما یان ئۆباماکەیر سەری هەڵدا. ساڵی **٢٠٠٠** کۆمەڵێک ڕامیار و میلیاردێر پشتگیرییان لە تی پارتی کرد.

◁ ناوی ئەم بزووتنەوەیە لە بزووتنەوەی بۆستۆن تی پارتی ساڵی **١٧٧٣** وەرگیراوە کە لە لایەن **کوڕانی ئازادی**یەوە لە بۆستۆن، لە ماساچۆسێت کۆلۆنیال ئەنجام درا، لە دژی قۆرخکاری بەریتانیا و کۆمپانیای هێندی ڕۆژهەڵات لەسەر هاوردەکردنی چا بۆ ئەمریکا.

◁ هەرچەند بزووتنەوە ڕامیارییە، بەڵام چەقی نەیاری بزووتنەوە ئابوورییە و سێ بنەمای لە لا گرنگە: بەرپرسراوی بەرامبەر بە باجدەران، سنووردارکردنی دەوڵەت و بازاڕی ئازاد.

◁ زنجیرەی ژووری هەواڵ ئاماژەیەکی گرنگی بەم بزووتنەوەیە هەیە.

☜ ژووری هەواڵ





**بستوو ❶:** mountain pass, notch جوگرافیا ناو بستۆ، ملەی کێو، بەرزایی، سەرکەل ع ممر الجبل N fjellpass د گردنە . 

وا بەرەو ئاسۆ دەڕۆم پڕتین و تاو و گورجوگۆڵ
دڵ لەسەر بستۆی ئەوین، ئاواتی دڵ گوڵچین دەکەم
شاهۆ

**بستوو ❷:** pole ناو بستەی ئاش د قطب آسیاب ⇦ مشاری تەختەسازی: mill pole.



**بستوو ❸:** pole جوگرافیا ناو هێتم، جەمسەر، کۆڕەک ع قطب N stang د قطب.

**بلەوز:** malice, stubborn ئاوەڵناو لاسار، قیرسیچمە، سەرچەوت، پێداگر، مۆڕ، خێسەئامێز، سەرەڕۆ، گوێنەبیست، کەللەڕەق ع عناد، عنید N dour د لجوج، سماجت، خودرای E obstinacy.

**بلەوزیی:** obstinacy ناوی چاوگ لاساریی، قیرسیچمەیی، سینسەختی، سەرچەوتی، پێداگریی ع عناد N utholdenhet د لجاجت.

**بۆستۆن تی پارتی:** The Boston Tea Party ڕووداوە خۆپیشاندانێکی نەیاری دەربڕینی ڕامیاری و بازرگانی بوو لە ١٦ی دێسامبری ١٧٧٣ لە لایەن **کوڕانی ئازادی**یەوە لە بۆستۆن، لە ماساچوسێت کۆلۆنیال ئەنجام درا لە دژی قۆرخکاری بەریتانیا و کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات لەسەر هاوردەکردنی چا بۆ ئەمریکا.

**بۆین:** convinced ئاوەڵناو دڵکاو، قایل، دڵتێر، دڵنیا، ڕازی، ڕەزامەند، بە شێوەی دارماڵ دڵنیابوون لە شتێک ع قانع، قائل، متقاعد N overbevist د قانع، قائل، متقاعد ⇦ **convince:** پێ سەلماندن، دڵنیاکردن.

ن: بە کردەوە بەرەنجامێکی دوو ئەوەندە بۆینکەو و بڕیاردەر بەدی ئەهێنێ.

ن: ئەریستارکۆی هێژا، چاوەڕێ نیم بۆین بووبێتی. هەر چۆنێک بێ،

ن: داهاتێکی کەمم هەیە، ئەتوانم ژیانی خۆم ببەم بەڕێوە و بەوەش بۆینم.

ن: نازانی درۆی چونم کردووە تاکوو پوورم بۆین کرد.

ن: ئینجا بۆ بۆینکردنی ئانتوان بڕیاری دا ڕازی کۆتایی بدرکێنێ.

ن: وەڵامێک نادۆزمەوە کە بتوانێ بۆینم بکات.


**بەختەوار:** righteous ئاوەڵناو بەفرسەند، بەویژدان و ڕاستگۆ، پاکیزە، دەستپاک، بەختەمام N rettferdig ع صالح د عادل ⇦ بەختەوار: بریتییە لە [بەخت + ئە + وار]، وەک کۆڵەوار، سزاوار، شوێنەوار، ئاسەوار، شەوار، بەندەوار.

**بەراوەژووکردن:** inside out

**بەردەبیرۆ:①** ناو بەردێکە بۆ ڕەقی و سەختی نموونەیە ⇦ وەک بەردە بیرۆی لێهاتووە؛ خاراوە.

**بەردەبیرۆ:②** Dear Abby شێوەزانست دەروونناسی داب‌ونەریت هێمایر مامەخەمە، ستوونی ڕاوێژ و ڕێنموونی گۆڤارەکان. لە ئەفسانەدا هاتووە بەردەبیرۆ ئەوەندە گوێ لە پەژارەی دەردەداران ڕائەگری کە ئیتر خۆی پێ ڕاناگیرێ و لە حەزمەتان شەق ئەبات ع صخرة صماء N Dear Abby د سنگ صبور ⇦ Dear Abby ئەبی بەڕێز، ستوونێکە لە ساڵی ١٩٥٦ لە لایەن پاولین فیلیپسەوە لە ژێر ناوی ئەبیگەیل ڤان بوورێن دەستی پێکرد و لە ١٢٠٠ گۆڤار و ڕۆژنامەدا بەڕێوە ئەچوو. ئەمرۆش لە لایەن کچەکەی پاولین فیلیپسەوە بەردەوامە. بە وتەی پاولین فیلیپس، ئەو ناوە، ئەبیگەیل ڤان بوورێن، لە تێکەڵکردنی ناوی کەسایەتی ئینجیلی ئەبیگەیل Abigail لە پەرتووکی سامویێل، لەگەڵ پاشناوی مارتن ڤان

بوورێن Martin Van Buren سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، بەدی هاتووە.



**بەردەنگ:** audience ناوی بەرکار ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ ئەکەی یان شێکی پیشان ئەدی، خوێنەر ع الجمهور N publikum د مخاطب.

**بەرشێو:** appetizer خۆراک ناو بەردڵکەرەوە، خواردنی بەر لە چێشت، ئیشتیا کەرەوە، خۆراکی ئێواران، عەسرۆجە ع مشهی N forrett د مشهی ⟵ **پاششێو:** dessert دێسرِ، خواردنی شیرین کە پاش ژەم ئەخورێ ع حَلوَى N dessert د دسر.

**بەرگیراو:** prohibited هاوەڵناو ئاوەڵناو مەناومەن، قەدەغە، بە تەواوەتی قەدەغە ع ممنوع N forbudt د ممنوع.








**بەرفڕێدان:** چاوگی تێپەر منداڵ لەبار چوون، بەراویتن، کۆتاییهێنانی بە ئەنقەستی دووگیانی لە ماوەی ٢٨ حەفتەی یەکەمی دووگیانیدا ع اجهاض اسقاط N abort د سقط جنین.

**بەرماڵبەکۆڵ:** prudery خۆنواندن ناوی لێکدراو کەسێکە خۆی بە دینداریکی ئاگرین دائەنێ و کەس لە خۆی بە دیندارتر نازانێ. ع المتظاهر N forstillelse د متظاهر، جانمازآبکش. :نێ


دەستمە لە بادە هەڵگرت، ساز و نەیم فڕێ دا
ترسی قیامەتم بوو، ڕووڕەش نەبم لەوێ دا

بەرماڵم کردە کۆڵ و توند لە ملم گرێ دا
بۆ تۆبە ڕوو لە مزگەوت هاتم بچم، لە ڕێدا
بۆ کۆیی مەیفرۆشان بەختم شتابی هێنا
پێنج خشتەکی بێکەس لەسەر هۆنراوەی سالم













**بەڕێوەبەری یەک خولەکی:** One minute manager لەمەڕ بەڕێوەبەرێتی بازرگانی نووسینی کێن بلانچارد و سپێنسر جانسۆن.











**بەگمەن ڕاجنیش:** Bagman Rajneesh شێوەزانست (۱۹۳۱ـ۱۹۹) ناوی ڕاستەقینەی ڕاجنیش چاندرا مۆهان جین بوو. ساڵی ۱۹۳۱ لە هیند وەکوو ئوستادی فەلسەفە و پیری عیرفانی هیندی ناسرا. ئەم کەسە لە دەهەی ٦۰ بەناوی ئاچاریا ڕاجنیش و لە دەهەی ۷۰ و ۸۰ ناوی بهاگوان شری ڕاجنش بوو. لە ساڵی ۱۹۸۹ ناوی ئووشۆی لە خۆی نا. ئووشۆ ساڵی ۱۹۸۱ چوو بۆ ئەمریکا، لەکاتێکدا کەڵەکشنێک شمەکی گرانبەهای هەبوو، لەوانە ئۆتۆمۆبیلی کەشخەی ڕۆڵز ڕۆیس. نەیارانی ئووشۆ چوار ساڵ دواتر ئەویان بە تاوانی پۆخڵەواتی جنسی و سەرۆکایەتی گەورەترین

هێرشی بیۆترۆریستی مێژووی ئەمریکا لە دژی هاوشاریانی دالاس لە ئەمریکا دەر کرد و ٢٢ وڵاتی تریش چوونی ئەویان بۆ وڵاتی خۆیان بەرگیراو کرد. ئووشۆ ٧٠٠٠ وتاری داوە کە زۆربەی کراون بە پەرتووک.










**بێگەم:** apathetic ئاوەڵناوی لێکدراو بێتەوفیر، گوێنەدەر ع لا مبالي N apatisk د بی تفاوت، بی اعتنا.

**بێهەست:** emotionally disadvantaged ناوی لێکدراو گەمژەی دارماڵ.

**بیرۆکراپ:** bureaucrap [bureau + crap] ناوی لێکدراو بیرۆکراتی گەندەڵ، کاغەزبازی ناپێویست و زیاد لە پێویستی سەپێنراو کە تەنانەت لە خودی بیرۆکراسیش زیانمەندترە، چونکە بیرۆکراسی سیستەمێکە قازانجی بۆ هەندێ لایەنی دز و چەتە هەیە، بەڵام بیرۆکڕاپی ئەوەشی نییە.

**بیستۆک:** handset کەرەستە ناو گووشی تەلەفوون ع سماعة الهاتف N håndsett د گوشی.







**پارانۆیا:** paranoia دەروونناسی ناسازی ناو دارەتێکی دەروونییە کە بە هۆی هەڵوسە و گومان و هەستیاری زیاد لە پێویست بەدی دێ. سیستەمێکی بیرکردنەوەیە کە کاریگەرە بە دڵەڕاوکێ و ترس، زۆربەی کات تاڕادەی نائاوەزمەندی و وڕێنە ← **پارانۆید:** نەخۆشی

گرفتار بە پارانۆیا. بیرکردنەوەی پارانۆیی یان پارانۆید زۆربەی کات بیروباوەڕی چەوساندنەوەیی یان پلانی نهێنی لەخۆی دەگرێت دەربارەی هەڕەشەیەکی درکپێکراو لەسەر خود (بۆ نموونە: هەموو کەس ئەیەوێت من لەناوبەرێت). پارانۆیا جیاوازە لە فۆبیا، کە جۆرێکی ترە لە ترسی نائاوەزمەند بەڵام زۆربەی کات بەبێ لۆمەکاریی کۆتایی دێت. بەهەڵە تۆمەتبارکردن و بێ متمانەیی گشتیی بە دەوروبەر زۆربەی کات پەیوەندیدارە بە پارانۆیاوە. بۆ نموونە، ڕووداوێک کە زۆرینەی خەڵک وای تێئەگەن کە بەڕێکەوت ڕووی داوە، کەسێکی پارانۆید ئەشێت وای تێ بگات کە بەمەبەست ڕووی داوە.

**پارسەک:** sponger, parasite ناو مشەخۆر، مفتەخۆر ← **مشە:** gratuitous ئاوەڵناو خۆڕایی، مشە.

**پارێزداری:** meditation ئاییناسی ناوی چاوگ مەدیتەیشن، ڕامان و بە گشتی هونەر و شێوازی باشارکردنی ئەندێشەیە. پارێزداری پەروەردەکردن و خۆڕاهێنانە بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەندێشە لە ڕێگەی تەکنیکی دەروونپارێزی بۆ گەیشتن بە شادمانی ئاگاهانە و هێوری قووڵ و درێژخایەنە بەبێ وابەستەبوون بە دگەرەوە د مراقبە N meditasjon ع تأمل.



**پارێزەری لینکۆڵنسوار:** The Lincoln Lawyer [زنجیرە] زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ٢٠٢٢ ئافراندنی تێد هامفری و دەیڤید ئی کێلی. لەم زنجیرەیەدا، کە لەسەر بنەمای ڕۆمانە پرفرۆشەکانی مایکل کانێلی Michael Connelly سازکراوە، ئایدیالیستێکی ئایکۆنۆکلاستیک لە پشت فەرمانی ئۆتۆمبێلە لینکۆڵنە کەشخەکەیەوە کاروباری ڕێسایی خۆی بەڕێوەدەبات. ⇦

**ئایکۆنۆکلاستیک:** iconoclastic [ئاوەڵناو] ڕواڵەتشکێن، کەسێکە هێرش ئەکاتە سەر باوەڕ و دامەزراوە زەبەلاح و جێکەوتووەکان و بوون بە بەرژەنگ و ئایکۆن. [ع] متمردي الأيقونات [N] ikonoklastisk [د] شمایل شکن.








**پاسفەندە:** exhaustion [دارەت] [ئاوەڵناو] پەرتووکاو، پۆسیاگ، پەرپووت، دارِزاو، پواو، پەڵەون؛ بێ نەشە و گەشەبوون بە هۆی گوشاری جەستەیی یان دەروونی بەردەوامەوە [ع] انهاک [N] utmattelse [د] فرسودە، پوسیدە.









**پرۆکتۆلۆژی:** Proctology [پزیشکی] کۆمیەناسی، لقێکی پزیشکییە سەبارەت بە کۆمیە و ڕیخۆڵەگەورە ⇦ کۆمیە: anus کۆم، پندرۆ، ڕوونەک، قنگ [ع]


شرج N anus د مقعد.

**پڕووزە:** scorching ئاوەڵناو سووتان، سووتاندن، سووتێنەر؛ بۆسۆ و بۆکڕووز و سووتکی سووتەمەنی ع حارق N sviende د سوزاننده. ✿: خۆری سووتێنەری گەڵاوێژ ✿: پڕووزەی برد بە حەوادا: واتە سووتاندی و بۆسۆ و بۆکڕووزی هەڵدا بە حەوادا.

پلاتیپۆس: platypus گواندارێکی دەنووکداری بوومی ئوسترالیایە.








**پووشاڵی:①** chaffy ناوی چاوگ پووشئاسا، لە پووش سازکراو.

**پووشاڵی:②** fake هێماپر ئاوەڵناو لەسەر کێشی هووشاڵی، ساختە، سست و بێهێز، خۆنەگر، سستەپەلە، شلوشەویق، بێ بنەما، درەوین؛ بە واتای دەسەڵاتی بێ پایە و بناغە کە لەسەر پووشوپەڵاش وەستاوە و بە بایەک هەرەس ئەهێنێ. ع مزیف N forfalske د جعلی. ⇦ هووشاڵی: خۆهەڵکێشان، فشە بازی، خۆفشکردنەوە.

**پەتۆماک:** Potomac river ڕووبار لە چەمە گرنگەکانی ئەمریکایە و بە واشینگتۆنی پایتەختدا تێئەپەڕێ. ٦٦٦ کیلۆمەتر درێژە و ئەڕژێتە کەنداوی چێساپیک.





**پەرچەکردار:** reflex ناوی‌لێکدراو پەرچەڕەفتار، جوولەیەکی خۆنەویستی خێرایە، کە بریتییە لە وەڵامدانەوە بۆ هەر وریاکەرەوەیەک ع ردفعل N refleks د واکنش.

**پەرسدار:** faithful ئاینناسی ئاوەڵناو خواپەرست، خواناس، دیندار، لە خوا ترس N trofast ع د زاهد، متعبد، متقی.

**پەسپەندە:** scoundrel, wanton ئاوەڵناو پەست، ئاکاردشت، یارەمەز، پنتی، تەرەس، چەورە، جیوەلۆک، سێبەندی، هۆقەبەر، خوێڕی، بێلەغاو ع رذل N vilseløs د رذل.

**پەلێگر:** annoying ئاوەڵناو بیانووگر، گرووگر، کەسێک کە بیانوو لە کارێک ئەدۆزێتەوە ع مزعج N irriterende د بهانە گیر.

**پەنک ڕۆک:** Punk rock موزیک چەشنێکی موزیکی ڕۆکە لە نێوان ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٦ دامەزراوە، لە وڵاتە یەکگرتووەکان، شانشینی یەکگرتوو و ئوسترالیا. گرووپە پەنکەکان بە گشتی تێمپۆیەکی خێرا بەکاردێنن، لەگەڵ مێلۆدی و گۆرانیوتنێکی تیژ و گڕ. ئەوان بە گشتی گیتاری کارەبایی بەکاردێنن.

**پێتا:** PETA ڕێکخراو کورتەی People for the Ethical Treatment of Animals کۆمەڵەی ئاژەڵپارێزان.

**پێژن:** conscious ئاوەڵناو ژیر، تێگەیشتوو، هەستیار، سۆزدار، بەهەست ع واعی N bevisst د باشعور.

**پیوریتەن:** Puritans ئاینناسی ئاینزا ناو پرۆتستانتی ئینگلیزی بوون لە سەدەی ١٦ و ١٧دا هەوڵیان ئەدا کڵێسەی ئینگلتەرا لە ڕۆمانی کاسۆلیکی پاک بکەنەوە. پێیان وا بوو کڵێسەی ئینگلتەرا بە تەواوی چاکسازی نەکراوە و پێویستە زیاتر ببێتە پرۆتستانت. زۆربەی دانیشتوانی سەرەتایی کیشوەری ئەمریکا پیوریتەن بوون.

**تاتە:** godfather ئاینناسی ناو باوکی ئایینی ⇦ ئانە: دایکی ئایینی godmother.

**ترشەباران:** acid rain دیاردە ژینگە ناوی‌لێکدراو یان بارانی ئەسیدی، بارانێک کە بە هۆی پیسبوونی بەرگەهەواوە ئەوەندە ترش ئەبێت ئەبێتە هۆی

زیانگەیاندن بە ژینگە، بە شێوەیەکی گشتی بۆ دارستان و زریبارەکان. هۆکاری سەرەکی سووتانی پیشەسازی خەڵوز و سووتەمەنی بەردینی دیکەیە، ئەو گازە پاشماوەییانەی گۆگرد و ئۆکسیدی نایترۆجینیان تێدایە، کە لەگەڵ ئاوی بەرگەهەوادا یەکدەگرنەوە و ترش دروست دەکەن. ئەم ترشانە، وەک ئۆکسیدی سولفۆریک یان نیتریک لە بەرگەهەواوە بە شێوەی تەڕ یان وشک ئەگەڕێنەوە بۆ سەر زەوی، ئەتوانن بە شێوەی باران، بەفر، تەم، تەرزە، یان تەنانەت تەپوتۆزی ترش بن. ن: ئەو پەیکەرانەی قەوزەیەکی سەز یان زەردیان لێ ئەنیشێ جۆری ئەم بارانەن. ☜ قەلیاباران



**تۆرینۆک:** irritable ئاوەڵناو زیز، بێنتەنگ، دڵناسک ع حساس، منفعل N irritabel د زود رنج. ☜ بێنفرەه

**تۆقان:** intimidation ناو ترسان و هەست بە مەترسی کردن ع خوف N trusler د ارعاب.

**تۆم:** sperm زیندەناسی ناو کەوچکەقوڵە، توو، نێراو، تۆواو، تۆماو، ئاو، توخم، پشتاو، سپێرم. ع نطفة N sperm د اسپرم E spermatozoon ریشەناسی کورتەی sperm whale و spermaceti و sperm oil (بنەڕەت: بە ڕێگای late Latin لە sperma یۆنانی «seed»، لە speirein «تۆوودان، وەشاندن، چاندن to sow»).

**تواناجاوی:** sarcastic رەخنە ناوی چاوگ ژەهراوی، چزووداز، تەوساوی، ئازاردەر، گاڵتەکەر ع ساخر N sarkastisk د نیشدار.

**تەرەس:** scoundrel, wanton ئاوەڵناو پەست، ئاکاردشت، یارەمەز، پنتی، پەسپەندە، چەورە، جیوەلۆک، سێبەندی، هۆقەبەر، خوێڕی، بێلەغاو ع

رذل N vilseløs د رذل ❶: «دوا پەناگەی تەرەس نیشتمانپەروەرییە.» ساميۆل جانسن.










**تەمەرە:❶** calamity **ناو** پەتەر، گرگاشە، ئاسێو، کارەسات، نسکۆ ع مصيبة N ulykke د فاجعة E rampant.

**تەمەرە:❷** damaged **ناوی چاوگ** زەبرلێدران، زەبر بەرکەوتن (وەک بە هۆی وەرزشەوە).

**تەناهی:** order **ناوی چاوگ** هۆنە، ئاسوودەیی، ئارامشت، ئارامیی، تەکووز ع نظم N rekkefølge د نظم.

**تەوش:** **ئاوەڵناو** دارەتی نەشیاو ناخۆش، قەڵش، دەستەوەسان، ڕواڵەت گەمژە و بێکارە.


**تێروو:** monster **ئاوەڵناو** درندە، هەڵدڕ، لاور، دەعبای سەمەرە ع حيوان مخيف N monster د هيولا.

**تیشکۆ:** focus **ناو** چەق، ناوجەرگە، ناوچەق، ناوەندی سەرنج و مەبەست و چالاکی، چەقی هاوێنە N Fokus ع التركيز د تمرکز ⟵ **چەقبەستن:** concentration **چاوگی ئێبیەر** کردەوە یان تێکۆشانی چڕکردنەوەی سەرنج و توانای ئەندێشەیی کەس N konsentrasjon ع التركيز د تمرکز.









**تیمۆتی بلیری:** Timothy Bleary (١٩٢-١٩٩٦) گۆڕدراوی Timothy Leary، نووسەری دەروونناس و فۆتۆریستی ئەمریکایی. بە هۆی لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەری هۆشبەرەکان بە تایبەت ئێڵ ئێس دی و لایەنگری لە بەکارهێنانیان بەناوبانگ بوو. دیارە لەگەڵ تۆژینەوە، خۆیشی لە بەکارهێنانی هۆشبەرەکان بێبەش نەئەکرد.

**جلکردن:** defrocked ڕێکخراوەیی چاوگی تێپەڕ واتە لە پیشە و پایەیەک دەرکردن بەوەی کە کەرەستەی نیشانەی پیشەکەی لێ وەربگیرێتەوە، وەک چەککردن، ئەگەر پێشمەرگە یان سەرباز بێ و جلکردن ئەگەر دادوەر یان ئەفسەر و ئایینی و پزیشک و ئوستاد بێ [ع] ازالة حقوق [د] خلع لباس، خلع مقام.

**جۆزێف مەک کارتی:** Joesep McCarthy ڕامیار سەناتۆر دژی کۆمۆنیست (١٩٠٨-١٩٥٧) ڕامیاری کۆماریخواز، سەناتۆری ڕاسترەوی بەناوبانگی ئەمریکایی لە دەهەی ١٩٥٠، لە جەنگەی جەنگی ساردی پاش جەنگی جیهانی دووەم و بە پشتئەستووری ئەو هەراسە گشتییەی لە ڕۆژئاوا و بە تایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پەیدا ببوو، زۆر وتاری هەژێنەری سەبارەت بە مەترسی پەرەسەندنی کۆمۆنیزم لە ئەمریکا دا و، بۆ بە ئاڵاهەڵگری جووڵانەوەیەک بە هۆیەوە زۆر لە هاوڵاتیانی ئەمریکایی لە هونەرمەندان و نووسەران بە تاوانی گرەوشتی کۆمۆنیستی دادگایی کران. بە گوێرەی ئەم دادگاییانە زۆر لە تاوانباران بە تاوانکار ناسران و سزای زیندانیان بۆ بڕایەوە، یان لە ئەمریکا دەرکران. ☜ مەک کارتیزم

**جەڕاندن:** twist چاوگی تێپەڕ فەرمان بادان، سووڕان، بەراوەژووکردن، چەواشەکردن، خوارکردن.

**جەنجاڵ:[١]** crowd ناوی لێکدراو چرەبەندان، پڕانی، ئاپۆرە، تەموورە، لە دەور یەک خڕبوونەوە، گۆرانی وتن و بەزمگێڕان [ع] احتشد [N] publikum [د] شلوغی.

**جەنجاڵ:[٢]** fuss خۆهەڵکێشان و ئاخاوتن سەبارەت بە خۆ، درۆودەلەسەی

ناپێویست [ع] ضجة [N] oppstyr [د] داد و بیداد.

**جەنگە:** amid [دۆخ] [ئاوەڵناو] ئەنگامە، پڕامە، گەرمە، هەڕەت، هەرەمە، گەرماوگەرمی ئەنجامدانی کارێک [ع] في وسط [N] midt i [د] موسم، در وسط. 🔸: لە جەنگەی جەنگی ساردی پاش جەنگی جیهانی دووەم. 🔸: لە جەنگەی فرمێسک داباریندم بزەیەک ئەپشکووت.

**چاکرا:** chakra [شێوەزانست] [ناو] لە بیری شێوەزانستی هیندی وەکوو ئووشۆدا، بە هەریەک لە ناوەندەکانی هێزی گیانی لە جەستەی مرۆڤدا ئەوترێ، کە بە زۆری ژمارەیان حەوت دائەنرێت. ☜ بەگمەن ڕاجنیش


**چاڵەقووت:** the abyss [ناوی لێکدراو] هەڵدێر، توون، گێژەن [ع] الهاوية [N] avgrunnen [د] پرتگاە.

**چنگەڕنێ:** [ناوی لێکدراو] چنگ لە زەوی گیرکردن لەبەر ئازارێکی زۆر؛ لە ڕەوەز سەرکەوتن بە چوار چنگ و پێ؛ دروێنەکردن بە دەست [هێمایر] شەڕ و قڕە.

**چەپلەر:** lefthanded چەپدەست، کەسێک کە بە دەستی چەپ ئەنووسێ یان کارە سەرەکییەکانی ئەنجام ئەدات [ع] عسراء [N] venstrehendt [د] چپ دست.

**خاچەپرس:** puzzles [پەروەردە] [گەمە] وێنــەمەتەڵ، بۆرێن، پەردەک، فیشاردە، هەڵهێن [ع] لغز [N] puslespill (پوشلەسپیل) [د] معما ⇦

**بۆتک:** [ڕاو] [ناو] شێوازێکی تەپک دانانەوەیە تایبەتە بە ڕاوەماسی و لە شێوەی پازڵ یان خاچەپرسە کە ماسی ئەکەوێتە ناوی و ناتوانێ دەرچێت.




**خودباقەری:** Self_esteem [دەروونناسی] [ناوی لێکدراو] ڕێزبەخۆیی، خۆئەولەهی،

زاراوەیەکە لە دەروونناسی کە تاودانەوەی بەراوردی کەسێکە لە بایەخەکانی خۆی.


درێژە خودباقەری، بڕوا و بۆچوونێکە کە تاکەکەس سەبارەت بە بایەخ و گرنگی خۆی هەیەتی. خودباقەری ئەتوانرێ بە هۆکاری جۆراوجۆر پێناسە بکرێ، بۆ وێنە کەسێک کە بڕوابەخۆیە، لای وایە مرۆڤ پیرۆزە و بە هۆی ئەم پیرۆزبوونەوە ناکرێ بیکەین بە سەرگەردی بڕوای خەڵکی تر. هۆکاری تر ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان جیاوازن؛ واتە لە نێوان کەسانی جیاواز یان ڕەگەز و هۆزی جۆراوجۆردا هیچ نابەرابەرییەک نییە و، لەگەڵ جیاوازی مرۆڤەکان هاوسان و هاوشانن؛ هۆکاری تر دۆساتیەتی و هەستی ڕەزامەندییە لەوەی کە هەم و لەوەی کە هەمە، لە هیچ شتێکی خۆم شەرمەزار و سەرشکستی نیم. کەسانێک کە بە ئەندازەی پێویست بڕوایان بە خۆیان نییە، لە ژیاندا تووشی کێشەی فراوان ئەبن. هەموو مرۆڤێک پێویستی بە خودباقەری هەیە. خودباقەری نیشانەی ئەو ڕێزەیە کە خەڵکی بۆمانی دائەنێن.

خودباقەری یەکێک لە هۆکارەکانی ڕەفتاری مرۆڤە. لە ڕاستیدا بەرداشت و دادوەری هەرکەس سەبارەت بە خۆی دیاریکەری چۆنێتی هەڵوێستیانە سەبارەت بە مژارە جۆراوجۆرەکان. کەسی کەم بڕوا بەخۆ، ڕەنگە تووشی گۆشەگیری یان ڕقئەستووری و هەڵشاخانەوە و ڕەفتاری دژی کۆمەڵگە ببێت.

خودباقەری کۆمەڵەی ئەندێشە و هەست و سۆز و ئەزموونەکانە کە لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەدی دێن. کۆمەڵەی ئەو هەزاران بەرداشت و هەڵسەندگاندن و ئەزموونەی هەر کەسێک لە خۆی هەیەتی، ئەبێتە هۆی ئەوەی سەبارەت بە خۆی هەستی باش و بەنرخبوون یان پێچەوانەی هەبێ [ع] تقدیر الذات [N] Selvfølelse [د] عزت نفس.


**خودی:** subjective ئاوەڵناو شتێکە باندۆر یان چێژ یان بۆچوونی هەستێکی کەسی لەسەر بێ [ع] ذاتی [N] subjektiv [د] ذهنی ⇦ **بابەتی:** Objective ئاوەڵناو شتێکە باندۆر یان چێژ یان بۆچوونی هەستێکی کەسی

لەسەر نەبێ [ع] موضوعي [N] objektiv [د] عینی.










**خوشین:** crawl چاوگی تێنەپەڕ کار خزین و ڕێکردنی مار، ڕێکردنی خشۆک؛ کشانی ئەستێرە [ع] زحف [N] krype [د] خزیدن.





**خەلەسان:** چاوگی تێنەپەڕ خەلەسین، وشک بوونی بەرگی دەرەوەی پیاز، بە جۆرێک کە پارێزگاری لە پیازەکە ئەکات و تا ماوەیەکی درێژتر بەرگەئەگرێ.


**خەلەسان:٢** immunity چاوگی تێنەپەڕ پارێز پەیداکردن، پارێزراوبوون ⇐ نەخۆشێک کە لە بەرامبەر نەخۆشینەکەیدا توانای بەرگری پەیدا ئەکات و ئیتر تووشی ئەو نەخۆشییە نابێتەوە [ع] مناعة، حصانة [N] immunitet [د] مصونیت ⇐ تانەترسێ ناخەلەسێ: واتە تا کێشە نەبینێ و ئەزموون کەڵکەکە نەکات، نابێتە مروڤێکی خۆڕاگر.

**خەلەساو:١** immune ئاوەڵناو [لە چاوگی خەلەسان] پارێز پەیداکردوو، بەهێز بوو لە بەرامبەر پەلاماردا ⇐ نەخۆشێک کە لەبەرامبەر نەخۆشینەکەیدا توانای بەرگری پەیدا ئەکا و ئیتر تووشی ئەو نەخۆشییە نابێتەوە [ع] منیع [N] immun [د] مصون.

**خەلەساو:٢** invulnerable ئاوەڵناو نەبەز، کەسێک کە ئازاری پێناگا،

دەشکاننەهاتوو [ع] منیع [N] usårlig [د] روویین تن.

**دادگای بیرکۆلین:** Inquisition of religious ئاپییناسی بیرکۆلین دەستدرێژی
بیرکۆلین، لێکۆڵینەوەی بە زۆر و ئەشکەنجەی کەسان بە تاوانی ئەوەی کە بیری جیاوازی ئایینیان هەیە، لە لایەن کلیسای کاسۆلیکەوە لە سەدەکانی ناونجیدا، کە خەڵکیان ناچار ئەکرد ددان بەوەدا بنێن کافر و بێخوا و جادووگەرن [ع] تفتیش عقاید [N] Inkvisisjon av religiøse [د] تفتیش عقاید مذهبی.






**داریل:** cask ناو دەرم، کەمۆڵ، بەرمیلی تەختەی گەورە، کووپەی داری سەرگیراو، کووپەی شەراب [د] بشکە چووبین [N] tønne [ع] برمیل خشبی.






**داژدار:①** fan لایەنگری ناوبکەر لایەنگر، پشتیوان، پارێزەر [د] هوادار، جانبدار [N] fan [ع] انصار، معجب.

**داژدار:②** owner خاوەنداری ناو خاوەن، کەسێک کە خاوەنی داژدە بێ [N] eieren [ع] صاحب [د] مالک.

**داژدە:** property خاوەنداری ناو ڕاوەن، سامان، شت یان کۆمەڵێک شت لە کە چاوی ڕێسادا هیی کەسێک بێ. داژدە ئەتوانێ هێسن بێ ئەتوانێ


ناهێسنی بێ [ع] ملكية [N] eiendom [د] ملک [E] chattel ‌ن: ڕاوەن و خاوەن: [ع][د] ملک و مالک ⇦ **داژدار:** خاوەنی سامان و داژدە، داژدار ئەتوانێ کەسێک یان چەند کەس یان کۆمپانیایەک بێ [N] eiendom [ع] ملكية [د] ملک.


**دامەزراوەییکردن:** Institutionalisation کۆمەڵناسی رامیاری لە کۆمەڵناسیدا، بریتییە لە ڕەوتی چەسپاندنی هەندێک چەمک (بۆ نموونە باوەڕ، نۆرم، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، بەها، یان نەخشەی ڕەفتار) لەناو ڕێکخراوێک، سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، یان کۆمەڵگایەکدا وەک کۆیەک. پابەندبوونی تاک یان دەستەی دیاریکراو بە دامەزراوەیەکەوە، وەک دامەزراوەی چاودێری دەروونی یان کۆمەڵایەتی. بە واتای ڕامیاری بۆ دامەزراندن یان ڕێکخستنی دامەزراوە حکومییەکان یان دەزگا تایبەتەکان کە بەرپرسیارن لە سەرپەرشتیکردن یان جێبەجێکردنی ڕامیاری، بۆ نموونە لە بواری خۆشگوزەرانی یان گەشەپێدان. لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپادا، زۆرێک لە وڵاتان بە قۆناغێکی «دامەزراوەیی»دا تێپەڕین، کە فراوانبوون و پەرەسەندنێکی بەرچاوی ڕۆڵی حکومەت لەناو کۆمەڵگای بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە پێشتر بە بەشی تایبەت دائەنران. هەروەها بەدامەزراوەییکردن وەک بەشێکی گرنگی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا سەیر ئەکرێت، لەوانەش فراوانکردن و ڕێکخستنی باشتری پێکهاتەکانی حکومەت.













**داهێزان:** debilitating چاوگی تێنەپەڕ سست و بێواز بوون، وزە لێ بڕای، شەکەتی و ماندوویتی، لەشگرانبوون بە هۆی تا یان گەرماوە [ع] منهكة


svekkende N ضعیف شدن د.

**داهێزان:** malaise چاوگی ئینەیپەر هەستێکی گشتی وەڕەزی، نەخۆشی، یان نائارامی کە ئەستەمە هۆکاری وردی دەستنیشان بکرێت.


**دایک ئازیزترین:** Mommie Dearest بەڵگە یادەوەری فیلم بیرەوەری و ڕازدرکاندنی کریستینا کرافۆرد، شیرکچی «جوان کرافۆرد»ی هونەرپیشە، لە ساڵی ١٩٧٨دا بڵاو کرایەوە. نووسەر بەسەرهاتی کچێک ئەگێڕێتەوە کە دایکێکی ئەلکولی ناساز گەورەی کردووە و لای وایە کەسی وەها بۆ دایک ناشێ. ئەم پەرتووکە دەنگوهەرای زۆری لێکەوتەوە. ساڵی ١٩٨١ بە بەشداری فەی داناوەی کرا بە فیلم.







**دایکە ترێزا:** Mother Theresa خێرخواز نۆبێل (١٩١٠ـ١٩٩٧) یان ئەگنس گۆک بزازین، ساڵی ١٩١٠ لە مەکەدۆنییە لەدایک بوو. پاشتر بوو بە ئەندامی دەستەیەک بە ناوی «خوشکانی لۆرتۆ» و نازناوی دایکە ترێزای هەڵبژارد و وردەوردە بە کاری باشە ناوبانگی دەرکرد. ساڵی ١٩٣٩ بۆ بانگەشەی مەسیحی چوو بۆ هێند و کەوتە خزمەتی هەژاران. ساڵی ١٩٧٩ خەڵاتی نۆبێلی مرۆڤدۆستی پێدرا.





**درمناسی:** epidemiology ئێپیدمۆلۆژی، لقێکی پزیشکییە لە سەرهەڵدان و تەشەنە و باشاری ئەو هۆکارانە ئەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە تەندروستی گشتییەوە هەیە.

**دڵمای:** unhappy, uneasy ئاوەڵناو دڵگیر، دڵگران، دڵمەند، زویر، لالووت، لووتەلا، نابەدڵ ع شقي N urolig د ناراضي.

**دۆدە:** clever ناو زیتەڵە، فرەزان، فێڵباز، قۆشمە، قەرەقوش، گزەون، پیرەپنتۆ ع شاطر N smart د زبل.

**دەبەنگی بەهرەمەند:** idiot savant دەستەواژە گەمژەی زانا، کەسێک کە توانایەکی ناوازەی لە بوارێکی تایبەتدا هەیە، وەک موزیک یان بیرکاری، سەرەڕای ئەوەی لە بوارەکانی تری کارکردنی ئاوەزی یان کۆمەڵایەتیدا لاوازی بەرچاوی هەیە. ع أحمق العالم N kunnskapsrik د احمق عالم. ← **بەهرەمەند:** savant ئاوەڵناو پسپۆڕ و زانایەکی تایبەت. ع علامة N kunnskapsrik د عالم.

**دەدەبەنگی بەهرەمەند:** دەروونناسی دەستەواژە زانا، کەسێک کە توانایەکی ناوازەی لە بوارێکی تایبەتدا هەیە، وەک موزیک یان بیرکاری، سەرەڕای ئەوەی لە بوارەکانی تری کارکردنی ئاوەزی یان کۆمەڵایەتیدا لاوازی بەرچاوی هەیە. ع علامة N kunnskapsrik د عالم.

**دەبەنگی گشتی:** massholism

**دەبەنگی یەک خولەکی:** ئەمیش هەمدیسان ئاماژەیە بە بە پەرتووکی زۆر بەناوبانگی «بەڕێوەبەری یەک خولەکی One minute manager» لەمەڕ بەڕێوەبەریتی بازرگانی نووسینی: کێن بلانچارد و سپێنسر جانسۆن.

**دەراو:①** tone ناوی فەرمان شێواز و چۆنیەتی ئاخافتن؛ دەنگێک بە بەرزی و نزمی تایبەتەوە؛ شێوەی دەربڕینی بابەتێک؛ ن: نامەکەی دەراوێکی دۆستانەی هەبوو ن: بە دەراوێکی تووڕە وتی ن: بە دەراوێکی ڕاماو و دەنگێکی نزم پاتەی کردەوە ع نبرة N tone د لحن ☜ ئایدیۆلێکت.

**دەراو:②** accent شێوەگۆ زاراو، شێوازی ئاخافتن و گۆکردنی بێژەی بێژە، دەموبێژ، زمانێک بە تایبەت هیی نەتەوە یان ناوچە یان چینێکی

کۆمەڵایەتی. 🔸:

← کاتێک بە ئینگلیزی قسە ئەکات زۆر زاراوناخۆشە!

← سوورەی ئەمریکایی زاراوێکی کوردی زۆر خۆشی هەیە!

**دەرکەوتە:**[۲] facet ناو لا، ڕوو، ڕواڵەت، ڕووبەر، ڕوخسار؛ لایەکی شتێکی فرەلایەنە، بە تایبەت گەوهەرێکی بڕاو ع وجه N fasett د وجه.

**دەروونپزیشکی:** Psychiatry بەشێکی پسپۆڕانەیە لە پزیشکی کە خەریکی چاودێری، دەرمان، خوێندن، تاووتوێ، بەرگری و باس لە سەر پەشێوییە دەروونیەکانی مرۆڤ ئەکات. لە ڕووی وشەناسیەوە وشەکە پێک هاتوە لە psyche واتە گیان + ـ iatry واتە «چارەسەری پزیشکی»، کە ئەویش لە iātrikos وەرگیراوە و واتە «پزیشکی».

دەروونپزیشکی و دەروونناسی دوو بەشن کە لای جەماوەر واتاکەیان لێک هەڵە ئەبێ، لەکاتێکدا بە تەواوەتی لێک جیاوازن:

دەروونپزیشک Psychiatrist دکتۆری پزیشکییە و لە دەروونناسیشدا پسپۆڕە و لە ڕاستیدا سەر بە کۆمەڵەی پزیشکانە و تەنها دەروونپزیشکان ئەتوانن ڕەچەتەی دەرمان بۆ نەخۆش بنووسن.

دەروونناس Psychologist یان Psycholog بەڵام، لانیکەم ئەبێ مەستەری هەبێ لە دەروونناسیدا و ئەگەر دکتۆرای هەبێ وەک پسپۆڕ بە «دەروونناسی تاقیگەیی Clinical Psychologist» ئەناسرێ. دەروونناسی تاقیگەیی، لە بواری هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی نەخۆشی؛ دەرمان و چارەسەر؛ ڕاوێژ؛ فێرکاریی و چاودێری کاری دەروونناسەکان؛ تۆژینەوە و بەڕێوەبەرێتیدا کار ئەکەن.

**دەستەی پشتگری:** support group دەروونناسی چارەسەر کۆما پشتگری، دەستەی باربوو.

**دەستەی داوەران:** jury کۆمەڵێک کەسی هەڵبژێردراون بۆ گوێگرتن لە بەڵگە و پازەی دادگاییکردن لە دادگای ڕێسا و بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئایا کەسێک تاوانبارە یان بێتاوانە، یان ئایا داخوازێک سەلمێنراوە یان نا.











**دەمکوتکردن:** outdo **ڕەفتار** **چاوگی تێپەڕ** تەریقکردنەوە، بێدەنگکردن، ڕووشکاندن، ڕوومەردەی، لەڕووبردن، هەسدانەوە ع تغالب N overgå د رو کم کردن.

**دیدەوان:** boy scout بە ئەندامی بزووتنەوەی جیهانی دیدەوانی ئەوترێ کە بۆ یارمەتی و کۆمەک گەیاندن لە کاتی ناوێزەدا بەدی هاتووە. ئەم بزووتنەوەیە ساڵی ١٩٠٧ لە لایەن ڕابرت بادن پاوڵ ـ Robert Baden Powell لە ئینگلیز دامەزرا و بە خێرایی لە جیهاندا بڵاو بوویەوە. یەکێک لە ئامانجەکانی دیدەوانی ئەوەیە کە متمانەبەخۆیی لە مرۆڤدا بەهێز بکات و هەروەها گیانی هاریکاری و یارمەتیدانی کەسانی تر لە گەنجاندا پەرە پێبدا ع کشاف د پیشاهنگ ☜بزووتنەوەی دیدەوانی.








**ڕاسپاردە:١** messenger **ئاوەڵناوی بەرکار** تەتەر، کەسێک کارێکی پێسپێردرابێ، ناردراو بۆ کارێک N budbringer ع رسول د فرستادە.

**ڕاسپاردە:٢** will **ناوی لێکدراو** سپاردەنامە، ڕاسپێری، دوا گوتە و بڕیاری

کەسێک پێش مردن ع ارادة N vil د وصیت ⇦ **ئەسپاردە:**
letter of Recommendation پێشنیار و پشتگیری بۆ یارمەیدانی کەسێک
N anbefalingsbrev ع توصیة د توصیه نامە.




**ڕام ئیمانۆئیل:** Rahm Emanuel ڕامیار ڕامکار (١٩٥٩) ڕامیار و ڕامکاری جوولەکەی ئەمریکایی، شارەوانی شیکاگۆ، ئەندامی پەرلەمان و ڕاوێژکار.

**ڕامبۆ:** Rambo کەسایەتی سەرەکی زنجیرەیەک فیلمی هالیوودی بوو، کە سیلڤێستر ستالۆنە یاری تێدا ئەکرد و لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا ناوبانگی دەرکرد. ڕامبۆی لەش ماسوولکە بە تاقی تەنها هەموو دوژمنە کۆمۆنیست و ئازادیخوازەکانی ئەمریکای، بۆ نموونە وەکوو ڤیەتامییەکان ئەکوشت و ئەسووتان و ئەخنکاند و کونکون ئەکرد؛ هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ستالۆنە، هەرگیز وەکوو هونەرپێشە لە لایەن هالیوودەوە گرنگی پێنەدرا و ١٣٠
چەند جارێکیش پاکانەیان بۆ کرد، ئەویش کاری نەکرد و هەر بە دەبەنگی مایەوە. ⇦ (ئاگادار بن لەگەڵ ڕەمبۆ Rimbaud ی هۆنەر لێتان تێک نەچێت.)

**ڕایشت:** کارگێڕی ناوی چاوگ ڕایش، کۆپی، وەکۆک، لەبەرگیراو، لەبەر نووسراو د ڕونوشت N kopiere ع نسخة طبق الأصل E copy ⇦ **ڕایشت:٢**
تیراژ، ژمارەی کۆپی چاپکراو.

**ڕۆلز ڕۆیس:** Rolls Royces ئۆتۆمبێلێکی لوکس بوو لە بەریتانیا و دواتر دامەزراوێکی بەرهەمهێنانی بزوێنەری فڕۆکەوانی بوو کە لە ساڵی ١٩٠٤ لە مانچستەر بە هاوبەشی چارلز ڕۆلز و هێنری ڕۆیس دامەزراوە.






**ڕەهات:** incident ڕووداو، مەرسەلا، قەوماو [ع] حادثة [د] حادثه.

**ڕێزبەخۆیی:** Self_esteem دەروونناسی خۆئەولەهی، خۆباقەڕی.

**ڕێزین:❷** flashlight ناو لایت، چرای باتری، چرای دەستی، جۆرێ چرای دەستی کە بە باتری کار ئەکات [ع] مصباح يدوي [N] lommelykt [د] چراغ قوه.







**ڕێکار:❶** trick ناوی لێکدراو شێوازی کار [ع] عمل بارع [N] triks [د] فوت و فن، شگرد.

**ڕێکار:❷** [L] modus operandi ناوی لێکدراو بە واتای شێوازی کار و هەڵسوکەوت، ڕجگەی ئەنجامدانی کار.

**ڕێلاس:** shameless ئاوەڵناو نەسەلار، سلسار، گوستاخ، بێشۆ، دەمسوور، کەڵپەزە [د] وقح [N] skamløs [د] قبيح.

**ڕیسوایی واترگەیت:** Watergate scandal ڕامیاری ڕیسوایی گەورەترین ڕیسوایی ڕامیاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ١٩٧٢ تا ١٩٧٤، لە شوێنێک بە هەمان ناو، کە بووە هۆی کشانەوەی ڕیچارد نیکسۆن لە پلەی سەرککۆماری ئەمریکا.

**زایەند:** کۆمەڵناسی ڕەگەز فێمینیزم ناو سەردە، جنس، جێندەر [ع] جنس [N] kjønn [د] جنسیت [E] gender, genus.


**زمانبوێری:** Assertiveness ڕەفتار پەروا زمانەوانی ناو زمانڕەوانی، دەربڕین و گوتنی مەبەستە بە بێ ڕوودەربایسی و ترێقبوونەوە، ڕەفتارێکە کە نیشانەکەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەرێییە، بە مەبەستی داکۆکی لە ماف یان گەیشتن بە ئامانج. ڕەفتاری زمانبوێری ئەبێ لەسەر شەبەنگێک وێنا بکرێ کە لای چەپی ڕەفتاری سست و دەست و پا سپیلکانەیە و لای ڕاستی ڕەفتاری ڕووش و ڕێلاسانەیە و وەڵامی «ڕاست» زمانبوێرییە کە ئەکەوێتە ناوەڕاستەوە و وەڵامدەرەوەی دۆخێکی کۆمەڵایەتییە کە ئەتوانێ ببێتە هۆی ناکامی [ع] جسارة [N] selvsikkerhet [د] جسارت.

**زینا:** fornication ئاییناسی دژی ڕێسا زیناکردن، جووتبوونی سێکسی لە نێوان ئەو کەسانەدا هاوسەرگیریان لەگەڵ یەکتر نەکردووە. زینا بە تایبەت لە ڕوانگەی دینەکانەوە بە بەرگیراو و حەرام دانراوە و سزای بۆ براوەتەوە [ع] زناء [N] utukt [د] زناء ⇦ وەک ئەزانین هاوسەرگیری بە واتای پەیماننامەی نێوان دوو کەسە، کە بۆیان هەیە پێکەوە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی هاوسەری و جنسییان هەبێ، بەبێ ئەوەی کەس ڕێگەیان لێبگرێ. ☜ گرێبەستی هاوسەرگیری


**سام:** Awe ناو فەرمان ترس، شکۆ [N] ærefrykt [ع] روع [د] هیبت، ابهت.

**سستوجنگز:** Passive‗aggressive behavior دەروونناسی ڕەفتار ناوی لێکدراو ڕەفتاری سستوجنگز، چەشنێک دەربڕینی ناڕاستەوخۆی دوژمنایەتییە، بۆ وێنە بە شێوەی کەمتەرخەمی، توانج، سەرشەقی، مۆنی، ئەنجام نەدانی ئەرک، درەنگ و زوو چوون، پیشانی ئەدەن. ناوەندی ناسین و هەژماری ناسازیی دەروونی DSM بەم شێوە ڕەفتاری سستوجنگز پێناسە ئەکات: «کۆی ئەو دارەتە نەرێنی و بەرهەڵستییە ناچالاکانەیە سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی ئەرک و چالاکی پێویست، لە بواری کۆمەڵایەتی و پیشەییدا ئەنجام ئەدرێ.» [ع] سلوک سلبي عدواني [N] Passiv‗aggressiv oppførsel [د] پرخاشگری منفعل.




**سوێسکه:** quail **بالندە** **ناو** کەرەواڵە، هەوێردە، باڵندەیەکی بچووک و خڕپنی کلک کورتە، لە کەو ئەچێ، کەمتر ئەفڕێ و زۆرتر بە سەر زەویدا ئەگەڕێت، پەڕوباڵی بۆر یان قاوەییە و گۆشتی زۆر خۆشە N vaktel ع طائر السمان د بلدرچین، تیهو.







**سووری گەش:** scarlet **ڕەنگەوشە** **ناو** **ئاوەڵناو** سووری ڕوونی بەرژەنگی یان نیشانەی بچووک ع اللون القرمزي N skarlagenrød د قرمز. ☞ نیشانەی سکارلێت







**سەرباشقە:** paradigm, role model **نموونە** نموونەیی، کەسێک کە ئەبێ بە سەرمەشق بۆ خەڵکی تر N forbilde ع قدوة د الگو ⇦ **باشقە:** model مۆدێل، نموونە، نموونەی سێجای کەس یان شتێک یان گەڵاڵەیەکی تەلاریکی پێشنیازکراو، بە زۆری لە ئەندازەیەکی بچووکتردا

N modell ع نموذج د مدل.


**سەربەمۆر:** arcane راز دەستەواژە دیاردەیەکی ڕازاوی یان پەنام و ناهوەیدا کە کەم کەس سەری لێ دەر ئەکەن. ع غامض N mystisk د اسرارآمیز. ☜ هونەری سەربەمۆر


**سەرریژنە:**❷ ناو سەرریژانە، سەلیقە، زەوق، شێواز، چێژ N stil, måte, smak ع د سلیقە، ذوق، اسلوب E style, manner, taste.






**سەرکەوتن بە تۆقاندن:** Winning Through Intimidation ئابووری لە بواری بەڕێوەبەرێتی بازرگانی، نووسینی ڕۆبێرت جەی رینگز.









**سەرکەوتن بە کۆمەڵکوژی:** دەبەنگ ئاماژەیەکی تەوساوییە بە پەرتووکی «سەرکەوتن بە تۆقاندن Winning Through Intimidation» لە بواری بەڕێوەبەرێتی بازرگانی، نووسینی ڕۆبێرت جەی رینگز.


**سەرگەرد:**❶ victim کۆمەڵناسی ناو گۆری، فیداکراو، بەلاگەردان، قوربانی ع الضحية N offer د قربانی.

**سەرگەرد:**❷ sacrifice کۆمەڵناسی ناو فەرمان بەلاگەردان، بەلاگێڕ، پێشبار،

ئاهەنگی کوشتنی ئاژەڵ یان مرۆڤ یان بەخشینی لە دەرگانەی خودا یان هەر هێزێکی بانسروشتیدا N ofring ع التضحیة، الضحیة د قربانی.






**سەگلاوک:** seal ئاژەڵ ناو پەردەپێ، سەگاو، سەگی ئاوی، جۆرێک گواندارى گۆشتخورى پەردەپێی نیوەئاوی و بە زۆری زەریایین. ع زعنفیات الأقدام N seler د فک.








**شارۆ:** شارۆکردن، پەیجوور، بەدواداگەڕان، پەیدۆزی، تۆژانەوە، کنە، دانەپەی، ڤەکۆلین، کڕکاش، گردیسەر، لێگەڕان، ملۆمۆ، نانەشوێن ⇦ شارۆ: گەڕانی ئازادە بە کون و قوژبن و بن پەک و گەلاکان بۆ گویز دۆزینەوە، لە دوای ماشینەوەی گشتیی گوێزەکان و ئازادبوونی دارگوێز، کە زیاتر لە لایەن منالانەوە ئەکرێ د جستجو ع بحث E Search.

**شاشبێژی:** sophistry بیرسازی چەواشە پەنابردن بۆ بەلگە و بیانووی هەلە، بە تایبەت بە مەبەستی هەلخەلەتاندن ع سفسطه N sofisteri د مغلطه.

**شاگەشکە:** دارەت ناوی لێکدراو بوورانەوە لە خۆشیان، شادمانی زۆر لە ڕوودانی شتی زۆر خۆش و لەنکاو ع بسعادة غامرة N thrilled د ذوقزده E

.thrilled

**شامان:** Shaman شێوەزانست ناو ئەفسوونگەری پزیشک، پزیشکی جادووگەر

☜ شامانیزم.






**شەستەکانی سەدەی پێشوو:** بزووتنەوە لە دەهەی ١٩٦٠دا زۆر بزووتنەوەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لە ناو گەنجانی ئورووپایی و ئەمریکاییدا سەری هەڵدا، کە خاڵی یەکانگیریان گرەوشتی بەرەو ئانارشیزم، عیرفانی ڕۆژهەڵاتی، ئازادی جنسی و بەکارهێنانی هێسنی هۆشبەر بوو، لەگەڵ هەندێ چێژەمەنی ئایدیالگەرایانە. بەناوبانگترینی ئەم بزووتنە کۆمەڵایەتیانە هیپییەکان بوو کە لە ئەمریکا سەریان هەڵدا و، لەگەڵ کۆمەڵێک گیتار و هێرۆین و قژی درێژ و بەنگ بە جیهاندا بڵاو بوونەوە. ئەمانە بە زۆری پێکەوە و جیا لە خەڵکی ئەژیان.




**شەلیاو:** robbed ناو شەلیای، ماڵدزراو، ڕووتەوە کراو ع مسلوب N ranet د غارت شده.


**شیانست:**[1] worthy ئاوەڵناو شیاو، شایستە، لەبار، ڕێزدار ع ذو قیمة N

verdig [د] شایستە [E] excellence, honorable ⓔ هەنبانە بۆرینە.


**شیانست:**[٢] decent [دەبەنگی] لێوەشاوە، لێهاتوو [ع] مقبول [N] skikkelig [د] نجیب ⇦ **مرۆڤی شیانست:** DHB کورتکراوە کورتکراوەی decent human being مرۆڤی بەرێز، کەسایەتی ئادەر و کادانە [ع] انسان واعی [N] anstendig menneske [د] انسان باشعور.

**غەزریو:** furious داردە ئاوەڵناو غەزراو، زۆر توورە، قەڵس، هەڵچوو: ئەڵێی بەرازی غەزریوە [N] rasende [ع] غاضب [د] غضبناک.

**فرەخۆری:** gluttony ئاوەڵناو زگڵەوەڕێنی، زیادەڕەوی و زیادەڕۆیی لە خواردن و خواردنەوەدا. لە ئایینی فەلە یەکێک لە حەوت گوناهی کوشندەیە [ع] الشراهة [N] fråtsing [د] شکم پرستی.








**فرەدەبەنگی:** morassholism هێمایی ناوی لێکدراو بە واتای دامودەزگای دەوڵەتی بەکار هاتووە.

**ڤەندالیزم:** vandalism ڕێباز ئاماژەیە بە لەناوبردنی بە ئەنقەستی دارایی و شوێنە گشتییەکان لە ئاستی شاردا و هەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی وێرانکارانە، ناژیاری، دژەکولتوری و بێبەزەییانە لە کەشی گشتی شار لەخۆ ئەگرێ: شکاندنی بۆتکەی تەلەفونی گشتی، شکاندنی شووشەی پەنجەرە، نووسینی دروشم لەسەر دیوارەکانی شار و تاد.

⇦ ڤەندالیزم یەکەمجار لە لایەن هێنری جۆرجیۆر لە سەردەمی کاولکاری شۆڕشی فەڕانسە بەکار هێنرا و سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ هۆزی ڤەندالی ئاڵمانی کە لە ٤٥٥ی زایینی ڕۆمایان کاول کرد و بە تالان برد.

تێبینی: سەرنجدانە ئەم خاڵە زۆر گرنگە لە زۆربەی دەقەکاندا بە زۆری

بەربەریزم بۆ کاولکاری و ناژیاریی بەکار ئەهێنرێ، بەڵام ڤەندالەکان و ئورووپاییەکان زۆر لە بەربەرەکان خراپتر بوون و من خۆم هەمیشە ڤەندالیزم لە جێگەی بەربەریزم بەکار ئەهێنم.



**قوشقی:** angry ئاوەڵناو سڵ، توورە، وەڕەز ع غاضب N sint د خشمگین.


**قەپۆشکە:** snail نەرمەڵۆکە ناو هێلکەشەیتانۆکە، لیسگ، لوولپێچ، نەرمەڵۆکەیەکە یەک توێکڵی خولگەیی هەیە ئەتوانێ هەموو جەستەی تێدا بشارێتەوە. ع حلزون N snegl د حلزون.





**قەلیاباران:** alkaline rain دیاردە ژینگە ناوی لێکدراو یان بارانی ئەلکالی، بە هۆکاری سروشتی و مرۆییەوە ڕوودەدات. کاتێک ڕوودەدات کە

کانزاکان، وەک کالسیۆم، ئەلەمنیۆم، یان مەگنیسیۆم لەگەڵ کانزای تردا یەکئەگرن و پاشماوەی ئەلکالی دروست ئەکەن کە ئەچنە ناو بەرگەهەواوە، هەورەکان لە لایەن دڵۆپە ئاوەکانەوە هەڵیان ئەمژن و لە کۆتاییدا وەک باران ئەگەڕێنەوە بۆ زەوی. ☜ ترشەباران











**کارگوزار:** secretary کارگێڕی ناو باشنووس، بەڕێوەبەری کاروباری نووسین و ڕاگرتنی ئەرشیف و ژوانامە و زمێریاری کەسێک N sekretær ع امین د منشی.

**کارگوزاری داهاتی ناوخۆ:** Internal Revenue Service بەڕێوەبەرێتر ئابووری دەبەنگر یان IRS دامودەزگای دەوڵەتی سەر بە وەزیرخانەی گەنجەداری ئەمریکا، بەرپرسی ڕاگەیشتنە بە کاروباری داهاتی دەسەڵاتی فێدراڵ. پێناسە بە گوتەی د. زاڤیەر کلێمنت لە پەرتووکی دەبەنگی: «تێکەڵەیەکی گەشتاپۆ و کا گێ بێ و چەند ڕێکخراوی بیرکۆلین و ئاسایش و پاراستنی سامناکی ترە».

**کارگە:** workshop یان ناوەندی دەروونەدەرمانی، بە شێوەیەکی گشتی خولی پەروەردەیی کورتن کە تیشک ئەخەنە سەر چەمکە تایبەتەکان لە خولێکی خوێندنی تایبەت، یان پەرەپێدانی کارامەیییەکی دیاریکراودا.





**کارووس:** sermon, elevation, homily ئایینناسی وتاری دینی و ئامۆژگاری ئایینی N preken ع خطبة د موعظه.

**کارێنەر:** client ناو کارهێن، بریگرتە، ڕاژەخواز، کەسێک کە بۆ کارێک ئەچێتە شوێنێک، یان لای پسپۆڕێک N klient ع زبون د ارباب رجوع.









**کالیدۆسکۆپ:**[٢] Kaleidoscope زنجیرە زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی ٢٠٢٣ ئافراندنی ئێریک گارسیا، بە هونەرمەندی جیانکارلۆ ئێسپۆزیتۆ و ڕۆفۆس سوێل. دەربارەی گەورەترین دزی و تۆڵە و دوخمانی.






**کتکالە:** cute خانخانی، دلگر، دەلال، ژێکەڵە، نازدار، نازنازی، نازەنین.


**کزیر:** stockbroker, broker ئابووری ناوی فەرمان دەڵاڵی بۆرسە ع سمسار البورصة N aksjemegler د دلال بورس ⇦ **گزیر:** overseer ئینجۆ، چاودێری ڕاوەن، داژدە و دارایی خان ع مشرف N tilsynsmann د مباشر خان.


**کۆکەرەوە:** collector کەڵەکشنر، کەسێکە کەرەستەی گرانبەها کۆ ئەکاتەوە. ع الجامع N samler د کولکسیونر.

**کۆمەڵتراپی:** Group Therapy دەروونناسی کۆمەڵدەرمانی، یەک یان چەند

دەروونناس سەرپەرشتی دەستەیەکی ٥ تا ١٥ نەخۆش ئەکەن، بۆ حەفتەی یەک یان دوو کاتژمێر. هەندێ کەس بەشداری چارەسەری تاکەکەسیش ئەکەن.

**کۆمەڵەی زەوی تەخت:** Flat Earth Society ڕێکخراو شێوەزانست کۆمەڵەیەکی ڕاستەقینەیە بڕوایان بەوە هەیە زەوی خڕ نییە و وەک ڕووبەرێکی گردی تەختە، ناوەندیەکەی ئەستووی باکوور و لێوارەکانی سەهۆڵ گرتوویەتی و، لەم چەشنە بۆچوونە قۆشمانە سەبارەت بە خۆر و مانگ و ڕەهەندەکانی گەردوون. زانست و زانایان ئەم بۆچوونە بە شێوەزانست و درێژەی بیری خورافاتی کۆن دائەنێن. زانایانی ئەم بۆچوونە هەمیشە ئامادەی مشتومڕ و کێبەرکێی زانستین سەبارەت بە بۆچوونەکانیان و ئامادەنەبوونی نەیاران لە مشتومڕ و گفتوگۆی خزانستی و لۆجیکیدا بەبەڵگەی ڕاستی و ڕەوایی خۆیان ئەزانن.









**کۆمیە:** anus کۆم، پندرۆ، ڕوونەک، قنگ ع شرج N anus د مقعد.

**کوارترپاوند:** quarter pound خواردن ناوی لێکدراو خواردنێکی هەمبرگری ١٢٠ گرەمی مەکدۆناڵدە.







**کووپەی زێڕ لە جەمسەری پەلکەزێڕینە:** The pot of gold at the end of the Rainbow گۆتە مەتەڵ هێماپەر دەستەواژە شتێک کە بە ڕاستی ئەتەوێت هەتبێت، یان بە ڕاستی ئەتەوێت بەدەستی بهێنیت. ▢ فۆلکلۆر ئەڵێ لە کۆتایی هەموو پەلکەزێڕینەیەک کووپەیەکی زێڕ شاراوەتەوە.



**کەبار:** virtue ناو ئەدگاری چاکە، ڕەوشتی باڵای کۆمەڵایەتی، نیازپاکی؛ لە ڕوانگەی ئایینییەوە: ڕازونیاز، نوێژ و نزا ع فضیلة N dyd د فضیلت، فضائل ← **چاکەکار:** virtuous.

**کەبارگە:** sanctuary ناو نوێژگە و شوێنی تایبەتی گاز و نزا و ڕازونیاز ع محراب N helligdom د محراب.






**کەپتن کویگ:** Captain Queeg کەسایەتیی پێرسۆنا فیلم کەسایەتییەکی گریمانەیی ڕۆمانی «The Caine Mutiny»یە، نووسینی هێرمان وۆک Herman Wouk، براوەی خەڵاتی پۆلیتسێرە. سەبارەت بە بڕیارە ڕەوشتییەکانی کەپتنی کەشتییەکەیە لە ساڵی ١٩٤٤دا، لە فیلمەکەدا هەمفری بۆگارت ڕۆڵی کەپتەن کویگ ئەبینێ.









**کەترە:١** invective ئاوەڵناو لە وێژەدا بە دەق یان هۆنراوەیەک ئەوترێ کە دژی پەسن و پێداهەڵگوتن بێ، ئەگەر بۆ مەبەستی کەسیی بێ، بۆی هەیە تەوس و پلاری توندوتیژ بێ، بەڵام ئەگەر بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی ـ ڕامیاری بێ، ئەوا زمانی تەوسەکەی خاوترە. مەبەست لە کەترە سووکایەتی و پەلامار و تۆمەتبارکردنە لە بواری کۆمەڵایەتیدا ع هجو N invektiv د هجو ⇐ پەسن و کەترە.

**کەترە:٢** invective ناوی چاوگ پێداخوێندن، ڕەخنەگرتن بە نەرێسات و لاتاو و کینایە لە بواری کۆمەڵایەتیدا.

**کەتوانی:** caretaking چاودێری ناوی لێکدراو چاودێری، ئاگاداریکردن لە کەس یان شتێک لە بەرامبەر پارە و پاداشتدا.

**کەڵکەڵە:** temptation نیگەرانی، ئەندێش، هەراس، ئاڵۆزی د دغدغە ع قلق.

**گرێبەستی هاوسەرگیری:** marriage contract کۆمەڵناسی ناوی لێکدراو یان تەنها هاوسەرگیری، پێکهێنانی پەیمانی هاوسەرێتی یان مارەبڕینی ژن و شوو، کە ئەبن بە هاوسەر و هاوشانی یەکتر و ئازادی پێکەوە ژیانیان هەیە لە هەموو بوارەکاندا، بەبێ ڕێگری کۆمەڵایەتی و ڕێسایی ع عقد زواج N ekteskapskontrakt د عقد ازدواج.







**گزگل:** ١) بەرێکی دارمازووە ٢) بە مرۆڤی پیسەکەی لەڕ و لاوز ئەگوترێ و زیاتر بۆ مناڵ بەکار ئەبرێ.

**گۆتە:١** ناو saying پەند، دەستەواژەیەکی کورت و پوخت، بەگشتی ئامۆژگاری و ژیری تێدایە ع قول N ordtak د قول.

**گۆرگ:** Scene سەکۆ، ناوگۆرگ، پانایی، تەختایی ع صحنة، صحن N Scene

[د] صحنه ن: گۆڕکی دادگا: صحن دادگا.

**گۆڕی:** victim سەرگەرد شەلیاو ناو کەسێک کە لە ئەنجامی تاوان، ڕووداو، یان هەڵکەوتێک زیانی پێگەیشتووە، بریندار بووە، یان کوژراوە. سەرگەرد، قوربانی، بەلاگەردان [ع] الضحية [N] offer [د] قربانی.

**گۆنگەڵ:** play, game گاڵتە و یاری، فەرتەنە و جەنجاڵ هێمایەر شەڕ و قرە [ع] لعب [N] spill [د] شوخی و بازی.


**گەزن:** damage ناو وەزەنگ، ئازار، تەگەرە، گەزەند، زیان [ع] خسارة [N] skader [د] خسارت.


**گەهشتی:** mature ئاوەڵناو پێگەیشتوو، ڕەسیدە، ناضجة [ع] ناضج [N] moden [د] بالغ ⇦ **گەهشتن:** maturity ئاوەڵناو پێگەیشتن، پەرفین [ع] نضج [N] modenhet [د] بلوغ.


**گینەس:** ☜ ئینسیکلۆپێدیای گینەس.

**لابیکار:** lobbyist ڕامیاری ناوی لێکدراو پرۆپاگەندیست و ڕاکێشەری لایەنگر و کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کەس، ڕێکخراو، پارتی، یان نەتەوەیەک.

**لایەندار:** bias ناو فەرمان ئالیگر، لایەنخواز، لایەنگری پشتیوان و لایەنگری توندڕەو و دەمارگیری کەس یان شتێک بە شێوەیەکی نادادگەرانە [N] partiskhet [ع] انحیاز، نزعة [د] جانبداری متعصبانە ⇦ لایەنگر.






**لخێزکردن:** odulate نەرم و باوخۆرکردن. خاوکردنەوە و هاوسەنگکردن [ع] رنم، عدل [د] تعدیل کردن ⇦ **لخێز:** نەرم و باوخۆر [ع] مرن [د] قابل انعطاف [E] resilient, malleable ⇦ **کێشسان:** وەکوو کێش، وەکوو کەژ، شتێک کە کێشی بێ [E] elastic [ع] قابل للتمدد [د] انعطاف پذیر.

**لەسەر و لە سەر:** ڕێزمان ڕێنووس دوو تێبینی، ئاوەڵکرداری «لەسەر» کاتێک بە شێوەی لکاو ئەنووسین کە سەبارەت بە دارەت یان دۆخێک ئەدوێین:

- زۆر لەسەری کاریگەر بوو،
- سەرنجم لەسەریان چڕئەکردەوە،
- دیدێکی هاوبەش لەسەر ڕووداوەکان،
- مەترسیی ئەوەم لەسەر بێ،
- جەختکردن لەسەر یەکە یەکەی وشەکان،
- تازە سەری لەسەر گۆڤارەکە بەرز کردەوە،

◁ کاتێک ئاوەڵکرداری «لە سەر» بە جیا ئەنووسین کە شتێک «لە سەر» شتێکی تر دائەنێین، یان دانراوە:


- دەفرەکەی لە سەر مێزەکە دانا،
- هیوا لە سەر مۆبلێکی گەورە و ئاسوودە دانیشتبوو،
- کاکۆڵی لە سەر تەوێڵی ئەلەرایەوە،
- ساردیی کەللەتەزێن لە سەر مێزەکە ڕیز کرابوو،
- پاش شێو، لە سەر قەنەفەیەک خەو بیباتەوە،
- گوڵاڵە لە سەر پێپلیکانەکە ڕاوەستابوو،
- ناتوانن لە سەر پای خۆیان ڕابوەستن. (ئەم ڕستەیە بۆ هەردوو شێوەی فیزیکی و هێمایی ئەشێ، بە گوێرەی دۆخەکە.)


**لەشکری ڕزگاری:** Salvation Army دامەزراو خێرخوازی کلیسایەکی مەسیحی و ڕێکخراوێکی خێرخوازی جیهانییە، زیاتر لە ١,٧ ملیۆن ئەندامی هەیە. تەلارێکی سەربازیی هەیە و ئامانجی کۆمەگکردنە بە نەهێشتنی برسێتی. لە ١٣٢ وڵات لقی هەیە. فرۆشگەی خێرخوازی هەیە، پەناگە بۆ لێقەوماوان ساز ئەکات و یارمەتی وڵاتانی پەرەئەستێن ئەدات.








**متمانەبەخۆیی:** Confidence دەروونناسی هەلومەرجێکی دەروونییە کە تێیدا کەس بە هۆی ئەزموونی پێشوویەوە بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بڕوای بە توانا و بەهرەی خۆی لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا هەیە. تایبەتمەندی هەبوونی ئەم متمانەبەخۆییە، ڕۆڵی ژیانی هەیە لە پەرەپێدان و پێشکەوتن و سەرکەوتنی یەک کەسدا. لێکۆڵەران بۆیان دەرکەوتووە متمانەبەخۆیی مناڵ تا تەمەنی پێنج ساڵی بەدی دێ و دارماڵ ئەبێ، کە لەگەڵ گەورە بەراورد ئەکرێ، بەڵام تا ئێستە لایان وابوو کە مناڵ پێش ئەوەی بچێتە بەر خوێندن، ناتوانێ هەستی ئەرێنی و نەرێنی لە خۆی هەبێ ع ثقة بالذات N Selvtillit د اعتماد به نفس.










**مرۆڤی شیانست:** DHB پێناسە دەبەنگر کورتکراوی decent human being، وەک پێناسەی مرۆڤی پێژن و نادەبەنگ هاوتای (انسان واعي) و (انسان باشعور) هاتووە ع انسان واعي N anstendig menneske د انسان باشعور.

**ملەخڕە:** mumps نەخۆشی درم گوێڕەپە، نەخۆشییەکی ڤایرۆسی درمییە، ئەبێتە هۆی ئاوسانی گلاندی پارۆیید لە ڕوومەتدا و مەترسی نەزۆکی لە پیاوان بەتەمەندا بەدی ئەهێنێ ع الكناف N kusma د اوريون.

**مەرسەلا:** disaster تەمەرە ناو چۆرتم، پەتەر، کارەسات، کەڵەمە، تەمەرە.

**مەزاخ:** cost ناو تێچوو، خەرج، پارەیەک بۆ کارێک خەرج ئەکرێ د هزینە N koste ع كلفة ← مەزاخی مانگانە: monthly budget بوودجە

و خەرجی یەک مانگ [د] بودجە ماهانە [N] månedlig budsjett [ع] المیزانیة الشهریة.








**مەک کارتیزم:** McCarthyism زاراوەیەکە بۆ ئاماژەدان بە چالاکییە دژە کۆمۆنیستەکانی سەناتۆر جۆزێف مەکارتی لە سەرەتای قۆناغی جەنگی سارددا، کە بووە هۆی شەپۆلێکی دیماگۆگی، سانسۆر، لیستی ڕەش، هەڵبژاردنی کار، دژایەتی ڕۆشنبیران، ئاشکراکردن و دادگای نمایشی و بیرکۆلین دیمەنی کۆمەڵایەتی ئەمریکا لە ساڵانی ١٩٥٠دا ئەگرێتەوە. زۆر کەس بە تایبەت ڕۆشنبیران بە تۆمەتی کۆمۆنیست بوون کارەکانیان لەدەستدا و بە شێوازی جۆراوجۆر گۆشەگیر کران. بە گوێرەی ئەم دادگاییانە زۆر لە تاوانباران بە تاوانکار ناسران و سزای زیندانیان بۆ بڕایەوە، یان لە ئەمریکا دەرکران.

ئەم پەلامارە بە تایبەت هالیوودیشی گرتەوە و زۆرێک لە دەرهێنەران بە بیانووی کۆمۆنیست بوون دادگایی کران.

دەستەواژەی مەک کارتزم، بۆ دەربڕینی تیرۆری کولتووری بەکار دێت کە ئاراستەی ڕۆشنبیران ئەکرێت.








**مەهدەر:** intercession [ناو] دیلەک، تکا، پاڕانەوە، لاڵانەوە بۆ کەسێک [ع] شفاعت [N] forbønn [د] شفاعت ⟵ **مەهدەرکار:** intercessor تکاکار [ع]


شفیع N forbeder د شفات کننده.

**مەهووار:** tolerance ناو تابشت، بوردباری، لەسەرخۆیی، پشوودرێژی، ئۆقرەداری، هێوری ع صبر، تحمل N Toleranse د صبر، تحمل. G شێخانی

**مێدیتەیشن:** Mediation شێوەزانست وەرزشی دەروونی ئارامشت بیرهەنگی [بیر+هەنگ+ی] لەسەر کێشی (سەرهەنگ: دایکی مێشەنگوینان، شاهەنگ) بە واتای پوورەدان و کۆبوونەوەی مێشهەنگوین، تەکنیکی بەدیهێنانی کەشێکی هێمن و جێگەمتمانەیە، بە دانیشتنی هێدی و کۆکردنەوەی ئەندێشە و هەناسەکێشانی ئارام و لەسەرخۆ... بۆ کەمکردنەوەی گوشار و پاڵەپەستۆی ژینگە و بەرزکردنەوەی توانای هاوسەنگکردن...








**ناراو:** bitterness ناو نەهاتی، بەڵاو بەدبەختی، پەشیمانی و نەگبەتی، زووخاو، ژاراو ع مرارة N bitterhet د تلخکامی، مصیبت، مصائب.

**ناونیتکە:** Derogatory Epithet نەورـ وییلار ئاوەڵناوی ئیکدراو ناولێنانی تەوساوی بۆ سووکایەتی پێکردن، گاڵتەپێکەر، شکێنەر، سووککەر ← **کەسناو:** Epithet ناوی ئیکدراو نازناو، جێناو، وشە یان دەستەواژەیەک کە لە بری یان لەگەڵ ناوێک بەکار ئەهێنرێ و واتای زۆری هەیە لە ناوانی دوانەی کەسان و خواکاندا ← **نیتکە:** derogatory ئاوەڵناو نازناوی دشت، وتەی سووک، ناشیرین، گاڵتەپێکەر، شکێنەر ع لقب منتقص N nedsettende د لقب بد. ن: خەپە، عەزە قەڵەو، عوسە ڕێوی

Greaseball means Italian.

The English Language has a number of Derogatory epithets that cover Almost every race and nation On earth,

There is no derogatory epithet For Greek!

**ناوێزە:** special ئاوەڵناو هەڵاوێردراو، جەبە، جیاواز و تایبەتی نەک ئاسایی [ع] شاذ [N] spesiell [د] استثنائی، شاذ ⟵ **ئاوازە:** rare دەگمەن، نادر، کەم وێنە [ع] نادر [N] sjelden [د] نادر.

**نسکۆ:** disaster ناو شکستی هێنان، هەڵەنگووتن، لێقەومان؛ سەرسم [ع] کارثة [N] katastrofe [د] فاجعە.

**نەپۆڕ:** misfit ناو نەگونجاو، ناقۆڵا، کەسێک کە ڕەفتا و هەڵسوکەوت و ڕوانینی بە شێوەیەکی نەشیاو لە خەڵکی جیاوازە و پەژێرە ناکرێ [ع] غیر متطابق [N] utilpass [د] نامناسب ⟵ **پۆڕ:** ناو ڕێک و گونجاو، شیانست و لەبار ⟵ **نەپۆڕ:** The Misfits فیلم ناو فیلمی سینەمایی ئەمریکایی ٢٠٢١ یاری پییێرس بڕۆسنان و دەرهێنانی Renny Harlin ⟵ **نەپۆڕ:** The Misfits زنجیرەی تی‌ڤی ناو زنجیرەی تلەڤیزیۆنی ئەمریکایی ٢٠٠٩ ⟵ **نەپۆڕ:** The misfit فیلم دراما وێستێرنی ئەمریکایی ١٩٦١.

(Synonyms: nonconformist, eccentric, flake).












**نەرمەبڕ:** sissy ناو ئاغا بنکایێ، ئاوری بنکا، بوغزلەزگ، سەرەسۆدرە، لەبنەوەبڕ، مامزووک.

**نەلواو:** impossible ئاوەڵناوی لێکدراو نەگونجاو، نەڕەخساو، کارێک کە ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی دەست نادات [N] umulig [ع] محال [د] محال، غیر ممکن.

⟵ بە پێچەوانەی ئەوەی لە ڕابوردوودا لای نەلواو بوو...

⟵ بە هەمان ڕادە نەلواوە کە ڕوونکردنەوەی بابەتەکە.

ئەو مزارەی کە لە لام نەلواو بوو؛ چونکە...






**نەمرچ:** fretful ئاوەڵناو نەدوو، مۆن، ڕووتاڵ، دەموچاو گرژ، گرگین، دزێوی تووڕە و تۆسن، دژهێم، مۆن ع عبوس N irriterende د اخمو.

**نەوازە:** ئاوەڵکار نەخوازە، بە تایبەت، بەویژە ⇐ **ناوازە:** ئاوەڵناو دەگمەن، نادر، کەم وێنە.

**نهێم:** intensity تەوژم، هێز، زۆر، گوژم، گوشاری بەهێز N intensitet ع الشدة د شدت.

**نیشانەی سکارلێت:** Scarlet letter ڕۆمان ئاپینتاسر یان داخی نەنگ، یان بەرژەنگی ڕیسوایی، ڕۆمانێکی مێژووییە نووسەری ئەمریکی ناتانیەل هاوسۆن نووسیویەتی و ساڵی ١٨٥٠ چاپ کراوە. چیرۆکەکەی لە شاری بۆستن، لە کۆمەڵگەی زۆر ئایینی و پیۆریتەنی ویلایەتی ماساچۆست (نیو ئینگلەند)ی ئەمریکا لە سەدەی ١٧دا ڕوودەدات و سەبارەت بە ژنێکی گەنجە بە ناوی هێستەر پرین کە سزا دراوە تا کۆتایی ژیانی، نیشانەی A بە ڕەنگی سوور، بە ناوی نیشانەی سکالێت بدات لە جلەکانی. ئەم ڕۆمانە لە چەمکی گوناھ ئەدوێ.


⇐ نیشانەی سکارلێت چەندین جار، ساڵانی ١٩٢٦، ١٩٣٤، ١٩٧٣، ١٩٧٩، ١٩٩٥، ٢٠٠٤، ٢٠١٥، ٢٠١٨ کراوە بە فیلم.













**نیکیتا خرۆشچۆڤ:** Nikita Khrushchev ڕامیار سەرکردە کۆمۆنیست (١٨٩٤ـ ١٩٧١) ڕامیاری ڕووسی، سەرکردایەتی یەکێتیی سۆڤیەتی کردوو لە ماوەی شەڕی سارد. سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤییەت بوو لە **١٩٥٣** تاکوو **١٩٦٤**. لە ماوەی سەرۆکایەتی خرۆشچۆڤ پەیوەندییەکانی سۆڤییەت و ڕۆژئاوا بەرەو باشتر چوون، لەگەڵ هەڵوێستی جەربەزە و بوێرانە. ئەوە نامەی **٢٤**ی ئۆکتۆبری **١٩٦٢** بوو، وەکوو یەکێک لە گرنگترین پەیامەکانی مێژوو، کە جان ئێف کنێدی ترساند و خاوی کردوە و لە هەڕەشەکردنی خست. لەگەڵ ئەوەشدا، ناکۆکییەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەت لەسەر کێشەی وڵاتی کووبا و کەنداوی بەرازان هەر مابوو.

◁ ساڵی **١٩٦٠** کاتی سەردانی خرۆشچۆڤ بۆ ئەمریکا، پاش ئەوەی نوێنەری فیلیپین لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەخنەی لە ڕامیاری سۆڤیەت لە ئورووپای ڕۆژهەڵات گرت، خرۆشچۆڤ تاکە پێڵاوەکەی کوتا بەسەر مێزی لێدوانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و ڕایگەیاند ئیمپریالێزم کەوتووەتە لێژی و کۆمۆنیسم داهاتوویەکی گەشی هەیە. دیارە دژی کۆمۆنیستەکان ئەم هەڵوێستە بوێرانەی خرۆشچۆفیان قۆستوەتەوە و سەدان درۆ و شانۆی ناشیرینیان لێ دروست کردووە لە دژی کۆمۆنیزم و سەرکردەکانی. ☜ دەبەنگر
















**وارخان:** suite ناو نشینگە ئاپارتمان؛ دەزگایەک لە تەلارێکی چەند نهۆمی ٤ شقة N leilighet د آپارتمان E apartment, condo.







**وارە:①** ناو باری بچووک کە بە دەست هەڵبگیرێ ⇐ دەستەوارە: باری دوودەست، دەستەوارەیەک نانی هێنا.


**وارە:②** barter ناو فەرمان شێوازی ئاڵوگۆڕ قەرزبەقەرز، دەستەواو ع صفقة المقایضة N byttehandel د معامله، پایاپای.



**وارە:③** installment ناو پاژ، بەشێ لە چەند بەش، بڕێکی پارە لە گشتێک کە ئەبێ بە چەندین بەشی جوونیەک بدرێتەوە ع تقسیط N avbetaling د قسط.

**وارە:④** instalment شێوازی ئاڵوگۆڕ ناو وەرگرتنی وام و دانەوەی بە چەند بەش بە قازانجەوە، کڕینی شت بە وام و دانەوەی پارەکەی بە (وارە) واتە بەش بەش: تەنها دوو وارەی لەم ماوە ع اقساط، تقسیط N avdrag د اقساط، تقسیط.

**ورتە:①** spell, epode شێوەزانست ناو جەڵجەڵووت، هێما و کلیلی ڕەواندنەوەی جادوو ع تعویذة N sjarm د ورد، اوراد.

**ورتە:②** abracadabra, Mumbo Jumbo ناوی لێکدراو گوتەی لە ژێر لێوانەوە، نزای بن لێوان، جەڵجەڵووت ع ورد، اوراد N abracadabra د ورد، اوراد.






**ورتەورت:** mumbo-jumbo گوتە ورتەی زۆر، نزاکردنی جادووگەران ع مامبو جامبو N mumbo-jumbo د ورد جادوگری.

**وڵنگە:①** negligent ڕەفتار دارەت ئاوەڵناو دەستەپاچە، پەککەوتە، داماو ع متهاون N forsømmelig د چلفتی.

**وڵنگە:②** nonsense ناو قسەی بێ سەروبەر ع کلام فارغ N tull د چرند و پرند.

**وژارە:** imagination, phantasies ناو هزر و بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ

داهاتوو بە وەرم یان ئەندێشە N fantasier ع تخیل د خیال اندیشی، خیالپردازی، خیالبافی.

بیر و ئەندێشە و وەژارە: mind, thought and imagination

**وەک سێ دۆلاری ساختەیە:** phony as a three-dollar bill گۆشە دەستەواژە

دەبەنگر ئەڵێی سێ دۆلای قەڵبە، ئاماژەیە بە ساختەبوونی ئاشکرا، بە واتای ئەوەی درۆکە ئەوەندە ئاشکرایە پێویستی بە بەڕەڕچدانەوە نییە؛ وەک چۆن سێ دۆلاری بوونی نییە مەگەر ساختە بێ، ئەو گوتەیەش ڕاست نییە.

سێ دۆلاری قەڵب




هاتداگ: Hot Dog ساندویچی گەرمی سۆسیسی فرانکفۆرت یان وینر واتە سۆسیسی ڤیەننای کولاو یان برژاو، لەگەڵ نانی فانتزی زیاتر بە کەچاپ و ماستەردەوە.

**هۆش و ئاوەز:** intelligence and reason دەروونناسی بەراوەرد هۆش ڕەنگە تا ڕادەی لە ٪٨٥ بۆماوەییە. مرۆڤ تا حەوت سالی، زیاتر بە هۆشی بیر ئەکاتەوە کە ڕواڵەتبینە. هۆش، توانایەکی مرۆییە و هەمیشە هەمان ئەندازەیە.

- لە حەوت بەرەوژوور تۆزێ زیاتر ورد ئەبێتەوە، واتە ئاوەزی بەکار ئەهێنێ، کە تا ٪٢٥ بۆماوەییە. ئاوەز ئەبێ پەروەردە بکرێ و بەکار بهێنرێ.
- دیارە هۆش و ئاوەز هەردووکیان کاری مێشکن و پەیوەندییەکی ورد و دیاریکراویان پێکەوە هەیە. پێشتر زۆربەی خەڵکی هۆشیان هەبووە و ئاوەزیان نەبووە، ئێستە هۆشمەندانی کەم ئاوەزن و، ئەبێ هەلومەرجێکی تایبەت هەبێ تا ئاوەز بتوانێ گەشە بکات و گرنگیش ئەوەیە بەکار بهێنرێت.

- هۆشمەندی بەهرەمەندییە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، وەک دەنگ، بیرکاری، میکانیک، دەمەوەری، هونەری، کات و کەشناسینەوە، موزیک و... هۆش تەنها ئەدگارە و پەیوەندییە ڕووکارەکان ئەبینێ و یارمەتی مرۆڤ ئەدات لە هەموو دۆخێکدا خۆی بدۆزێتەوە و بتوانێ بەخێرایی خۆی لەگەڵ هەلومەرجەکە بگونجێنێ؛
- بەڵام ئاوەز sapience, reason ڕێگەمان پێ ئەدات لە ناخی شاراوەی دیاردەکان بگەین، ڕێسایەکی سروشتی لە دژی ڕێسایەکی تر بەکار بهێنین و، فرۆکە دابهێنین، نەخۆش چاک بکەینەوە، کشتوکاڵی بەرێژەنمان هەبێ و ژیان ئاسانتر بکەین. ع الذکاء والعقل N intelligens og fornuft د هوش و عقل. ☜ هۆش ☜ ئاوەز

**هۆمایی:** private ناو تایبەتی، کەسی، خۆیی، خۆماڵی ع خصوصي، خاص N privat د خصوصی، شخصی.

**هونەری سەربەمۆر:** Arcane arts سینەما هونەر شێوەزانست ئاییناسی ناوی ئەو تەکنیکانەن بۆ گۆڕینی ڕۆژەڤ بەکار ئەهێنرێن، ئەتوانرێت بەسەر ٥ هونەردا دابەش بکرێن: جادوو، کیمیاگەری، ئەفسوونگەری، گیانگەری و گیانگەری.

**جادووگەری:** Magic ناوی چاوگ بەکارهێنانی وزەی جادویی بۆ دەستکاریکردنی ڕێساکانی سروشت، ناتوانین بیانگۆڕین، بەڵام ئەتوانین لە بەرژەوەندی خۆمان بەکاری بهێنین. وزە بگۆڕێت بۆ هێسن و بە پێچەوانەوە، گۆڕانکاری تەنەکان لە دوورەوە، خێراکردنی گەشەکردن، گۆڕینی ئاراستەکان لە هێز و ڕووناکی. جادوو لە بنەڕەتدا ڕێگە ئەدات کاریگەری سروشتی لە ڕێگەی ئامرازە بانسروشتیەکانەوە دروست بکرێت.

**کیمیاگەری:** Alchemy ناوی چاوگ هونەری گواستنەوەی تایبەتمەندییەکان لە تەنێکەوە بۆ تەنێکی تر، بە بەکارهێنانی وزەی جادوویی. ڕەقکردنی کاغەز، دروستکردنی شتێکی ژەهراوی، تراوکردنی بەرد وەک ئاو، یان زیندووکردنەوە.

**ئەفسوونگەری:** Sorcery ناوی چاوگ جادووگەری ئەو هێزەیە بۆ گەیشتن بە

لێکنزیکبوونەوەی ڕۆژەڤەکان و هێنانی پارچەیەک لە ڕۆژەڤ، کە سەرچاوەیەکی دەسەڵاتە ڕێگە ئەدات نەلواوەکان ڕووبدەن و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕێساکانی سروشت بشکێنن. جادووگەری لە ڕێگەی ڕەگ و ڕیشەی ئەفسوناوی و نەریت و زانیاری کولتوورییەوە بەکار ئەهێنرێت بۆ بەستنەوەی جادوو بە یەکگرتنەوە. دروستکردنی ژیان و وزە و ئەستوو لە هیچ و نەبوونەوە، دەستڕاگەیشتن بە ڕۆژەڤە نوێکان، گۆڕینی کات و شوێن هەموو کەرەستەی دەستی ئەفسوونگەرن.

**مینەویگەری:** Theurgy **ناوی چاوگ** هونەری بانگکردنی ئەو گیانانەیە ڕێساکانی جیهان ئەپارێزن و، تا داوای ڕێژەنیان لێ بکرێت لە ئاڵوگۆڕی قوربانیداندا. مینەویگەری سنوورێکی بەرتەسکتری هەیە لە چاو جادوو و ئەفسوون، بەڵام گیانەکان ڕێسای دیکەیان هەیە کە پەیڕەوی لێدەکەن، بۆیە هەندێک چاکە لە پرسیار دەرچوون و ناکرێن، وەک داوای نەمری یان گیانێک بۆ کوشتن و زیندووکردنەوە.

**گیانگەری:** Thaumaturgy **ناوی چاوگ** توانای گیانی ئەستووکراو، گۆڕانی ڕێسای جیهانی دەرەوە لە پێناوی ڕێسای جیهانی دەروون. گیانگەری هێزی ئەژدیها و خوداوەند و گیان و تەنە ئاسمانییەکانە وەک ئەو بوونەوەرانە کە ڕێساکانی سروشت پێناسە ئەکەن. میسۆلۆژی ئەڵێ هەندێک لە مرۆڤەکان لە ڕادەتە زۆر دەگمەنەکاندا ئەو دەسەڵاتانەیان هەبووە و ئەیانتوانی ڕێساکان بگۆڕن.




**هەتەر:**[1] distance **ناو** بەرەگە و مەودای ڕوانین **ن:** تا چاو هەتەر کات زەریایە **ع** مسافة **N** avstand **د** برد دید.

**هەتەر:**[2] serious **ئاوەڵناو** مکوڕ، پێداگر، سوور لە سەر مەبەست **ع** جدي **N** seriøs **د** جدی.

**هەرەنگ:** capacity ناو فرەهی، قەژەن، توانا، هوومێن ع سعة N kapasitet د ظرفیت ⇐ **قەژەن:** power ناو هێز، توان، توانا، شیان N ønske ع قوة د نیرو.

**هەژەت:** gadget ئامراز، ئامێر، کەرەستە ع اداة N duppeditt د وسایل.

هەنبانە بۆرینە








**هێدمە:** surprise سەرسامیی، سەرمەندیی، سورپرایز ع مفاجئة N overraskelse د سورپرایز.







**هێسن:** ماک د ع مادە.

**هێماچیرۆک:** parables.


**هێمان:**[1] Account number ناو ژمارە حەساب لەبانکدا.


**هێمان:**[2] factor, invoice ناو پسوولەی حەساب، فاکتۆرای پارەدان، وەک لە ریستۆرانت.


**هێمان:**[3] yet ئاوەڵکار هێشتا.


**هێمان:**[4] element ناو هێسن، ئەستوو، توخم، سفن، ماک، ماکە، ماتەر ع مادە N element د مادە، عنصر ⇐ **ئەستوویی:** ناوی لێکدراو ماتەری، ماتریالیستی ن: ئەوا جیهان بۆ ئەمە بوونە، کە ناوەرۆکێکی ئەستوویی هەیە ڕاستەقینەیەکی بێگانە و ناحەزە. (هایدیگەر و

شۆڕشێکی فەلسەفی، ل٥٠) ⇦ **کەرەستە:** material ناو ئامێر.






**هێمۆ:** داوێنپاک، ئابڕووپەرست.

**یۆگی:** yogi شێوەزانست ڕاهێنان ناو کەسێک کە لە یۆگادا شارەزایی دارماڵی هەبێ

ع یوغي N yogi د مرتاض هندی ☜ پرانا.

